
وةزارةتي رؤشنبيري و لاوان
بـة رِيَـو ةبـة ريَـتـيـي طشـتـيـي رؤذنــا مـةنــو وسـيـي
و ضـا ث و بــلآ وكــر دنـــة و ة
بـة رِيَـو ة بـة ريَـتـيـي ضـا ث و بــلآ وكــر دنـــة و ة ي



سلێمانی
2010



# دار و طةلآ

و: مستةفا

سيَ ضيرؤكى خةيالَي

**جان رۆناڵد رۆئل تۆڵكين**

**(جەی. ئارِ. ئارِ. تۆڵكين)**

**و: فارسی: موراد فەرهاد پوور**

سليَماني
2010

**زنجيرةي كتيَبي هةنار:**
**20**

# دار و طةلآ


- نووسةر: جةى. ئارِ. ئارِ. تؤلَكين
- وةرطيَرِاني بؤ كوردي: مستةفا زاهيدي
- بابةت: ضيرؤك
- ثيتضني: ئازاد بةهين
- هةلَةضني: محةمةد عةبدولَلآ
- نةخشةسازيي بةرط و ناوةوة: ئةكرةم محةمةد ئةمين
- سةرثةرشتياري ضاث: كارزان عةبدولَلآ
- قةبارةي كتيَب: ½ A4
- ذمارةي لاثةرِة: 208
- زنجيرةي طشتيي كتيَب: (761)
- تيراذ: (500) دانة
- ضاث: ضاثخانةى ئاويَنة
- [illegible] ضاث و بلآوكردنةوةي سليَماني (2000)
- ذمارةي سثاردني (1943)ي سالَي 2010ي [illegible] كوردستاني نويَ




**وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەشە بە**

**دایکم، ئەو کەسەی بە حیکایەتەکانی لەگەڵ جیهانی خەیاڵدا ئاشنای کردم و باوکم ئەو کەسەی یەکەمجار کتێبـی دایە دەستم.**


A Kurdish translation of tree and leaf by
J.R.R.tolkein, unwin books London 1975

چیرۆکی پەرییەکان، کە تا ئەمڕۆ یەکەمین مامۆستای منداڵانە، چونکە سەردەمانێك یەکەم مامۆستای مرۆڤایەتی بوو، بە نهێنی لە



حیکایەتەکاندا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. یەکەم حیکایەتبێژی راستەقینە، بگێڕەوەی حیکایەتی پەرییەکانە و دەبێ.... چیرۆکی پەرییەکان باس لە یەکەم ئامادەکارییەکانی مرۆڤ دەکات بۆ رزگار بوون لە چنگ دێوەزمەیەك کە ئوستوورەکان خستبوویانە سەر سنگی.

**والتر بنیامین**

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی:

## تۆڵکین و ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرن

پێشەکی نووسین لەسەر چیرۆکەکانی نووسەرێك کە تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی، چ کورت و چ درێژی نەکرابێتە فارسی[1] کارێکی دژوارە، ئەگەر جۆر یان ژانرێکی ئەدەبی بە گشتی نەناسراوبێت ئەوا ئیتر دژوارییەکە دوو قات دەبێتەوە. هەر دوو مەرجەکەی سەرەوە ئەم نووسەرە و بەرهەمەکەی دەگرێتەوە. هەروەها تۆڵکین لەو نووسەرانەیە کە ناو دەرکردنیان تەنها بە بۆنەی بەرهەمێکیانەوەیە. ئەگەر (تۆڵکین) کتێبی لۆردو ئەنگوستیلەکانی[2] نەنووسیبایە، کورتە چیرۆکەکانی و هەروەها بۆچوونەکانی دەربارەی ئەدەب بەم رادەیەی ئێستا بەهایان پێ نەدەدرا- هەرچەند ئەم بەرهەمانە خۆیان تەنها لق و گەڵاگەلێکن لە بێشەزاری ئەو کتێبەدا- بەڵام ناساندن یان وەسفی لۆردو ئەنگوستیلەکانی بۆ ئەوانەی بەختی ئەوەیان نەبووە ئەو کتێبە بخوێننەوە، کارێکی دژوارە.

ئەزموونەکانی رابردوو سەلماندویانە کە ئەدەبی خەیاڵی بەگشتی و بەرهەمەکانی تۆڵکین بەتایبەت، بەجۆرێك دادەڕێژرێن کە بەر بە "پەرچەکرداری هاوسەنگ" دەگرن. یان ئەوەیە خوێنەر بە تەواوەتی لە جیهانی خەیاڵیدا نووقم دەبێ و خۆی دەدا بە دەست رووداو و پاڵەوان یان دوای خوێندنەوەی چەند لاپەڕە کتێبەکە دەنێتە لاوە. بەڵام ئەم چەشنە خوێنەرانە بە بڕوای من هەوڵ دەدەن زەوق- یان بێ زەوقی خۆیان بەناو و ناتۆرەگەلێکی وەك "حیکایەتی منداڵانە"، "وەهمە بێ کەڵکەکان" یان

1 - بۆ زمانی کوردیش دەبێ بڵێین بەداخەوە تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی ئەم نووسەرە نەکراوە بە کوردی و ئەمە یەکەم هەوڵە لەم بارەوە (و- ك)

2- The lord of THE Rings



هەڵاتن لە راستی پاساو بکەن[3]. تەنانەت لە جیهانی ئینگلیزی زمانیشدا دادوەریکردن دەربارەی تۆڵکین و "ئەدەبی خەیاڵی" هاوکات بووە لەگەڵ پێشوازییەکی لە رادەبەدەر لە لایەکەوە و دوژمنکاری و بەرهەڵستوەستانەوە لەلایەن دەستەیەکی ترەوە.

بەهەر حاڵ نەناسراوبوونی ئەم لقە لە ئەدەبی مۆدێرن، بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ بەهۆی بەد حاڵیبوونێك کە بێگومان کاری وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە ئاسان ناکاتەوە. دادوەری کوێر کوێرانەی کەسانێك دەربارەی ئەدەبی پۆلیسی-جینایی(تاوانباری)، یان چیرۆکە زانستی-خەیاڵییەکان کە - هەردووکیان لەگەڵ ئەدەبی خەیاڵیدا لەو ژانرانەن کە لقێکن لە ئەدەبی مۆدێڕن- بە دڵنیاییەوە دەبێ بە هاندەرێکی گەورە بۆ وەرنەگێڕانی بەرهەمە باشەکانی ئەدەبی خەیاڵی، پۆلیسی- جینایی یان زانستی خەیاڵی وادەکات ئەم ژانرانە لەو کۆمەڵە کتێبە زۆرەی کە تەنها

3 - تەنانەت هەڵکەوتەیەکی وەك ئێدگار ئالن پۆش ئەم ناو و ناتۆرانەی خراوەتە پاڵ. بۆ ئەم تاقمە لە خوێنەران، تا ئاستی پەرەستش کەسانێکی وەك بۆدلێر ستایشی چیرۆکەکانی ئالن پۆیان کردووە"مەتەڵێکی بێ وەڵامە". هەوڵی لایەنگرانی ئالن پۆش بۆ لێکدانەوەی ئەم مەتەڵە زۆربەی کات بێهوودە بووە، چونکە پۆ وەك باوك و داهێنەری هەموو "ژانرە پەراوێزییەکانی" ئەدەبی مۆدێڕن، لەراستیدا رەمزی بەرامبەر بوونەوە ئەم ژانرەیە لەگەڵ "رەوتە رەسەنەکاندا". دۆزینەوە و ستایشکردنی ئالن پۆ، بە شایەتی مێژوو پێویستی بە هەڵکەوتەیەك بوو لە ئاستی بنیامین و بۆدلێردا.

به مەبەستی بازرگانیکردن دەنووسرێن جیا نەکرێنەوە. ئەم گرفتانە بەسە بۆ ئەوەی کەسێك دڵسارد بێتەوە لە وەرگێڕانیان[4].

ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرن لە زمانی ئینگلیزیدا پێیدەوترێت - fantasy ناوێکی تا رادەیەکی زۆر دڵخوازە بۆ دیاریکردنی خوڵقاندنی ژانر یان جۆرێکی تایبەت لە ئەدەبی نوێ کە سنوورەکانی و شوێنەکانی دیارینەکراوە. وەسفکردنی وردی هەموو تایبەتمەندی و گۆڕانەکانی ئەم ژانرە لە تاقەتی ئەم نووسینە بەدەرە. هەربۆیە تەنها بەوە رازی دەبین کە باس لە چەند خاڵی سەرەکی دەربارەی سەرەتا و شوناسی مێژوویی- کەلتووری ئەم جۆرە ئەدەبە بکەین.

تا ئەو شوێنەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی خەیاڵی مۆدێرن، ئێمە رووبەڕووی دیاردەیەکی دیاریکراوتر دەبینەوە کە سەدەیەك لەمەو پێش بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی لە نووسینی ویلیام مۆریس (1834-1896) خەڵکی وێلز، هاتە پانتای بوونەوە. مۆریس لە سەردەمی خۆیدا شاعیر، ئەدیب، ... وێنەکێشێکی ناسراو بوو و سەر بە لایەنگرانی بزووتنەوەی هونەری بەر لە رافائلیەکان[5] بوو. لە هەمان حاڵدا ئاشتی خوازێکی گەورەو چالاکێکی بزووتنەوەی کرێکاری بوو، بە واتایەکی تر، رەسەنترین

---

[4]- لێرەدا بەشێك هەیە کە نووسەر لەسەر پێشەکییەکەدا دەربارەی وەرگێڕانە فارسییەکەی نووسیویەتی و بۆ خوێنەری کورد پێویست ناکات بۆیە نەکراوە بە کوردی. (و- ك)

[5]- ئەنجوومەنی برایانی بەر لە رافائلی pre-raphalite brother hood بزووتنەوەیەکی پێکهاتوو لە وێنەکێشەکانی بەریتانیا بوو لە ساڵی 1848دا بە رابەری دانتە گابریەل رۆستی (D.G.ROSSEH)دامەزرا.



تیۆرداڕێژی "سوسیالیزمی خەیاڵی" بوو. (ناوێکی تا رادەیەك سووك کە رووداوەکانی سەدەی رابردوو کردوویە بە نازناوێکی جێگای شانازی. مۆریس لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا و دوای ئەوەی نازناوی "ملك الشعرا"ی دەرباری شاژنە ڤیکتۆریای رەتکردەوە- کە دوای مەرگی لۆرد ئالفرێد تنیسۆن پێشنیاری پێ درابوو- هەموو کاتی خۆی تەرخانکرد بۆ نووسینی چیرۆکێك بە ناوی چاڵی ئاخر زەمان[6]. بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە راستیدا بوو بەهۆی لە دایکبوونی ژانرێکی نوێی ئەدەبی کە دواتر بە fantasy یان ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرن ناوی دەرکرد.

رەنگە گەورەترین تایبەتمەندی چیرۆکەکەی مۆریس لەوەدا بێت هەموو رووداوەکانی لە جیهانێکی تەواو خەیاڵیدا رووی دەدا و جگە لە هەندێ هێما گشتییەکان- وەك نەبوونی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن- خوێنەر هیچ سەرە داوێکی بەدەستەوە نەبوو بەوەی یارمەتی بدات بزانێ ئەم چیرۆکە کەی و لە کوێ روویداوە. هەڵبەت چیرۆکەکەی مۆریسیش وەك هەموو ئەو گێڕانەوانەی مرۆڤەکان نووسیویانە و گێڕاویانەتەوە، بە کردەوە لە سەر زەوی لە ژێر ئاسماندا رووی دەدا. نامۆبوونی کارەکەشی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەدەبی باوی ئەو کاتدا سەرچاوەی دەگرت. بە واتایەکیتر دەتوانین بڵێین تا بەر لە دەستپێکردنی چاخی نوێ، جگە لە بیوگرافی و دەقە مێژووییەکان، هەموو گێڕانەوە هەڵبەستراو یان نەسرییەکان، لە گلگامش و ئۆدیسەوە بگرە تا هەزا و یەك شەو و زۆر حیکایەتی تر، سەر بە جیهانی "خەیاڵی" بوون.

---

[6] The well at the worlds End

ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکانە لە چوارچێوە یان هەرێمێکی دیاریکراودا ڕووی دەدا کە سنوورەکانی بە نیشانە زمانی و ئەدەبییە تایبەتییەکان دیاری دەکرا. دەستەواژەگەلێکی وەك "هەبوو، نەبوو" یان "ڕۆژێ، ڕۆژگارێ" و هەروەها زۆر فێڵی تری گێڕانەوە، بەشێك بوون لەم هێما و نیشانە سنوورییانە. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین خەڵکانی ئەو سەردەم وەك ئێستا ئاوارە و سەر لێشێواو و "واقیعگەرا" نەبوون. ئەوکات دۆڵ یان خەرەندێکی قووڵ سنووری نێوان خەیاڵ و واقیع نەبوو و خەڵکەکان بە ئاسانی دەیانتوانی لە نێوان ئەم دوو هەرێمەدا هاتوچۆ بکەن. بۆ ئەوەی ئیزنیان پێ بدرێ لە سنوورەکان بپەڕنەوە بۆ دەستەواژە، یان هێمایەکی بچووك بەس بوو ڕێك کەوتووە مرۆڤەکان بە بێئەوەی خۆیان بیانەوێ پێیان ناوەتە وڵاتی پەرییەکانەوە. ماکس ڤێبەر وتەنی، ئەو سەردەم جیهان هێشتا "دژە ئەفسوون"[یی] نەکرابوو. خوێنەران و بیسەرانی ئەو سەردەمە،

[7]- مەبەست لە باسکردنی ئەم خاڵانە بەداخەوە بوون نییە بۆ ئەو خورافاتانەی لە دەستمان چوون، مەبەستیش سووك کردنی عەقڵ و "پێی داریـنی" بەڵگاندن نییە. گرنگی "ترس لە نەناسراوەکان" و وەهمە زەینییەکانی بەر لە سەردەمی عەقلانی لە کەس شاراوە نییە (هەر چەند لایەنگرانی عەقڵی ڕەوشنگەری زۆربەی کات لەبیریان دەچێتەوە "ترس لە سروشت" و خواستی دەسەڵاتخوازییەك کە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، خۆی یەکێك لە بونیادەکانی کەرەسە بوونی عەقڵە نەك خاڵی بەرامبەری.) مەبەستی سەرەکیان ئاماژەکردن بەم ڕاستییە ئەزموونی کراوەیە کە جیهانی مرۆڤایەتی بەردەوام ئاوێتەیەك بووە لە واقیع و خەیاڵ یان، زەین و عەین، هیچ ڕادەیەکیش لە "ئۆبژەکتیڤ خوازی"ناتوانێ بمانباتە جیهانێکەوە دوور بێت لە زەین و خەیاڵ و بەهاو و ماناکان. جیهان هیچ کات بەتەواوی دژە ئەفسوون ناکرێ، بەڵکوو زۆر ئەفسوون و ئوستورەی نوێ دەخوڵقێ کە ڕەنگە لە خورافات و ئەفسانە کۆنەکان تێکدەرتر و نامرۆڤانەتر بێت. بە شێوەیەك دەتوانین هەموو فەلسەفەی هاوچەرخ بە هەوڵێك



بەڕادەی شاعیران و حکایەت نووسەکان، هێما سنوورییەکان و کوێرە ڕێکانی هەرێمی خەیاڵی حیکایەتەکانیان دەناسی. سەرەڕای ئەمەش، بەشێکی زۆر لە ناوەرۆکی حیکایەتەکان ڕەگی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ باوەڕ و نەریت و کەلتووری نەتەوەکاندا کە وادەکات پەیوەندی گرتن لەگەڵیان ئاسان بێت. لەو سەردەمەوە تا ئێستا، پەیوەندی نێوان ئەدەب و ژیان بە شێوەی جۆراوجۆر هەندێ کات ناکۆك لە گۆڕاندابووە. بۆ خەڵکانی بەر لە سەردەمی مۆدێرنیتی، ئەدەبیات وەك بابەتێکی جیاواز لە ئایین و مێژوو و کەلتووری نەتەوەیی، وتەزایەکی نەناسراو و بێمانا بوو. بەمەشەوە، لەم سەردەمەدا کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کێشە و ڕووداوە ڕۆژانەکان لە چوارچێوەی حیکایەت و چیرۆکدا بگێڕێتەوە. بەڵام سەیر لەمەدایە، لە سەدەی نوێدا، لەگەڵ جیابوونەوەی ئەدەب لە ئایین و کەلتوورە نەتەوەییەکان، زۆر زیاتر لە ژیانی ڕۆژانە نزیك بووەتەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەدەبی ڕیالیستی مۆدێرن، هەوڵدانە بۆ

بزانین بۆ زاڵبوون بەسەر وەهمە "ئۆبژەکتیڤەکان"ی بیرکردنەوە ئەبستراکت و گەڕانەوە بۆ (ژین- جیهان) یان ژیانی جیهانی"پراکسیسی کۆمەڵایەتی" (یان ... هەر ناوێکی تر کە لێی بنرێت) کە بونیاد و پاشخانی هەموو شتێکە، لە ماتماتیك و لۆژیك و زانستە سروشتییەکانەوە بگرە تا دەگاتە هەست و خۆشویستن و ئیمان- ئەو شوێنەی کە لەوێدا ڕاستییە عەینییەکان لەگەڵ خەیاڵدا یەکدەگرن و خەیاڵەکان دێنە بوون. ئێمەش بەردەوام لە هەر ئاستێك لە بیرکردنەوە و ڕاماندا بەشێکین لەم ژیان- جیهانە، کەسێك نین لە دەرەوە تەماشای کەین یان بێلایەن بین. هەڵبەت لەم بوارەشدا هونەر، بە تایبەت شیعر مۆدێرن، پێشەنگی فەلسەفە بووە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بدرێ بە شیعرە بان- مۆدێرنیستییەکانی والاس سیتوێنس کە لای وایە ئەزموونە هەستییەکان هەڵگری توخمە خەیاڵییەکانن و خەیاڵاندنی حەقێقیش تەنها بابەتێکی هەست پێکراوە.

سڕینەوەی "هێما سنوورییەکان" و خولْقاندنی چەشنێ "وەهمی واقیع" (زاراوەیەك کە بە رادەی خودی رۆمانی مۆدێرن پارادۆکسیکاڵ و مەتەڵ ئاسایە). نووسەرە ریالیست و ناتۆرالیستەکانی سەدەکانی 18 و 19 هەوڵیاندا بە پێشکەشکردنی زانیاری ورد دەربارەی کات و شوێنی ڕووداو و کەسێتی و پێگەو باری زەینی قارەمانەکان، گێڕانەوەکەی خۆیان زۆر زۆرتر لە "واقیع" نزیك بکەنەوە و "بە واقیع" نیشانی بدەن. بەڵام هەموومان بە باشی دەزانین گێڕانەوەکانی ئەوانیش بەرهەمێکی تەواو خەیاڵییە کە راستەقینەی دەستکردی بەرهەم، سازکراوی هێزی خەیاڵی مرۆڤە. پێوەندی ئاڵۆزی نێوان رۆمان لەگەڵ خەیاڵدا، لە راستیدا یەکێك لە تایبەتمەندییە پارادۆکسیکاڵەکانی ئەدەبی هاوچەرخە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ژانرەوە ئامادەیی بووە: دۆنکیشۆتی سێرڤانتس بە کردەوە هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بە سەر خەیاڵدا لە رێگا بە گاڵتە گرتنییەوە. بەڵام بەختەوەرانە پیلانی درۆزنانەی سێرڤانتس بۆ کوشتن و ناشتنی دۆنکیشۆت لە گۆڕستانی عەقڵی سالمی بۆرژوازیدا بێ ئاکام مایەوە. کەمتر کتێبێك دەبینین وەك دۆنکیشۆت هاومانای تەواوی ئەم دێڕە شیعرە بەرزەی والاس سیتوێنس بێت:

سبب شاهدار هستی، خیال[8]. ئەو سەرنجانەی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو کە پەیوەندی نێوان واقیع و خەیاڵ لە دەقی ئەدبی مۆدێرندا، ئاڵۆزتر لەوەیە

[8] - ئەمە دەکرێ بەم شێوەیە مانا بکرێتەوە. هۆی شاهانە بوونی ژیان، خەیاڵ. بەڵام پڕاو پڕ نییە بۆیە لەناو دەقەکەدا رستە فارسییەکەم داناوە (و- ك).



بکرێ بە یارمەتی رووبەڕوو بوونەوەیەتی سادە لەگەڵ ئەفسانە و حیکایەتە کۆنەکان لێکیبدەینەوە و راڤەی بکەین. سەرەڕای ئەمانەش گومان لەوەدا نییە ویلیام مۆریس و کەسانی وەك ئەو لەسەردەمی خۆیاندا دژە رەوت بوون و جیهانی خەیاڵی چیرۆکەکانی مۆریس، لە دیدی هاوچەرخانی ئەوەوە بابەتێکی نوێ و بێ وێنە و زۆر نامۆتر بووە لە جیهانی خەیاڵی ئەفسانە کۆنەکان (لە دیدی خەڵکانی ئەو سەردەمانەوە). خوێنەر و رەخنەگرانی ئەو سەردەم بەهایان بە بەرهەمەکانی مۆریس نەدەدا. بەڵام هەر ئەو ژمارە کەمە خوێنەرە بەس بوو بۆ ئەوەی نەمامی ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرن، لە شوێنێ لە پەراوێزی دارستانی بەربڵاوی ئەدەبی سەردەمی نوێدا، رەگ داکوتێ و گەشە بکات.

زاراوەی "پەراوێزی" جگە لە هەندێ لە ژانرەکانی ئەدەبی مۆدێرن، بە جوانی وەسفی دۆخی گشتی خەیاڵ دەکات لە سەردەمی نوێدا. نە توانەوەو ئاوێتەبوون لە راستییە رۆژانەکانداو نە دوورخستنەوە بۆ مەلەکووتی ئاسمانەکان، هیچ کامیان بەو شێوەی دەبێ ببێ، دەرخەری دۆخی خەیاڵ نین لە سەردەمی ئەمڕۆماندا. سەردەمێ کە خەیاڵی راستەقینە دەخرێتە پەراوێزەوە و بە زۆری بە شێوەی دەسدوورد و پڕوپاگەندەیی پێ زیاد دەکرێت[9].

[9] - هەڵبەت هاوکات و لەگەڵ ئەم رەوتانەدا، واقیع ئەوەندە لە لایەن میدیا گشتییەکانەوە دەستکاری دەکرێ و بەرهەم دەهێنرێتەوە، تا وای پێدێ هەموو شتێ دەبێ بە کۆگایەك لە دیمەنە کۆمپیوتەرییەکان. سینەما و تەلەفزیۆن و سەرجەم میدیا وێنەییەکان، گەورەترین دوژمنەکانی خەیاڵی راستەقینەن، چونکە رۆحیان کە هەمان خۆ بە جوڵە خستنە و هەوڵدانە بۆ ئازاد بوون لە زنجیری هەموو هێزە سەرکوتگەرەکان، لەبەین برد.

رەنگە بنەما و ئەساسی تاوانی "هەڵهاتن لە راستی" کە دەخرێتە پاڵ ئەوەی خەیاڵی و بەرهەمی کەسانێکی وەك مۆریس و تۆلکین هەر ئەمە بێت. بەڵام لە دیدی ئەوانەوەی کە لە پەراوێز و سەر سنوورەکاندا دەژین، یان لەو نزیکانەدان، هەموو ئەو تۆمەتانە دەرخەری وێنایەکی شێوێندراوە لە جوگرافیای واقیع. ئەوانەی لە پێتەخت دادەنیشن زۆربەی جار شارەکەی خۆیان بە ناوەندی جیهان دەزانن. بەڵام ئەم دیاریکردنی سنوور و دابەشکردنە "خەیاڵییە"، تەنها بابەتگەلێکی باوەڕ پێکراون، نەك حەقیقەتی "ئۆبژەکتیڤ"، چونکە بە وتەی ئینجیل "با بۆ هەر کوێ پێی خۆش بێت دەڕوا".

بەهەر حاڵ کەسانیتر هاتن و درێژەیان بە ڕێگاکەی مۆریس دا. کەسانێکی وەك لۆرد دانسەنی[(بمتر)]، ئێریك رووکێۆ ئیدیسۆن[(ىىتر)]، تا جەیمز برانج کەیبل[(ىيتر)] لە سەرتاسەری ئەو سەردەمەدا (سەدەی 20) و هوارد

ئەم چەشنە میدیا- یان لانیکەم میدیا یەك لایەن و کۆنترۆڵ نەکراوەکانی سەردەمی ئێمە- بە بێ ئەوەی پێویستیان بە هەرچەشنە نێوەندارییەتێکی کولتووری لەوانە، زەوق و هەستی هونەری، لە ڕێگای پێوەندی گرتنی راستەوخۆ و دەست تێوەردانی راستەوخۆی غەریزە و زەینییەتی بینەرەوە، تووشی دەستەوەستانی رەهای دەکەن. بەم شێوەیە بینەری سەردەمی ئێمە هێز و تەنانەت پێویستی خەیاڵ کردنیشی لە دەست دەدات، بە زەینێکی تەمەڵ و هەژار و پڕکراو لە زبڵە وێنەییەکانەوە دەبێ بە جووتێ چاو جەستەیەکی جوڵەکەر.

Lord Dunsany-[10]
Eric Ruker Eddison-[11]
James branch cabeed-[12]



لاوکرافت[(سمتر)]، سی، ئێس، لۆئیس[(شمتر)]، دیوید لیندسەی[(لهتر)] لە سەردەمانێکی نزیکتر بە ئێمە. هیچکام لەمانە بەرادەی تالکین یان نزیك بەو خۆشەویست نەبوون و ناوبانگیان دەرنەکردووە. بەمەشەوە ئەمانەوە زۆر کەسیتر دەوریان هەبوو لە درێژەدان و دەوڵەمەندبوونی ئەدەبی مۆدێرن و بێگومان تۆڵکین دوایین کەس دەبێت کە نکۆڵی دەکا لەوەی ئەمانە کاریگەرییان لەسەر بووە.

خاڵی بەرچاو لە رەوتی ئەدەبی خەیاڵیدا ئەوەیە کە ئەم ژانرە هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا تایبەتە بە هەرێمی ئەدەبی ئینگلیزی. ئەمەش خاڵێکی هاوبەشە لە نێوان ئەدەبی خەیاڵی و ئەدەبی زانستی- خەیاڵیدا هەرچەند لە هەندێ رووەوە پێکەوە جیاوازییان هەیە: یەکەم (ئەدەبی خەیاڵی) لە باری کەسێتی و مێژووی سەرهەڵدانەوە ژانرێکە تەواو بەریتانیایی[(□تر)]، لە حاڵێکدا دووەمیان (ئەدەبی زانستی- خەیاڵی) جگە لە ژۆل وێرن و ئیچ- جەی. وێلز دیاردەیەکی تەواو ئەمریکاییە. لێکدانەوەی ئەم هۆکارانەش دەکرێ ببێ بە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ و پڕ بایەخ دەربارەی ئەدەبی هاوچەرخ. ئەگەری ئەوە هەیە بەرتەسك مانەوەی ئەم بەرهەمە خەیاڵیانە بە زمانی ئینگلیزییەوە بە هۆی مۆدێرن بوونیانەوە بێت . ئوستوورە کەون

Howard Phillips lovecraft-[13]
c.s.lewis-[14]
David lindsay-[15]
[16] - لۆرد دانستی، هەژدەهەمین بارۆن یەکێك لە کۆنترین بنەماڵە ئەشرافییەکانی بەریتانیا، ئیرلەندی بوو، ئیدسۆن، لۆئیس، لیندسی و تۆڵکین هەموویان بەریتانیایی بوون.

ئارابییەکان، حەماسەتی پاڵەوانەکان، ئەفسانەی پەرییەکان و حیکایەتە خەڵکییەکان، هەموویان لەگەڵ ئەوەی خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرن، بەرتەسك ناکرێنەوە بۆ زمان یان کەلتوورێکی تایبەت.

تایبەتمەندی هاوبەشی ئەدەبی خەیاڵی کۆن و نوێ ئەوەیە کە هەر دوویان لەگەڵ ئەوەی جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەدەبی ریالیستیدا، بە شێوەیەك گرێدراون بە شێوەی خولقانی هاوسەنگی لە نێوان "کردار" و "پەرچەکرداردا". لەئەدەبی گێڕانەوەی خەیاڵیدا نووسەر دەتوانێ هەر کردەیەك بۆ وەسف بشێ وەسف بکات. دەتوانێ بە حەزی خۆی رەنگی خۆر بگۆڕێ، ئاژەڵەکان بێنێتە قسەو دارەکان بێنێتە جوڵە، یان بە حەزی خۆی ئاژەڵ گەلێکی سەیر و سەمەر یان بوونەوەری زیرەك بخولقێنێ[17]

[17]- هەموو ئەم شتانە لە ئەدبی خەیاڵی- زانستیشدا دەبیندرێ. هەر بۆیە دەکرێ ئەم بەرهەمانە لە گروپێکدا بە ناوی ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرن پۆلێن بەندی بکەین. بەڵام جەوهەری سەرەکی چیرۆکە زانستی- خەیاڵییەکان شەیدا بوونە بە تەکنۆلۆژیا و ستایشکردنی زانستە سروشتییەکان بە تایبەت ئەستێرەناسی، فیزیا، بیۆلۆژی (بە پێی گرینگی). هەڵبەت ئەم ژانرە لە رەوتی گۆڕانی مێژوویی خۆیدا، چاخی کلاسیکی "شەڕە فەزاییەکانی" تێپەڕاند و بەشێ لە رۆمانە زانستی- خەیاڵییەکان دەپەرژێنە سەر پرسە کۆمەڵایەتی و زانستە مرۆڤایەتییەکان (دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژی). لەم دەیانەی دواییشدا لایەنی جوانیناسی و ستایلی نووسین لەلایەن نووسەرانی ئەم ژانرەوە، گرنگی زۆری پێ دەدرێ. بەشێوەیەك کە بەشێکیان بە لاسایی کردنەوە لە جۆیس و ویرجینا ڤۆڵف دەستیان دایە نووسین کە هیچ فرێکی بە رۆمانە زانستی- خەیاڵییەکانەوە نییە. جگە لەوەی رووداوەکانیان لە داهاتوویەکی زۆر دووردا روودەدات. بەڵام ئەم دیدە بۆ داهاتوو بە زۆری بێ بەرییە لە هەر چەشنە لایەنێکی رەخنەگرانە یان ئارمانخوازانە(vtopian). زۆربەی نووسەرانی بەرهەمە زانستی خەیاڵییەکان لەبەر



لە ئەدەبی ریالیستیدا بە پێچەوانەوە مەودای کردار بەرتەسك و پانتای پەرچەکردار بەربڵاوە. لێرەدا نووسەر ئیتر ناتوانێ سەرنج بداتە یاسا سروشتی و بەرتەسکییەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی. بەڵام وەك چۆن کردەی قارەمان و رووداو و بەسەرهاتەکانی چیرۆکی خەیاڵی فرەچەشنە و پێشبینی هەڵنەگرە، خولقانی کەسایەتی و کرداری زەینی قارەمانەکانی رۆمانە ریالیستەکان ناسك و ئاڵۆزە. لەبەر ماناو گرنگی کەلتووریی هەڵسووکەوتەکان و کەسایەتییە تایبەتەکان لە هەموو کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنێتیدا، ئەوە نابینین لە چیرۆکە خەیاڵییە کۆنەکاندا فەرێ کردار بدرێ بە سەر پەرچەکرداردا، یان نیشانەیەك لە خولقانی کەسێتی و

سەرێتییەك کە دەیدەن بە زانست و تەکنۆلۆژی، زۆر سادە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکای هاوچەرخ لە ئەندازەیەکی کەیهانیدا بەرهەم دەهێننەوە، یان نووسراوە هالیوودییەکان دەربارەی هەڵسووت و سۆزی تاکەکەسییەوە دەسپێرنە داهاتوویەکی زۆر دوور. ئەنجامی کارەکە دەبێ بە ئاوێتە کردنێکی گاڵتەجار بە شێوەیەك کە کابۆ ئەمریکاییەکان بە سواری کەشتی ئاسمانی خەریکی "گالەوەڕاندنی فەزایی" دەبن، یان لە مەترسی دەسەڵاتی "کۆمۆنیستە مریخییەکان" دەپارێزن. وەك ئەوەی لە جیهانی خەیاڵی ئەو تاقمە نووسەرانەدا هەموو شت تەنانەت خێرایی نووسەریش- لە گۆڕاندایە، جگە لە پێوەندی ئابووری داڕێژراو لەسەر بنەمای خاوەنداریێتی تایبەتی سەرمایە.
لە بەرامبەر ئەدەبی خەیاڵی- زانستیدا، کەسانێکی وەك تۆلکین بە زۆری تێمی کۆن بەکاردەبەن کە ناوەرۆکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بەرهەمەکەیان لە ژێر چەتری ستایشی تەکنۆلۆژیدا ناشاردرێتەوە.ئەم بەرهەمانە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هۆگری رەخنەی بونیادین لە ژیانی مۆدێرن و بە زۆری بانگەشە دەکەن بۆ بەهای تایبەت، ئەو بەهایانەی کە بەشێکی زۆریان لە بزووتنەوەی خوێندکاری دەیەی 60دا رەنگی دایەوە و بەستێنێکی گەورەی خولقاند بۆ زیاتر بوونی ناوبانگ و خۆشەویستی تۆلکین.

وەسفی زەینی تاکەکان نابینندریّ. ئەمە لە حالێکدا بە هۆی دەوری ناوەندی زەین و ئەزموونە زەینییەکان لە چاخی نوێدا، ئەدەبی خەیاڵی مۆدێرنیش لەم دەسکەوتەی رۆمان بێ بەهرە نەبووە. سەرەڕای ئەمانەش، لەم چەشنە ئەدەبەدا هێشتا بەها دەدریّ بە دارشتنی شێوە ناتەبا و بابەتە نەریتییەکان، بە جێگای ئەوەی بەها بدریّ بە جوانیناسی و لایەنە دەروونییەکان. جیاوازی کاری نووسەرانی چیرۆکە خەیاڵییەکان لە چۆنیەتی کارکردنیان بەم شێوەو سەرچەشنانە دەردەکەویّ نەك نەسر یان ستایلی نووسینیان. ئەم کۆمەڵە هۆکارەی سەرەوە بووە بە هۆی ئەوەی هەندیّ کەس چیرۆکە خەیاڵییەکان لەگەڵ ئەدەبی تایبەتی منداڵاندا بەهەڵە وەربگرن، بەڵام پێویست ناکات بۆ دوورکەوتنەوە لەم چەشنە دادوەریکردنە دەستەواژەی "تایبەت بە گەورەکان" بەکار ببرێت، منداڵان ناتوانن لە بەشێکی زۆر لە روانگە فەلسەفی و ئەخلاقییەکان یان تایبەتمەندی دراماتیکی ئەم چەشنە بەرهەمانە بگەن و ئەمەش بەڵگەیەکی روونە بۆ بە نادروست زانینی ئەو بۆچوونەی سەرەوە. ئێستا باشتر وایە بپەرژێینە سەر وەسفی ژیان و کارەکانی تۆڵکین و تایبەتمەندییەکانی تری ئەدەبی خەیاڵی لە ئاوێنەی بەرهەمەکانی ئەوەوە لێك بدەینەوە.

جان رۆناڵد رۆئێل j.R.R.Tolkien (1892-1973) پرۆفیسۆری زمان و ئەدەبی ئینگلیزی یەکێك بوو لەو ژمارە زۆرە مامۆستایانەی کە دژ بە کەلتووری کۆن بوون لە زانکۆی ئۆکسفۆرد. زۆر ئاسان دەیتوانی دوای تێپەڕکردنی تەمەنێکی درێژ و ئارام و لێوان لێو لە شانازییە



ئاکادیمییەکان، جگە لە چەند وتار یان کتێبی تایبەت بە ئەدەب و کۆمەڵێ بیرەوەری شیرین بۆ کەسانی دوای خۆی و دۆستان و قوتابییەکانی، هیچ بەجیّ نەهێڵێ. (لە راستیدا چارەنووسی زۆربەی هاوکارەکانی بەم شێوە بووە). بەڵام رووداویّ کە ساڵی 1954 روویدا، هەموو شتێکی بەتەواوی گۆڕیّ. بڵاوبوونەوەی بەرگی یەکەمی شاکارەکەی (لۆرد و ئەنگوستیلەکانی) لە راستیدا بووبە هۆی ناودەرکردن و خۆشەویست بوونی و ئەمەش بۆ ئەم مامۆستا پیر و گۆشەگیرەی ئۆکسفۆرد، لەگەڵ ئەوەی بوو بە هۆی سەرسوڕمانی بەڵکو بووبەهۆی نیگەرانیشی. بڵاوبوونەوەی کتێبی هابیت[18] (1937) کە لە راستیدا حیکایەتێکی خەیاڵییە بۆ منداڵان، یەکەم هەنگاوی تۆڵکینە. لە رێگای خوڵقاندنی جیهانی خەیاڵیدا، رێگایەك کە وەك بەسەرهاتی قارەمانەکانی شاکارەکانی، سەفەرێکی جوان و ترسناك و پڕاوپڕ بوو لە دژواری، وەستان و ئەزموونە فیکری و ئەخلاقییەکان. تۆڵکینیش وەك نیگل- قارەمانی چیرۆکی یەکەمی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە- کارەکەی بە وێنەی گەڵایەکی سادە دەست پێکرد. بەڵام گەڵا "بوو بە دارێك و دار گەورە بوو. لقی زۆری دەرکرد و رەگ گەلێکی داکوتا کە زۆر سەیر و سەرسووڕهێنەر بوون. کۆمەڵێ باڵندە هاتن لەسەری نیشتنەوە و لەسەر لقەکانی هێلانەیان کرد... ئەو کات لە هەموو لایەکی دارەکەوە لە پشتییەوە، لە نێوان گەڵا و لقەکانەوە، سەرزەمینیّ دەرکەوت. لە دوورەوە نیشانەکانی دارستانێکی چڕ و کوێستانیّ بەشاخی بەفرگرتووەوە، دەبیندریّ. بەم شێوەیە حیکایەتی

18- The Habit

ساده و منداڵانەی هابیت لە ماوەی حەڤدەساڵدا دەبێ بە حەماسەیەکی گەورە و قوڵ کە تۆڵکین ناوی نا لۆرد و ئەنگوستیلەکانی.

رازاوەی "ئەدەبی خەیاڵی" لە دەقی ئەندێشە و بەرهەمەکانی تۆڵکیندا، مانایەکی قوڵ و جیدی هەیە. داهێنانی زمانە خەیاڵییە سەرقاڵکەرەکان ئەو شتە بوو کە لەسەردەمی منداڵیدا زۆری حەز لێبوو. دواتر ئەم کایە منداڵانە بوو بە هۆی خوڵقانی زمانگەلێکی کەم تا زۆر تەواو بە ئەلف و بێی تایبەتی خۆیەوە و تەنانەت هۆنینەوەی شیعر بەم زمانانە گۆڕانی بەسەردا هات. تۆڵکین خۆی باس لەوە دەکات کە مەبەستی سەرەکی لە نووسینی کتێبی لۆرد و ئەنگوستیلەکانی، خستنەڕووی وێنایەکی روونە لەو خەڵك و نەتەوانەی بەم زمانانە قسە دەکەن، بەڵام ئەوانە لە جێی خۆیدا، پێویستی بە ناسینی باوەڕ و نەریت و مێژووی تایبەت هەیە. بە کورتی، واقیعی ئەوانە پێویستی بە خوڵقاندنی جیهانێکی تەواو، بیچم گرتوو، یاسامەندو گرنگتر لە هەموان نائەبستراکت و "هەست پێکراو" بوو، ئەو جیهانەی کە سەرەڕای هەموو سەر سووڕهێنەری و جیاوازییەکانی، وێکچوونی زۆری هەیە لەگەڵ جیهانی ئێمەدا و لەم رووەوە وەسفی خەیاڵی ئەم جیهانە دەتوانێ زۆر شتی راستەقینە بۆ ئێمە بخاتەڕوو و دیدێکی کراوە، روون و نوێمان پێ ببەخشێ بۆ ئەزموون کردنی ژیان لە جیهانی واقیعدا. ئەم "دووری و نزیك بوونەوە" یان "جیاوازی و وێکچوونە" ئیزن بە ئەدەبی خەیاڵی دەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەت لە واقیع دوور بکەوێتەوە. بەم شێوەیە ئەدەبی خەیاڵی جگە لەوەی دەسەڵاتی خنکێنەر و لۆژیکی ئازاردەری ژیانی رۆژانە تێك دەدات، بە رزگارکردنی وزە و پێویستییەکانی زەین و دەروون شادی دەبەخشێ بە مرۆڤەکان، هەروەها بە ئاماژە بۆ جیهانێکیتر- رەنگە باشتریش- پێویستی و رەخنەگرتن لە راستییەك کە لەبەر نزیکی و ئاشنابوون پێیان، بە روون و سەلمێنراو گریمانە دەکرێن دەخاتەڕوو.

لێرەدا تەنانەت بیرەوەری شفادەری رابردووش بە یارمەتی خەیاڵ دەپارێزرێ و لە زیانی"واقیعی درۆیینە"ی چاخی ئێستا پارێزراو دەبین. ئەو کارەی لە رۆمان و ئەدەبی ناخەیاڵیدا، بۆ وێنە بەرهەمەکانی پرۆست، رەنگە بە شێوەیەکی تر و رەنگە تەنانەت بەشێوەی پێچەوانەش دەرکەوێ. بەهەر حاڵ، لە دیدی تۆڵکینەوە خەیاڵ پرسێکی زۆر جیدییە کە بەردەوام بوون و گەشەی، بە پێچەوانەی خەیاڵ پڵاو، پێویستی بە توانایی و بیرکردنەوەیەکی قوڵە. ئێستا کاتی ئەوەیە لێکدانەوەیەکی کورتمان هەبێ بۆ هەندێ لە توخمە گرنگەکانی ئەندێشەی تۆڵکین و چۆنیەتی یەکدەست بوونیان لەبەرهەمەکانی تۆڵکیندا.

1- **سیستمی بەهائەخلاقی،** سۆزداری و فەلسەفی ئایینی کاتۆلیك و **جۆری** روانینی کاتۆلیکەکان بۆ دنیا، بەتایبەت لە باری بەشداری بنەڕەتی ئوستوورەکان، رێورەسمەکان و سیمبۆل و بەرهەمە هونەرییەکانی سەر بەم روانگە. دایکی تۆڵکین دوای مەرگی مێردەکەی و سەرەڕای دژایەتی بنەماڵەکەی چووە سەر ئایینی کاتۆلیك و منداڵەکانی بە پەروەردەی قوڵی و جیدی ئەم ئایینەوە پەروەردە کران. هەربۆیە تۆڵکین هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لەگەڵ روانگەی فەلسەفی و بنەماکانی ئیلاهیاتی کاتۆلێکدا ئاشنا بوو و ئەم ناسینەش لە بەرهەمەکانی ئەودا رەنگیداوەتەوە- بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بدەین بە نزیکایەتی بیرکردنەوەی لەگەڵ ئەندێشەکانی دانتی، وەك رەدووردنەوەی رەش بینی و قەدەرگەرایی خوداناسەکانی پرۆتستانت و جەختی کردنەوەی لە سەر ئازادی ئیرادە و

دەوری ئەم ئازادییە لە رزگاربوونی مرۆڤدا. بەڵام بێگومان لە باری هونەرییەوە، گرنگترین لایەنی ئایینی کاتۆلێك، دەوڵەمەندی سیمبۆلیك و تایبەتمەندی هەست پێکراو و سۆزداری رێورەسمی ئایینی کاتۆلێکە کە لەگەڵ عیبادەت و عەقڵگەرایی وشکی پرۆتستانتیسمدا زۆر ناکۆکە.

**2- رۆمانتیسم و روانگەی رۆمانتیك،** ئەم روانگە لە بەرهەمەکانی تۆڵکیندا بەشێوەی ستایشکردنی جیهان وەك بەرهەمێکی هونەری ئافرێنراوی خودا و دەربڕینی جوانییەکانی دەردەکەوێ. باوەڕی بە یەکگرتنی جوانی، حەقیقەت و چاکە هەیە. شەڕ وەك دیاردەیەك کە لەناودەچێ، هیچ شتێ نییە جگە لە کەموکوڕییەك کە لە هەستیدا هەیە و بەو هۆیەی کە هەستی لە خۆیدا خێرە، کەوایە بەرەو شەڕ و خراپە رۆیشتن مانای هەنگاو هەڵگرتنە بەرەو مەرگ و نەمان. شەڕ بێ بەرییە لە سەربەخۆیی و هێزی خوڵقێنەری، لە حاڵێکدا خەیاڵ و هێزی خوڵقانی جوانی، دیارییەکی خودایی و رەنگدانەوەی هێزی داهێنەرانەی خودایە لە بوونی مرۆڤدا. بەم شێوەیە خەیاڵی رۆمانتیك و باوەڕی کاتۆلیکی لە ئاوەزی تۆڵکیندا یەکدەگرن.

یەکێکی تر لە دەرکەوتەکانی روانگەی رۆمانتیك لە بەرهەمەکانی تۆڵکیندا، رەتکردنەوەی یەك لایەنەی تەکنۆلۆژیایە و جەخت کردنەوەیە لەسەر بەها ئەخلاقی و سۆزدارییەکان لە بەرامبەر عەقڵی ماتماتیکیدا. جێگەی ئاماژەیە سەرەڕای بەهای گشتی توخمی رۆمانتیك لە ئاوەزی تۆڵکیندا، هەندێ لە لایەنەکانی، چ لە باری سیاسی و کەلتوورییەوە و چ



لە باری جوانیناسی و بەهای ئەدەبییەوە کاریگەری نێگەتیڤیان بووە لەسەر بەرهەمەکانی.

**3- یەکێکی تر لەو توخمانەی کە لە روانگەی تۆڵکیندا رەنگیداوەتەوە.** سەرنجدانە بە بەرهەمە کەلتوورییە تایبەتییەکان وەك ئوستوورەکانی چاخی کەونینە، ئوستوورەکانی ئەوروپای ژێرمەن، بەتایبەت ئەفسانە کۆنە ئینگلیزییەکان، حیکایەتی پەرییەکان و شیعر و گۆڕانییە خەڵکییەکان. لەم روانگەوە جیهانی تۆڵکین زۆر نزیکە بە شیعرەکانی سپێنسێر[نی‌تر] و رۆمانتیکەکانی سەدەی 19ی بەریتانیا وەك بلیك، کولریچ، وردزۆرس و کیتس. هەروەها لە شاعیرانی هاوچەرخیشدا چیرۆکەکانی زۆر نزیکە بە شیعرەکانی وێ. بێ. ێتس-شاعیری ئیرلەندایی کە زۆر بەهای دەدا بە ئوستوورە و ئەفسانەکان و تەنانەت جادووش- والتر دلامارە بە هاوبیری دەژمێردرێ، بەتایبەت ێتس کە بە پشتبەستن بە کەلتووری دەوڵەمەندی ئیرلەندا، بەشێوەیەکی قووڵ دەربارەی خەیاڵ ئیشی کرد و کاریگەری فراوانی هەبوو لەسەر بونیادی شیعر و ئەدەبی بەریتانیا و تەنانەت هەموو ئەوروپا.

Spenser (1599-1552)[19]
شاعیری بەریتانیایی و هونەری هەڵبەستراوی ناوداری مەلەکەی پەرییەکان.

**4- سیمبۆلیك بوونی سەرجەم بەرهەمەکانی تۆلکین**، کە لەم کۆمەڵە چیرۆکەشدا بە باشی دەبیندرێ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ئەوە- بۆ وێنە دار وەك سیمۆلی ژیان و کوێستان وەك سیمبۆلی جاویدانە بوون لەسەرووی جیهان و کاتەوە- کارەکانی ئەو (تۆلکین) پێوەند دەداتەوە لەگەڵ عیرفانی مەسیحییەت و ئوستوورە خەیاڵییەکانی ویلیام بلیك. هەر بەم شێوەیە توانایی ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆك و حیکایەتبێژی بۆ مندالان و گەورەکان- بەتایبەت چیرۆکە پڕ بەسەرهاتەکان کە لە هەڵاتنی قارەمانەوە لە ماڵ دەست پێدەکات و وەسفی سەفەر سەرزەمینە نەناسراوەکان و گەڕانەوەی لەوێ بەبیرهێنەرەوەی ئۆدیسەی هۆمێر، حیکایەتی پاڵەوانەکان و شوالییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی و سەفەرنامە خەیاڵی و راستەکان و هەروەها بەرهەمگەلێکی تازەتر وەك دوورگەی گەنج بەرهەمی لۆیی ستیۆنسۆن. نووسینەکانی تۆلکین بەرهەمەکانی هەڵکەوتەیەکی وەها دیکێنزمان دێنێتەوە یاد، وەك چۆن تەنز، نووسینی حیکایەتی درێژ بەلام سەرەنجڕاکێش- تۆلکین خۆی گەورەترین کەموکووڕی لۆردی ئەنگوستیلەکانی بە کورت بوونی دەزانی!- بە هێزی خەیاڵ و هەندێ جار ترسێنەربوونیان، نووسەرانێکی وەك مارك تواین، ئیلکساندر دۆما و ئێدگار ئالن پۆ-مان دێنێتەوە یاد.

بەلام خاڵێکی تریش هەیە کە لە باری هونەرییەوە لە هەموو خاڵەکانی سەرەوە گرنگترە. تۆلکین هەموو ئەم رەگەزانە بە دەور ناوەندێکی سەرەکیدا یەکدەخات و سەرو سامانیان پێ دەدا و ئەم ناوەندەش چەمکی **خەیاڵی داهێنەرانەیە** کە دەبێ بە بونیادی تێڕوانینی تۆلکینی بزانین. تۆلکین



تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی لە کۆڕێکدا لە ژێر ناوی "دەربارەی حیکایەتی پەرییەکان" "on fairy stories" کە ماناکەی لە زمانی فارسیدا، بە تایبەت لای تۆلکین خۆی، زۆر بەر بلاوتر و بنەڕەتی ترە لە مانای ئەم زاراوەیە بە زمانە فارسی(کوردی)ەکەی). نووسراوەی ئەم کۆڕە دواتر لەگەڵ چەند حیکایەتێکی کورتدا کە نموونە و بەرهەمی پراکتیکی ئەم چەشنە روانگەیەن، لە کۆمەڵە چیرۆکێکدا بە ناوی دار و گەلا چاپ و بلاوبووەوە کە دوو بەرهەمی یەکەمی ئەم کتێبە سەر بەو کۆمەڵە چیرۆکەیە. بە کورتی دەتوانین بلێین لە دیدی تۆلکینەوە خەیاڵ ناوەندی ژیانی مینۆکی (مەعنەوی) مرۆڤە. ئەو لای وایە ئەدەبی خەیاڵی هەڵاتنە بەرەو راستیی نەك هەڵاتن لە راستی. تۆلکین روو لە شارستانییەتی ماشێنی و سیستمی رۆحکوژی کۆمەڵگای مۆدێرن وەردەگێڕێ و بە گاڵتە دەڵێ: "ماوەیەك لەمەو پێش لە زمانی یەکێك لە سکرتێرەکانی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە بیستوومە کە زۆر خۆشحاڵە بە نزیکێتی لەگەڵ ئەو کارگە گەورانەدا کە بە مرۆڤە دەسدووردەکان کار دەکەن و هەروەها هەراو هوریای ترافیکی میکانیکیش شادی دەکات. رەنگە مەبەستی ئەوە بووبێ شێوەی ژیان و کاری خەڵك لە سەدەی بیستەمدا بە خێراییەکی زۆر بەرەو هەرچی زۆرتربوونی دڕەندەیی و وەحشیگەری دەڕوا و رەنگە نمایشی پڕ غەلبە غەلبی ئەم دڕندەییە لە شەقامەکانی ئۆکسفۆردا، بکرێ وەك هەڕەشەیەك بزانرێ کە ناتوانین تەنها لە رێگای چەند دیوارەوە و بە بێ هەڵگرتنی هەنگاوێکی فیکری و پراکتیکی واحەکانی[20] عەقڵ لە

[20] واحە: گوندی بچووك کە لە بیاباندا ساز دەکرێ

بیابانی بێ عەقڵیدا بپارێزین. بەڵام بەداخەوە مەبەستی ئەمە نەبوو. لە هەر حاڵدا دەستەواژەی "ژیانی راستەقینە" لەم دەقەدا، بە رواڵەت لەگەڵ پێوەرە ئاکادیمییەکانی دۆزینەوەی مانای وشەکاندا ناگونجێ. ئەم وێنایە کە بۆ وێنە ماشێنەکان لە حەزیا و دێوەکان زیندووترن، وێنایەکی سەیرە، بەڵام ئەم گومانەی کە ئەوانە بۆ وێنە لە ئەسپەکان "راستەقینەترن" قسەیەکی هەڵیت و پڵیتە. زۆر راستە دووکەڵکێشی کارگەکان واقیع و زیندوون، ئەویش بە بەراورد لەگەڵ دارپەڵکێکدا: ئەم بوونەوەرە بێچارە کە دەورانی بەسەرچووە، ئەم خەونە بێ بنەما و پووچەی خەیاڵ پڵاوکردن کە لە راستی هەڵدێ[21].

تۆڵکین لای وایە "خەیاڵ" نە جیاوازە لە واقیع و نە "ناواقیعە" بەڵکو بەپێچەوانەوە، توخمی داهێنەر و بونیادنەری واقیعی مرۆڤە. جیهانی خەیاڵی پەرییەکان بەدەر لە دێو و جادووگەر و چەکە جادوییەکان، شتگەلێکی تریشی هەیە وەك خۆر، ئەستێرەکان، باو باران. پێوەندی جیهانی خەیاڵ و جیهانی واقیع پێوەندییەکی دیالکتیکە. جیهانی خەیاڵی دەبێ ئەوەندە سەربەخۆ و یەکگرتوو بێت بە جۆرێ هەست بکەین کە ئەمە واقیعە. تۆڵکین وتەنی "خۆری سەوز" ناتەواوە، بەڵکو دەبێ جیهانی بخوڵقێنن لەودا ببینن خۆری سەوز ئەزموونێکی پڕماناو باوەڕ پێکراو بێت. ئەم جیهانە خەیاڵییە دەبێ هەڵگری کێشە و پرسیارگەلێك بن لەباری ئەزموونییەوە، لە جیهانی واقیعدا، گرنگ و پڕ مانا بن. خەیاڵکردنی

---

[21] R.R.tolkien. free and leak. un win books. London pp62-63



هەوسار پچڕاو (خەیاڵ پڵاو)، بە پێچەوانەی رواڵەتی فریودەر و رەنگاو رەنگی، نیشانەی هەژاری خەیاڵکردن و بێ هێزی بوونە لە باری داهێنانی ئەدەبییەوە. خاڵی بەرامبەری ئەم چەشنە خەیاڵکردنە، کەڵك وەرگرتنی بێ جێ و نەگونجاوە لە "تەمسیل" Allegory کە بە یارمەتی فێڵگەلێکی وەك دانانی ئاژەڵەکان لە جێی مرۆڤ، وێنایەکی سادە و رواڵەتی لە واقیع دەخاتەڕوو و لەم رێگاوە "پەیامی ئەخلاقی" خۆی دەگەیەنێ. بەڵام ئامۆژەی ئەم "پەیامە ئەخلاقییە" دروشم ئاسایە، بە زۆری بە ساویلکانەترین شێوە دەردەبڕدرێ. خەیاڵ پڵاو و تەمسیل، شکڵ و ناوەرۆکی ئەدەبی خەیاڵی بەلاڕێدا دەبەن. لە راستیدا خوڵقاندنی جیهانێکی خەیاڵی دەوڵەمەند و سەربەخۆ و دەربڕینی جەوهەری راستەقینەی واقیع، جگە لەوەی لەگەڵ یەك ناکۆك نین، بەڵکو دوو رووی دراوێکن یان باشتر بڵێین دوو پاژن لە گشتێکی یەکگرتوو: **خەیاڵی** داهێنەرانە. ئەدەبی خەیاڵی بە یارمەتی هەمان دیالێکتیك دووری و نزیکی راستییەکانمان دەربارەی خۆمان و جیهان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەربڕینی ئەو شتانە لە رێگای ژانرە ئەدەبییەکانیترەوە بێ ئەگەر یان زۆر دژوارە.

نامیلکەی تۆڵکین "دەربارەی حیکایەتی پەرییەکان" کە لە راستیدا دەکرێ بە مانیفێستی ئەدەبی و فەلسەفی ئەوی بزانین، هەڵگری زۆر خاڵ و بابەتی نوێیە کە بەدەر لە روونتر کردنەوەی روانگە تایبەتییەکانی، بە کەڵکە بۆ ئاشنایەتی زیاتر لەگەڵ ئەدەبی خەیاڵیدا لە باری تیۆرییەوە. لە روانگەی تۆڵکینەوە "حیکایەتی پەرییەکان" هەڵگری خەیاڵکردنی

داهێنەرانەیە و دەکرێ بە "داهێنانی پلە دوو" (Sub- creation) بزانرێ. کاری نووسەر لاسایی کردنەوەیەکی کاڵترە لە خوڵقانی خودا، چونکە ئەویش دەیەوێ جیهانێکی سەربەخۆ و تەواو بخوڵقێنێ، جیهانێ کە بە جێگای شوێن و کات، شیعر و حیکایەت تانوپۆ بکەین. بەڵام بە مانایەك، هەموو چیرۆك و شیعری خەیاڵین، هەر ئەم بابەتە خستنەڕووی پێناسەیەکی گشتگیر و تەواو دەربارەی ئەدەبی خەیاڵی دژوار دەکاتەوە. تۆڵکین لەم نامیلکەیەکدا دەکۆشێ بە هەر دوو شێوەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، چییەتی "حیکایەتی پەرییەکان" بخاتەڕوو. هەر بۆیە لەلایەکەوە هەوڵ دەدا جیاکاریی بکات لە نێوان "حیکایەتی پەرییەکاندا" لەگەڵ ئەدەبی منداڵان و جۆرەکانی تری ئەدەبی خەیاڵی وەك ئەفسانە کۆنەکانی (سێندریلا و سفید بەرفی) یان چیرۆکە ترسێنەرەکانی "دراگۆلاو فرانکشتاین" و هتد... لە لایەکی تریشەوە، تێدەکۆشێ تایبەتمەندییە زاتییەکانی "حیکایەتی پەرییەکان" دیاری بکات.

تۆڵکین لای وایە سەرچاوەی "حیکایەتی پەرییەکان"، زمانی بە وێنە کێشراو و خەیاڵی ئۆبژەکتیڤ بووە، واتە هەمان زمانە کە بە هۆنینەوەی شیعر و حیکایەتبێژی دەست پێدەکات. تۆڵکین دەربارەی پەیوەندی زمان و جادوو و سروشتی جادووی کارکردە ڕۆژانەکانی زمان، وەك داهێنانی سیفەت و بەخشینی ئەو سیفەتانە بە شتومەك و کارو بارەکان دەڵێ: "زەینی مرۆڤ، کە خاوەنی هێزی گشتاندن و جیاکارییە، لەگەڵ ئەوەی چیمەنێکی سەوز دەبینێ، بەڵکو تێدەگات ئەوەی لە بەرامبەری دایە لە یەك ساتدا هەم چیمەنە و هەم سەوزیشە... هەر ئەو زەینەی، سووکی،



قورسی، خۆڵەمێشی، زەرد، وەستاو خێرا ئەندێشە دەکات، جادوویەکیش دادەهێنێ کە دەتوانێ شتە قورسەکان سووك بکاتەوە و بیانهێنێتە هەڵفڕین، قورقوشمی خۆڵەمێشی بکاتە زێڕی زەرد و گاشە بەردێك وەك ئاو بێنێتە جووڵە. ئەگەر کاری یەکەمی لە دەست دێ، کەوایە دەتوانێ دووەمیش ئەنجام بدات. لە کۆتاییدا بە ناچارییەوە هەر دوو کار ئەنجام دەدات. ئەو کاتەی بتوانین سەوز لە چیمەن، شین لە ئاسمان و سوور لە خوێن جیا بکەینەوە و وەری بگرین، ئەو کات خاوەنی هێزی جادووگەرەکانین- بەڵام لە زەیندا، ئەو کات خواستی بە جوڵە دەرهێنانی ئەم هێزە لە جیهانی دەرەوەی زەینماندا لە دڵماندا بە ئاگا دێتەوە بەڵام ناتوانین بەو ئەنجامە بگەین دەتوانین ئەم هێزە بە باشی لە هەر کام لە بوارەکاندا بەکار بهێنین. ڕەنگە سەوز بوونێکی مەرگ هێنەر، بخەینە سەر رووخساری کەسێك و وێنایەکی ترسێنەر بخولقێنین، یان ئەوەی کە مانگێکی شینی ترسێنەر و نوێ بخەینە ئاسمانەوە، یان ئەوەی کە گەڵای دەرزیلەیی بخەینە سەر دارەکانی دارستان و بزنە کێوییەکان بە خوری زێڕین داپۆشین"[22]. وەك ئەوەی یەکێك لە پاڵەوانەکانی تۆڵکین دەڵێ: "چیمەنی سەوز ئەفسانەیەکی بەهێز و گەورەیە". ئەم ئاوێتەکردنە سەیرەی جوانی و ترس، یان شادی و ترس، تایبەتمەندی جۆرێکی تایبەت لە ئەزموونی مرۆڤە کە لە شێوەی سەفەر بۆ سەرزەمینی پەرییەکاندا دەردەکەوێ. سەرزەمینی پەرییەکان یان Faerie بابەت و بونیادی سەرەکی ئەم ئەزمونەیە، چونکە "چیرۆکی پەرییەکان بە مانا باوە

---

[22]- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە27-28

ئینگلیزییەکەی، حیکایەتێ نییە دەربارەی پەرییەکان، بەڵکو چیرۆکگەلێکە دەربارەی Faerie، هەمان هەرێم یان دۆخێ کە پەرییەکان تێیدا بونیان دەبێ"[23].

تۆلکین بە لەبەرچاوگرتنی تەمومژێك کە لە وتەزای "حیکایەتی پەرییەکان"دا هەیە لە سێ رووەوە قسە لە "حیکایەتی پەرییەکان" دەکات. "یەکەم روو باری ئوستوورەییە کە رووی لە بابەتی بان سروشتی "میتافیزیک"ە، روویەکی تر رووی جادووییە کە گرێ دەدرێتەوە بە سروشتەوە، سێیەم روو، رووی ئاوێنەیی یان ئاوێنەی ئامۆژگاری و دڵسۆزی کە روو دەکاتە مرۆڤ". بەڵام دەست بەجێ دەڵێ: "رووی بنەڕەتی و زاتی Faerie هەمان رووی دووەم، واتە رووی جادوویییە". پرسی پەیوەندی لەگەڵ سروشت و (جادوو) رەنگە گرنگترین خاڵ بێت لە فامکردنی "حیکایەتی پەرییەکاندا" و ناسینی چییەتی ئەم حیکایەتە. تۆلکین لە سەرەتای نامیلکەکەیدا ئاماژە بەم خاڵە دەدات. ئەو دوای گێڕانەوەی یەکێك لە پێناسەکانی باوی دیکشنێرییەکان کە لە بەرامبەر پەرییەکاندا نووسراوە: "بوونەوەرانێکی بان سروشتی و وردن کە بە پێی باوەڕە خەڵکییەکان هێزێکی جادوویییان هەیە". تۆلکین لەم بارەوە دەڵێ: "بان سروشتی لە هەموو مانایەکی سنووردار و بێ سنووردا، وشەیەکی مەترسیدارە، بەڵام بەکارهێنانی بۆ پەرییەکان شتێکی زۆر ئەستەمە، مەگەر ئەوەی مەبەست لە بان super تەنها پێشگرێکی سەرێتی بێت (بە مانای پاشگری (تر). چوونکە ئەوە مرۆڤەکانن لە چاو پەرییەکان

[23]- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 16



بوونەوەرانێکی بان سروشتی (و زۆرجار وردن)، لە حاڵێکدا ئەوان زۆر سروشتیتر لە مرۆڤن"[24]. بەڵام ئەگەر وابێت، ئەوەی کە سیفەتی "بان سروشتی" بدرێتە پاڵ پەرییەکان، تەنها لە دووری و نامۆ بوون و تێگەیشتنی ناڕاستی ئێمە لە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر مرۆڤ بەسەر هەموو لایەنەکانی سروشتدا زاڵ بێت، توخم و بوونەوەرە سروشتییەکان دەبن بە شتومەکی بێ گیان وبێ زمان کە مرۆڤ وەك کەرەستە چاوییان لێ دەکات. سەرزەمینی پەرییەکان، لە بەر پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سروشتدا، زیاتر و زۆرتر لە هەر هەرێمێکی تر لەم لەناوچوونە خەسار دەبینێ. "حیکایەتی پەریەکان" کە پڕاو پڕە لە توخمی سروشتی، دەبێ بە خورافاتی رەشۆکیانە. خاڵی سەرنج لێرەدا تۆلکین ئەم لەناوچوونەی کردووە بە یەکێ لە بابەتە ناوەکییەکانی چیرۆکە خەیاڵییەکانی. سەرجەم بونیادی مێژوویی لۆردی ئەنگوستیلەکان و هەروەها بەشێکی زۆر لە پێش بینییەکانی کەسایەتییە وردبینەکانی ئەم بەرهەمە (چ مرۆڤ و چ پەری) باسکردنە لە داهاتوویەکی رەش و تاریك کە لەودا مرۆڤ دەبێ بە خاوەنی زەوی. ئەوکاتەی سروشت بێ زمان و بێ گیان دەبێ و جگە لە مرۆڤ، هیچ بوونەوەرێکی هۆشمەند و قسەکەر نامێنێ، پەری و حەزیاکانیش ناچارن خۆیان وەك وێنایەکی خەوشدار کراو و بەلاڕێدا براو لەناو خورافە ئینسانییەکاندا ببیننەوە. هیچ لە هێز و گەورەیی ئەوان نامێنێتەوە، جگە لە بیرەوەرییەك لە زەینی مندااڵن و پیرە پیاو و پیرەژنانی حیکایەتبێژ. بەم شێوەیە "جادوو" کە لە سەرەتای

[24]- هەمان سەرچاوە ل 12

مێژوودا ناسێنەری نزیکێتی مرۆڤ و سروشت بوو، لە چاخی دەسەڵاتی تەکنۆلۆژی بەسەر سروشتدا بیرەوەری ئەم پەیوەندی (سروشت و مرۆڤ) وەك دەنگدانەوەیەکی لاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و مێژووی خەیاڵی، پێشبینی مێژووی واقیع دەکات.

هەموو چیرۆك و حیکایەتەکان رەگیان لە ئەزموون و پێداویستییەکانی مرۆڤدایە. "حیکایەتی پەرییەکانیش" لەم یاسایە بەدەر نییە. جادووی سەرزەمینی پەرییەکان خۆی لە خۆیدا شتێك نییە ئەو پەڕ و ناکۆتا، باشییەکانی لە کارکردەکانیدا شاراوەیە. نموونەی ئەم کارکردانە، وەڵامدانەوە بە هەندێ لە ئارەزووە هەتا هەتاییەکانی مرۆڤە. یەکێ لەم ئارەزووانە گەڕان و قوڵبوونەوەیە بە قوڵاییەکانی کات و شوێندا. ئاواتێکی تر، پەیوەندی گرتن و قسەکردنە بە زمانی بوونەوەرەکانی تر"ئەم بابەتە دەرخەری گرنگی و ئۆبژەکتیڤ بوونی "حیکایەتی پەرییەکان" و ڕووبەڕووبوونەوەیەتی لەگەڵ هەرچەشنە هەوڵێ بۆ هەڵاتن لە واقیع، چونکە وەها هەوڵێ دەبێ بە هۆی هەژارتر بوونی ئەزموونەکانی و سەرکوتی پێویستییە راستەقینەکان. رەنگە "حیکایەتی پەرییەکان" یەکێك لە سەرەتاییترین شێوەکانی حیکایەتبێژی بێت و ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بین حیکایەتبێژی لەگەڵ زماندا سەریهەڵداوە، ئەو کات گرنگی راستەقینەی "حیکایەتی پەرییەکان" تا ئاستێکی زۆر دەردەکەوێ.

تۆلکین لەسەر ئەو باوەڕە بوو "لە هونەری مرۆڤدا خەیاڵکردن ‘‘fantasy’’ بابەتێکە کە بەدی هاتنی، دەبێ بهێڵینەوە بۆ وشەکان، بۆ ئەدەبی راستەقینە." لە درێژەی قسەکانیدا باس لە ناکارامەبوونی وێنەکێشان و شانۆ دەکات لەم بوارەدا. دروستکردنی هاوسەنگی جادوویی لە نێوان بینراو و نەبینراودا، وتراو و نەوتراودا، تایبەتمەندی ئەدەبە کە هونەرەکانی تر بێ هێزن لەم کارەدا، هەر بۆیە بەردەوام لە نێوان خەیاڵکردنی رواڵەتی و بێ گیان و خەیاڵ پلاوی بێ سەرەوبەرە و بێمانا لە هاتوچۆدان. پەیوەندی نزیکی "حیکایەتی پەرییەکان" لەگەڵ زماندا، یەکێ لەو هۆکارانەیە کە بە دەستەوەدانی پێناسەیەکی دیاریکراو لەو بارەوە دژوار دەکاتەوە. ئەم پەیوەندی و نزیکایەتیە، لە هەمان حاڵدا دەرخەری پێوەندی راستەقینەی ئێمەیە لەگەڵ "حیکایەتی پەرییەکان". زمان کەرەستە نییە، بەڵکو ئەوە ئێمەین سەر بە زمانین و لە هەرێمی زماندا دەژین، ئەوە ئێمەین بە یارمەتی گێڕانەوە و حیکایەتبێژی بیچم دەبەخشین بە شووناسی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی خۆمان و ئەم هەوڵەمان بە یارمەتی گێڕانەوە و حیکایەتبێژی درێژە پێ دەدەین. هەر بەم شێوەیە، ئەوە ئێمەین، هەندێ جار لە رووی بەخت و ئیقباڵەوە، لە سنوورەکانی سەرزەمینی پەرییەکان نزیك دەبینەوە و هەندێ جار وەك ئاوارەیەکی وێڵ ئیزن پەیدا دەکەین بڕۆینە قوڵایی ئەم سەرزەمینەوە و بەتەنیایی چاو لە جوانییە ترسێنەرەکانی بکەین و سەرەنجام بە سەد ئاخ و خۆزگەوە بگەڕێینەوە بۆ وڵاتی مرۆڤەکان و چەند حیکایەت یان شیعرێکیان بە دیاری بۆ ببەین.

پەیوەندی گرتن لەگەڵ سروشتدا و جیابوونەوە لە ئوستوورە (کە ناسێنەری یەکەم شێوەی زاڵبوونە بەسەر سروشتدا) بێگومان گرنگترین تایبەتمەندی "حیکایەتی پەرییەکانە". ئەم چەشنە ئەدەبە سەرەڕای ئەوەی ناوەرۆکێکی

کۆن و نەریتییانەی هەیە، جگە لەوەی دەورێکی کۆنەپارێزانەیان نییە، بەڵکو جۆری هەستی ئازادبوون بە مرۆڤ دەبەخشن. سروشتی رزگاریخوازانە و تایبەتمەندی ئەخلاقی- فێرکارییانەی "حیکایەتی پەرییەکان" کە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەخلاقخوازی چیرۆکە ئایینەکان و حیکایەتە تەمسیلییەکانی لە چەشنی کلیلە و دمنە- بونیادی هێزی رەخنەگرانە و شۆڕشگێڕانەی ئەم ژانرە ئەدەبییەیە لە جیهانی مۆدێرندا. بەڕاستی والتر بنیامین لە وەسفکردنی "حیکایەتی پەرییەکاندا" باشتر لە هەر کەس لەم چەشنە ئەدەبییە دەدوێ و تایبەتمەندییەکانی دەخاتەڕوو: "حیکایەتی پەرییەکان تا ئەمڕۆکە یەکەم مامۆستای مندالانە، چونکە سەردەمانێ یەکەم مامۆستای مرۆڤ بوو، ئەم مامۆستایە بە شاراوەیی لە حیکایەتدا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. یەکەم حیکایەتبێژی راستەقینە، حیکایەتخوانی حیکایەتی پەرییەکان بووە و دەبێ. هەرکات پێویستیان بە ئامۆژگاری بایە، لە حیکایەتی پەرییەکاندا دەیاندۆزییەوە و هەرکات پێویستی زیاتر بایە، (ئەم حیکایەتانە) زیاتر نزیکتر دەبوونەوە و لە بەردەستدا دەبوون. ئەم پێویستییە خولقێنراوی ئوستوورە بوو. حیکایەتی پەرییەکان دەربارەی یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ئازادی لە دەست دێوەزمەیەك کە ئوستوورە لە سینەیدا چاندبووی، قسە دەکات، حیکایەتی پەرییەکان لە سیمای کارەکتەری "گەوج" دا پێمان دەڵێ مرۆڤ بەرامبەر بە ئوستوورەکان "گەوجانە" هەڵسوکەوت دەکات، لە کەسێتی "برا چکۆلەدا"دەریدەخات چۆن بە تێپەڕکردنی چاخە سەرەتاییەکانی ئوستوورە، بەخت و ئیقباڵی کەس (مرۆڤ) زیاد دەکات، لە سیمای ئەو پیاوەدا کە دەکۆشێ لە مانای ترس بگات پێمان دەڵێ چۆن دەکرێ چاو لە دەروونی ئەو شتانە ببڕین کە هۆکاری ترس و لەرزی ئێمەن، لە کەسێتی پیاوێکدا کە ئیدیعای عاقڵ بوون دەکات بۆمان دەخاتەڕوو، ئەو پرسیارانەی ئوستوورە بۆ ئێمە گەڵاڵەی کردووە، وەك مەتەڵی ئەبولهول، پرسیاری ساویلکانەن، لە شێوەی ئەو گیانلەبەرانەدا کە لە حیکایەتی پەرییەکاندا دێنە یارمەتی مندالانەوە بۆمان دەخاتەڕوو کە سروشت خزمەدوواری ئوستوورە نییە، بەڵکو پێی باشە لەگەڵ مرۆڤدا ببێ بە هاودەم و هاوڕێ... جادوویەکی رزگارکەر کە لەبەر دەست حیکایەتی پەرییەکاندایە، سروشت بە شێوەیەکی ئوستوورەیی ناهێنێتە ناو رووداوەوە، بەڵکو ئاماژە دەکات بۆ هاوکاری و هاوڕێیەتی سروشت لەگەڵ مرۆڤی ئازادبوودا.

مرۆڤی گەورە و تێگەیشتوو تەنها ئەو کاتەی کە شادە هەست بەم هاوڕێیەتییە دەکات، بەڵام مندالْ بۆ یەکەمجار لە حیکایەتی پەرییەکاندا لەگەڵ ئەم هاوڕێیەتی و هاوئاهەنگییەی سروشت (لەگەڵ مرۆڤ) ئاشنا دەبێ و هەر ئەم شتە شادی دەکات[لهیر].

تۆڵکین خەیاڵ بە هێزێکی بەتوانا دەزانێ و خۆشەویستی کاریگەری بەرهەمەکانی لە ژمارەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵ، لە هەموان گرنگتر لە نێوان لاوانی تووڕەی دەیەکانی 60 و 70 هێمایە بۆ ئەوەی دەکرێ ئاڕمانەکانی ببێ بە هێزێکی کاریگەر. بەڵام نهێنی خۆشەویست بوون و

---

[25] - والتێر بنیامین، (حەکایەت بێژ، وەرزمانەی ارغنون ژمارە 9-10 بەهار و هاوینی 1375 لاپەڕە 18 و 19.

سەرکەوتنی رادەبەدەری ئەو لە چیدایە[26]. بەرهەمەکانی ئەم پرۆفیسۆرە ئۆکسفۆردییە، هەموو ئەو شتانە دەخاتە بەردەم خوێنەر کە واقیعی هەژار و بێ بونیەی سەردەمی ئێمە لێی بێ بەرییە، ئەمە لە راستیدا کۆدی بەهێز بوون و سەرکەوتنی سەرجەم ئەفسانە و چیرۆکە خەیاڵییەکانە. بەراوردکردنی کتێبەکەی تۆڵکین لەگەڵ بەرهەمەکانی ویلیام بلیك دەکرێ دەرخەری ئەم خاڵە بێت. چونکە جیهانی خەیاڵی هەر دوو نووسەر، سەرەڕای زۆر خاڵی هاوبەشی نێوانیان، لە هەندێ رووەوە لێك جیاواز و تەنانەت دەکرێ بڵێین لەگەڵ یەك ناکۆکن.

بەرهەمی شیعرە سیمبۆلیکەکانی ویلیام بلیك (1757-1828) لە سەردەمێکدا نووسرا کە بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای فیۆدالی لە رووخاندا بوو. شۆرشی فەرانسا کۆتوبەندەکانی نەریتی شکاند و پەرەی دا بە ئاڕمانی ئازادی و یەکسانی. تایبەتمەندی بۆرجوازی شۆڕش و بەرەو سیستمێکی نوێی ئاسنین چوون هێشتا زۆر باش فام نەدەکرا. هێشتا ناپلیۆن نەببوو بە ئیمپراتۆر و بلیك و بیتهۆڤن و زۆر کەسی تر شۆڕشیان وەك توورەیی، پچڕانی زنجیرەکان و رزگاری هێزە سەرکوتکراوە ناوەکی و دەرەکییەکان دەزانی. هەروەها بلیك شاهیدی گەشەی پیۆرتیانیسم و ئەخلاقگەرایی درۆزنانە بوو کە دواتر لەسەردەمی ڤیکتۆریادا گەیشتە لودووە. بلیکیش وەك نیچە بێزار بوو لە "ئەخلاقی مەسیحی- بۆرجوازی، کە لەسەر بنەمای سەرکوتی خواست و ئارەزوو سروشتییەکان، فریودانی هەمووان و ئەخلاقیانی وشك بونیاد نرابوو. بەمەشەوە بێزاریەکە بە دوور بوو لە هەر چەشنە کۆنسێرڤاتیزم بوونێك. لە روانگەی ئەوەوە لەندەن دڵی جیهان بوو، چونکە ئەو ستایشی دەنگ و هەرای چالاکی پیشەیی و بازرگانی دەکردو وەك هەڵقوڵێنی چالاکی ژیان و هێزی داهێنەری مرۆڤایەتی دەبینی. بەڵام رادیکالیسمە سیاسییەکەی نەبوو بە هۆی هەژاری کەلتووری و دەسەڵاتی بە کەرەستەبووی عەقڵ و چییەتی لە بنەمادا ناکۆکی "رەوتی پێشکەوت" نەناسێت. رەخنەی ئەو لە ئەخلاقیاتی وشك و درۆینەی سەردەمی نوێ ستایشی چەمك گەلێکی وەك کەفوکوڵی ژیان، شادی، بوێری، دوورکەوتنەوە لە دوالیزمی خێر و شەڕ- زۆر و تەزای تری نیچە- لەگەڵدا بوو، واتە هەمان ئەو توخمانەی کە بلیك لای وابوو نەبوونیان دەبێ بە هۆی بێ بونیە بوونی سەردەمی نوێ. تورەیی و شۆڕش و شکاندنی کۆتوبەندە ناوەکی و دەرەکییەکانی، جەوهەری ئوستوورەکانی ئەو پێکدێنن. بەدەر لە چالاکییە هونەرییەکانی وەك نووسەر و وێنەکێشێکی پەراوێز کەوتوو، بێ هیوابوونی بلیك لە ئەنجامەکانی شۆڕشی فەرانساش بووە هۆی ئەوەی بلیك زیاتر بەها بەلایەنە دەروونییەکانی کێشەکان بدات.

چەمکی سەرەکی ئایدیای بلیك خەیاڵی داهێنەرانە و دەوڵەمەندی ژیانی دەروونی بوو، ئەم بابەتەش دژایەتی هەیە لەگەڵ سیستمی بەهای سەرمایەداری تازە پێگرتوو کە جەختی دەکردەوە لەسەر، قاییل بوون، پاشەکەوتکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە. لە بەرهەمەکانی بلیکدا

---

[26]- لە راپرسییەك کە لەم دواییانەدا کراوە، کتێبی لۆردی ئەنگوستیلەکان وەك کتێبی دووەم ناسراوە و تۆڵکین لە نێوان 10 نووسەری سەرتری جیهاندا پلەی نۆیەمی هەیە.

هەستانەوە دژ بە باوك، رەمزی رەدووردنەوەی هەر چەشنە دەسەڵاتدارییەکی رەها و سەرکوتکەرە و کۆمەڵێکی زۆر سیمبۆلی رزگاری و سەرکەشی چینایەتیش لە بەرهەمەکانیدا دەبیندرێ. هەموو ئەم رەمزانە لە یەك کاتدا تایبەتمەندی سیاسی، دەروونی و ئایینیان هەیە.

بەڵام لە بەرامبەردا، تایبەتمەندی جیهانێ کە تۆڵکین دژی دەوەستایەوە چ بوو؟ بێ سەرەو بەرەیی و رووخانی بەها ئەخلاقییەکان، بەکارهێنانی زۆر، ئاوێتەکردنی ژیانی تایبەتی لە هەرێمی گشتیدا، باوبوونی لۆژیکی مامەڵە و کالاّ لە هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکی و بنەماڵەییدا، بوونی هەموو شت- تەنانەت هەست و عاتیفە تاکەکەسییەکان- بە ئامرازی بەرهەمهێنان و زیاتر لە هەموان تەماح بۆ خاوەنداریێتی و زاڵبوون بەسەر سروشت و شتومەك و مرۆڤەکاندا، یان بە واتایەکی تر، هەمان دڵەڕاوکەی فاوستی بۆ هێز. تەوەری سەرەکی ئایدیای تۆڵکین رەدووردنەوەی هێزە. ئەو شتەی وادەکات پاڵەوانە بچووکەکەی بەسەر هێزێکی شەیتانیدا سەرکەوێ، سادەبوون، سەداقەت، دلێری و عەشق و خۆشەویستی و پابەندبوونیانە بە ژیان. دلێری ئەوان نە لە هێز و توانای جەستەیانەوە سەرچاوە دەگرێ و نە لە چەمکی جادووییەوەو نە لە عەقڵێکی بەراوردکارەوە. شەیتان بە دەستی "بێ هێزترین"هێزەکان تیادەچێ، رووخانیشی هێمای شکستی لۆژیکە. رەگی سەرەکی شکستەکەش لە لاوازی و لە هێزی خەیاڵدایە، چونکە وەها لە خۆیدا نووقم بووە کە هیچکات لە خەیاڵیشدا بیر لەوە ناکاتەوە رەنگە دیتران لەبری ئەوەی لە ئەنگوستیلە جادووییەکە دژ بە خۆی کەڵك وەربگرن، بیر لەوە بکەنەوە هێز



و دەسەڵاتەکەی بەدەست بێنن و بەتێدا بردنی ئەنگوستیلەکە، دەسەڵات و حکومەت رەت بکەینەوە. ناتوانێ لە چاوی دیترانەوە بۆ دونیا بڕوانێ، هەر بۆیە سەرەڕای هەموو زیرەکی و پێشبینییەکیشی سەر ئەنجام شکست دەخوا. تۆڵکین لای وایە گرێدراوێتی رەها بە خود و بەرچاو تەنگییەك کە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، دەرخەری هەژاری مینۆکی و هەروەها هەژاری و لە ناوچوونی هەستییە و ئەمە هەمان ماهییەتی راستەقینەی شەڕ و تەنها رێگا چارەی دەسەڵاتی رەهایە.

تۆڵکینیش وەك بلیك، لە جیهانی خەیاڵی خۆیدا کەموکورتییە راستەقینەکانی سەردەمی خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام لە حاڵێکدا بلیك جەخت لەسەر سەرکەش بوون و ئازادی دەکات، تۆڵکین لای وایە بەها نەریتییەکان تەنها پەناگە و سەنگەری بەرگریین دژ بە "وەحشیگەری سەردەمی نوێ". هەر دوو لایانوایە خەیاڵی داهێنەرانە دەبێ بە هۆی دەوڵەمەندی و جوانکردنی ژیان و بناغەی ژیان ویستنە. بەڵام لە حاڵێکدا بلیك هەستی جنسی ئیرۆس (Eros) بە هێزی ژیان بەخش دەزانێ، لە روانگەی تۆڵکینەوە ئیرۆس وێڕای تاناتۆس (Tanatos) یان مەرگویستی، بناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی وێران دەکات.

ئەو بە پێچەوانەی بەشێك لە بیرمەندانی هاوچەرخ (لەوانە مارکۆزە و تا رادەیەکیش فرۆید) لەگەڵ ئەوەی ئیرۆس- کە دەبێ وەك هەستێکی کوێرانەی جنسی لە عەشق جیا بکرێتەوە- بە هۆکارێکی گرنگی ژیان بەخش نازانێ، بەڵکو وەك هێزێکی وێرانکەر لە تەنیشت هەستی مەرگدۆستی و توندوتیژی و نفرەتدا دایدەنێ. ئەگەر هەندێ لەو لایەنە

پاوانخواز و ئەخلاقگەرایانەی تۆلکین لە بەرچاو نەگرین، ڕەخنەی تۆلکین لە زۆر بوارەوە لەگەڵ ڕەخنە بونیادییەکانی مارکۆزەدا دێتەوە. هەر دووکیان- لە روانگەی جیاواز و بە دەربڕینی جیا- جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە کە کۆمەڵگای مۆدێرن تاکی لە نێوان سیستمێك لە پەیوەندییە بە کۆمەڵ و کەرەستەیەکاندا تواندۆتەوە کە لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای مامەڵەی پارە و هێز، یان زێڕ و زۆرە، و بە یارمەتی پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندنە گشتییەکان، هەر چەشنە بزواندنێکی سەربەخۆی هەستیار ئفلیج دەکات.

ئەم خاڵانەی سەرەوە دەرخەری ئەوەیە تۆلکین یەکێ لە نەریتگەرا و پاوانخوازەکانی سەردەمی ئێمەیە. گۆڕانی قووڵ و بونیادی کۆمەڵگای مۆدێرن لە سەردەمی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا، بوو بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە ڕەوت، ڕێکخراوە و کەسانی نەریتگەرا، لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەنگرانی دۆخی جێگرەوە ببن بە ناوەندەکانی بەرگری کەلتووری دژ بە هێرشی ئایدۆلۆژی بەرهەمهێنان و کەڵك وەرگرتنی زۆر. بەرگری ئەم ناوەندانە لە بەها و باوەڕ و گەورەیی مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەی وا دیارە ناسیاسییە، لەگەڵ شێتێتی پێشکەوتنی ماشێنی، عەقڵ بێزی و نوێخوازی شێتانە و شەهوەتی بەکارهێنانی کۆمەڵگا نوێ "پۆست مۆدێرن" ناتەبایە. "پاوانخوازی شۆڕشگێڕانە" دیاردەیەکی تەواو نوێ نییە، بزووتنەوەی ڕۆمانتیك لە ڕاستیدا سەرچاوە و ئولگووی سەرەکی ئەم ڕەوتەیە. (ڕۆمانتیسمی شاراوە لە بەرهەمەکانی تۆلکین و نووسەرەکانی تری سەر بەم ژانرە لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ).

بەهەر حاڵ ئەم وێنایە کە پشتبەستن بە "داهاتوو" تاقانە ڕێگای ڕەخنە گرتنە لە ئێستا، یەکێ لەم ئوستوورانەیە کە ڕووداوەکانی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) ڕەتی کردوونەتەوە، هەرچەند ئەمڕۆکە بەشێکی زۆر لە ڕەوتە نەریتخوازەکان، بۆ گونجاندن لەگەڵ دۆخی هەبوودا، خوازیاری کەڵکوەرگرتن لە شێوازی نوێی پڕوپاگەندەن و بەرگریکردنیان لە بەها نەریتییەکان بووە بە جۆرێ "مۆدی مینۆکی" نوێ و بە یەکێ لە زریق و بریقە کەلتووری و ئایدۆلۆژییەکانی ڕاگەیاندنە گشتییەکان.

تۆلکین کوت و پڕ لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتدا ناو دەردەکات. بەشێکی زۆر لە ڕەخنەگرە خاوەن ناوەکان کە شەیدای جۆیس و ناباکۆف بوون، بەرهەمەکانی ئەویان بە هەند وەرنەگرت، هەڵبەت ئەم هەستە بە وتەی خۆی، شتێکی دوو لایەنە بوو! بەڵام لە بەرامبەردا کەسانێکی وەك لۆئیس و ئۆدۆن ستایشی لۆردی ئەنگوستیلەکانیان کرد وەك یەکێ لە شاکارە ئەدەبییەکان. یەکێ لە ڕەخنەگرانی بەرهەمەکانی تۆلکین، بە ئاماژە بە قارەمانی یەکەم چیرۆکی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، دەڵێ: "تۆلکین چ ئەوەی بەو کوێستانە گەیشتبێ کە لە خەیاڵیدا بوو، چ ئەوەی هێشتا سەرقاڵی کاملکردنی هونەر و ڕۆحی مرۆڤانەی خۆی بێ لە "کارگەکەیدا"، شیاوی ئەوەیە ئێمە سوپاسی بکەین و ڕێزی بۆ دابنێین. ناوی ئەو لە ناو گەورەکاندا دەمێنێتەوە[27].

27- Ronald Helms. Myth. Magic and meaninig intolkiens world. panther

بەڵام چەند خاڵێکی بچووك دەربارەی حیکایەتەکانی ئەم کۆمەڵەیە و وەرگێڕانەکانیان ناوەرۆکی هاوبەشی دوو حیکایەتی یەکەم، پەیوەندی هونەرمەند و کۆمەڵگایە. لە حاڵێکدا حیکایەتی یەکەم باس لە پێوەندی نێوان هونەرمەند لەگەڵ کۆمەڵگا و خەڵکی ڕەشۆکیدا دەکات، دووەمیان جیاوازییەکانی هونەرمەند بەرجەستە دەکاتەوە. جیاوازی و ڕەنگە تەنیایشی، بەرهەمی پێشکەشکردنی لێهاتووییەکە کە دەبێ پێی بگا و لە ڕاستیدا موڵکی هونەرمەند نییە، بەڵکو تەنها بۆ ماوەیەك پێی دراوە و ئەویش بە نۆبەی خۆی دەبێ بیداتە کەسانی تر، هەردوو حیکایەت پەیوەندی هونەرمەند و کۆمەڵگا بۆ هەر دوو لا بە پێویست دەزانن، بەڵام لە حاڵێکدا حیکایەتی "ئاسنگەر و ئەستێرەی جادوو" باس لە دەووری هونەرمەند و پێویستی کۆمەڵگا بە هونەرمەند دەکات، **"گەڵا بەرهەمی نیگل"** کاریگەری ئەم پەیوەندییە لەسەر شێوە و ناوەرۆکی بەرهەمی هونەرمەند و قەرزداربوونی ئەو بە خەڵك دەخاتەڕوو. چیرۆکی کورتی "نیگل" لە ساڵی 1939دا نووسرا، واتە ئەوکاتەی تۆڵکین تووشی قەیران و دوو دڵییەتی زۆر ببوو دەربارەی بەهای کارەکەی. حیکایەتی نیگل، بەشێوەیەك گێڕانەوەی خودی ژیانی تۆڵکینە و دەتوانین لە بارەی بونیادی ئەدەبی و قوڵی فەلسەفییەوە لەگەڵ چیرۆکەکانی کافکا و بۆرخس و ئالن پۆدا بەراوردیان بکەین. چیرۆکی دووەم کە ناوی "سمیت، خەڵکی ڤۆتنی گەورە"یە، ساڵی 1967 نووسراوە. وێکچوونی ئەم بەرهەمە کە دوایین کورتە چیرۆکی تۆڵکینە لەگەڵ حیکایەتی نیگل کە یەکەمیانە، سروشتی ئارام و نەگۆڕی ئەو دەخاتەڕوو.

سێیەمین چیرۆك، "وەرزێر و ئەژدیها" کە ساڵی 1949 نووسراوە، ڕێك دوای نووسینی "لۆردی ئەنگوستیلەکان" نووسراوە، بە باشترین شێوە ڕوانگەی تەنزیانەی تۆڵکین دەخاتەڕوو. بە وتەی یەکێ لە ڕەخنەگرەکان، دوای خوڵقانی هەر بەرهەمێکی گەورەی ئەدەبی کە هەوڵێکی درێژ ماوە و تاقەت پڕوکێنی لەگەڵ درابێ، باشترین و کاریگەرترین شێواز بۆ دەرکردنی ماندوێتی (زەینی) گاڵتەکردنە بەو ژانر یان ستایلە ئەدەبییە کە نووسەر ساڵانێکی زۆر دەرگیر بووە پێیەوە. ئەم ڕوانینە تەنزئامێزە بۆ دواوەوە، جگە لە پرۆڤەکردنی بێ فیزبوون کە هەموو مرۆڤەکان و بە تایبەت هونەرمەندەکان زۆر پێویستیان پێیەتی، لە ڕاستیدا نیشانەی شادی و خۆشحاڵی، یان سووك بوون و ڕزگاربوونە لەوەی بارێکی قورس بەسەر شانییەوە بووە داینلوەتە زەوی، ئەو بارەی کە دوای ماوەیەکی زۆر لە کۆتاییدا بە شوێنی خۆی گەیشتووە. نووسینی لۆردی ئەنگوستیلەکان 11 ساڵی خایاند و تۆڵکین نووسینەکەی بە بێ هیچ هاندان و پشتیوانییەك تەواو بە پێچەوانەی ڕەوتە باوە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی نووسی- ئەویش بە زۆری دوای تەواوکردنی کاری زانکۆ و لێکۆڵینەوەکانی لە دوایین ساتەکانی شەودا- . "وەرزێر و ئەژدیها" هەجوو نامەیەکە دەربارەی ئەدەبی خەیاڵی و ئەفسانەی پاڵەوانەکان کە هەمان ئۆلگووی نەگۆڕی شەڕی قارەمان لەگەڵ دێو، سەرکەوتنی لە کۆتاییدا و ئەنجام کە دڵخوازەکەی دەگرێتە بەر. بەڵام تۆڵکین لەم چیرۆکەدا جگە لە ئەدەبی خەیاڵی و حەماسەی پاڵەوانێتی- ڕەنگە تەنها بە بیانووی هەجوو بوونیانەوە- بەشێکی زۆر لە بابەتەکانیتر بە گاڵتە دەگرێ. لەوانە زانستی قورسی زمان (فیلۆلۆژی) نووسەرەکانی دیکشنەری ئۆکسفۆرد و تەنانەت پاشایەتی بەریتانیاش.

تا ئەو جێگەی دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانە، گرنگترین خاڵ ئەوەیە لەبەرهەمەکانی تۆڵکیندا بەشێکی زۆر لە ناوە تایبەتەکان (اسم

الخاص) ، ماناى گشتيان هەيە و ئەمە وەرگێڕانەكە دژوارتـر دەكاتـەوە. بـۆ وێنە ناوى قارەمانى چیرۆكى يەكەم، نيگل، لە كـردارى toniggle ـەوە وەرگيراوە و بە ماناى كەرەستەى سەرنجدانى رادەبـەدەر بـە وردەكارييـە بـێ بەهاكان هاتووە . هەروەها ناوى تايبەتى پەريش (parrish) لە حالـەتى گشـتيدا بـە مانـاى ناوچـە و شـوێنى پڕوپاگەنـدەى قەشـەكان دێـت لـە دێهاتەكان، لە حالەتى كۆدا، بە ماناى خـەڵكانێك دێ كـە لـەو ناوچـەدا دەژين. سميت (smith) لەگەڵ ئەوەى ناوى تايبەتە، مانـاى ئاسـنگەريش دەدات. زۆر نموونەى تـر كـە لـەم كتێبـەدا هـەن و وەرگێڕانەكـە دژوارتـر دەكەنەوە.

يەكدەست بوونى نووسينەكەش- بەدەر لە كەموكۆڕييەكانى وەرگێڕانەكە- تا رادەيەك لە چـييەتى و ماهيـەتى ئـەم ژانـرە يـان چەشـنە ئەدەبييـەوە سەرچاوە دەگرێ.

م.ف
تاران
1368-1376

## گەڵا

## بەرهەمی نیگل[28]

هەبوو نەبوو، پیاوێکی کورتە باڵا هەبوو بە نـاوی نیگـل کـە سـەفەرێکی درێژماوەی لە بەربوو. ئـەو حـەزی لـە ڕۆیشـتن نـەبوو. لـە ڕاسـتیدا ئـەم بیرۆکەیەی هیچ پێ خۆش نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی لە بیری خـۆی بەرێتـەوە. دەیزانی دەبێ ڕۆژێ سەفەرەکەی دەست پێ بکات. بەڵام بۆ ئامـادە بـوونیش بە پەلە نەبوو.

نیگل وێنەکێش بوو، بەڵام وێنەکێشێکی نە زۆر سەرکەوتوو. تـا ڕادەیـەك لەبەر ئەوەی سەرقاڵی زۆری هەبوو. هەموو ئەو سەرقاڵیانە بەلایـەوە هـیچ نەبوو جگە لە سەرئێشـە، بـەڵام بـە باشـترین شـێوە ئـەنجامی دەدان، بـە

[28]- j.R.R.Tolkin. lleaf byniygell in the tree and leaf. Unwin books. 1975



گەڵا

بەرهەمی نیگل

تایبەت ئەو کاتەی نەیدەتوانی لە کۆڵی خۆی کاتەوە، ئەو هەروەها (بە باوەڕی ئەو) بەداخەوە زۆربەی کات هەروا دەبوو.

ولاتەکەی یاسای زۆر وشکی هەبوو. بەڵام هۆکاری تریش بوون. بۆ وێنە هەندێ جار تەواو بێکار دەبووو هیچی نەدەکرد. هەروەها تووشی جۆرێ بە ڕەحم بوون بوو. دەزانن مەبەست چ چەشنە بە ڕەحم بوونێکە: ئەم هەستە زۆربەی کات لەبری ئەوەی هانی بدات بۆ ئەنجامی کارێك، نیگەرانی دەکرد، هەروەها ئەوکاتەش سەرقاڵی کارێ بوو هەر خەریکی بۆڵە بۆڵ کردن و جنێودان "زۆرتر بە خۆی" بوو. بەمەشەوە هەر ئەم بە ڕەحم بوونەی هانی دەدا وردەکارییەکانی دراوسێ شەلەکەی ئاغای پەریش ئەنجام بدات. بەو مەرجەی بهاتبایەن و داوای هاوکاریان لێ کردبا، نیگل هەندێجار یارمەتی خەڵکانی تری دەدا لە شوێنە دوورەکان. هەرچەند ماوە جارێ دەکەوتە بیری سەفەرەکەی و بەشێوەیەکی بێ ئەنجام دەستی دەدایە کۆکردنەوەی هەندێ لە شتەکان، لەو کاتانەدا نەدەپەرژایە سەر وێنەکێشینەکەی.

چەند تابلۆیەکی بە دەستەوە بوو کە بە لەبەر چاوگرتنی تواناییەکانی زۆربەیان زیاد لە ئەندازە گەورە و تەماحکارانە بوون. ئەو لەو وێنەکێشانە بوو گەڵاکانی جوانتر لە دارەکان دەکێشا. بە زۆری ماوەیەکی زۆری تەرخاندەکرد بۆ کێشانی گەڵایەك و هەوڵی ئەوەبوو تا شێوە و درەوشاوەیی گەڵاکە و بریقەدانەوەی شەونمەکان لە سەر لێوارەکانیان بە وێنا بکێشێ. ئەو دەیویست دارێکی تەواو بکێشێتەوە کە هەموو گەڵاکانی بەم شێوەیە بن و هەموو گەڵاکان لەگەڵ یەك جیاواز بن.



یەکێ لە تابلۆکانی زۆر مێشکی داگیرکردبوو. ئەم تابلۆیە کە بە گەڵاڵەی گەڵایەکی تووشبوو بەدەستی باوە دەستی پێکردبوو، بوو بە دارێك و دار گەورە بوو، لق و پۆی زۆری دەرکرد، ریشەگەلێکی داکوتا کە زۆر سەیر و سەمەرە بوون. باڵندەی سەیر و سەمەرە لە سەریان هێلانەیان کرد: دەبوایە بەهایان پێ بدایە. ئەوکات لە هەموو لایەکی دارەکەوە و لە پشتییەوە و لە ناو گەڵا و لقەکانییەوە ولاتێك دەرکەوت. لە دووری دوورەوە نیشانەکانی جەنگەڵێکی چڕ لەسەر زەوی و کوێستانێ بە شاخە بەفرگرتووەکانییەوە دەبیندرا. نیگل هەموو هۆگری خۆی بۆ تابلۆکانیتر لە دەستدا، هەندێکیانی بەم لاو لای تابلۆ گەورەکەدا هەڵواسی. زۆر زوو تابلۆکەی ئەوەندە گەورە بوو ناچاربوو لە پەیژە کەڵك وەربگرێ. بە پەیژەکەدا سەردەکەوت و دەهاتە خوار، ڕەنگێکی ئەدا لە گۆشەیەك یان لە گۆشەیەك پاکی دەکردەوە. کە کەسانیتر دەچوون بۆ لای، ڕواڵەتی زۆر بە ئەدەب دەهاتە بەرچاو، هەرچەند هەندێجار لەسەر کورسییەکانی کایەی بە قەڵەمەکەی دەکرد. گوێی ئەدا بە هەموو قسەکانیان، بەڵام لە دەروونددا هەموو کات بیری لای ئەو تابلۆ گەورەیە بوو کە لە ژێر سەرپەنایەکی گەورەدا بوو کە هەر بەم مەبەستە دروستی کردبوو. (لە تیکە زەوییەکدا کە سەردەمانێك پەتاتەی تێدا بەرهەم دەهێنا) نەیدەتوانی رزگاری ببێ لە دەست بە ڕەحم بوونە. هەندێ جار بە خۆی دەوت: "خۆزگە تاقەتی کارکردنم زیاتر بایە". مەبەستی ئەوە بوو خۆزگە کێشەکانیتر نەدەبوون بەهۆی نیگەرانی ئەو. بۆ ماوەیەکیش بە شێوەیەکی جیدی نیگەرانی رووی تێ نەکرد. هەردەم دەیگوت "بەر لەوەی ناچار بم

بەرەو ئەو سەفەرە شوومە بکەومە ڕێ ئەو تابلۆیە تەواو دەکەم تابلۆ ڕاستەقینەکەم". بەڵام ئارام ئارام بەوە گەیشت ناتوانێ سەفەرەکەی بۆ ماوەیەکی نادیار بخاتە دواوە. دەبا هەر جۆرێ بایە بەری بە گەورەبوونەوەی رادەبەدەری تابلۆکە بگرتایە و تەواوی کردبا.

ڕۆژێ نیگل لە تابلۆکەی دوور کەوتەوە و بەوردی و بێ هیچ خۆشەویستییەکی تایبەتی لە تابلۆکەی ڕوانی. نەیدەتوانی بڕیار بدات بۆچوونی دەربارەی تابلۆکە چییە، خۆزگە هاوڕێیەکی بایە کە بیتوانیبا بەهای واقیعی کارەکەی دیاری بکات. لە ڕاستیدا تابلۆکە هیچ جێگای دڵخۆشی نەبوو بۆی، هەرچەند زۆریش جوان دەهاتە بەرچاو، تەنیا تابلۆیەکی بە ڕاست جوان لە جیهاندا. لەو ساتەدا حەزی لێ بوو خۆی ببینێ لە دەرگاکەوە دێتە ژوورەوە و دەست ئەدا بە پشتیدا (بە ڕاستگۆیەکی ئاشکراوە) دەڵێ: "شاکارێکی گەورە! ڕاست دەزانم مەبەستت چییە. هەروا درێژەی پێ بدە و جگە لە کارەکەت بیر لە هیچی تر مەکەرەوە! ئێمە ڕێورەسمێك ڕێکدەخەین بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییە ماڵییەکان بۆ ئەوەی تۆ نیازمەند نەبی".

بەڵام وەها ڕێورەسمێ بوونی نەبوو، نیگل یەك شتی بە جوانی دەزانی. تابلۆکە لە ئەندازەی ئێستایدا بۆ ئەوەی تەواو ببێ پێویستی بە تۆزێ سەرنجدان و کەمێ کارکردنە، ئەویش کارکردنێکی سەخت و بێ وەستان هەیە. کەوایە قۆڵی هەڵماڵی و بە وردی دەستیکرد بەکار. چەند ڕۆژ هەوڵی ئەوە بوو نیگەرانی هیچ شتێ نەبێ، بەڵام وەستانێکی زۆر دەهاتە پێش: کەرەستەکانی ماڵەوەی یەك لە دوای یەك لە کار دەکەوتن. ناچار



بوو بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی شورا سەردانی شار بکات. هاوڕێیەکی کە لە شوێنێکی دوور دەژیا نەخۆش کەوت. ئاغای پەریش بە هۆی ئازاری ئێسکەوە لە جێدا کەوت. یارمەتیدانی و پێشوازیکردن لە میوانە کتوپڕەکانیش هەر درێژەی هەبوو. بەهار بوو و هەموویان حەزیان لە خواردنەوەی چای خۆڕایی یەیلاخ بوو. نیگل لە ماڵێکی خۆش و بچووك دوور لە شار دەژیا. لە دڵەوە نەفرەتی لێ دەکردن، بەڵام نەیدەتوانی لە بیری بکات کە زستانی ڕابردوو خۆی دەعوەتی کردوون. ئەو کاتەی کە سەردانی دوکانەکان و خواردنەوەی چا لەگەڵ ئاشناکاندا "بە وەستان لە کاری ئەوان" نەدەزانی. هەوڵیدا دڵ ڕەق بێت، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. زۆر کار هەبوو کە ڕووی نەبوو وەڵامی نا بداتەوە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بە ئەرکی خۆی دەزانین یان نا. هەندێ کاریش هەبوون بە پێچەوانەی باوەڕییەوە دەبوایە ئەنجامی بدایە. هەندێ لە میوانەکان بە توانج پێیان دەگوت لە مێژە باخەکەی وێڵ کردووە. ڕەنگە پشکێنەرێك بێت بۆ سەرپەرشتی. بەڵام هەندێکیان ئاگاداری تابلۆکەی نەبوون و هیچ جیاوازییەکی نەبوو گەر بیشیان زانیبا. بە گومانم لەوەی تابلۆکەیان پێ شتێکی گرنگ بایە. بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بەڕاست تابلۆیەکی زۆر جوان نەبوو، هەرچەند دەکرا هەندێ خاڵی باشی تێدا ببینرێت. بەهەر حاڵ **دارەکە** شتێکی سەیر و لە شوێنی خۆیدا ناوازە بوو، ڕاست وەك نیگل بۆ خۆی. هەرچەند بە ڕواڵەت کەسێکی زۆر ئاسایی و پیاوێکی ساویلکەی شلەختە بوو.

سەرەنجام، کات بوو بە شتێکی بەهادار بۆ نیگل. ناسراوەکانی لە شارە نزیکەکەدا بە بیریان دەهێنایەوە کە ئەو پیاوە دەبێ بڕواتە سەفەرێکی پڕ زەحمەت. هەندێکیشان دەستیان کرد بە بەراوردکردنی ئەو زەمانەی کە دەکرا سەفەرەکەی بخاتە دواوە و مابوونەوە دوای ئەو ماڵەکە بە کێ دەگا و ئاخۆ باشتر چاودێری باخەکە دەکات یان نا.

پاییز داهات، پاییزێکی تەڕ و تۆفانی، وێنەکێشە بچکۆلەکە لە شوێنی کارەکەی خۆی بوو. لەسەر پەیژەکە وەستا بوو و هەوڵی ئەوە بوو ئاوابوونی خۆر، کە ئێستا تارماییەکی لە گۆشەی چەپی تابلۆکە، لە نووکی یەکێك لە لقە پڕ گەڵاکانی دارەکەدا دەبینرا، لە سەر کێوی بەفری بکێشێتەوە. دەیزانی کە دەبێ زوو خۆی بۆ سەفەرەکە ئامادە بکات. ڕەنگە سەرەتای ساڵی داهاتوو. تەنها دەیتوانی تابلۆکە، ئەویش بە شێوەیەکی پەلەپرووزە، تەواو بکات و بەس. چەند گۆشەیەك لە تابلۆکە مابۆوە کە ئێستا کاتی ئەوەی نەبوو تەواوی بکات و بە ناچار دەبێ هەر ئەو شوێنەی مەبەستی بوو چاکی بکردبایە.

دایان لە دەرگا، بە دەنگی بەرز وتی: "وەرە ژوورەوە" و لە پەیژەکە هاتە خوارەوە. لە حاڵێکدا بە بێزارییەوە قەڵەمەکەی وەشاند، وەستا. پەریشی دراوسێی هاتبوو، تەنیا دراوسێی ڕاستەقینەی، چونکە ئەوانیتر زۆر دوورتر لەو دەژیان. بەمەشەوە پەریشی زۆر خۆش نەدەویست، تا ڕادەیەك لەبەر ئەوەی هەردەم گرفتار و پێویستی بە یارمەتی بوو، هەروەها بەهای نەدەدا بە وێنەکێشان. بەڵام لە کاری باخداریدا زۆر ورد بوو. کە پەریش تەماشای باخەکەی نیگلی دەکرد (کە زۆرجار وادەبوو) زیاترلە هەموو شتێ گیا



کەڵەکانی دەدی، کە تەماشای تابلۆکەشی دەکرد (کە زۆر کەم وادەبوو) تەنها ڕەنگی سەوز و خۆڵەمێشی و هێڵە ڕەشەکانی دەدی کە بە لایەوە بێ مانا بوون. ئەو بەردەوام نیگلی لە بوونی گیاکەڵەکانی ئاگادار دەکردەوە (ئەرکێکی دراوسێیەتی) بەڵام هیچ کات دەربارەی تابلۆکانی قسەی نەدەکرد. پەریش لای وابوو ئەم کارەی زۆر هاوڕێیانەیە و نەیدەزانی تەنانەت ئەگەر واش بێت هێشتا بە ڕادەی پێویست هاوڕێیانە نییە. یارمەتیدان لە هەڵکەندنی گیا کەڵەکان (ڕەنگە ستایشکردنی تابلۆکان) باشتر بوو. نیگل وتی: "ئا، پەریش چ بووە؟" پەریش بە بێ ئەوەی چاو لە تابلۆکە بکات وتی: "دەزانم نابێ موزاحیمت بم، دڵنیام زۆر کارت هەیە." نیگل خۆشی دەیویست شتێکی لەم چەشنە بڵێ، بەڵام هەلەکەی لە دەستدا بوو. تەنها توانی بڵێ: "بەڵێ وایە".

پەریش وتی: "بەڵام من جگە لە تۆ کەسم نییە پەنای بۆ ببەم". نیگل هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: "بەڵێ وایە". ئەم ئاهە لەو ئاهانە بوو کە دەربڕینی تاکەکەسین، بەڵام وەها ئەدا ناکرێت کە نەبینرێن. "چم لە دەست دێ بۆت بکەم؟". پەریش وتی: "ژنەکەم چەند ڕۆژە نەخۆشە و من زۆر نیگەرانم. با نیوەی سواڵەتی سەربانەکەی بردوە، ئاو هاتووەتە ناو ژووری خەوەکەمانەوە، لام وایە دەبێ بڕۆم بە شوێن دوکتۆردا، هەروەها بیناسازش. تەنیا کێشە ئەوەیە کە هاتنیان کێشە زۆر دەخایەنێ. لە بیری ئەوەدا بووم ئاخۆ تۆ دار و تەلیسی زیادیت هەیە. تەنیا لەبەر ئەوەی پینەی بکەین بۆ ئەوەی ئەم یەك دوو ڕۆژە بگوزەرێ."، ئێستا جوان لە تابلۆکەی ڕوانی.

نیگل وتی: "ئەی هاوار، گیانەکەم بەڕاستی کەم شانسی. هیوادارم نەخۆشی ژنەکەت تەنیا سەرمابوونێکی سادە بێت. چەند ساتیتر سەردانتان دەکەم بۆ ئەوەی بە یارمەتی یەکتر نەخۆشەکە ببەینە خوارەوە."
پەریش بە ساردوسڕی وتی: "زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام سەرمابوون نییە، تای هەیە. بۆ سەرمابوونێکی سادە موزاحیمت نەدەبووم، ژنەکەشم لە نهۆمی خوارەوە لەناو جێدایە. ناتوانم بە سینییەکەوە سەرەو خوار بکەم، ئەمیش بەم پامەوە. بەڵام دەبینم سەرقاڵی، ببورە نیگەرانم کردیت زۆر بەو هیوایە بووم کاتت ببێ بڕۆی بە شوێن دوکتۆردا. خۆت دەزانی من چۆنم! هەروەها بڕۆی بە شوێن بیناسازیشدا. هەڵبەت ئەگەر بەڕاست هیچ پارچە یان تەلیسێکی زیادیت نییە.
نیگل وتی: "بە دڵنیاییەوە" هەرچەند وشەی تر لە دڵیدا بوو. ئەو دڵەی لەو ساتەدا تەنها نەرم ببوو، بە بێ ئەوەی بە رەحم بێت. "دەتوانم بڕۆم، ئەگەر بەڕاست نیگەرانی دەڕۆم؟" پەریش وتی: "نیگەرانم، زۆریش نیگەرانم. خۆزگە شەل نەبایەم."
کەوابوو نیگل رۆیشت. دەبینی کە دۆخێکی خراپ بوو. پەریش دراوسێی بوو و دراوسێکانی تر زۆر لێ دووربوون. نیگل پاسکیلێکی هەبوو، پەریش نەیبوو، نەشی دەتوانی سواری بێت. پەریش دەشەلا، لاقێکی تەواو شەل بوو کە بەڕاستی ئازاری دەدا. نابێ ئەم خاڵە و هەروەها روخساری گرژ و هاوار هاواری ئەو لە بیر بکەین. بەڵام نیگل تابلۆیەکی بە دەستەوە بوو و ماوەیەکی زۆر کەم بۆ تەواوکردنی، بەڵام وادیار بوو ئەمە کارێکە دەبێ پەریش تەواوی بکات، نەك نیگل. بەڵام پەریش هیچی لە تابلۆ نەدەزانی و



نیگلیش لەم بارەوە هیچی لە دەست نەدەهات. لە حاڵێکدا پاسکیلەکەی دەبردە دەرەوە لە بەر خۆیەوە وتی: "تف لەو بەختەی من."
باران دەباری، بای دەهات و نوور لەوەدا بوو تەواو بێت. نیگل لەبەر خۆیەوە وتی: "ئەمڕۆ چیتر ناتوانم لە سەر تابلۆکە کار بکەم." لەو ماوەدا کە خەریکی لێخوڕین بوو یان ئەوە بوو جنێوی بە خۆی دەدا، یان ئەوەی لە خەیاڵی خۆیدا قەڵەمی بەسەر کوێستان و گوڵ و بنچکەکاندا دەهێنا. کە بۆ یەکەم جار لە بەهاردا لە خەیاڵیدا دایڕشتبوو. قامکەکانی بە دەور فەرمانی پاسکیلەکەدا دەوریان دابوو. ئێستا لە دەرەوەی سەرپەناکەدا، لە زەینی خۆیدا بە تەواوی دەیزانی چۆن دەست بەو گوڵ و بنچکە درەوشاوانەدا بێنێت کە وێنای کوێستانێکیان وەك چوارچێوەی رەسمێك وەخۆ دەگرت. بەڵام هەستی دەکرد. دڵی دادەخورپێ. جۆرێ ترس لەوەی هیچ کات دەرفەتی ئەم تاقیکردنەوەی نەبێ.
نیگل دوکتۆری دۆزییەوە و نووسراوەیەکیشی بۆ بیناسازکە جێهێشت. شوێنی کارەکەی داخرابوو و بیناسازکەش چوو بۆوەماڵەوە بۆ لای سۆپاکە. نیگل خووسابوو و سەرمای ببوو. بە پێچەوانەی نیگلەوە دوکتۆر دەست بە جێ نەکەوتەڕێ. رۆژی دواتر گەیشتە ئەوێ کە زۆر گونجاو بوو بۆی، چونکە تا ئەو کات دوو کەسی تریش لە ماڵەکەکانی ئەو دەورووبەرەدا نەخۆش کەوتبوون. نیگل بە تایەکی قورسەوە لە جێ کەوت و دیمەنی سەرسووڕهێنەری گەڵاکان و لقە تێك هەڵچووەکان لە سەریدا و بە میچەکەوە دیار دەبوو. ئاگادار بوونەوە لەوەی خانمی پەریش تەنها سەرمای

ببوو و ئێستا هەستاوە، ئارامی نەدەکردەوە. رووی کردە دیوارەکە و لە ناو گەڵاکاندا خۆی کفن کرد.

بۆ ماوەیەك لە جێدا مایەوە. هەر بای دەهات و سواڵەتێکی زۆرتر لە بانی پەریش و هەروەها کەمێکیش لە سەر بانی نیگل با بردی. میچەکەی دەستی کرد بە دڵۆپەکردن، بیناسازەکە کە نەهات. یەك دوو رۆژ نیگل زۆر بە خەمبییەوە نەبوو. دواتر بۆ بەدەستهێنانی خواردن چووە دەرەوە "نیگل ژنی نەبوو". پەریشی نەدی. شێ درزی کردبووە ناو ئێسکەکانییەوە و لاقی هاتبووە ئێش. ژنەکەشی سەرقاڵی رامالینی باران و ئاو بوو و لەبەر خۆیەوە دەیوت رەنگە نیگل لە بیری چووبێ سەردانی بیناساز بکات. ئەگەر ئەو شتێکی باشی شك دەبرد بەوەی قەرزی بکات، پەریشی شەل یان ساخ، دەنارد بە شوێنیدا بەڵام ئەمجارە وای نەکرد بۆیە نیگل بێ ئەوەی کەس لێی بپرسێ لە ژوورەکەدا مایەوە.

دوای حەوتوویەك جارێکی تر نیگل لارەلار رۆیشتە سەر پەناکەی. ویستی بە پەیژەکەدا بڕواتە سەر، بەڵام ئەم کارە بوو بە هۆی ئەوەی سەری بە گێژەوە بێت. دانیشت و تەماشای تابلۆکەی کرد، بەڵام ئەو رۆژە هیچ نەخشێ لە گەڵاکان یان وێنایەك لە کوێستانەکان لە زەینیدا نەبوو. دەیتوانی دیمەنی دووری بیابانێکی لێ بکێشێتەوە، بەڵام هێزی نەبوو.

رۆژی دواتر حاڵی زۆر باشتر بوو. بە پەیژەکەدا سەرکەوت و دەستی کرد بە وێنەکێشان. تازە خەریك دەبوو بە تەواوی دەکەوتە کەش و هەوای کارەکەوەی کە دەنگی دەرگا هات. نیگل وتی: "لەعنەت لە بەختم" بەڵام بە باشی دەیتوانی بە ئەدەبەوە وتبێتی: "فەرموو". چونکە لە هەر حاڵدا



دەرگا کراوە. ئەمجارە پیاوێکی زۆر کەڵەگەت هاتە ژوورەوە. نەناسراو بوو.

نیگل وتی: "ئێرە کارگەیەکی تایبەتییە و من خەریکی کارم، بچۆ دەرەوە!".

پیاوەکە وتی : "من پشکێنەری ماڵەکانم" و کاغەزی مەئمورییەتەکەی بەرزکردەوە بۆوەی نیگل لەسەر پەیژەکەوە بیبینێ.

وتی : ئاە...!".

پشکێنەر وتی: "دۆخی خانووی دراوسێکەتان هیچ باش نییە."

نیگل وتی : "دەزانم، من چەند رۆژ لەمەو پێش نووسراوەیەکم بۆ بیناسازکە برد بەڵام ئەو نەهات. لەو کاتەوە نەخۆشم."

پشکێنەر وتی: "تێدەگەم. بەڵام ئێستا نەخۆش نیت."

نیگل وتی: "یەکەم ئەوەی من بیناساز نیم. پەریش دەبێ لای شوورای شار سکاڵا بەرز بکاتەوەو داوای یارمەتی لە بەشی و خزمەتگوزارییە ئۆرژانسییەکان بکات."

پشکێنەر وتی: "بەڵام ئەوان سەرقاڵی چاککردنەوەی خەساری زیاتر لەمەن. لە دۆڵەکەدا لافاو هاتووە و بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکان بێ خان و لانەن. دەبا یارمەتی دراوسێکەتت بدایە و نەتهێشتبا هەزینەی چاککردنەوەی وێرانییەکە لەمە زیاتر بێت. ئەمە یاسایە. لێرەدا مادە سەرەتاییەکان زۆرن: تەلیس، دار، رەنگی دژە ئاو."

نیگل بە نیگەرانییەوە پرسی: "لە کوێ؟"

پشکێنەر وتی: "لەوێ". و ئاماژەیدا بە تابلۆکە.

نیگل بە تووڕەییەوە هاواری کرد: "تابلۆکەی من!"

پشکێنەر وتی: "دیارە کە هی تۆیە، بەڵام سەرێتی بە ماڵە. ئەمە یاسایە."

"بەڵام ناتوانم..." نیگل زیاتر لەمە هیچی نەوت، چونکە لەو ساتەدا پیاوێکی تر هاتە ژوورەوە. ئەو زۆر وەك پشکێنەر دەچوو. لە راستیدا وەك ئەو بوو: کەڵەگەت و سەرتاپا رەشپۆش.

ئەو وتی: "وەرە با بڕۆین، من شۆفێرم."

نیگل پای هەڵکەوت و لەپەیژەکە هاتە خوارەوە. لای وابوو هەمدیسان تای هەیە. سەری بە گێژەوە دەهات. هەموو شوێنێکی لەشی بەستبووی.

بە پەلەپڕوزییەوە وتی: "شۆفێر؟ شۆفێر؟ شۆفێری چی؟".

پیاوەکە وتی: "شۆفێری ئێوە و کالیسکەیەك کە ماوەیەکی زۆر لەمەو پێش داوای کراوە. ئێستا سەرەنجام هاتووە و چاوەڕوانە. دەزانی ئەمڕۆ دەبێ سەفەرەکەتان دەست پێ بکەن."

پشکێنەر وتی: "زۆر باشە. ئێوە دەبێ بڕۆن. بەڵام ئەمە دەسپێکێکی خراپە بۆ سەفەرەکەتان، ئەوەی کە دەبێ کارەکەتان بە ناتەواوی بەجێ بێڵن. هەرچەند ئێستا لانیکەم دەتوانین لەم تابلۆیە بۆ شتێ کەڵك وەرگرین".

شۆفێرەکە وتی: "تەواو نەبووە! تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە کارەکەی تەواوە. وەرە بڕۆین".

نیگل رۆیشت. زۆر ئارام و لەسەرخۆ. شۆفێرەکە ئیزنی کۆکردنەوەی پێویستییەکانی سەفەری پێنەدا. هەڵبەت بەو شیکردنەوەیەی کە دەبێ پێشتر ئەم کارەی کردبێ، ئەوەش کە رەنگە دێر بگەنە شەمەندەفەرەکە. هەربۆیە نیگل تەنها توانی جانتایەکی بچووك لە داڵانەکە بڕفێنێ. زانی



کە جانتاکەی تەنها قوتویێ رەنگ و دەفتەرێکی بچووك لە وێنەکانی خۆی تێدایە، نە خواردنی تێدایە نە جلوبەرگ. لە کاتی خۆیدا گەیشتنە شەمەندەفەرەکە. نیگل زۆر ماندوو و زۆر خەواڵوو بوو، کە خستیانە ناو فارگۆنێکەوە زۆر کەمی لەو شتانە دەزانی کە روویان دەدا. بەڵام هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو. لە بیری چووبۆوە بڕیارە بۆ کوێ بچێ یان بۆ دەڕوا. شەمەندەفەرەکە دوای ماوەیەکی کەم چووە ناو تونێلێکی تاریکەوە.

نیگل لە وێستگەیەکی زۆر گەورە و کەم نووردا دابەزی. باربەرێك بەسەکۆکەدا دەهات و دەچوو و هاواری دەکرد، بەڵام ناوی هیچ کوێی نەدەبرد، تەنیا هاواری دەکرد نیگل!

نیگل بە پەلە دابەزی و زانی جانتا چکۆلەکەی لە بیرکردووە. تەماشای دواوەی کرد بەڵام شەمەندەفەرەکە رۆیشتبوو.

باربەرەکە وتی: "ئاه لێرەی، لێرەوە! چی! هیچت پێ نییە! بڕیارە بڕۆیتە کارگە."

نیگل هەستی کرد حاڵی زۆر خراپە و هەر لەوێدا لە سەر سەکۆی وێستگەکە بورایەوە. خستیانە ئامبۆلانسێکەوە و بردیانە نەخۆشخانەی کارگە.

شێوەی دەرمانکردنەکەی هیچ پێ خۆش نەبوو. دەرمانێ کە پێیاندا تاڵ بوو. کارمەند و پەرەستارەکان کەم قسە و بێدەنگ بوون و هەڵسوکەوتێکی ناهاوڕێیانەیان بوو و جگە لە دوکتۆرێك کە بیری تەنها لای کارەکەی بوو کەس سەردانی نەدەکرد. زۆر وەك ئەوە دەچوو لە زیندان بێت نەك نەخۆشخانە. ناچار بوو چەند کاتژمێرێکی دیاریکراو کاری

تاقەت پڕوکێن بکات: هەڵکەندنی زەوی، دارتاشی، بۆیەکردنی تەختە سافەکان هەموویان بە یەك رەنگ. هیچ کات ئیزنی چوونە دەرەوەیان پێ نەدەدا و دەلاقەکانیش هەموویان لە رووی ناوەوە بوون. بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لە تاریکیدا دەیانهێشتەوە تا بە وتەی خۆیان، کەمێك بیر بکاتەوە. کاتی لە دەست چووبوو. تەنانەت هەستی نەدەکرد روو بە باشبوون دەبێت، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانی باشبوون ئەوە بێت ئاخۆ لە کارکردن چێژ وەردەگرێ یان نا؟ لە راستیدا هیچ چێژێکی وەرنەدەگرت تەنانەت لە چوونە ناو جێگەکەشەوە.

سەرەتا لە یەك دووسەرەی یەکەمدا (من تەنها بۆچوونەکانی ئەو دەڵێمەوە)، بێ هیچ هۆیەك نیگەرانی رابردوو بوو. لە حاڵێکدا راکشابوو بەردەوام لە بەرخۆیەوە دەیگوت "خۆزگە لەو یەکەم بەیانییەدا کە با دەستی پێکرد بڕۆیشتمایەتە یارمەتی پەریش. دەمویست بڕۆم. دەکرا یەکەم سواڵەتە لەق بووەکان بخرێنەوە جێگەی خۆیان. ئەگەر وابایە رەنگە هیچ کات خانمی پەریش سەرمای نەبایە و ئەو کات منیش سەرمام نەدەبوو. ئەوکات حەوتوویێك زیاتر کاتم هەبوو." بەلام دوای ماوەیەك لە بیری چۆوە حەوتوویێك کاتی زیاتری بۆ چی دەویست. لەوکاتە بەدواوە نیگەرانی کارەکانی نەخۆشخانە بوو، هەڵبەت ئەگەر نیگەران بایە. بۆ هەموو ئەم کارانە کاتی دادەنا و بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەکرێ جیڕەجیڕی ئەو تەختەیە نەهێڵێ یان هەمدیسان بیخاتەوە جێگای خۆی یان لاقی ئەو کورسییە چاك بکاتەوە. لە راستیدا لەم ماوەدا رەنگە بووبێت بە کەسێکی زۆر بە سوود، هەرچەند هیچ کات کەس ئەمەی پێ نەوت. بەلام نەدەکرا

ئەمە هۆکاری هێشتنەوەی ئەو پیاوە بچکۆلە هەژارە بێت بۆ ماوەیەکی وەها درێژ. رەنگە ئەوان چاوەڕوانی ئەوە بووبێتن کە چاك بێتەوە و دەربارەی "چاك بوونەوەش" بە هەندێ پێوەری سەیر و سەمەرەی پزیشکی خۆیان دادوەریان دەکرد.

بەهەر حاڵ نیگلی هەژار هیچ خۆشییەکی لە ژیانی نەدەدی. لانیکەم ئەو شتەی بیناساز لە رووی عادەتەوە پێی دەڵێ چێژ. بە دڵنیاییەوە بەم دۆخە کەیفی ساز نەبوو. بەلام نەدەکرا نکۆڵی بکرێ لەوەی جۆرێ هەست، هەستی رازی بوون، لەودا بە ئاگا هاتبۆوە. دەیتوانی لەگەڵ دەنگی زەنگێکدا دەست بداتە کارێك و لەگەڵ دەنگی زەنگێکی تردا بینێتە لاوە، ئەویش خاوێن و ئامادە بۆ ئەوەی هەر کات کاتی هەبوو هەمدیسان دەست بداتەوە پێی. ئێستا لەماوەی رۆژێکدا زۆر کاری ئەنجام دەدا و زۆربەی کارو بارە وردەکانی بەوپەڕی لێهاتووییەوە بە جێ دەگەیاند. هیچ کاتێکی بۆ کاروبارەکانی خۆی نەبوو (مەگەر ئەو کاتەی لە ژوورە تەنگەکەی خەوتندا بوو)، بەمەشەوە خەریك بوو دەبوو بە خودای کاتی خۆی. هێدی هێدی زانی دەبێ لەو کاتانەیدا چی بکات. ئاسەواری پەلە کردنی پێوە دیار نەبوو. ئێستا دەروونی ئارام بوو و دەیتوانی لە کاتی پشوودا بەڕاست بحەوێتەوە.

دواتر بە شێوەیەکی کوت و پڕ سەعاتی کارکردنەکەیان گۆڕی. زۆر کەم ئیزنیان پێ دەدا بڕواتە ناو جێگای خەوەکەی. بە تەواوی لە بەشی دارتاشییەوە گواستیانەوە و بە درێژایی چەندین رۆژ خەریکی هەڵکەندنی چاڵێ بوو. زۆر باش ئەم کارەشی جێبەجێ دەکرد. ماوەیەکی زۆری بەسەردا

چوو تا توانی لە زەینی خۆیدا بگەڕێ بە شوێن ئەو جنێو و نفرینانەدا کە بە تەواوەتی لە بیری کردبوون. ئەوەندە خەریکی هەڵکەندنی چاڵ بوو کە پشتی وەك شکاو دەبینرا، دەستی بریندار بوو و هەستی کرد ناتوانێ پێمەڕەیەکی تر ئەملا و ئەولا پێ بکات. هیچ کەس پێی نەگوت دەستت خۆش، بەڵام دوکتۆر هات و چاوی لێکرد.

وتی: "دەست راگرە". "پشووی تەواو لە تاریکیدا". نیگل لە تاریکیدا لە پشوویەکی تەواودا راکشابوو، وەها تەواو کە بۆ ساتێ لای وابوو بۆ چەند کاتژمێر یان تەنانەت چەند ساڵ دەچێ لەوێ راکشاوە، چونکە زەینی بە تەواوەتی خاڵی بوو لە هەر چەشنە هەست یان بیرکردنەوەیەك. بەڵام ئێستا دەنگێکی دەبیست: دەنگێ کە پێشتر قەت نەیبیستبوو. وا وێدەچوو لێژنەیەکی پزیشکی یان دادگایەکی لێکۆڵینەوە لەو نزیکانەدا کۆبوونەوەیان هەیە، رەنگە لە ژوورەکەی تەنیشتییەوە کە دەرگاکەی کراوە بوو، هەرچەند هیچ نوورێ نەدەبینرا.

دەنگێ وتی: "ئێستا کێشەکەی نیگل". دەنگێکی وشك و جیددی، وشکتر لە دەنگی دوکتۆر.

دەنگی دووەم وتی: "کێشەکەی چی بوو؟"، دەنگێ کە دەکرا پێی بوترایە دەنگێکی بە رەحم هەرچەند نەرم نەبوو. دەنگێك کە هێزێکی لەگەڵ بوو هاوکات ئومێدەوارانە و خەماوی دەبیسترا. "کێشەی کاری نیگل چی بوو؟ دڵی لە شوێنێکی باشدا بوو."

دەنگی یەکەم وتی: "ئەرێ، بەڵام باش کاری نەدەکرد. زەینیشی بە رادەی پێویست رۆشن نەبوو. ئەوکاتەی لە دەستیدا لەبەرچاو بگرن، تەنانەت



خۆشی سەرقاڵ نەکرد. هیچ کات بۆ سەفەرەکەی ئامادە نەبوو. باری ماڵی باش بوو بەڵام کە گەیشتە ئێرە دەکرێ بڵێین هیچی پێ نەبوو و دەبوا بنێردرایەت بۆ نوانخانە[29]. بەداخەوەم ئەمەیان زۆر کێشەی هەیە، من لام وایە دەبێ جارێ بمێنێتەوە.

دەنگی دووەم وتی: "رەنگە بۆشی خراپ نەبێ، بەڵام ئەو تەنیا پیاوێکی کورتە باڵایە و بەس. هیچ کات بڕیار نەبووە کارێ بە جوانی ئەنجام بدا و هیچ کاتێکیش زۆر بەهێز نەبووە. با چاوێ لە رابردووی بکەین. بەڵێ خۆ خاڵی باشیشی تێدایە.

دەنگی یەکەم وتی: "بەڵام تەنها چەند دانەی کەم لەو خاڵانە دەتوانن لە تاقیکردنەوەدا دەوام بێنن".

دەنگی دووەم وتی: "بەڵام خۆ ئەم خاڵانە هەن. ئەو لە خۆیدا وێنەکێشێك بوو. بەڵام نە زۆر سەرکەوتوو، بەمەشەوە، **گەڵا** بەرهەمی نیگل سەرنجڕاکێشی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام هیچ کات لای وانەبوو ئەم کارە دەیکات بە کەسێکی گرنگ، هیچ چەشنە راپۆرتێ دەربارەی خۆ دەرخستنی ئەو (تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا) نابینرێ. خۆ دەرخستن بەوەی وێنەکێشان بیانوویەکی باشە بۆ لەبەرچاو نەگرتنی یاسا". دەنگی یەکەم وتی: "کەوایە نەدەبوا هەموو ئەم یاسایانەی لەبەرچاو نەگرتبا."

"بەمەشەوە وەڵامی بەشێکی بەرچاو لە داخوازییەکانی دایەوە".

"رێژەیەکی زۆر کەم. ئەویش زیاتر لە جۆرە سادەتر و تازەکانیان کە پێشی

[29]- نوانخانە: شوێنی هەژار و دەست کورتەکان کە ناتوانن خۆیان بژیەنن. (و- ك)

دەوتن "وەستانە موزاحیمەکان". رابردووی پڕە لەم قسانە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سکاڵا و جنێوو نفرینی گەمژانە."

"راستە. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو پیاوە هەژارە لای وابوو ئەوانە وەستانی موزاحیمن. ئەو شتەش هەیە: ئەو هیچ کات چاوەڕوانی پاداشت نەبوو یان ئەو شتەی بەشێکی زۆر لە هاوشێوەکانی بە پاداشت ناوی دەبەن. کێشەی پەریش-یش هەیە. ئەو کەسەی کە دواتر هات. دراوسێی نیگل بوو، هیچ کات هەنگاوێکی بەرەو ئەو هەڵنەگرت و زۆر کەم سوپاسی نیگلی دەکرد بۆ هاوکارییەکانی. بەڵام لەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستیدایە هیچ نیشانەیەك نابینرێ بەوەی نیگل چاوەڕوانی ئەوە بووبێت پەریش سوپاسی بکات. وادیارە ئەو بیری لەمەش نەکردووەتەوە."

دەنگی یەکەم وتی: "بەڵێ ئەمە خاڵێکە، بەڵام خاڵێکی زۆر بچووك. لام وایە تۆش بەوە دەگەی کە نیگل زۆربەی کات شتەکانی لە بیر دەکرد. ئەو کارانەش کە بۆ پەریشی دەکرد وەك سەرئێشەیەك کە نەجاتی دەبوو بە دەستییەوە لە زەینی خۆی دەخستە دەرەوە.

دەنگی دووەم وتی: بە هەموو ئەمانەوە ئەم دوایین راپۆرتە ماوە، راپۆرتی پاسکیل لێخوڕینەکە لە باراندا. پێم خۆشە جەخت لە سەر ئەم خاڵە بکەینەوە. زۆر جوان دیارە ئەم کارە لە خۆبردووییەکی تەواو بوو. نیگل لای وابوو خەریکە دوایین هەلی بۆ تەواوکردنی تابلۆکەی لە دەست دەدا و هەروەها لای وابوو پەریش لە خۆڕا نیگەرانە.

دەنگی یەکەم وتی: "لام وایە زیاد لە ئەندازە بەها بەم کێشەیە دەدەی، بەڵام بڕیاری ئاخر بەدەست تۆیە. بە دڵنیاییەوە پێشکەشکردن و نووسینی باشترین تەفسیر بە پێی ئەو راستییانەی لەبەردەستدان کاری ئێوەیە. ئەو راستیانەی هەندێ جار لە ژێر ئەم بارەدا دەوام دێنن. ئێستا پێشنیاری تۆ چییە؟".

دەنگی دووەم وتی: "لام وایە ئەمە بابەتێکە پێویستی بە تۆزێ مامەڵەکردنی ئارامە.

نیگل لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە هیچکات هیچ شتێکی بەخشەندەتر لەم دەنگەی نەبیستبووە. "مامەڵەکردنی ئارام" وەك باوەش پێشکەشی و بانگهێشتکردن بۆ جەژنی پادشایەتی وابوو بۆ ئەو لەو ساتەدا. ئەوکات نیگل کتوپڕ شەرم دایگرت. بیستنی ئەوەی ئەو دەبێ بە بابەتێك بۆ "مامەڵەکردنی ئارام"، وای لێکرد هەناسەی دەرنەیەت و بوو بە هۆی ئەوەی لە تاریکیدا سوور هەڵگەرێ. وەك ئەوە وابوو لە بەرچاو هەمووان‌دا ستایشت بکەن و تۆ و هەموو قوتابییەکانیش بزانن شایستەی ستایشکردن نیت. نیگل سووری روومەتی لە ناو زبری بەتانیەکەدا شاردەوە.

بێدەنگییەك هەموو شوێنێکی گرتەوە. پاشان دەنگی یەکەم لە نزیکەوە لەگەڵ نیگل قسەی کرد. دەنگەکە وتی "گوێت راگرتبوو؟" نیگل وتی "ئەرێ"

"دەی، چیت بۆ وتن هەیە؟"

نیگل وتی: "دەتوانن پێم بڵێن پەریش حاڵی چۆنە؟ پێم خۆشە جارێکیتر بیبینم. هیوادارم نەخۆش نەبێت؟ ئێوە دەتوانن لاقی بۆ دەرمان بکەن. ئەم پایە ژیانی ئەوی ناخۆش کردووە تکاتان لێ دەکەم نیگەرانی پێوەندی

نێوان من و ئەو مەبن. ئەو دراوسێیەکی زۆر باش بوو، بە نرخێکی زۆر هەرزان پەتاتەی زۆر باشی بۆ دەهێنام کە دەبوو بەهۆی ئەوەی کاتم بە فیڕۆ نەچێ."

دەنگی یەکەم وتی: "بەڕاست؟ خۆشحاڵم ئەمانە دەبیستم". بێدەنگییەکی تر چەتری بەسەر ژوورەکەدا راکێشا. نیگل دەنگەکانی دەبیست دوور دەکەوتنەوە. بیستی دەنگی یەکەم لە دوورەوە دەڵێ: "زۆر باشە، لە گەڵتم، بێڵن بڕواتە قۆناغێکیتر. ئەگەر پێتان باشە سبەی با بچێ."

بەیانی کە نیگل لە خەو هەستا دیتی پەردە کڕکڕەکانی ژوورەکەی لادراوە و ژوورە بچووکەکەی تەژییە لە خۆر. لەناو جێگاکە هەستاو زانی لەجیاتی جلوبەرگی نەخۆشخانە جلوبەرگی ناو ماڵیان بۆ هێناوە. دوای نانی بەیانی، دوکتۆر چاوی لە دەستە برینەکانی کرد و تۆزێ مەڵهەمی لێدان کە دەستبەجێ دەرمانی کرد. تۆزێ ئامۆژگاری نیگلی کرد و شرووبێکی بەهێزکردنی (ئەگەر پێویست بوو) پێدا. بۆ ناشتا بیسکویت و پەرداخێك شەرابیان پێدا و دواتر بلیتێکیان دایە دەستی.

دوکتۆر وتی: ئێستا دەتوانی بڕۆیتە وێستگەی شەمەندەفەر، باربەرەکە لەوێ بە کارەکانت دا دەگات. ماڵئاوا.

نیگل لە دەرگا سەرەکیەکەوە خزایە دەرەوە. بۆ ماوەیەك لە بەر هەتاوەکەدا چاوی تروکان. خۆر زۆر بەتین بوو. بەمەشەوە چاوەڕوانی ئەوە بوو هاتبێتە شارێکی گەورە، شارێ کە لەگەڵ ئەم وێستگە گەورەدا بێتەوە، بەلاّم وەها نەبوو.



لەسەر تەپۆڵکەیەك وەستابوو، تەپۆڵکەیەکی سەوز و رووت، کە بایەکی فێنك و رۆح بەخش لێی دەدا. کەسێکیتر لەو دەوروبەرە نەبوو. دەیتوانی درەوشاوەیی سەربانی وێستگەکە لە دوورەوە، لە خوارووی تەپۆڵکەکە ببینێ.

بەبێ هیچ پەلەیەك بەلاّم زۆر ئازایانە بەرەو وێستگەکە کەوتە رێ. باربەرەکە دەست بەجێ ناسییەوە.

وتی: "لێرەوە" ئینجا نیگلی رێنوێنی کرد بەرەو سەکۆیەك کە لە تەنیشتیدا شەمەندەفەرێکی بچووك و جوانی ئەو ناوچەیە وەستا بوو. فارگۆن و لۆکۆموتیڤێکی بچووك کە هەردووکیان تازە رەنگ کرابوون و دەدرەوشانەوە و خاوێن بوون. وەك ئەوە وابوو ئەوە یەکەم سەفەریان بێت. تەنانەت ئەو رێگا ئاسنەش کە لەبەردەم لۆکۆمۆتیڤەکەدا بوو تازە دیار بوو، رەیلەکانی دەدرەوشانەوە. کورسییەکان رەنگی سەوزیان لێ درابوو و لەو هەوا گەرمەدا تراڤێرسەکانیش[30] بۆنێکی خۆشیان لێ دەهات. فارگۆنەکە خاڵی بوو.

نیگل پرسی: "باربەر، ئەم شەمەندەفەرە بۆ کوێ دەچێ؟"

باربەر وتی: لام وانییە هێشتا ناویان لێ نابێ, بەلاّم شوێنێکی باشە".

دواتر دەرگای داخست.

[30]- تراڤێرش traverse وشەیەکی فەرانسەیە بە مانای ئەو تەختە گەورانە دێ کە لە رێگای ئاسندا دەیخەنە ژێر رەیلی شەمەندەفەر (و-ك)

دەستبەجێ شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ. نیگل لە کورسییەکەیدا جوڵا و شانی دادا. لۆکۆمۆتیڤە بچووکەکە بەدەم هەڵم کردنەوە بە کەندرێکی قوڵدا دەڕۆیشت کە دیوارەکانی سەوز و بەرز و میچەکەشی ئاسمانی شین بوو. شەمەندەفەرەکە وەستا. وێستگە نەبوو و هیچ تابلۆیەکیشی لێ نەبوو. تەنیا پێپلیکانێ بوو لە کەندرە سەوزەکەوە بۆ سەرەوە ساز کرابوو. لە نێوان پەرژینی خاوێن و ڕێکوپێکی سەر تەپۆڵکەکەدا دەرگایەکی بچووک هەبوو، لەوێدا پاسکیلەکەی نیگل یان لانیکەم پاسکیلێکی وەك ئەو دەبینرا. نووسراوەیەکی زەردیان دابوو لە دەستەی پاسکیلەکە و بە وشەی گەورە لە سەری نووسرا بوو، **نیگل.**

نیگل دەستی نا بە دەرگاکەوە و کردییەوە و پەڕییە سەر پاسکیلەکە و لە تاوی بەهاریدا، خۆی گل کردەوە بۆ خوار تەپۆڵکەکە. زۆری نەبرد زانی ئەو ڕێگایەی کە لێوەی هاتوون نەماوە. ئێستا پاسکیلەکە خەریك بوو بە سەر چیمەنێکی تەڕ و بڕدا، بە ئارامی دەڕۆیشتە پێشەوە. چیمەنەکە سەوز و سەری دابووەیەك. هاتەوە یادی ئەم شوێنەی لە خەون یان بێداریدا دیوە. بەرز و نزمی زەوی ئاشنا بوو بۆی. ئەرێ. زەوییەکە وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرا خەریك بوو ساف دەبوو، بەڵام ئێستا خەریك بوو بەرز دەبۆوە. سێبەرێکی سەوزی گەورە کەوتە نێوان ئەو دوو خۆرەوە. نیگل تەماشای سەرەوەی دەکرد و لە پاسکیلەکە کەوتە خوارەوە.

لە بەرامبەریدا **دار** وەستابوو، **دارەکەی** ئەو، تەواو ببوو. هەڵبەت ئەگەر بکرێ دەربارەی دارێ کە زیندووە وەها قسە بکرێ بەو گەڵایانەوە کە دەکرانەوە و ئەو لقانەی کە درێژ دەبوون و لە بادا دەچەمانەوە، ئەو شتانەی



نیگل هەستی پێکردبوون یان ئەگەری ئەوەی لێ دابوو و سەرکەوتوو نەبوو لە کێشانەوەیاندا. نیگل چاوی بڕییە دارەکەو ئارام دەستەکانی هەڵبڕی. دواتر دەستی بە تەواوی کردەوە.

وتی: "ئەمە پێشکەشیەکە!"

ئاماژەی ئەو بۆ هونەرەکەی و دواتر بۆ ئەنجامی کارەکەی بوو، بەڵام لە هەمان حاڵدا ئەو وشەیەی زۆر ئارام دەربڕی.

هەر چاوی بڕییە **دارەکە.** هەموو ئەو گەڵایانەی کە ماوەیەکی زۆر زەحمەتی پێوەکێشا بوون لەوێ بوون، ئەویش نە بەو شێوەیەی ئەو کێشا بوونییەوە، بەڵکو بەو شێوەیەی لە زەینیدا وێنای کربوون، گەڵای تریش لەوێ بوون کە لە زەینیدا تەنیا شکۆفەیان کردبوو و زۆر گەڵایتر کە ڕەنگە شکۆفەیان بکردبایە ئەگەر کاتی بایەت، هیچیان لەسەر نەنووسرابوو، ئەوانە تەنیا گەڵاگەلێکی ناسك و جوان بوون، بەڵام مێژووییەکان وەخۆ گرتبوو بە ڕۆشنایی ڕۆژمێرێك. دەکرا بوترێ بەشێك لە جوانترینەکانیان، بەرچاوترین و کامڵترین نموونەکارەکانی ستایلی نیگل، بە هاوکاری ئاغای پەریش ئافرێنرا بوون. هیچ ڕێگایەکی تر نەبوو بۆ دەربڕینی ئەم شتە.

باڵندەکان لەسەر **دارەکە** هێلانەیان دەکرد. باڵندەی سەیر و سەمەرە. چ دەنگێکیان هەبوو! هەر لەو ساتەدا کە تەماشای دەکردن پێکەوە جوتبوون و جوچکەیان کرد و جووچکەکانیان پەڕەوازە بوون و بەدەم خوێندنەوە بەرەو **دارستان** دایان لە فڕین. ئێستا دەیدیت دارستانیش لەوێ بوو، بە هەر دك لادا بەربڵاو وەك لەشکرێك کە تا دوور ڕۆیشتبێ.

لە ئاسۆشدا **کوێستان** بە تیشکێکی کەم، دەدرەوشایەوە. دوای ماوەیەك نیگل بەرەو **دارستان** وەرسوورا. نە لەبەر ئەوەی لە **دار** ماندوو بووبێت، بەڵکو وادیار بوو ئێستا بە روونی لە زەینی دایە و بە ئاگایە لە دارستان و گەشەکردنی، تەنانەت ئەو کاتەش لێی نارِوانێ. هەروەها کە دوور دەکەوتەوە بە شتێکی سەیری زانی. هەرچەند ئەم **دارستانە** لە دوورەوە بوو بەڵام دەیتوانی لێی نزیك بێتەوە یان برِواتە ناوی بێ ئەوەی **دارستان** هیچ لەو دۆخەی کە هەیە بگۆرِدرێ. بەر لەمە هیچکات نەیتوانیبوو پێ بنێتە ناو دیمەنێکی دوورە دەستەوە بە بێ ئەوەی بیانکات بە ژینگەیەکی تەواو. ئەمە وای دەکرد پیاسەکردن لە سروشتدا چیرۆکێکی تایبەتی هەبێ. چونکە لەگەڵ ئەوەی پیاسەت دەکرد دیمەنی تازەت دەدی، بەشێوەیەك کە ئێستا دوو، سێ، یان چوار دیمەنی جوان لە بەرامبەرتدا بوون، دوو سێ یان چوار جار سەرنج راکێشتر لە جاران بوون. دەتتوانی هەر بەو شێوەیە برِۆیتە پێش و زەوییەکەت بە تەواوەتی لە باخێکدا یان تابلۆیەکدا (ئەگەر پێت خۆش بێت وا ناوی ببەی) لە بەردەست دابێ. دەتتوانی هەر بەو شێوەیە برِۆی، بەڵام نەك بۆ هەمیشە، لە دواوە **کوێستان** قوت ببۆوە. بەرِاستی **کوێستانەکە** نزیکتر بۆوە، زۆر ئارام. وادیار بوو بەشێك بێت لە تابلۆکە، بەڵام تەنیا بە شێوەی حەڵقەیەکی گرێدراو لەگەڵ شتێکی تردا، **کوێستان** روانینێکی سەرسەریانە بوو لە ناو دارەکانەوە بۆ شتێکی جیاواز، بۆ قۆناغێکیتر، تابلۆیەکیتر.

نیگل خەریکی گەرِان بوو، بەڵام تەنیا خەریکی کات بەسەربردن نەبوو. بە وردی لە دەوروبەر ورد دەبۆوە. دار کامڵ و تەواو ببوو، بەڵام ئەو شوێنەی



پەیوەندی بەوەوە بوو، هێشتا پێویستی بە کارکردن هەبوو. لە بەرخۆیەوە وتی: "رێك بە پێچەوانەی جارەکەیتر". لە دارستاندا چەند شوێنێ هەبوو پێویستی بە کار و بیرکردنەوە هەبوو. بەڵام ئیتر پێویست نەبوو هیچ شتێ بگۆرِدرێ، تا ئەو شوێنەی کە کارەکە چووبووە پێش، هیچ هەڵەیەك نەدەبینرا. بەڵام پێویست بوو کارەکە تا خاڵێکی دیاریکراو درێژەی پێ بدرێ. نیگل ئەم خاڵەی لە هەموو شتەکاندا زۆر باش دەناسی. لە بن یەکێك لە دارە جوانەکانی دیمەنەکەدا دانیشت- نموونەیەك لە **داری گەورە**، بەڵام خاوەن تایبەتمەندی بێ وێنە، یان ئەگەر زۆر لێی وردبایتەوە. دەکرا وابێت. نیگل بیری کردەوە کارەکەی لە کوێوە دەست پێ بکات و لە کوێ کۆتایی پێ بێنێ و چەندی کات هەیە. نەیدەزانی گەڵاڵەی کارەکەی چۆن رێك بخات.

وتی: "بەڵێ وایە. من پێویستم بە پەریشە. زۆر شت هەیە دەربارەی زەوی، گیاکان و دارەکان کە ئەو دەیزانێ و من نایزانم. ناکرێ ئەو شوێنە بە پارکێکی تایبەت بە من بزانرێ. من پێویستم بە یارمەتی و ئامۆژگاری هەیە. دەبێ زۆر زوو پەیدای بکەم".

هەستا و چووە شوێنێکەوە کە برِیاری دابوو کارەکە لەوێوە دەست پێ بکات. کۆتەکەی داکەند. هەر ئەو کات لە دۆڵێکی بچووکدا پیاوێکی دیت بە شێوەیەکی وێڵ چاو لە دەوروبەری خۆی دەکات. خۆی دابوو بەسەر پێمەرِەکەیدا بەڵام نەیدەزانی چی بکات. نیگل دەستی بۆ راوەشاند. بانگی لێ کرد: "پەریش!"

پەریش پێمەڕەکەی خستە سەر شانی و بەرەو ئەو کەوتە ڕێ. هێشتا تـۆزێ دەشەلا. پێکەوە قسەیان نەکرد بەڵکو وەك عادەتی رابردوویان کـە لـە نـاو پەرژینەکانەوە رەت دەبوون، سەرێکیان راوەشاند، بەلاَم ئێستا قۆڵیان کـرد بە قۆڵی یەکدا و کەوتنە رێ. نیگل و پەریش بێ ئەوەی پێکەوە قسە بکەن رێك کەوتن لەسەر ئەوە خانوویەك کە زۆر پێویستیانە لە کوێـدا دروسـت بکەن.

کە پێکەوە کاریان دەکرد دەرکەوت ئێسـتا لـە بـاری رێکخسـتنی کـات و ئەنجامی کارەکاندا نیگل کەسی یەکەمە. زۆر سەیرە بەلاَم ئەوە نیگـل بـوو کە زۆر زۆرتر سەرقاڵی دروسـتکردنی خـانوو و باخـەوانی کـردن بـوو لـە حاڵێکدا پەریش بە زۆری لەو دەوروبەرەدا دەسووڕایەوە، لـە دارەکـان و بـە تایبەت **دار** ورد دەبۆوە.

رۆژێ نیگل خەریکی ناشتنی پەرژینێك لە سنەوبەر[31] بوو. پـەریش لـەو نزیکانەدا لە سەر چیمەنەکان راکشابوو چاوی لە گوڵێکی زەردی ناسـك و جوان دەکرد کە لە سەوزەلاَنییەکەدا روابوو. زۆر پێشتر نیگل بە ژمارەیـەك زۆر لەو گوڵانەی خستبووە ناو رەگەکانی **دارە**کەی خۆیەوە. کتـوپڕ پـەریش سەری هەڵبڕی. دەموچاوی لە خۆرەکـەدا دەدرەوشـایەوە و زەردەخەنـەی لـە سەر لێو بوو.

[31] - لە دەقە فارسییەکەدا نووسراوە"شمشاد" کە دارێکی بالاَبـەرزە لـە بـاکووری ئێـران دەڕوێ، بەلاَم چون هیچم بۆ نەدۆزرایەوە سنەوبەرم دانا(و-ك)



ئەو وتی: "زۆر باشـە. سوپاسـت دەکـەم لـەوەی لـە بـیری منـدا بـووی و سفارشت کردم، لە راستیدا نەدەبوا من لێرە بام".

نیگل وتی: "هەڵیت و پەڵیت مەڵێ. لە بیرم نییە چیم وتووە، بەلاَم هێشتا هەموو ئەو شتەی کە دەبا بمگوتبا نەم وتووە".

پەریش وتی: "با وتت، بووی بە هۆی ئەوەی زۆر زووتر بێمە دەرەوە. دەزانی، خاوەنی دەنگی دووەم بوو بە هۆی ئەوەی بمنێرن بـۆ ئێـرە. ئـەو وتـی داوات کردووە بمبینی. ئەمە لە چاوی تۆوە دەبینم مەدیونتم[32]".

نیگل وتی: "نە، تۆ بـۆ ئەمـە قـەرزداری دەنگـی دووەمـی، لـە راسـتیدا هەرتکمان مەدیونی ئەوین".

ئەوان درێژەیان دەدا بە ژیـان و کـارکردن پێکـەوە. نـازانم تـا کـەی. هـیچ سوودێکی نییە نکۆڵی بکەین لەوەی هەندێ جار لـە سـەرەتادا دەبـوو بـە ناکۆکیان. بە تایبەت ئەوکاتەی مانـدوو دەبـوونن چـون سـەرەتا بەڕاسـتی ماندوو دەبوون. زانیان کـە شـروبێکیان داوە بـە هـەر یـەکیان. هـەر تـك شووشەکە یەك نووسراوەی پێوە بوو. **چەند دڵۆپ لەگەڵ ئاوی کانیدا بەر لە پشوو بخورێتەوە.**

ئەوان **کانی**یان لە قوڵایی **دارستاندا** دۆزییەوە. تەنیا جارێ زۆر پێشتر نیگل لە خەیاڵیدا وێنای کردبوو، بەلاَم هیچ کات نەیکێشابۆوە. ئێسـتا دەیزانـی **کانی** سەرچـاوەی دەریاچـەیەکە کـە لـە دوورەوە دەدرەوشـێتەوە، هـەروەها

[32] - مەدیون: قەرزدار،کەسێکە کە دەینی بەسەر کەسێکی ترەوەیە ئەو کەسـە دەکـات بـە مەدیونی خۆی. (و- ك)

هەموو ئەو شتانەی لەو سەرزەمینەدا گەشە دەکەن خواردن لەوێوە وەردەگرن. چەند دڵۆپ لە شرووبەکە تامی ئاوەکەی گۆڕی. تا رادەیەك تاڵ، بەڵام شادی بەخش بوو و ماندوویەتیشی دەردەکردن. دوای خواردنەوەی شروبەکە لە تەنیاییدا خەوتن، دواتر هەستانەوە و بەو پەڕی توانەوە دەستیان کردەوە بە کارکردن. لەو ساتانەدا نیگەل بیری لە گوڵ و گیای سەرنج راکێشتر دەکردەوە پەریش زۆر باش دەیزانی چۆن و لە کوێدا بیچێنێ بۆوەی جوانتر دەرکەون. زۆر بەر لەوەی شرووبەکە تەواو بیت پێویستیان پێ نەمابوو. شەلی پەریشیش چاك ببۆوە.
لەگەڵ ئەوەی کارەکە لە تەواو بوون نزیك دەبۆوە، کاتی زیاتریان تەرخان دەکرد بۆ گەڕان و چاوکردن لە دار و گەڵا و نوور و بەرزایی و نزماییەکانی زەوی. هەندێ جاریش بەیەکەوە گۆرانیان دەوت، بەڵام نیگەل بەوەی زانی چاوەکانی ئێستا زیاتر لە هەر کاتێ بۆ **کوێستان** دەگەڕێ. کاتی ئەوە هات کە خانووی ناو دۆڵەکە، باخ، سەوزەلانی، دارستان، زەریاچە و هەموو سەرزەمینەکە بە شێوەی باش تەواو بوون. **دارە گەورە** بە شکۆفە داپۆشرابوو. رۆژێ پەریش وتی: "ئەمشەو کارەکە تەواو دەکەین و دوای ئەوە ماوەیەکی زۆر خەریکی گەڕان دەبین."
رۆژی دواتر ئەو دوانە کەوتنە رێ و ئەوەندە رۆیشتن هەموو دیمەنەکەیان تێپەڕاند و گەیشتنە کۆتایی سەرزەمینەکە. هەڵبەت ئەم کۆتاییە نەدەبینرا، هیچ سنوور یان دیواری بوونی نەبوو. بەڵام دەیانزانی گەیشتوونەتە لێواری ئەو سەرزەمینە. پیاوێکیان دیت وەك شوان دەچوو.



پیاوەکە خەریك بوو لە سەوزەڵانییەکانەوە کە لە سەرەوە دەگەیشتە کوێستان بەرەو لایان دادەپەڕی.
ئەو پرسی: "کەستان دەوێ رێگاتان پێ نیشان بدات؟ دەتانەوێ درێژە بە رێگاکەتان بدەن؟". بۆ ساتێ سێبەرێ کەوتە نێوان نیگەل و پەریشەوە. چونکە نیگەل دەیزانی لەم ساتەدا دەیەوێ درێژە بە رۆیشتن بدات، و (بە کورتی) دەبێ درێژە بەم رێگایە بدات، لە حاڵێکدا پەریش نەیدەویست بڕواتە پێش و هێشتا ئامادە نەبوو بۆ رۆیشتن.
پەریش بە نیگەلی وت: "من دەبێ چاوەڕوانی ژنەکەم بم. ئەو تەنیا و بێکەس دەمێنێتەوە. ئەوە دەزانم کە ئەوانە سەرئەنجام رۆژێ بە شوێنمدا دەینێرن، یانی ئەو کاتەی ئەو ئامادە بێ و ئەو کاتەی من هەموو شتم بۆی ئامادە کردبێ. ئێستا خانووەکە تا ئەو شوێنەی توانامان هەبوو تەواو بووە، بەڵام پێم خۆشە پێی نیشان دەم. لام وایە دەتوانێ خانووەکە باشتر و خۆشتر بکات. هیوادارم ئەم سەرزەمینەی بە دڵ بێت". بەرەو شوانەکە وەرسوورا و پرسی: "تۆ رێ نیشاندەری؟ دەتوانی ناوی ئەم سەرزەمینەم پێ بڵێی؟"
پیاوەکە وتی: "نازانی؟ ئەمە سەرزەمینی نیگەلە. ئەمە تابلۆکەی نیگەل یان بەشێکی گەورە لە تابلۆکەیە: بەشێکی بچووکی ئێستا باخی پەریشە."
پەریش بە سەرسوورمانەوە وتی: "تابلۆی نیگەل! نیگەل تۆ بیرت بۆ لای هەموو ئەمانە دەچوو؟ قەت نەمدەزانی ئەوەندە زیرەکی. بۆ بە منت نەدەوت".

پیاوەکە وتی: "زۆر پێشتر هەوڵیدا پێت بڵێ بەڵام تۆ نەت دەڕوانی. ئەو ڕۆژانە ئەو تەنیا رەنگ و خامی هەبوو و تۆ دەتویست سەر ماڵەکەتی پێ چاك بکەیتەوە، ئەمە ئەو شتەیە تۆ و ژنەکەت عادەتتان کردبوو پێی بڵێن هەڵیت **پڵیتەکانی نیگل** یان **رەنگ خەسارکردن.**
پەریش وتی: "بەڵام ئەوسا وەك ئێستا نەبوو، واقیعی نەبوو".
پیاوەکە وتی: نا، ئەوسا تەنیا روانینێکی کورت بوو. بەڵام تۆش دەتوانی لەم روانینە کورتە کەڵك وەربگری. هەڵبەت ئەگەر ئەم کارە بەلاتەوە شیاوی تاقیکردنەوە بایە".
نیگل وتی: "منیش هەلێکی وام بۆ تۆ نەرەخساند. هیچ کات هەوڵم نەدا بۆتی باس بکەم. عادەتم بوو پێت بڵێم بیر هەڵکەنی پیر. بەڵام ئەوە کەی گرنگە؟ ئێمە پێکەوە ژیاوین و کارمان کردووە. دۆخەکە دەیتوانی جیاواز لەمە بایە. بەڵام نەیدەتوانی لەمە باشتر بایە. بەهەموو ئەمانەوە بمبوورە بەوەی ناچارم دەبێ بڕۆم. لام وایە یەکتر دەبینینەوە: زۆر کار هەیە دەتوانین پێکەوە بیکەین. ماڵئاوا". دەستی پەریشی بە گەرمی گوشی: ئەو دەستەی کە ئێستا باش و بەهێز و سادق بوو. سووڕایەوە و بۆ ساتێ تەماشای دواوەی کرد. شکۆفەکان لە سەر **دارەگەورە** وەك گڕ دەدرەوشانەوە. هەموو باڵندەکان لە ئاسماندا باڵیان لێ دەدا و ئاوازیان دەخوێند. ئینجا نیگل پێکەنی، سەری بۆ پەریش راوەشاند و لەگەڵ شوانەکەدا چوو.
ڕۆیشت بۆوەی مەڕ و شاخ و دۆڵ و شت فێر بێ و لە ئاسمانی بەرین بڕوانێ و زۆر و زۆرتر، لە تەپۆڵکەکانەوە بەرەو **کوێستان** وەسەر کەوێ. زیاتر لەمە نازانم گومانی ئەوە بکەم چی پێهات. نیگلی بچووك دەیتوانی لە ژوورەکەی خۆشیدا چاو لە **کوێستان** بکات و لە راستیدا **کوێستانیش** لە ناو تابلۆکەی شوێنێکی هەبوو، بەڵام بەڕاستی ئەم **کوێستانە** وەك چی دەچێ و چ شتێکی



لە خۆیدا حەشارداوە، ئەمە شتێکە تەنیا ئەوانە دەیزانن کە پێیدا هەڵگەڕاون.
تامپکینز، ئەندامی ئەنجوومەنی شار وتی: " من لام وایە بە راست پیاوێکی ئەحمەق بوو، لە راستیدا هیچ کەڵکێکی بۆ کۆمەڵگا نەبوو".
ئاتکینز کە نە کەسێکی گرنگ بەڵکو مامۆستای سەرەتایی بوو،وتی: "نازانم، دڵنیا نیم، گرنگ ئەوەیە مەبەستی ئێوە لە کەڵك چی بێت".
تامپکینز وتی: "بە بێ هیچ کەڵکێکی ئابووری یان زانستی. بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر ئێوە مامۆستاکان کاری خۆتان بزانیبا، ئەو دەیتوانی ببێ بە کەسێکی بە کەڵك، بەڵام ئێوە کاری خۆتان نازانن، هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی بێ کەڵکدا رووبەڕوو دەبینەوە ئەگەر ئیدارەی کارەکانی وڵات بە من بایە، ئەو و کەسانی وەك ئەوەم دەخستە سەر کارێك کە بۆ ئەو کارە دەبن. کارێ وەك شۆردنی قاپ و قاچاخ لە چێشتخانەیەکی گشتیدا، بەسەریانەوە دەبووم کارەکەیان باش بکەن. یان ئەوەی ئەوانم بێ دەسەڵات دەکرد. ئەوم بەر لە هەمووتان لەسەر کار لادەبرد".
ئەوت بێدەسەڵات دەکرد؟ مەبەستت ئەو کەسەیە هانی دەدا بەوەی سەفەرەکەی دەست پێ بکات".
"بەڵێ، هەڵبەت ئەگەر بکرێ ئێستاش لەو زاراوە کۆنە بێ مانایە کەڵك وەربگیردرێ. لەناو تۆنێلێکەوە بۆقم پێوەدەنا بۆ ناو کۆگایەك زبڵ. مەبەستم ئەمەیە".
"کەوایە لات وانییە وێنەکێشان هیچ بایەخی هەبێ، نە بایەخی راگرتن و نە بایەخی تەواو کردن، تەنانەت بۆ کەڵك وەرگرتنیش نابێ؟"
تامپکینز وتی: "هەڵبەت وێنەکێشان هەندێ کەڵکی هەیە، بەڵام وێنەکانی ئەو بێ کەڵك بوون. پانتای و بەستێنی فراوان هەیە بۆ پیاو و

ژنانی نەترس، ئەو پیاوانەی لە ئیدەی نوێ و رێگە تازەکان ناسڵەمێنەوە. بەڵام نەك ئەم شتە کۆنە. خەیاڵ پڵاوی شەخسی. تەنانەت نەیدەتوانی بۆ پاراستنی گیانی خۆی تابلۆیەك بکێشێتەوە لێی بگەی. هەموو کات خەریکی گەڵا و گوڵەکان بوو. جارێ لێم پرسی بۆ وایە وتی لای وایە ئەوانە جوانن! گێلە پیاوی راڕایی گەوج و نەفام".

ئاتکینز ئاهێکی هەڵکێشا و وتی: "رایی رایی، بەڵێ، بێچارە. هیچ کات هیچ شتێکی تەواو نەکرد. لەو کاتەوە کە رۆیشتووە تابلۆکانی کەڵکی باشتریان لێ وەردەگیردرێ. بەڵام تامپکینز، من هێشتا دڵنیا نیم. ئەو تابلۆ گەورەکەت لە بیرە، ئەوەی دوای تۆفان و لافاوەکە بۆ پینەکردنی ماڵە دراوسێکە بەکاربرا؟ گۆشەیەکی بڕابوو و لەناو باخەکەدا بوو و من دۆزیمەوە. خەساری دیتبوو بەڵام هێشتا زۆر باش دەناسرایەوە. لوتکەی کێوێ لەگەڵ گوڵ و گیادا. ناتوانم لە بیری بکەم و لە زەینم بیخەمە دەرەوە."

تامپکینز وتی: "لە کوێتەوە بیخەینە دەرەوە؟"

ئاتکینز سوورهەڵگەڕا و پێرکینز بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە هاتنە ناو قسەکان وتی: "ئێوە دوانە دەربارەی کێ قسە دەکەن"

تامپکینز وتی: ئەو ناوە بۆوە نابێ دەربارەی قسە بکەین. نازانم خەریکن دەربارەی قسە دەکەین. لە شار نەدەژیا".

ئاتکینز وتی: "نە، لە شار نەبوو. بە هەموو ئەمانەشەوە بە شوێن خانوویەکەوە بووی. بۆیە عادەتت بوو بڕۆی بۆ لای و لە ماڵێکدا چاکەیت دەخوارد، گاڵتەت پێ دەکرد. ئێستا ماڵەکەی هی تۆیە و لەگەڵ خانوویەکدا کە لە شار هەتە. کەوایە پێویست ناکات ناوی بێزارت بکات. ئەگەر دەتەوێ بزانی، ئێمە خەریك بووین دەربارەی نیگل قسەمان دەکرد".



پێرکینز وتی: نیگلی بێچارە، نەمدەزانی وێنەکێشە. رەنگە ئەمە دوایین جار بوو بێ ناوی نیگل لە گفتوگۆیەکدا دەبرا.

بە هەر حاڵ ئاتکینز ئەو لەتە سەیرەی هەڵگرت. بەشی زۆری ورد بوو، بەڵام گەڵایەکی جوانی وەك خۆی مابۆوە. ئاتکینز دەی بیخەنە چوارچێوەوە. دواتر خستیە مۆزەی شارەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر "گەڵا بەرهەمی نیگل" لە گۆشەیەکی مۆزەخانەکەدا هەڵواسرا بوو و سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی رادەکێشا. بەڵام سەرئەنجام مووزەکە لە ئاگرکەوتنەوەدا سووتا و "گەڵا" و نیگل و سەرزەمینەکەی لە بیر چوونەوە.

دەنگی دووەم وتی: "لە راستیدا بۆ ماوەی پێشوو و حەوانەوە زۆر بەکەڵك بوو (شوێنێکی زۆر باشە) بۆ ماندوویێتی دەرکردن، بەدەر لەمەش باشترین رێگایە بۆ ئاشناکردنی سەرەتایی زۆر کەس لەگەڵ **کوێستان**. لە هەندێ شوێندا پەڕجووە. من هەموو رۆژێ ژمارەیەکی زۆر بۆ ئەوێ دەنێرم. بەڵام زۆر کەم ناچار دەبن بگەڕێنەوە".

دەنگی یەکەم وتی: ئێ وایە؟ لام وایە دەبێ ئەو شوێنە ناوی هەبێ، پێشنیاری تۆ چییە؟"

دەنگی دووەم وتی: "باربەر زۆر زوو ئەم کێشەیەی چارەسەر کردووە. زۆر لە مێژە هاوار دەکات "**شەمەندەفەر بەرەو نیگل پەریش** ئامادەی رۆیشتنە. پەریش نیگل ئەم هەواڵەم لە بروسکەیەکدا بۆ هەرتکیان نارد."

ئەوان چیان وت؟

"هەر تکیان پێکەنین، پێکەنین و **کوێستان** لە دەنگدانەوەی دەنگەکەیان هاتە قسە".

## ئاسنگەر و
## ئەستێرەی سیحری

هەبوو، نەبوو. لە ڕۆژگارێکی زۆر دووردا بۆ ئەوانەی شتیان زۆر لە بیر دەمێنێ و لە شوێنێکی نە زۆر دوور بۆ ئەوانەی پێی درێژیان هەیە، دێیەك هەبوو ناویان نابوو ڤۆتنی گەورە. چونکە لە چاو ڤۆتنی بچووك کە تۆزێ لە خوارترەوە لە ناودارەکاندا بوو، گەورەتر بوو. بەڵام ئەم دێیە، زۆریش گەورە نەبوو هەرچەند لەو سەردەمەدا هێشتا دەبدەبە و کەبکەکەی هەبوو و خەڵکانێکی زۆر لێی دەژیان، وەك هەموو کات بەشێکیان باش بوون و بەشێکیان خراپ، بەشێکیان تۆزێ باش و تۆزێ خراپ بوون.

ڤۆتنی گەورە وەك خۆی دێیەکی سەرنجڕاکێش بوو و لێهاتوویی کرێکارەکانی لە هونەرە جیاوازەکاندا و زیاتر لە هەموان لە هونەری چێشتلێناندا، ببوو بە هۆی ناودەرکردنیان لە لای خەڵکانی ناوچەکانی ئەو نزیکانە. دێیەکە چێشتخانەیەکی گەورەی هەبوو کە هی ئەنجوومەنی دێ بوو و وەستای چێشتلێنەریش کەسێکی گرنگ بوو. ماڵی وەستای چێشتلێنەر و چێشتخانەکەش هەردووکیان نزیك بە تەلاری گەورە بوون،



ئاسنگەر و
ئەستێرەی سیحری

گەورەترین، کۆنترین و هەروەها جوانترین بینای ئەو شوێنە کە لە بەرد و داربەڕوو دروست کرابوو و زۆرباش چاودێری دەکرا، هەرچەند ئیتر وەك رابردوو رەنگیان نەدەکرد و نەیاندەڕازاندەوە. خەڵکی ئەو دێیە کۆڕ و کۆبوونەوەکان، جەژنی گشتی و هەروەها ڕێوڕەسمە بنەماڵەییەکانیان لەم تەلارەدا بەڕێوە دەبرد. بەم شێوەیەك وەستای چێشتلێنەر هەردەم سەرقاڵی کارکردن بوو، چونکە دەبا بۆ هەموو ئەم ڕێوڕەسم و کۆبوونەوانە سفرە برازێنێتەوە. بۆ جەژنەکان کە ژمارەشیان لە ساڵدا زۆر بوو، سفرەی گونجاو رازاوە، دەڕازایەوە.

لە ناوچە جەژنەکان، جەژنێ بوو کە هەموان چاوەڕوانی هاتنیان دەکرد، چونکە تەنیا جەژنێ بوو لە زستاندا بەڕێوە دەچوو. ئەم جەژنە حەوتوویەکی دەخایاند و لە دوایین ڕوژدا، کاتی ئاوابوونی خۆر، میوانی جەژن و شادییەك ڕێکدەخرا بە ناوی "جەژنی منداڵانی باش" کە ژمارەیەکی زۆر بانگهێشت نەدەکران. بێگومان هەندێ کەس کە شیاوی ئەوە بوون لەو جەژنەدابن لە بیرەدەکران و هەندێ کەس کە شیاو نەبوون بە هەڵە بانگهێشت دەکران. ئەم شتە تابووە هەر وابووە، بە هەوڵ و وردبینی بەڕێوەبەرانی ئەم جۆرە کارانەش ناگۆڕدرێ.

بەهەر حاڵ بەشداریکردن لە جەژنی بیست و چوار ساڵدا، بە زۆر گرێ درابۆوە بە کاتی لە دایکبوونی منداڵەکانەوە. چونکە ئەم جەژنە بیست و چوار ساڵ جارێك و هەر جارەی بیست و چوار منداڵ بانگهێشت دەکران. چاوەڕوانی ئەوە دەکرا وەستای چێشتلێنەر باشترین کارەکانی ئامادە بکات و باو بوو جگە لە نوقڵ و شۆکەلاتێکی زۆر کە ئامادە دەکرا، کێکێکی گەورەش ساز بکات. هەر وەستایەکی چێشتلێنەریش کە کێکەکەی باش (یان خراپ) بایە لە بیرەوەریدا دەمایەوە. چونکە زۆر کەم ڕێ دەکەوت وەستایەك بتوانێ دوو جار کێکی گەورە ساز بکات.

بەڵام سەردەمێ گەیشت وەستای چێشتلێنەری ئەو سەردەم سەرەڕای سەرسوڕمانی هەموان، چونکە ئەو کات هیچ کات ڕووی نەدابوو، کتوپڕ ڕایگەیاند پێویستی بە پشوو هەیە و لە دێیەکە چووە دەرەوە. بۆ کوێ؟ کەس نەیدەزانی. بەر لەوە پیاوێکی میهرەبان بوو حەزی دەکرد دیتران لە شادی و خۆشیدا بن، بەڵام خۆی کەسێکی جیدی و کەم گۆ بوو. ئێستا شادتر بوو و زۆرجار قسە و کاری پێکەنین هێنەری ئەنجام دەدا. تەنانەت لە جەژنەکاندا گۆرانی دەوت و چاوەڕوانی وەها لە وەستا[33] نەدەکرا. هەروەها شاگردێکی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ فێربوون، ئەمەش بوو بە هۆی سەرسوڕمانی دێیەکە.

هەڵبژاردنی شاگرد لەلایەن وەستاوە کارێکی سەیر نەبوو. ئەم شتە باو بوو. وەستا لە کاتێکی گونجاودا کەسێکی هەڵدەبژارد و ئەوەی لە دەستی بهاتبایە فێری دەکرد و لەگەڵ هەر دووکیان گەورەتر دەبوون، شاگردەکە کاری زۆرتری وەئەستۆ دەگرت. بە شێوەیەك ئەگەر وەستا خانەنشین بکرایە یان بمردایە، ئەو لەوێ بوو، ئامادە بوو بەوەی کارەکان وەئەستۆ بگرێ و لە نۆبەی خۆیدا ببێ بە وەستا. بەڵام ئەم وەستایە هیچ کات شاگردێکی هەڵنەبژاردبوو، هەردەم دەیگووت "هێشتا کاتمان هەیە" یان دەیگووت "چاو دەگێڕم بەوەی کەسێکی باش بدۆزمەوە". بەڵام ئێستا کوڕێکی منداڵی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە خەڵکی دێیەکەش نەبوو.

33- لەمەوبەدوا بۆ ڕەوانتربوونی ڕستە بە جێگای وەستای چێشتلێنەر دەنووسین وەستا (و- ك)

ئەم شاگردە تازەیە لە منداڵانی دێ ئازاتر و وریاتر بوو، زۆر بە ئەدەب و لەسەرخۆ بوو. بەڵام بۆ ئەم کارە زۆر منداڵ بوو. تازە دەگەیشتە دە ساڵان. بەڵام بەمەشەوە هەڵبژادنی شاگرد بە دەستی وەستا بوو و کەس بۆی نەبوو قسەی تێدا بکات، هەر بۆیە منداڵەکە مایەوە و لە ماڵی وەستادا نیشتەجێ بوو، خەڵکی دێ زۆر زوو بە دیتنی لە ناو دێدا راهاتن و چەند هاوڕێیەکیشی لە ناودێدا پەیدا کرد. هاوڕێکانی و وەستا بە ئالف[34] بانگیان دەکرد، بەڵام خەڵکی تر ئەویان پێ شاگرد بوو.

سەرسووڕمانی دووەم سێ ساڵ دواتر روویدا. بەیانی رۆژێکی بەهاری وەستا کڵاوە بەرز و سپییەکەی دانا، جلە سپییەکەی هەڵواسی، گۆچانە پتەوەکەی کە لە دار بناوەچ ساز کرابوو و کۆڵەپشتییەکی بچووکی هەڵگرت و رۆیشت. ماڵئاوایی لە شاگرد کرد، کەسی تری لە دەوروەوە نەبوو، "جارێ خواحافیز ئالف، تەنهات دەهێڵمەوە بۆوەی بە باشترین شێوە بە کارەکانتا بگەی، وەك ئەوەی تا ئێستا کردووتە، لاو وایە لە کۆتاییدا هەموو شت بە باشی دەگوزەرێ، هات و یەکترمان دیتەوە، هیوادارم هەموو شتم بۆ بگێڕیتەوە. پێیان بڵێ رۆیشتووم بۆ پشوو، بەڵام ئەمجارە ناگەڕێمەوە.

کە شاگرد ئەم وتەیەی بۆ ئەو خەڵکە گێڕاوە کە هاتبوون بۆ چێشتخانە، جموجۆڵێکی زۆر کەوتە ناو دێ، هەمووان دەیانگوت: "کارێکی سەیرە". "ئەویش بە بێ ئەوەی ئاگادارمان بکاتەوە یان ماڵئاوایمان لەگەڵ بکات، ئێستا ئێمە بە بێ وەستا چ بکەین؟ جێنشینێکیشی بۆ خۆی دانەناوە". لە

[34] - زۆر وەك وشەی elfدچێ بە مانای (پەری) و-ف



هەموو قسەو باسانەدا کەس بە بیریدا نەهات بەوەی دەکرێ شاگردە گەنجەکە جێگەی بگرێتەوە. تۆزێ باڵای کردبوو بەڵام هێشتا وەك منداڵ دەچوو و تەنها 3 ساڵ پێشینەی کاریشی هەبوو.

سەرئەنجام لەبەر ئەوەی کەسی باشتریان دەست نەکەوت، یەکێ لە پیاوانی دێیان بەو کارە دانا. خواردنی چەند کەسی باش دروست دەکرد. ئەو کاتەی گەنج بوو یارمەتی وەستای دابوو لە کاتی پڕکاریدا. بەڵام وەستا هیچ کات بە دڵی نەبوو و بە شاگردی هەڵینەبژاربوو. ئێستا پیاوێکی پێوەبوو بوو کە ژن و منداڵی هەبوو و زۆر ورد بوو لە باری حسێب و کتێبەوە. خەڵك لە بارەیەوە دەیانگوت: "لانیکەم بەر لەوەی بڕوات ئاگادارمان دەکاتەوە، هەروەها چێشتلێنەری خراپ باشترە لەوەی چێشتلێنەرمان نەبێ. حەوت ساڵمان ماوە بۆ جەژنی گەورە و تا ئەو کات کارەکان باش فێر دەبێت".

نۆکێز (Nokes)، واتە هەمان وەستای نوێ، لە گەردشی رۆژگار زۆر رازی بوو. هەردەم بە ئاواتەوە بوو ببێ بە وەستاو هیچ کات گومانی نەکردبوو لە توانایی خۆی. تا ماوەیەك خووی گرتبوو بەوەی هەر کات لە چێشتخانەکەدا تەنیا دەماوە، کڵاوە سپییەکەی دەکردە سەری و لە تاوەیەکی درەوشاوەدا لە خۆی دەڕوانی و دەیگوت: "حاڵت چۆنە وەستا، ئەم کڵاوە شایستەی ئێوەیە. وەك ئەوەی بۆ ئێوەیان دووریبێ. هیوادارم هەموو شت بە حەزی تۆ بڕواتە پێش". هەرواش بوو چونکە نۆکێز لە سەرەتاوە بەردەوام لە هەوڵدا بوو و شاگردیشی لە بەردەستدا بوو کە یارمەتی دەدا. لە راستیدا نۆکێز بە دزییەوە زۆر شت لە شاگردەکەی فێربوو، بەڵام هیچ کات دانی پێدا نەنا. بەڵام سەرەنجام کاتی بەڕێوەچوونی جەژنی بیست و چوار ساڵە نزیك بۆوە و نۆکێز دەبوایە بیری لە دروست کردنی کێکی گەورە بکردبایەتەوە، بەڵام ئەو لای خۆیەوە نیگەران بوو، چونکە هەر چەند لە

ئەنجامی حەوت ساڵ کارکردندا دەیتوانی کێك و شیرینی باش بۆ کاتە ئاساییەکان دروست بکات، بەڵام دەیزانی هەمووان چاوەڕوانی کێکی گەورەی ئەون و ئەو دەبوا رەخنەگرەکانی خۆی رازی کردبا. ئەویش نەك تەنها منداڵان. چونکە دەبوایە کێکی بچووکترین بە هەمان شێوەوە لە هەمان کەرەستە بۆ ئەو کەسانە ساز بکردایە کە لە جەژنەکەدا بەشدارییان دەکرد. هەروەها چاوەڕوان دەکرا کێکی گەورە جگە لەوەی لاسایی کردنەوەی کێکەکانیتری بێت، بەڵکو دەبوا شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشی ساز بکردبایە.

نۆکێز بیری کردەوە دەبێ ئەو کێکەی سازی دەکات زۆر شیرین بێت و بڕیاری دا سەری کێکەکە بە شەکر داپۆشێ (ئەو کارەی کە شاگردەکەی زۆر باش دەیزانی). لە بەرخۆیەوە دەیگوت "ئەم کارە کێکەکە جوان و پەری رەنگ دەکات". شیرینی و پەری دوو وێنا لەو هەموو وێنایە بوو کە ئەو دەربارەی حەز و ویستی منداڵان هەیبوو. ئەو لای وابوو پەری هەر کە مرۆڤ گەورە دەبێ لە یاد دەکرێ، بەڵام ئەو خۆی هەر حەزی لە شیرینی بوو. نۆکێز لەبەر خۆیەوە وتی: "ئاخ! ناسك و پەری رەنگ، ئەمە فیکرێکی چاکە". بەم شێوە بیری لەوە دەکردەوە بووکیلەیەکی بچووك لە سەر لوتکەی کێوێ بە ناوەڕاستی کێکەکەوە بلکێنێ. بووکیلەیەك بە جلوبەرگی سپییەوە و دارێکی بچووك بە دەستییەوە کە ئەستێرەیەکی درەوشاوە بە سەر دارەکەوەیە و وشەی "مەلەکەی پەرییەکان" بە شەکری پەمەیی لە بەر پێیدا نووسراوە.

بەڵام کە دەستی کردە سازکردنی کێکەکە زانی، دەربارەی چۆنییەتی سازکردنی کێك تەنها کۆمەڵێ بیرەوەری لێڵی هەیە و بەس. گەڕاوە بۆ کتێبی وەستاکانی بەر لە خۆی. بەڵام کتێبەکان تەنانەت ئەو کاتەی



دەیتوانی نووسراوەکان بخوێنێتەوە، زۆرتر تووشی سەرلێشێواویان کرد، چونکە لەم کتێبانەدا زۆر شت ناویان هاتبوو کە ئەو نەیبیستبوو، هەروەها کۆمەڵێ شت تەواو تەواو لە بیر کرابوو و ئێستا ئیتر کاتی ئەوەی بەدەستەوە نەبوو بیاندۆزێتەوە. دواتر بیری کردەوە باشتر وایە یەك، دوو دانە لەو دەرمانانە تاقی بکاتەوە کە لە کتێبەکەدا هاتووە. نۆکێز سەری خوراند و کەوتەوە بیر سندوقێکی کۆنەی رەش کە چەکمەجەی زۆری هەبوو و وەستای بەر لەو دەرمان و شتە پێویستییەکانی کێك سازکردنی تێدا هەڵگرتبوو. لەماوەی ئەم حەوت ساڵەدا نەیدیبوو، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر لە هەمارەکە لە سەر رەفەیەکی بەرز دۆزییەوە. سندووقەکەی هێنایە خوارەوە و خۆڵی سەرەکەی فوو لێ کرد، بەڵام کە دەرگاکەی کردەوە زانی کە تۆزێکی زۆر کەم دەرمان ماوە و ئەمانەش وشك و کۆنن.

بەڵام لە گۆشەی یەکێك لە کەشێوەکاندا ئەستێرەیەکی بچووکی دۆزییەوە کە بە قەد پێنج فلسیەك دەبوو و وەك زیو رەش ببۆوە. لە حاڵێکدا لە بەرامبەر نوورەکەدا گرتبووی وتی: "پێکەنینیە" بەڵام دەنگێ لە پشت سەرییەوە وتی: "نە وانییە"، دەنگەکە وەها کتوپڕ بوو نۆکێز داچڵەکی. دەنگی شاگردەکە بوو و ئەو تا ئێستا بەم شێوەیە لەگەڵ وەستادا قسەی نەکردبوو. لە راستیدا ئەو زۆر کەم لەگەڵ نۆکێزدا قسەی دەکرد مەگەر ئەو کاتەی بانگی بکرد بایە. نۆکێز لای وابوو ئەم شێوە رەفتارە شیاوی گەنجێکی وەك ئەو نییە. رەنگە لە رازاندنەوەی کێکدا زۆر لێهاتوو بێت، بەڵام زۆر شت هەبوو دەبا فێر بێت. نۆکێز لە حاڵێکدا ئەم قسەکردنەی بە دڵ نەبوو پرسی: "مەبەستت چییە، جەوان؟ ئەگەر پێکەنینی نییە ئەی چییە؟". شاگرد وەڵامی داوە "ئەمە ئەستێرە سێحرییە، لە سەرزەمینی پەرییەکانەوە دێ". دواتر چێشتلێنەر پێکەنی وتی: "زۆر چاکە، زۆر

چاکە، ئەمە هەمان مانای هەیە، بەڵام چ ناوێکت پێ خۆشە لێی بنێ. سەرئەنجام رۆژێ گەورە دەبی، بەڵام ئێستا دەتوانی خەریکی وردکردنی مێوژەکان بیت. ئەگەر شتێکی سیحری پێکەنینی لەم چەشنەت دیت ئاگادارم کەوە." شاگردەکە پرسی "وەستا، دەتەوێ چی لێ بکەیت؟"

چێشتلێنەر وتی: "دیارە لەسەر کێکەکەی دادەنێم، بۆ ئەم کارە دەبێ، بە تایبەت ئەگەر سیحری بێت" و ئەوکات پێکەنینە شەیتانانەکەی خۆی خواردەوە و وتی "لام وایە خۆشت لە میوانیەکانی منداڵاندا بووی و ماوەیەکی زۆری بەسەردا نەچووە، لەم جەژنانەدا شتی رازاوەی وەك ئەم فلسە بچووکە و زۆر شتیتر لەسەر کێکەکەدا دەنێن. بەهەر حاڵ ئەمە لە دێکەی ئێمەدا باوە و دەبێ بە هۆی شادی و سەرقاڵی منداڵان".

شاگرد وتی: "بەڵام وەستا ئەمە شتێکی رازاوەیی نییە. ئەمە ئەستێرەیەکی سیحرییە".

چێشتلێنەر بە دەنگی بەرز وتی: "پێشتریش ئەمەت وتووە. زۆر باشە من ئەم شتە بۆ منداڵان دەگێڕمەوە. دەبێ بە هۆی پێکەنینیان".

شاگرد وتی: لام وانییە وابێت، وەستا، بەڵام کارێکی باشە، زۆر باش".

سەرئەنجام کێك لە کاتی دیاریکراودا سازکرا و رازایەوە.

نۆکێز وتی: دەزانی لەگەڵ کێکدا قسە دەکەی؟..

بەشێکی زۆری کارەکە شاگردەکە کردی. نۆکێز وتی: "چون تۆ پەرییەکانت زۆر خۆش دەوێ، ئیزنت پێ دەدەم خۆت مەلەکەی پەرییەکان دروست بکەی".

شاگرد وەڵامی داوە "زۆر باشە وەستا، ئەگەر زۆر سەرت قاڵە ئەم کارە دەکەم بەڵام ئەمە فیکرەی تۆ بوو نەك من".

نۆکێز وتی: "بیرکردنەوە کاری منە نەك تۆ".



لە کاتی جەژندا کێکی گەورەیان لە ناوەڕاست کورسییەکی گەورە دانا و بیست و چوار مۆمی سووریان بە دەوریا چنی. سەر کێکەکە دەبوو بە کێکی سپی بچووك و لە قەد پاڵی کێوەکەدا داری بچووك روا بوون و وەك ئەوەی بەفر و سەهۆڵ لە سەریان نیشتبێ، دەدرەوشانەوە.

لە سەر لوتکەکە مرۆڤێکی بچووکی سپی، راست وەك مەلەکەیەکی بەفرین کە خەریکی سەما بێ، لەسەر پێیەك وەستابوو و دارێکی ناسکی لە شەکر بەدەستەوە بوو و دارەکە دەدرەوشاوە.

منداڵەکان چاویان بڕیبووە کێکەکە، یەك دوانێکیان چەپڵەیان لێ دەدا و هاواریان دەکرد.

"تەماشای چەند جوانە، وەك پەری دەچێ!" چێشتلێنەر بەم قسانە خۆشحاڵ بوو، بەڵام شاگردەکەی ناڕازی بوو. هەر دووکیان لەوێ بوون. وەستا بۆ ئەوەی کێکەکە ببڕێ و شاگرد بۆ ئەوەی چەقۆ تیژ بکاو یارمەتی بکات. سەرئەنجام وەستا چەقۆکەی گرتە دەستەوە و چووە سەر کورسییەکە و وتی: "ئازیزانم، پێتان دەڵێم لە ژێر ئەم تۆزکاڵە شەکرە هەڵخەڵەتێنەرە، کێکێك هەیە کە لە زۆر شتی خۆش و بە تام سازکراوە و زۆر شتی جوان و رازاوەشی ئاوێتەیە، شتی رازاوەیی، فلسی بچووك، هەر شتێ کە ئێوە بیرتان بۆی بچێ لێرە هەیە، دەڵێن یەکدانە لەوانە بکەوێتە بەر هەر کەس نیشانەی بەختە. کێکەکە بیست و چوار دانەی تێدایە، ئەگەر مەلەکەی پەرییەکان عادل بێت بۆ هەر کامەتان یەك دانەتان پێ دەدا، بەڵام مەلەکەی پەرییەکان هەردەم عادل نییە. مەلەکە گیانلەبەرێکی بچووکی فێڵبازە، دەتوانن لە ئاغای شاگرد پرسیار بکەن". شاگرد وەرگەڕاوە و چاوی لە چاو منداڵان کرد.

چێشتلێنەر وتی: "ئاخ! خەریك بوو لە بیرم دەچوو ئەمشەو بیست و پێنج دانە لەوانەم لە کێکەکەدا داناوە. ئەستێرەیەکی زیوینی بچووك لە کێکەکەدا هەیە، یان بە وتەی ئاغای شاگرد ئەستێرەیەکی سیحری تایبەت. کەوایە وریا بن! چونکە ئەگەر ددانێکی جوانی پێشەوەتان بشکێنن ئەستێرەی سیحری چاکی ناکاتەوە. بەهەموو ئەمانەوە من لام وایە دۆزینەوەی نیشانەی خۆشبەختییە."

کێکەکە زۆر باش بوو و کەس رەخنەی نەدەگرت، تەنها ئەوەی هەبوو لە ئەندازەی پێویست گەورەتر نەبوو. کە بەش کرا، هەرکام لەمنداڵەکان لەتێکی گەورەیان بەرکەوت، بەڵام هیچی لێ نەمایەوە و تەنها هەرکامەیان لەتێکیان بەرکەوت. لەتەکان زۆر زوو تەواو بوون و هەر جارەی شتێکی جوان یان فلسێك دەدۆزرایەوە.

هەندێکیان یەك دانە و هەندێکیتریان دوانیان دەدۆزییەوە و هەندێکی تریان هیچیان بەرنەدەکەوت، چونکە بەخت و ئیقباڵ هەر وادەبێ جا چ بووکەڵە و داردەستە سیحریەکەی ببێ یان نەبێ. بەڵام کە کێکەکە خورا، ئەستێرە سیحریەکە نەدۆزرایەوە. چێشتلێنەر وتی: "خوایە، کە کەوایە ئەم ئەستێرە لە زیو سازکرابوو، دەبێ توابێتەوە، یان رەنگە شاگردەکە راستی کردبێ و بەراست سیحری بووبێ و ئێستا گەڕابێتەوە بۆ وڵاتی پەرییەکان. لام وایە فێڵێکی باش نییە". بە زەردەخەنەیەکی زۆرەکیانەوە تەماشای شاگردەکەی کرد و شاگرد بە چاوە رەشەکانییەوە لەوی روانی و پێنەکەنی. بەهەموو ئەمانەوە ئەستێرە زیو بەڕاست ئەستێرەیەکی سیحری بوو. شاگرد کەسێ نەبوو دەربارەی شتی وەها هەڵە بکات. راستییەکەی ئەوە بوو یەکێ لەو کوڕانەی لە جەژنەکەدا بوو، بە بێ ئەوەی بەخۆی زانیبێ ئەستێرەکەی قوت دابوو، هەرچەند ئەو (کوڕە) لە لەتە کێکەکەیدا



فلسێکی زیوی دۆزیبۆوە و دابووی بە نیل، ئەو کچەی لە تەنیشتییەوە بوو. کچەکە لەوەی هیچ هێمایەکی بەختی لە کێکەکەدا نەدۆزیبۆوە زۆر نیگەران بوو. کوڕەکە هەندێ جار دەکەوتە بیری ئەوەی بەڕاست ئەستێرەکە چی پێ هاتووە و نەیدەزانی ئەستێرەکە بەوە. لە شوێنێکدایە کە هەستی پێ ناکرێ، چونکە بۆ ئەم کارە ساز کرابوو. ئەستێرەی سیحری بۆ ماوەیەکی زۆر لەوێدا مایەوە تا ئەوەی ئەو رۆژە گەیشت کە دەبێ لەوێ نەمایە.

جەژنەکە نیوەی زستان بەڕێوە چوو، بەڵام ئێستا کۆتایی بەهار بوو و شەوەکەی هیچ تاریك نەبوو. بەر لەوەی رۆژ بێتەوە کوڕەکە هەستا، چونکە نەیدەویست بخەوێ، چونکە جەژنی دە ساڵەی لە دایکبوونی بوو. لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی روانی. دنیا ئارام و چاوەڕوان بوو. شنەیەکی ئارام و بۆنخۆش دارەکانی دەشەکاندەوە کە خەریك بوو لە خەو هەڵدەستان. ئینجا خۆر هەڵهات و لە دوورەوە گوێی لە دەسپێکردنی ئاواز خوێندنی باڵندەکان بوو و لەگەڵ باڵندەکان لێی نزیك دەبوونەوە ئاوازەکە بەرزتر دەبۆوە. تا ئەوەی کە دایان بە لایدا و هەموو دەوروبەری خانووەکەیان پڕ کرد و لەگەڵ ئەوەی خۆر لە سووچێکی جیهانەوە سەری بەرزکردەوە، وەك شەپۆلێکی مۆسیقا بەرەو رۆژئاوا کەوتە رێ. کوڕەکە دەنگدانەوەی دەنگی خۆی دەبیست کە دەیگوت: "ئەمە دەمخاتەوە یادی سەرزەمینی پەرییەکان، بەڵام لەوێشدا تەنیا خەڵکەکان گۆرانی دەڵێن" دواتر دەستی کرد بە گۆرانی وتن، بە دەنگێکی بەرز و ئەو وشە سەیرانەوە کە وەك ئەوە وابوو لە زەینییەوە دێتەدەر، لەم کاتەدا ئەستێرەکە لە دەمییەوە هاتە دەرەوە. خستییە ناو مشتی. ئێستا ئەستێرەکە رەنگێکی زیوینی درەوشاوەی هەبوو کە لەبەر خۆرەکەدا دەدرەوشاوە، بەڵام ئەستێرەکە لەرزاو تۆزێ لە جێی

خۆی جولا، دەتگوت دەیەوێ هەڵفڕێ و بڕوات. کوڕەکە بێ ئەوەی بیر بکاتەوە دەستیدا بە تەوێڵیدا و ئەستێرەکە بە ناو چاوییەوە مایەوە. بۆ چەند ساڵ ئەو ئەستێرەیە بە تەوێڵییەوە بوو.

لە گوندەکەدا تەنها کەسانێکی کەم سەرنجیان دەدایە، هەرچەند ئەگەر بە وردی لێی وردبایتەوە دەبینرا. بەڵام ئەستێرەکە بوو بە بەشێ لە دەموچاوی کوڕە و زۆربەی جار نەدەدرەوشاوە. بەشێك لە نوورەکەی درایە چاوی و دەنگی کە لەگەڵ پەیوەست بوونی ئەستێرەکە بەوەوە گۆڕابوو، لەگەڵ ئەوەی گەورە دەبوو دەنگی خۆش و خۆشتر دەبوو. خەڵك پێیان خۆش بوو گوێیان لە دەنگی بێت تەنانەت ئەگەر "بەیانی باشێکیش" بێت.

وەستابوونی لە کارەکەیدا بوو بەهۆی ئەوەی ناو دەربکات و ئەم ناو دەرکردنەی تەنها لە دێکەدا نەبوو، بەڵکو لە هەموو دێکانی ئەو ناوچەدا ناوی دەرکردبوو. باوکی ئاسنگەر بوو. ئەویش پیشەی باوکی گرتە بەر و پەرەی پێدا. ئەو دەمەی باوکی زیندوو بوو پێیان دەگوت کوڕی ئاسنگەر و لەوە بەدوا پێیان دەگوت ئاسنگەر[35]. چونکە لەو سەردەمەدا هەر لە "فارستۆن"ـەوە بگرە تا دەگەیشتە "ڤۆست ڤوود" ئەو بە باشترین ئاسنگەر ناوی دەرکردبوو و دەیتوانی لە کارگەکەیدا هەموو کەرەستە و ئامرازێکی ئاسنین ساز بکات. هەڵبەت زۆربەیان ئامرازی سادە و بەکەڵك و پێویستی رۆژانە بوون. پێویستییەکانی مەزرا، کەرەستەی دارتاشین، قاپ و قاچاخ و کەوچك و پێویستییەکانی چێشتخانە، کلیل و حەڵقەڕێز، داو، ناڵی ئەسپ و لەم شتانە. هەموو ئەم شتانە زۆر سفت و بەرگەگر و

[35] - لە بنەڕەتدا Smithson و smith ناوی تایبەتن و نابێ وەربگێڕدێنەوە، بەڵام لە چیرۆکەکانی تالکیندا مانا گشتییەکانی ئەم ناوانە گرینگن.



لە هەمان حاڵیشدا جوان بوون، چونکە لە جۆری خۆیاندا جوان، خۆش دەست و جێگای سەرنج بوون. بەڵام لە کاتی بێکاریشدا بۆ خۆشی خۆی کۆمەڵێ شتی ساز دەکرد کە ئەوانەش زۆر جوان نەبوون، چونکە دەیتوانی بە ئاسن شتی زۆر سەیر دروست بکات کە لەگەڵ ئەوەی وەك لقی گوڵ ناسك بوون، سفتی و هێزی ئاسنیان هەبوو، تەنانەت زۆرتریش. کەس نەبوو لە لای دەروازە و نەردەیەکەوە ڕەت بێ کە ئەو سازی کردووە تارفی نەداتەوە، دوای داخرانیش کەس نەیدەتوانی لێیەوە ڕەت بێت. لە کاتی سازکردنی ئەم شتانەدا گۆرانی دەوت و کە ئاسنگەر دەستی کرد بە گۆرانی هەموان دەستیان لە کار هەڵگرت و بۆ گوێ گرتن دەهاتنە کارگەی ئاسنگەرییەوە.

ئەمە هەموو ئەو شتە بوو کە زۆربەی خەڵك دەربارەی دەیانزانی. لە راستیدا هەر ئەم رادە ناو دەرکردنە بەس بوو و تەنانەت زیاتر لە رادەی ناو دەرکردنی ژنان و پیاوانی دێ بوو. تەنانەت بۆ ئەوانەش کە لە کارەکەیاندا لێهاتوو بوون. بەڵام زانیارییەکان زیاتر لەمانە بوون. چونکە ئاسنگەر لەگەڵ وڵاتی پەرییەکان ئاشنا بوو و بەشێ لە ناوچەکانی کە دەکرا مرۆڤ بیبینێ ناسی، هەرچەند لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵك وەك نۆکێز وابوون، لەم بارەوە جگە لە ژن و منداڵەکانی لەگەڵ خەڵکانێکی کەمدا قسەی دەکرد.

ژنەکەی نێل، هەمان ئەو کچە بوو کە دراوە فلسە زیوەکەی پێشکەش کردبوو، کچەی ناوی نان و کوڕەی ناوی نێد کوڕی ئاسنگەر بوو. نەدەکرا حەقیقەتیان لێ بشارێتەوە، چونکە هەندێ جار درەوشانەوەی ئەستێرەکەیان بە ناوچاوییەوە دەدی، وەك ئەو کاتانەی شەوانە دوای

پیاسەیەکی بە تەنیا و درێژ ماوە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە، یان ئەو کاتەی لەسەرفەرە دەگەڕاوە.

هەرچەند ماوە جارێ سەفەری دەکرد، هەندێ جار بە پێ و هەندێ جار بە ئەسپ، زۆربەی خەڵکیش لایان وابوو سەفەرەکەی لەبەر کارەکەیەتی، بەڵام هەندێ جار لە بەر کاربوو، هەندێ جار وانەبوو. بەهەر حاڵ (مەبەست لە سەفەر کردنەکەی) کڕینی ئاسن و خەڵووز و ...... شتەکانیتر یان کار پەیدا کردن نەبوو، هەرچەند زۆر باش ئەم کارانەی ئەنجام دەدا و زۆر باش دەیزانی پارە پەیدا بکات. بەڵام لە بەر هەندێ هۆی تایبەت سەفەری دەکرد بۆ وڵاتی پەرییەکان و دەروازەی ئەوێ دایم بەڕوویدا کراوە بوو، چونکە ئەستێرەی سیحری بە ناوچاوییەوە دەدرەوشایەوە و لەو وڵاتە پڕ مەترسییەدا، تا ئاستێ کە بۆ مرۆڤ بشێ، پارێزراو بوو. جنۆکە و شەیتانە بچووکەکان لە ئەستێرەکە دەترسان و بەرامبەر بە شەیتانە گەورەکانیش پارێزگاری لێ دەکرا.

ئاسنگەر سوپاسی دەکردن لەبەر ئەم پارێزگاریکردنە، چونکە زۆر زوو تێگەیشت بێ مەترسی ناتوانێ لە سەیر و سەمەرەکانی وڵاتی پەرییەکان نزیك بێتەوە، بێ چەکیش ناکرێ بڕواتە شەڕی شەیتانە گەورەکان، چەکێکی سیحری و بەهێز کە بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان ناتوانن بە دەستی بێنن. بەڵام ئاسنگەر وەك قوتابی و دۆزەرەوەیەك مایەوە و قەت نەبوو بە شەڕکەر، هەرچەند بە تێپەڕینی زەمان بە ئاستێك گەیشت کە دەیتوانی چەکی وەها بەهێز دروست بکات کە لە جیهانی خۆیدا بوو بە بابەتی ئەفسانەکان و بەقەت خوێنی پادشاکان بەهای هەبوو. بەڵام دەیزانی لە وڵاتی پەرییەکاندا ئەم شتانە بەهایەکی وەهای نییە. کەوایە



کەس بە بیری نایەت لە نێوان هەموو ئەو شتانەدا کە سازی دەکرد شمشێر، نەیزە یان ڕەم بینرابێ.

لەوڵاتی پەرییەکاندا سەرەتا لەسەرخۆ دەڕۆیشتە ناو خەڵکانی ئاسایی و گیانلەبەرە ئارامەکانی دارستان و سەوزایە دڵڕفێنەکان، لە تەنیشت ڕووبارگەلێکی ڕوون و زوڵاڵدا پیاسەی دەکرد کە بەشەودا ئەستێرە سەیرەکان و بە سپێدەدا لوتکە درەوشاوەکانی کوێستان تێدا دەبینرا. هەندێ لە دیدارە کورتەکانی تەنها بۆ دیتنی دار یان گوڵێك تەرخان کرد. بەڵام دواتر لە سەفەرە درێژماوەکەیدا، کۆمەڵێ شتی دیت کە هاوکات جوان و ترسێنەر بوون کە دواتر نەیدەتوانی بە جوانی بە یادیان بێنێتەوە، یان بۆ هاوڕێکانی بگێڕێتەوە، هەرچەند دەیزانی ئەم وێنە تەماویانە لە قولایی دڵیدا لانەیان کردووە. بەڵام کۆمەڵێ شتیشی لە بیر نەکرد و لە زەینیدا وەك ئەو سەرسووڕمان و نهێنیانە کە زۆربەی کات بە یادی دەهێناوە، پاراستنی. ئەو شوێنەی بۆ یەکەم جار بێ ڕێنوێنی بەرەو وڵاتی پەرییەکان کەوتە ڕێ، لای وابوو سنوورە دوورەکانی وڵاتی پەرییەکان دەدۆزێتەوە، بەڵام کۆمەڵە کێوێکی گەورە لە بەردەمیدا قوت بۆوە، ئەو کێوانەی دەور دایەوە و لە ڕێگایەکی درێژەوە دواتر گەیشتە کەنارێکی چۆڵ و هۆڵ. لە لێوار **دەریای تۆفانی بێ بادا** وەستا، ئەو شوێنەی کە شەپۆلە شینەکان وەك تەپۆڵکە بەفر ئاوییەکان لە بێ دەنگیدا لە تاریکییەوە بەرەو کەنار دەخزان و لەگەڵ خۆیاندا ئەو پاپۆڕە سپیانەیان دەهێنا کە لە لە شەڕ لە **سنوورەکانی تاریکی** دەگەڕانەوە، ئەو شەڕانەی مرۆڤەکان هیچی لە بارەوە نازانن. کەشتییەکی گەورەی دیت کە وەك قەڵایەك لە کەنار نیشتبوو و بێدەنگ ئاوە کەفاویەکانی دەدا بە دواوە. یازدە دەریاوانی گەڵەگەت و ترسێنەر بوون. شمیشێرەکانیان دەدرەوشاوە و

نەیزەکانیان دەبریسکایەوە و نوورێکی تیژ لە چاوەکانیاندا بوو. کوتوپڕ بە دەنگی بەرز دەستیان کردە خوێندنی ئاوازی سەرکەوتن و ئاسنگەر دڵی لەرزی و بە دەمدا کەوتە زەوی، بەسەریدا ڕەت بوون و ڕۆیشتنە ناو تەپۆڵکەکانەوە کە دەنگدانەوەی دەنگیان لەوێدا دەبیسترا.

بە گومانی ئەوەی کە ڕێی کەوتۆتە دوورگەیەکەوە کە بە دەریا دەور دراوە، چیتر نەڕۆیشتنە لێوارەکان. بە ئاواتی ڕۆیشتنە قولایی وڵاتی پەرییەکان بیری لە کوێستان دەکردەوە. جارێ لەم گەڕانانەدا مژێکی خۆڵەمێشی کەوتە پێشییەوەو بۆ ماوەیەکی درێژ ون بوو. سەرئەنجام مژەکە ڕەواوە و زانی لە دەشتێکی بەرینا وەستاوە. لە دوورەوە سێبەرێکی قورسی وەك تەپۆڵکەیەك دەدی و لەناو سێبەرانەدا کە وەك ڕەگ دەبینران، **شای دارەکانی** دیت کە سەری لە ئاسمان دەسوو، و نوورەکەی وەك تیشکی خۆری نیوەڕۆ بوو. گەڵا، گوڵ و میوەی زۆر لێ ڕوابوو کە تەنانەت یەکیان وەك **دارە ڕووەکەکانی تر** نەدەچوو.

ئیتر هیچ کات ئەو **دارەی** نەدییەوە، هەرچەند زۆر بە شوێنیدا گەڕا. لە یەکێ لەم سەفەرانەیدا دوای سەرکەوتن بە کوێستانە سنوورییەکاندا، ڕێی کەوتە دۆڵێکی قوڵ لە نێوان کێوەکاندا کە دەریاچەیەکی بچووك لەوێدا ئارامی گرتبوو، ئارام و بێ شەپۆل، هەرچەند شنەیەك دارەکانی دەور دەریاچەی دەلەرزاندەوە. لەو دۆڵەدا نوور وەك خۆر ئاوابوونێکی سوو دەچوو، بەڵام نوورەکە لە دەریاچەکەوە بەرز دەبۆوە. لە بەردێکی نزمەوە کە بەسەر دەریاچەکەدا دەیڕوانی، تەماشای خوارەوەی کرد و لای وابوو دەتوانێ قولایی بێ بن ببینێ، لەوێدا شکڵی سەیری گڕ ئاسای دیت کە وەك قەوزە لە ژێر ئاودا لوولیان دەخوارد و لق لق دەبوونەوە و پێچ دەکەوتن. گیانلەبەرانێکی ئاگرین لە ناویانەوە ئەم لاو ئەو لایان دەکرد. لەکاتێکدا



سەری سووڕمابوو ڕۆیشتنە لێوار ئاوەکە و بە پێی تاقی کردەوە. بەڵام ئاوا نەبوو بەڵکو لە بەرد سەختتر و لە شووشە سافتر بوو. پێی نایە سەر و داتەپییە خوار، دەنگی کەوتنی زەریاچەکەی گرتەوە و لە لێوارەکانیدا دەنگی دایەوە.

هەر لەم ساتەدا شنە بوو بە بایەکی وەحشی کە وەك گیانلەبەرێکی گەورە دەیقیژاند، با هەڵیگرت و خستییە کەنار و وەك گەڵایەکی وشك، لەرە لەر کەوتە لێژایی کەنار. باوەشی کرد بە دار غانێکی[36] گەورەدا. با دووژمنکارانە لەگەڵیان زۆرانی دەگرت بەوەی ئەو (ئاسنگەر) لە دارەکە جیا بکاتەوە، بەڵام دار غانەکە لە ژێر شەلاقی بادا دانووشتایەوە و لقەکانی باوەشیان پێدا کرد. کە باکە نیشتەوە هەستا و دیتی دار غانەکە ڕووتاوەتەوە. دار بۆ گەڵا لە دەستچووەکانی دەستی کردە گریان و فرمێسك لە لقەکانی وەك باران تکا. پیاوەکە باوەشی بە دارەکەدا کرد و وتی: "سەرکەوتوو بیت ئەی غان، لە وەڵامی ئەو چاکەیەی دەرهەق بە من کردت چیم لە دەست دێ بیکەم؟". بە دەستی هەستی بە وەڵامی دارەکە کرد: "هیچم ناوێ، بڕۆ، با بە شوێنتەوەیە. تۆ سەر بە ئێرە نیت. بڕۆ و هیچ کات مەگەڕێرەوە!".

کە لە دۆڵەکەوە سەردەکەوت بێتە دەرەوە، هەستی بە فرمێسکەکانی غانەکە دەکرد دەڕژانە سەر ڕوومەتی و لێویان تاڵ دەکرد. لە گەڕانەوەیدا دڵی تەنگ بوو و لەو کاتەوە بۆ ماوەیەك ئیتر نەچووە وڵاتی پەرییەکان. بەڵام ئاسنگەر دەستبەرداری وڵاتی پەرییەکان نەدەبوو و کە جارێکی تر گەڕایەوە، حەزی زیاتر بوو بەوەی بڕواتە قولاییەکانی وڵاتەکەوە.

---

[36]- غان: جۆرێ دار کە شیرەی لێ دەڕژێ و لە شیرەکەی شەراب دروست دەکرێ.

سەرئەنجام لە نێوان کوێستانە سنوورییەکانەوە ڕێگایەکی دۆزییەوە و لە درێژەی ئەو ڕێگایەدا گەیشتە کوێستانەکانی ناو وڵاتی پەرییەکان. ئەو کوێستانانە بەرز و سەراولێژ و ترسێنەر بوون. بەڵام سەرئەنجام بە پێی توانای خۆی ڕێگایەکی دۆزییەوە و ڕۆژێ لە ڕۆژەکان ترسی لە خۆی رەوانەدەوە و لە دۆڵێکی تەنگەوە ڕەت بوو و بێ ئەوەی خۆی بزانێ تەماشای **دۆڵی هەردەم بەیانی** کرد. شوێنێ کە سەوزەڵانەکانی لە چاو سەوزەڵانەکانی سنوورەکانی وڵاتی پەرییەکان ئەوەندە سەرسەوز و بەرزترە وەك ئەوە وایە سەوزەڵانی سنوورەکان لەگەڵ سەوزەڵانەکانی وڵاتی ئێمەدا بەراورد بکەی لە بەهاراندا. لەوێدا هەوا هێندە روونە کە بە چاو دەکرێ زمانی سووری باڵندەکان ببینرێ ئەو کاتەی دەخوێنن، هەر چەند دۆڵەکە زۆر پانە و باڵندەکانیش لە سەیرە بچووکترن.
لەلایەکی ترەوە، کوێستان بە لێژاییە درێژییەکانییەوە کە پڕ بوو لە شۆڕ شۆڕی تاڤگەکانی، بەرەو خوار دەڕۆیشت. بە خۆشحاڵییەوە هەنگاوەکانی خێراتر کردەوە. هەر کە پێی نایە سەر گیاکانی دۆڵەکە دەنگی گۆرانی وتنی پەرییەکانی بیست و لە سەوزەڵانی لێوار چۆمەکەدا کە نیلوپەرەکان ڕۆشن هەڵگەڕا بوو، چەند کچێکی دی خەریکی سەما کردن بوون. خێرایی و مەزنی و حاڵەتی هەردەم لە گۆڕانی جووڵەکانیان کەمەن کێشی کرد و بەرەو بازنەکەیان بەڕێ کەوت. کتوپڕ هەمووان وەستان و ژنێکی جوان بە قژێکی شۆڕ و کراسێکی چیمەن دارەوە بۆ دیتنی هاتە پێشەوە. لە حاڵێکدا پێدەکەنی هاتە قسەو وتی: "**ئەستێرە تەوێڵ** بەڕاست خەریکی سنوورەکان دەبەزێنی، وەها نییە؟ ئاخۆ لەوە ناترسی شای پەرییەکان بزانێ و ئازارت بدات؟ یان پێشتر ئیزنت لێ وەرگرتووە". ئاسنگەر پەشۆکا، چونکە بە بیرکردنەوەی خۆی زانی و زانی ئەم خاتوونە



جوانە بیری ئەوی خوێندۆتەوە. ئەم بیرەی کە ئەستێرەی نێوچەوانی، پەساپۆرتی ڕۆیشتنە بۆ هەر کوێ بیەوێ. ئێستا دەیزانی وەها نییە. بەڵام خاتوونەکە لە حاڵێکدا درێژەی بە قسەکانی دەدا پێکەنی و وتی: "وەرە! ئێستا کە لێرەی دەبێ لەگەڵم سەما بکەی" دستی گرت و ڕێنوێنی کرد بۆ ناو بازنەکە.
لەوێ پێکەوە سەمایان کرد و بۆ ساتێ هەستی کرد چ فرزی و هێز و شادییەك پێویستە بەوەی هاوڕێی ئەو خاتوونە بکات. بەڵام تەنها بۆ ساتێ. چونکە زۆر زوو وەستان و خاتوون وەستا و گوڵێکی سپی لە بەر پێی هەڵگرت و دای لە قژی ئاسنگەر و وتی: "ئێستا ماڵئاوا، ڕەنگە جارێکی تر ئەگەر مەلەکە ئیزن بدات یەکتر ببینین."
لە گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ هیچ شتێکی لە بیر نەمابوو، جگە لەوەی خۆی بینییەوە کە سواری ئەسپە لە جادەکانی سەرزەمینەکەی خۆیدا. لە هەندێ لە گوندەکاندا خەڵك بە چاوی سەیرەوە تەماشایان دەکرد و تا ئەو کاتەی لەبەر چاویان ون نەبایە چاویان لێ هەڵنەدەگرت. کە گەیشتە ماڵەوە کچەکەی هەڵهاتە پێشوازییەوە. زووتر لەوەی چاوڕوان دەکرا گەڕابۆوە بۆ ماڵ بەڵام زۆر زوو نەبوو بۆ ئەو کەسانەی چاوەڕوانی هاتنەوەی بوون. کچە چکۆلەکە هاواری کرد: "بابە لە کوێ بووی؟ ئەستێرەکەت زۆر جوان دەدرەوشێتەوە!" لە دەرگانەی دەرگاکەوە چووە سەر ئەستێرەکە هەمدیسان کەم نوور بۆوە. بەڵام نێل دەستی گرت و بەرەو ئاگردانەکەی برد، دواتر بە دەوریدا خولاوە و لێی روانی. نێل وتی: "هاوسەرەکەم لە کوێ بووی و چیت دیوە، گوڵێ لە ناو قژت دایە." ئارام و لەسەرخۆ گوڵەکەی لە ناو قژی دەرهێنا و خستییە ناو دەستی. وەك ئەوە وابوو گوڵەکە لە مەودایەکی دوورەوە ببیندرێ. بەڵام لەوێدا بوو و نوورێکی لێ دەڕژا کە سێبەری

دەخستە سەر دیوارەکانی ژوورەکە کە لەو ئێوارەدا خەریك بوو تاریك دەبوو. سێبەری ئاسنگەر لە بەرامبەر نێل دا بەرز ببۆوە و سەرە گەورەکەی بەرەو نێل چەمابۆوە، کوڕەی ئاسنگەر کە تا ئەو کات بێدەنگ بوو، وتی: "بابە، وەك دێوت پێ هاتووە" گوڵەکە کەم نوور نەبوو و نەژاکا. وەك نهێنی یان گەنجینەیەکی شاراوە چاودێریان لێ دەکرد و هۆشیان پێوە بوو. ئاسنگەر سندوقێکی کلێلێ داری بۆ دروست کرد و گوڵەکە لەوێدا مایەوە و تا چەند بەرە پشتاو پشت لەناو بنەماڵەدا دەست بە دەست گەڕا و میراتگرانی کلێلەکە جار نا جار سنووقەکەیان دەکردەوە، چەندین سەعات لە گوڵە زیندووەکەیان دەڕوانی تا ئەوەی سنووقەکە دەبەسترا. ساتی بەستنی سندووقەکە بە دەستی ئەوان نەبوو.

لە گوندەکەدا گوزەری ساڵ وەستانی بۆ نەبوو. ئێستا ساڵانێکی زۆر تێپەڕ ببوو. ئەو کاتەی لە جەژنی منداڵاندا ئاسنگەر ئەستێرەکەی بەرکەوت، هێشتا 10 ساڵی پڕ نەکردبۆوە. ئینجا کاتی جەژنی 24 ساڵەی تر هات. لەم کاتەدا ئالف ببوو بە وەستای چێشتلێنەر و شاگردێکی تری بۆ خۆی هەڵبژاردبوو بە ناوی هاپێر. ئێستا 12 ساڵ بە سەر ئەو سەردەمەدا تێپەڕ ببوو کە سمیت یان هەمان ئاسنگەر بە گوڵە زیندووەکەوە گەڕابۆوەو ئێستا کاتی جەژنی بیست و چوار ساڵەی دوای بوو لە زستانا. لە یەکێ لە ڕۆژەکانی ئەو ساڵەدا سمیت سەرقاڵی پیاسە کردن بوو لە دارستانەکانی سەر سنووری وڵاتی پەرییەکان، وەرزی پاییز بوو. لە پشت سەرییەوە دەنگی پێیەك هات، بەڵام ئاسنگەر بە هەندی وەر نەگرت و تەماشای دواوەی نەکرد، چونکە لە ناو خەیاڵ و بیرکردنەوەدا نوقم ببوو.

لەم سەفەرەدا پەیامێکی پێ گەیشت و ڕێگایەکی دووری پێوا. ئەم سەفەرەی لە هەموو سەفەرەکانی تر پێ درێژ ماوەتر بوو. هێشتا ڕێنوێنی



دەکراو دەپارێزرا، بەڵام ئەو ڕێگایانەی لە بیر چووبۆوە کە لێیەوە گوزەری کردبوو. چونکە بە زۆری مژ یان تاریکی بەر چاوی ڕەش دەکرد. سەرەنجام لە ژێر ئاسمانێکی شەواندا کە بە ئەستێرەکان داپۆشرابوو لە سەر بەرزاییەك گەیشتە لای مەلەکەی پەرییەکان. مەلەکە نە ئەوە بوو تاجی لە سەر بێت و نە ئەوە بوو لە سەر تەختێ دانیشتبێ. بە شکۆ و گەورەییەکی فراوانەوە وەستابوو، بە دەوریشدا سوپایەکی گەورە وەستابوو کە چەکەکانیان وەك ئەستێرەکانی سەر سەریان دەدرەوشاوە. بەڵام مەلەکە تەنانەت لە نەیزە بەرزەکانیان بەرزتر بوو، لە سەر سەریشی گڕێکی سپی دەسووتا. مەلەکە ئاماژەی پێدا بەوەی نزیك بێتەوە و ئاسنگەر لە حاڵێکدا کە دەلەرزا بەرەو پێشەوە هەنگاوی هەڵگرت. دەنگی ساف و بەرزی کەڕەنا بەرز بۆوەو کوتوپڕ ئەو دوانە تەنها مانەوە.

بەرامبەر بە مەلەکە وەستا، بەڵام بە نیشانەی ئەدەب و ڕێز چۆکی دانەدا، چونکە بە تەواوەتی سەری سووڕمابوو و هەستی دەکرد بە لە بەرچاو گرتنی پلەو پایەی بەرزی مەلەکە، بەجێ هێنانی ئەم ڕێوڕەسمانە بێهوودە بێت. سەرەنجام تەماشای سەرەوەی کرد و نیگای قورسی مەلەکە کەوتە سەر ئەو. ئاسنگەر نیگەران بوو و سەری سووڕما، چونکە لەو ساتەدا مەلەکەی ناسیەوە: هەمان خاتوونی جوانی دۆڵی سەوز کە گوڵەکان لە ژێر پای شین دەبوون. مەلەکە بیری ئەوی خوێندەوەو پێکەنی و بەرەو رووی ڕۆشت. ئەو دوانە بۆ ماوەی چەند سەعات پێکەوە قسەیان کرد، کە زۆربەی قسە کردنەکەیان بێدەنگ بوو. ئاسنگەر زۆر شت لە بیر کردنەوەکانی خاتوون فێر بوو کە هەندێکیان خوشحاڵی کرد و هەندێکیان دڵی پڕ کرد لە غەم. دواتر لە زەینی خۆیدا گەڕاوە دواوەو بە ژیانی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە تا ڕۆژی جەژنی منداڵی و هاتنی ئەستێرە چۆوە. کوتوپڕ

جارێکیتر هەمان بووکەڵەی سەماکەری بە دار دەستەکەیەوە دیت و بە شەرمەوە نیگاکانی لە جوانی مەلەکە هەڵگرت.

بەڵام مەلەکە هەمدیسان پێکەنی. هەر ئەو جۆرەی کە لە **دۆڵی هەموو دەم بەیاندا** پێکەنی بوو و وتی :" **ئەستێرە تەوێڵ** لە بەر من نیگەران و لە بەر خەڵکانی خۆت وەها شەرمێون مەبە. ڕەنگە بوونی بووکەڵەیەکی بچووك باشتر بێت لە نەبوونی هیچ چەشنە بیرەوەرییەك لە وڵاتی پەرییەکان. بۆ هەندێ ئەمە تەنها هیوای ژیانەو بۆ هەندێکیتر سەرەتای بە ئاگا هاتنەوە. لەو ڕۆژە بەدواوە تۆ ئاواتی ئەوەت هەبوو کە من ببینی و ئەوە من ئاواتەکەم بە جێ هێنای. بەڵام زیاتر لەمە ناتوانم. ئێستا لە کاتی لێك جیابوونەوەدا دەت کەم بە پەیکی خۆم. ئەگەر پادشات دیت پێی بڵێ: کاتی **هاتووە بێڵا با هەڵبژێرێت."** ئاسنگەر بە پرتە پرت کەوت و پرسی :"بەڵام خاتوونی وڵاتی پەرییەکان، پاشا لە کوێیە؟" ئەو ئەمەی زۆر جار لە خەڵکانی وڵاتی پەرییەکان پرسیبوو و هەموویان لە وەڵامدا وتبوویان " بە ئێمەی نەوتووە".

مەلەکە وەڵامی داوە:" ئەگەر پاشا خۆی پێی نەوتووە منیش ناتوانم پێت بڵێم. بەڵام ئەو زۆر دەگەڕێ و ڕەنگە لە زۆر شوێنی چاوەڕواننەکراو بیبینی. ئێستا بە نیشانەی ڕێز گرتن چۆك دا بدە."

ئینجا ئاسنگەر چۆکی داداو خاتوون وەستاو دەستی نایە سەر سەری. هەستی بە ئاسوودەیەکی گەورە کرد و لە یەك ساتدا هەستی بەوە کرد هەم لە وڵاتی پەرییەکانەو هەم لە دونیا، لە دەرەوەی هەردووکیانەو تەماشای ئەو دوو دونیایە دەکات. وەك ئەوەی لە یەکساتدا لە دووری و بەختەوەری و ئاسوودەیی دەروونی دا نوقم بووبێت. کە دوای چەند سات وەستان و بێ هێزی لێ ڕواوە سەری بەرز کردەوەو وەستا. خەریك بوو ڕۆژ



دەبۆوەو ئەستێرەکان کەم نوور ببوون، مەلەکە ڕۆشتبوو. لە دوورەوە دەنگدانەوەی کەڕەنایەکی لە کوێستان دەبیست. ئەو بەرزاییەی لە سەری وەستابوو بێدەنگ و چۆڵ بوو، دەیزانی ئێستا ئیتر دەبێ ڕێگای دووری و دابڕان بگرێتە بەر.

ئێستا شوێنی دیدارەکەی لەگەڵ مەلەکە زۆر دوور و لە پشت سەریەوە بوو. ئەو لێرەدا لە ناو گەڵا ڕژاوەکاندا پیاسەی دەکرد و بیری لە هەموو ئەو شتانە دەکردەوە کە دیبووی و فێر ببوو. دەنگی هەنگاوەکان نزیکتر بۆوەو کوتوپڕ دەنگێ لە تەنیشتییەوە پێی وت:"ئەستێرە تەوێڵ ئاخۆ تۆش بە ڕێگاکەی مندا دەڕۆی." ئاسنگەر ڕاچڵەکی و لە بیرکردنەوەکەی هاتە دەر و پیاوێکی لە تەنیشت خۆیەوە دیت. پیاوێکی نەناسراوی باڵا بەرز کە زۆر بە خێرایی هەنگاوی هەڵدەگرت. جلەکانی سەوزی تۆخ بوون و کڵاوێکی لە سەر بوو کە سێبەری خستبوو بە سەر بەشێك لە دەموچاویدا. ئاسنگەر گێژ و وڕ ببوو. چونکە تەنها خەڵکانی وڵاتی پەرییەکان پێیان دەوت ئەستێرە تەوێڵ و قەت ئەم پیاوەی نەدیبوو. بەمەشەوە بە شێوەیەکی سەیر هەستی دەکرد دەبێ بیناسێت. ئاسنگەر پرسی" مەگەر تۆ بە کام ڕێدا دەڕۆی؟"

پیاوەکە وەڵامی داوە:" ئێستا بەرەو دێکەی تۆ دەگەڕێمەوەو هیوادارم تۆش لە گەڕانەوەدا بێیت بەرەو ئەوێ." ئاسنگەر وتی:" بەڵێ هەر وایە با پێکەوە بڕۆین. بەڵام هەر ئێستا شتێکم بیر هاتەوە. بەر لەوەی لە سەفەرەکە بگەڕێمەوە خاتوونی گەورە پەیامێکی پێ دام. بەڵام بە داخەوە زۆر زوو سنوورەکانی وڵاتی پەرییەکان جێ دەهێڵین و لام وا نییە ئیتر بگەڕێمەوە بۆ ئێرە. تۆ چی؟"

-" بەڵێ من دەگەڕێمەوە تۆ دەتوانی پەیامەکەت بدەی بە من."

- " بەڵام پەیامەکەی من بۆ پاشای پەرییەکانە، تۆ دەزانی لە کوێیە؟"
-"دەزانم، پەیامەکە چ بوو؟"
- " خاتوون تەنها داوای لێکردم بە پاشا بڵێم: **کاتی هاتووە، بێلا با هەڵبژێریت**"
-تێدەگەم. ئیتر خەیاڵت ئاسوودە بێت."

ئینجا ئەو دوو پیاوە شان بە شانی یەکتر و لە بێدەنگییەکدا کە تەنها دەنگی خشە خشی گەڵاکانی ژێر پێیان بێدەنگییەکەی دەشکاند، بەرەو پێشەوە دەچوون. بەڵام دوایی فەرسەخێك، لە حاڵێکدا هێشتا لە وڵاتی پەرییەکان بوون، پیاوەکە وەستا، بەرەو ئاسنگەر وەرچەرخا و کڵاوەکەی لادا. ئەو کاتە ئاسنگەر ناسیەوە. ئەو پیاوە ئاڵفی شاگرد بوو، ئاسنگەر هێشتا لە زەینی خۆیدا بەم شێوەیە ئەم پیاوەی بانگ دەکرد. رۆژێکی هێنایەوە یاد کە ئاڵفی تازەلاو لە هۆڵەکەدا وەستابوو و چەقۆیەکی بەدەستەوە بوو بۆ لەت کردنی کێکەکەو چاوەکانی لە ناو نووری شەمەکاندا دەبریسکایەوە. ئێستا دەبا پیرە پیاوێك بایە چونکە چەند ساڵ پێشتر ببوو بە وەستا. بەمەشەوە ئێستا کە لە قەراخ دارستانەکەدا وەستابوو، وەك هەمان ئەو شاگردەی پێشتر دەچوو، هەر چەند وەستاتر دەهاتە بەرچاو، قژی خۆڵەمێشی نەبوو و دەموچاوی چرچ و لۆچی تێنەکەوتبوو. چاوەکانی دەدرەوشانەوە وەك ئەوەی نوورێ لە چاویدا بریسکێتەوە. ئاڵف وتی:" سمیت کوڕی ئاسنگەر. بەر لەوەی بگەڕێینەوە سەرزەمینەکەی تۆ پێم خۆشە لەگەڵت قسە بکەم." سمیت لەم داواکارییە سەری سووڕما، چونکە خۆی زۆربەی کات ئاواتی ئەوە بوو لەگەڵ ئاڵف قسە بکات بەڵام هیچکات سەرکەوتوو نەبوو. ئاڵف هەموو کات بە گەرمی پێشوازی لێکردبوو و بە چاوی هاوڕێیەتی چاوی لە ئاسنگەر



دەکرد، کوتوپڕ دەستی بەرز کردەوەو بە ئەنگوستەکانی دەستی بە ئەستێرەکەدا هێنا بە ناوچاوی ئاسنگەرەوە، نووری ناو چاوی ئاڵف نەماو ئینجا ئاسنگەر زانی کە سەرچاوەی ئەو نوورە ئەستێرەکەی خۆی بووە کە بێگومان پێشتر دەروشانەوەیەکی سەیری بووە، بەڵام ئێستا تاریك داهاتبوو. ئاسنگەر سەری سووڕماوە بە تووڕەییەوە کشایە دواوە.

ئاڵف وتی:" وەستای ئاسنگەر لات وا نییە کاتی ئەوە هاتووە دەست لەم پێشکەشییەت هەڵگری؟"

ئاسنگەر وەڵامی داوە:" وەستای چێشتلێنەر ئەم کارە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟ بۆ دەبێ وا بکەم؟ مەگەر هی من نییە؟ ئەستێرەکە کەوتۆتە بەر من و هەر کەس دەتوانێ ئەو شتانە هەڵگرێ کە پێیدەدرێ، لانیکەم بۆ بیرەوەری."

"تەنها هەندێ شت. ئەو شتانەی بێ هیچ چاوەڕوانییەك و بە مەبەستی بیرەوەری پیشکەش دەکرێن. بەڵام هەندێ شت پێشکەش ناکرین، بۆ هەموو کات نابن بە موڵکی کەسێك و بە میرات بە مناڵەکانی ئەو ناگەن. ئەم چەشنە شتانە تەنها بە ئەمانەت دەدرێن. رەنگە بیرت لەوە نەکردبێتەوە رەنگە کەسێکیتر پێویستی بەم ئەستێرەیە بێت. بەڵام کەسێك هەیە. کات درەنگە."

ئاسنگەر ئەم وتانەی پێ ناخۆش بوو، چونکە ئەو پیاوێکی دڵۆڤان بوو و ئەمەك ناسانە هەموو ئەو شتانەی لە بیر بوو ئەستێرە پێشکەشی کردوو و پرسی:" دەبێ ئێستا چ بکەم؟ ئاخۆ دەبێ بیدەم بە یەکێك لە گەورەکانی وڵاتی پەرییەکان؟ یان بیدەم بە خودی پاشای پەرییەکان؟" کە ئەمەی وت هیوایەك کەوتە دڵی بەوەی رەنگە جارێکیتر و لە وەها مەئموورییەتێکدا بتوانێ بچێتەوە وڵاتی پەرییەکان.

ئالف وتی:" دەتوانی بیدەی بە من بەڵام ڕەنگە ئەم کارەت لە لا قورس بێت. ئامادەی لەگەڵ من بگەڕێینەوە ئەنباری چێشتخانەکە بەوەی بیخەینە ئەو سندووقەوە کە باوە گەورەت لەوێی دانابوو؟"

ئاسنگەر وتی:" ئەمەم نەدەزانی"

-"کەس جگە لە من ئەمەی نەدەزانی. من و ئەو تەنها بووین."

-" کەواتە پێم وایە تۆ دەزانی ئەستێرەکە چۆن گەیشتووە بە دەستی ئەو و بۆ لەو سندووقەی داناوە؟"

ئالف وەڵامی داوە" لە وڵاتی پەرییەکانەوە هێنابووی و بە بێ ئەوەی بپرسی خۆت دەتزانی. باوەگەورەت ئەستێرەکەی بە جێهیشت بەو هیوایەی بگاتە تۆ تەنها نەوەی. خۆی پێی وتم چون لای وابوو دەتوانم کارێ بکەم ئەم ئەستێرە بە تۆ بگات. باوکی دایکت بوو. نازانم لە بارەی باوکیەوە چی پێ وتووی. بەڵام لام وانیە هەموو شتێکی دەربارەی باوکی زانیبێ. ناوی رایدرۆ[37] بوو و دنیاگەڕێکی گەورە بوو. بەر لەوەی لەم دێیە بمێنێتەوەو ببێ بە وەستای چێشتلێنەر، زۆر گەڕابوو و زۆر شتی دیبوو و زۆر کاری لە دەست دەهات. بەڵام ئەو کاتەی کە تۆ تەنها دووساڵت تەمەن بوو گوندەکەی بە جێهێشت و خەڵك بە جێگای ئەو کەسیان باشتر لە نۆکێز دەست نەکەوت، خەڵکی بێچارە. بەڵام بەمەشەوە، وەك ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد من لە کاتی خۆیدا بووم بە وەستا. ئەمساڵ کێکێکی گەورەی تر ساز دەکەم، کەس بە بیری نایەت تا ئێستا چێشتلێنەرێ دووەمین کێکی گەورەی ژیانی ساز کردبێت. دەمەوێ ئەستێرەکە بخەمە ناو کێکەکەوە."

[37]- بە مانای سوارچاك



ئاسنگەر وتی:" زۆر باشە بۆ تۆ دەبێ." بەڵام وەك ئەوەی بیەوێ بیری ئالف بخوێنێتەوە لێی روانی : "دەزانی دەکەوێتە بەر کێ؟"

-"وەستای ئاسنگەر ئەم کارە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟"

-" وەستای چێشتلێنەر، ئەگەر دەزانی پێم خۆشە بزانم. ڕەنگە ئەمە دووری لەو شتەم بۆ ئاسانتر بکاتەوە کە زۆر بۆم ئازیزە، منداڵی کچەکەم زۆر گەنجە."

ئالف وتی:"ڕەنگە، ڕەنگە واش نەبێت. دەیبینین."

ئیتر هیچیان نەوت و درێژەیان بە ڕێگاکەیان دا تا ئەوەی لە وڵاتی پەرییەکان هاتنە دەرو گەیشتنەوە بە گوندەکە. دواتر ڕۆیشتنە هۆڵەکە. لە جیهانی مرۆڤەکاندا خۆر خەریك بوو ئاوا دەبووو نوورێکی سوور لە پشت پەنجەرەکانەوە دەدرەوشایەوە. هێڵکارییە زێڕینەکانی دەرگای کۆشکەکە دەدرەوشانەوەو روخساری ڕەنگاو ڕەنگی سەیر لە داڵانەکانەوە تەماشای خوارەوەیان دەکرد. بینای کۆشکەکە ماوەیەك لەمەو پێش ڕەنگ کرابۆوەو شەوقی دەدایەوە. لە ناو ئەنجومەنی گوندەکەدا لەم بارەوە ببوو بە باس و گفتوگۆ، هەندێکیان ئەم کارەیان خۆشدەویست و هەندێکیان ئەمەیان بە "گوناه" دەزانی. بەڵام هەندێکتریان کە زاناتر بوون دەیانزانی ئەمە گەڕانەوەیە بۆ نەریتی کۆن. بەمەشەوە بەو هۆیەی کەس هیچ پارەیەکی تێدا سەرف نەکردبوو و وەستای چێشتلێنەر خۆی لە گیرفانی خۆی ئەم کارەی کردبوو، هێشتیان کارەکەی بکات. بەڵام ئاسنگەر پێشتر بینای کۆشکی لە وەها نوورێکدا نەدیبوو. لە حاڵێکدا مەئموورییەتەکەی خۆی فەرامۆش کردبوو، وەستا بە سەر سووڕمانەوە لە کۆشکەکەی ڕوانی.

هەستی کرد کەسێك دەستی دەگووشێ. ئالف ئەوی بە دەور بیناکەدا گێڕاو ڕێنوێنی کرد بەرەو دەرگایەکی بچووك لە پشتەوە. ئالف دەرگاکەی

کردەوەو ئاسنگەری لە دالآنێکی تاریکەوە بەرەو ئەنبارەکە ڕێنوێنی کرد.
لەوێ مۆمێکی گەورەی داگیرساند و دوای کردنەوەی دەرگای گەنجینەکە، سندوقێکی رەشی لە چەکمەجەی خوارەوە دۆزیەوە. ئێستا سندووقەکە بە بریقە خرابوو و بە لاولاوی زیوین رازابۆوە.
ئالف دەرگای سندوقەکەی کردەوەو ناو سندووقەکەی پیشانی ئاسنگەر دا. یەکێ لە قووتووە بچووکەکانی ناو سندووقەکە خاڵی بوو. قووتووەکانی تر پڕ بوون لە دەواو دەرمانی تازە و بۆندار. ئاسنگەر چاوی پڕ بوو لە فرمێسك. دەستی بە تەوێڵیدا هێناو ئەستێرەکە دەست بە جێ هەڵکەندرا. ئاسنگەر هەستی بە ئازارێکی کوتوپڕ کردو فرمێسك لە چاوی رژایە خوار. هەر چەند ئەستێرەکە لە ناو مشتیا درەوشانەوەکەی خۆی بە دەست هێنایەوە، بەڵام ئاسنگەر نەیدەتوانی بیبینێ. تەنها وەك دەروشانەوەیەك دەیدی کە لە دوورەوە دەبیندرا.
ئاسنگەر وتی:" ناتوانم باش ببینم. دەبێ لە بری من بیخەیتە ناو جێگاکەیەوە." دەستی خۆی درێژ کردەوە. ئالف ئەستێرەکەی هەڵگرت و لە سەر جێگاکەی دایناو ئەستێرەکە نووری نەما.
ئاسنگەر ئیتر بێ ئەوەی هیچ بڵێ دەستی راکێشا بۆ ئەوەی دەرگاکە بدۆزێتەوە. لە بەر دەرگاکەدا زانی چاوەکانی هەمدیسان دەبینن. شەو داهاتبوو و ئەستێرەی سەر شەو لە ئاسمانێکی پڕ نووردا نزیك بە مانگ دەدرەوشایەوە. لەگەڵ ئەوەی بۆ چەند ساتێ وەستاو چاوی بڕیە جوانیەکانیان هەستی کرد دەستێك لە سەر شانیەتی و گەڕایە دواوە.
ئالف وتی:"تۆ زۆر ئازادانە ئەستێرەکەت دا بە من. ئەگەر هێشتا پێت خۆشە بزانی دەگاتە کام منداڵ پێت دەڵێم."
-" بە ڕاست پێم خۆشە بزانم"

- "بە کەسێك دەگات کە تۆ بڵێیت"
ئاسنگەر سەری سوورماو دەست بە جێ وەڵامی نەداوە. بە دوودڵیەوە وتی:" زۆر باشە، نازانم رات چییە دەربارەی هەڵبژاردنی من. لام وایە زۆر ناوی نۆکێزت پێ خۆش نییە، بەڵام ، کوڕەزازاکەی، تۆم کوڕی نۆکێز تاۆن سێندی[38] دێتە ناو جەژنەکە. نۆکیز تاۆن سێندی کەسێکی جیاوازە."
ئالف وتی:"بەم شتەم زانیوە. دایکێکی عاقڵی هەبوو."
-"بەڵێ، خوشکی نێلی خێزانمە. بەڵام بەدەر لە خزمایەتی، من تۆمە بچووکەکەم خۆشدەوێ، هەرچەند ئەمە دوایین هەڵبژاردن نییە."
ئالف پێکەنی و وتی:" بەر لەوەی تۆش بڵێی من هەر تۆمم هەڵبژاردبوو."
- "کەوایە بۆ داوات لێکردم هەڵبژێرم؟"
- " مەلەکە داوای لێکردم ئەم کارە بکەم. ئەگەر تۆ کەسێکیترت هەڵبژاردبا من ناچار بووم قبوولی بکەم."
ئاسنگەر بۆ ماوەیەکی زۆر چاوی بڕیە ئالف. دواتر کوتوپڕ کڕنۆشی برد و وتی:
" ئێستا دەزانم گەورەم تۆ زیاتر لەوەی کە شیاوی ئێمەیە گەورەبیت پێ بەخشیوین"
ئالف وتی:"من حاسڵی زەحمەتی خۆم وەرگرتوە. ئێستا بە خەیاڵی ئاسوودە بگەڕێوە بۆ ماڵ"
کە ئاسنگەر گەیشتەوە ماڵەکەی لە کەناری رۆژئاوای گوندەکە، کوڕەکەی لە لای کارگەکە دیت. کوڕەکەی تازە دەرگاکەی داخستبوو

38 - Nokes of Townsendes tim

چونکه کاری رۆژانەی تەواو ببوو و ئێستا چاوی بڕیبووە جادەیەك کە باوکی هەموو جار لە سەفەرەکانیدا لەوێوە دەهاتەوە. بە بیستی دەنگی پێ داچلەکی و باوکی دیت کە لە ناو دێکەوە دێت. کوڕەکە بەرەو باوکی هەڵهات و بەگەرمی بە خێرهاتنی کرد و لە باوەشی گرت.
کوڕە وتی:"دوێنی بە هیوای هاتنەوەت بووم" ئینجا لە حاڵێکدا لە روخساری باوکی دەڕوانی بە نیگەرانییەوە وتی:" زۆر ماندوو دێیتە بەر چاو. رەنگە رێگایەکی زۆرت بڕیبێ"
-"بە راستی زۆر دوور بوو کوڕم. هەموو رێگاکە، لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەڕێوە بووم"

پێکەوە چوونە ماڵەوە. جگە لە ئاگرێ کە لە کوانوەکەدا بڵێسەی دەکێشا هەموو شوێنێ تاریك بوو. کوڕە مۆمەکانی داگیرساند و بۆ ماوەیەك بە بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەن بە لای ئاگرەکەوە دانیشتن، چونکە لە بەر ئازاری پیری و دووری قورساییەکی زۆر لە سەر دڵی ئاسنگەر بوو. سەرەنجام بە خۆیدا هاتەوە، تەماشای دەورووبەری خۆی کرد و وتی: "بۆ ئێمە تەنیایین؟"
کوڕە لێی روانی ."بۆ؟ دایکم چووە بۆ ڤۆتنی بچووك بۆ لای نان. ئەمڕۆ دووەمین ساڵڕۆژی لە دایکبوونی کوڕە بچووکەکەیەتی. هیوادار بوون تۆش بڕۆی."
-"ئاخ، بەڵێ دەبوایە بڕۆشتبام، بڕیار بوو بڕۆم، نێد. بەڵام کارێ بوو بە هۆی ئەوەی کە دوا بکەوم. سەرقاڵی هەندێ شت بووم کە بوون بە هۆی ئەوەی بۆ ماوەیەك هەموو شت لە بیر بکەم. بەڵام تامی بچووکم لە بیر نەکرد." دەستی کرد بە باخەڵیدا و جزدانێکی بچووکی چەرمینی



دەرهێنا." شتێکم بۆ هێناوە. رەنگە نۆکێزی پیر بە گەوهەرێکی ساختەی بزانێ، بەڵام نێد، ئەمە هی وڵاتی پەرییەکانە."
لە ناو جانتاکەی باخەڵییەوە شتێکی زیوینی دەرهێنا کە وەك لاسکی نەرمی نیلووپەڕێکی بچووك دەچوو و لە نووکەکەیەوە سێ گوڵی جوان سەریان دەرهێنابوو و وەك زەنگۆڵە بەرەو خوار سەریان شۆڕ کردبۆوە، زەنگۆڵەش بوون چون لەگەڵ ئەوەی بە ئارامی لەراندیانیەوە هەر گوڵێ دەنگێکی سافی هەبوو. لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئەم دەنگە خۆشانەدا مۆمەکان گڕەکەیان بڵێسەی سەند و بۆ ساتێ بە نووری سپی درەوشانەوە.
نێد سەری سووڕمابوو. بە باوکی وتی:" دەتوانم ببیینم باوکە؟"
بە قامکی بە ئارامی گرتی و تەماشای گوڵەکانی کرد. دواتر وتی:" ئەمە پەرجوویەکە بابە، بابە زەنگۆڵەکان بۆنێکی خۆشیان لێ دێ. بۆنێکی خۆش کە دەمخاتەوە یادی، یادی، دەمخاتەوە یادی شتێك کە فەرامۆشم کردووە."
-"بەڵێ ئەم بۆنە خۆشە دوای ماوەیەکی کورت دوای مۆسیقاکە هەست پێ دەکرێ. بەڵام نێد لەوە مەترسە کە دەستی لێ بدەی. ئەمە بۆ منداڵانێکی بچووك ساز کراوە بۆوەی یاری پێبکات. منداڵەکە ناتوانێ ئازاری پێ بگەیەنێ و ئەویش ئازارێ بە منداڵەکە ناگەیەنێ."
ئاسنگەر پێشکەشییەکەی خستەوە ناو جزدانەکەو لە سووچێکەوە دای نا. دواتر وتی:"سبەی خۆم دەیبەم بۆ ڤۆتنی بچووك و نان و تۆمی بچووك و دایك دەمبورن، هەڵبەت رەنگە. هێشتا زووە بۆ تۆم بچووکە کە ئەم رۆژانە بژمێرێ ... یان حەتوو و مانگ و ساڵەکانیش."

-" راستە. بابە تۆ برۆ. پێم خۆش بوو لە گەڵتا بهاتبام، بەڵام ماوەیەکی زۆر دەبا تا بگەمە ڤۆتنی بچووك. ئەمڕۆش ئەگەر تەنانەت لێرە چاوەڕوانی تۆ نەبام نەمدەتوانی بڕۆم. کاری زۆر ماوەتەوەو کاری تریش دەگات."

- نا، نا، کوڕی ئاسنگەر ئەمڕۆ بکە بە پشوو. تەنها نازناوی باوەگەورە هێشتا نەبووە بە هۆی بێ هێزی باسکەکانم. با کار بێت. لەمڕۆ بە دواوە دوو کەسی کار دەکەین. من ئیتر ناڕۆمە سەفەر نێد. لانیکەم سەفەری درێژماوەم لە بەر نییە، لێم تێدەگەی خۆ."

- "کە وایە بەسەرهەتاکە ئەمە بوو، ئەرێ بابە؟ سەرم سووڕمابوو کە ئەستێرەکە چی پێهاتووە. ناخۆشە." دەستی باوکی گرت:" بەداخەوەم . بەڵام هەندێ باشەشی بۆ ئەم ماڵە هەیە. ئەی وەستای ئاسنگەر دەزانی هێشتا زۆر شت هەیە دەبێ فێرم بکەی، بەو مەرجەی کاتت ببێ. مەبەستم تەنها کارکردن بە ئاسن نییە."

ئەو دوانە پێکەوە نانی شەویان خوارد و ماوەیەکی زۆر دوای نانخواردنەکە هێشتا لە سەر کورسیەکە دانیشتبوون. ئاسنگەر باسی دواین سەفەری بۆ وڵاتی پەرییەکان و شتگەلێکی تر کە بە زەینیدا دەهات بۆ کوڕەکەی دەکرد. بەڵام دەربارەی هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە ئەستێرەکەی پێدەگات هیچی نەوت.

سەرەنجام کوڕەکەی تەماشای کرد و وتی :"بابە ئەو رۆژەت دێتەوە یاد کە بە گوڵەکەوە گەڕایەتەوەو من لە رووی سێبەرەکەتەوە پێم وتی بووی بە دێو. سێبەرەکە راست بوو. کە وایە لەگەڵ خودی مەلەکەدا سەمات کردبوو. بەڵام تۆ دەستت لە ئەستێرەکە هەڵگرتوە. هیوادارم بە کەسێك بگات وەك تۆ شایستە بێت. ئەو مندالە دەبێ شوکرانە بژێر بێت."



ئاسنگەر وتی:" مندالەکە بەوە نازانێ. ئەمە نەریتی ئەم پێشکەشیانەیە. وایە ئیتر. من سپاردوومە بە دەستی کەسانی ترو گەڕاومەتەوەو بۆ لای چەکوش و ئاسنەکان."

سەیر ئەو نۆکێزە پیرە بوو کە گاڵتەی بە شاگردەکەی دەکرد و هیچکات نەیتوانیبوو ون بوونی ئەستێرەکە لە ناو کێکەکە لە بیر بکات، هەر چەند کە ئەم رووداوە چەند ساڵ پێش رووی دابوو. نۆکێز قەڵەو و تەمبەڵی لێ دەرهاتبوو. لە شەست ساڵیدا( کە لە گوندەکەدا بە تەمەنێکی زۆر نەدەزانررا) خانەنشین کرا. ئێستا هەشتا ساڵی تەمەن بوو و زۆر زل ببوو، چونکە هەر زۆری دەخوارد و زۆری حەز لە شیرینی بوو. زۆربەی کاتی لە رۆژدا ئەگەر خەریکی نان خواردن نەبایە، لە سەر کورسیەك لە لای پەنجەرەی ژوورەکەی، ئەگەر هەواش خۆش بایە لە بەر دەرگا دەبردە سەر. زۆری حەز لە قسەکردن بوو چونکە هێشتا عاشقی ئەوە بوو کە خۆی بە کەسێکی گەورە لە قەڵەم بدات. بەڵام لەم دواییانەدا سەر و بنی قسەکانی ئەو کێکە گەورەیە بوو کە سازی کردبوو(ئێستا بێ هیچ دوودڵێك بە کاری خۆی دەزانی) چونکە هەر کات دەخەوت کێکەکەی لە خەودا دەبینی. شاگرد لە سەر رێیدا ساتێ وەستا بۆ ئەوەی لەگەڵ نۆکێز قسە بکات. وەستای پیر هێشتا وەك شاگرد چاوی لێدەکرد و چاوەڕوانی ئەوە بوو بە وەستا بانگی بکات. شاگردیش ئەم خاڵە زۆر باش بەڕێوە دەبرد. ئەمە یەکێ لە خاڵە چاکەکانی شاگرد بوو، هەرچەند ئەو زۆر چاکەی تریشی هەبوو کە نۆکێز ئەوانەی تری زۆر پێ خۆش بوو.

دوا نیوەڕۆی یەکێ لە رۆژەکان نۆکێز لە سەر کورسیەکەی لە لای دەرکەکە ئارامی گرتبوو و وەنەوزی دوای نانخواردنی دەدا کە کوتوپڕ خەبەری بۆوە و دیتی شاگرد لە لای وەستاوەو تەماشای دەکات، نۆکێز وتی:"سڵاو زۆر بە

دیتنت خۆشحالم، هەمدیسان ماوەیەکە ئەو کێکە زەین و فیکری داگرتووم. لە راستییدا هەر ئێستا بیرم لێ دەکردەوە. باشترین کێکێ بوو کە من سازم کرد. بە بێ هیچ زیادەڕۆییەك. بەڵام رەنگە تۆ فەرامۆشت کردبێ."

-"نە وەستا زۆر باش لە بیرمە. بەڵام چ شتێ تۆ نارەحت دەکات؟ کێکێکی زۆر باش بوو. هەمووان بە دڵیان بوو."

-"بەڵێ، من سازم کرد. بەڵام ئەم شتە نیگەرانم ناکات. ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەو گەوهەرە بچووکە تەزویرەیە. هەمان ئەستێرەکە! نازانم چی پێ هاتووە. دڵنیام نەتواوەتەوە. من ئەمەم وت بۆ ئەوەی مندالان نەترسن. دڵنیا نیم بەوەی یەکێ لە منداڵەکان قووتی نەدابێ. بەڵام ئاخۆ شتی وا دەبێ؟ دەکرێ یەکێ لەم فلسە بچووکانە قووت بدا و پێی نەزانێ، بەڵام نە ئەو ئەستێرە. راستە ئەو ئەستێرە بچووك بوو بەڵام نووکی تیژی هەبوو."

-" بەڵێ وەستا. بەڵام بە راست دەزانی ئەو ئەستێرە لە چی ساز کرابوو؟ زۆری بیر لێ مەکەرەوە. دڵنیات دەکەمەوە کەسێك قووتی داوە. "

- "بەڵام کێ؟ من بیرێکی تیژم هەیەو ئەو رۆژەم بە جوانی لە یادەو ناوی هەموو منداڵەکانیشم دێتەوە یاد. با بیری لێ بکەمەوە. دەبێ موولی کچی ئاشەوان خواردبێتی. ئەو زۆر بە هەڵپەهەڵپ خواردنەکەی دەخوارد. ئێستا زۆر قەڵەوە".

- "بەڵێ وەستا. هەن ئەوانەی کە بەم شێوەیە قەڵەو دەبن. بەڵام موولی خواردنەکەی قووت نەدا، موولی دوو گەوهەری قەڵبی لە لەتە کێکەکەی خۆیدا دۆزییەوە."

-"ئێ، بە راست؟ کەوایە بە دڵنیاییەوە هێری کوڕی چلیك ساز خواردویەتی. هەمان ئەو کوڕە قەڵەوەی کە دەمی وەك دەمی بۆق گەورە بوو."

-" وەستا دەبێ بڵێم کە هێری کوڕێکی خوێن شیرین بوو کە بەردەوام زەردەخەنەیەکی دۆستانەی لە سەر لێو بوو. هەروەها ئەو ئەوەندە وریا بوو کە بەر لەوەی بەشەکەی بخوات کردی بە چەند لەتەوە. بەڵام هیچ شتێکی جگە لە کێك نەدۆزیەوە."

- "کەوایە دەبێ ئەو کچە زەردەڵە خواردبێتی. لەیلی کچی قوماشفرۆش. لە منداڵیدا خووی بەوە گرتبوو کە دەرزی قووت بدا و هیچی پێ نەیەت."

-" نە وەستا، لەیلی نەبوو. ئەو تەنها رووکەشی کێکەکە و شەکرەکەی دەخوارد. ناو کێکەکەی دا بە کوڕێ کە لە لایەوە دانیشتبوو."

- "زۆر باشە ، کەوایە من واز دێنم. کێ بوو؟ وا دیارە تۆ زۆر بە وردی هەموو شتێکت لە بەر چاو بووە. هەڵبەت ئەگەر هەموو ئەمانە لە خۆتەوە نەڵێی."

-" کوڕی ئاسنگەر بوو و لام وابوو زۆر باش بوو بۆی"

نۆکێزی پیر پێکەنی و وتی:" درێژەی پێبدە، دەبا بمزانیبا خەریکی گاڵتەم پێ دەکەی. قسەی قۆڕ مەکە. ئەو کاتە سمیت کوڕێکی گێلۆکە بوو. ئێستا زۆرتر هەراو هوریا دەنێتەوە. بیستوومە گۆرانی دەڵێت. بەڵام زۆر وریایە. ریسك ناکات. بەر لەوەی قووتی بدات 2 جار دەیجاوێ. هەموو کات وەها بوو، دەزانی چی دەڵێم خۆ."

-"بەڵێ وەستا، تێدەگەم. بەڵام ئەگەر باوەڕ ناکەی سمیت بووە من ئیتر ناتوانم یارمەتیت بدەم. رەنگە ئێستا کێشەیەکی زۆر گرنگ نەبێت. ئەگەر

پێتان بڵێم ئەستێرەکە ئێستا لە سەر جێگاکەی خۆی لە ناو سندووقەکەدایە ئاسوودە دەبن، فەرموو"

شاگرد عەبایەکی سەوزی تۆخی لە بەردابوو کە نۆکێز ئێستا بۆ یەکەم جار دیتی. لە گۆشەی عەباکەیەوە سندووقێکی رەشی دەرهێناو لە بەر لووتی وەستای پیر دەرگاکەی کردەوە." ئەستێرەکە لێرەیە وەستا، لەو سووچە."

-"وەستا ئەمە هەر ئەو ئەستێرەیەیە. من خۆم چەند رۆژ لەمەو پێش لێرەم دانا. ئەم زستانە دەگەڕێتەوە بۆ ناو کێکی گەورە."

نۆکێز وتی:" ئاها، لە ژێر چاوەوە تەماشای شاگردی کرد و ئەوەندە پێکەنی کە هەموو گیانی کەوتە لەرزین." تێدەگەم، تێدەگەم. بیست و چوار منداڵ و بیست وچوار هێمای بەخت و ئێقباڵ. کەوایە ئەستێرەکە زیادی بوو. هەر بۆیە بەر لەوەی کێکەکە درووست بێت شاردتەوەو هەڵت گرت بۆ جارێکیتر، تۆ هەموو کات فێڵباز بووی. دەکرێ بڵێم زرنگ بووی، هەروەها زۆر دەستت بە شتەوە دەگرت، نووکە دەرزییەکت بە هەدەر نەدەدا. ها...ها ...ها... کەوایە وابوو. گومانم دەکرد کاری تۆ بێت. کە وایە ئەمەش دەرکەوت و رۆشن بۆوە. ئێستا دەتوانم ئاسوودە وەنەوزێك بدەم. " خۆی لە کورسیەکەیدا جێ کردەوەو وتی: "وریا بە شاگردەکەت کڵاوت لە سەر نەنێت. وەك چۆن وەستاکان دەڵێن، کەس هەموو شت نازانێ." دواتر چاوی نوقاند.

شاگرد وتی:"ماڵئاوا وەستا" دەرگای سندووقەکەی وەها بە تەقە تەق بەست کە وەستا هەمیسان چاوی کردەوە. ئالف وتی:" نۆکێز بەو هۆیەی تۆ زۆر شت دەزانی من تەنها 2جار هەوڵم دا شتت فێر بکەم. پێتم وتبوو کە ئەستێرە لە وڵاتی پەرییەکانەوە هاتووەو ئێستاش پێتم وت ئەستێرەکە



کەوتە بەر سمیت. پێم پێکەنیت. ئێستا لەکاتی خواحافیزیدا یەك شتی ترت پێ دەڵێم. ئیتر پێمەکەنە تۆ پیرەپیاوێکی لووت بەرز، فێڵ باز، قەڵەو، بێکار و شەیتانیت. زۆربەی کارەکانت بە من دەکرد و بێ ئەوەی هیچ سوپاسم بکەی هەموو شت لە منەوە فێر بووی، جگە لە رێزگرتن لە وڵاتی پەرییەکان و تۆزێ ئەدەب. تەنانەت ئەوەندە ئەدەبت نییە خواحافیزیم لێ بکەی."

نۆکێز وتی:" ئەگەر باس لە ئەدەب دەکەی من هیچ ئەدەبێ لەو کارەدا نابینم کە سووکایەتی بکەی بە کەسی بە تەمەنتر و باشتر لە خۆت. وڵاتی پەرییەکان و هەڵێت و پڵێتەکانت ببە بۆ شوێنێکی تر. رۆژێکی خۆشت بێ، ئەگەر چاوەڕوانی ئەمەی. ئێستا سەرت دا خەو بڕۆ!" نۆکێز بە گاڵتەجاڕییەوە دەستی راوەشاندو وتی:" ئەگەر یەکێ لەو پەرییانەی کە هاوڕێتن لە چێشتخانەدا شاردۆتەوە، بینێرە بۆ لام، بەڵکو سەیری بکەم. ئەگەر دار دەستە بچووکەکەی راوەشێنێ و هەمدیسان لەڕکەڵە ببمەوە، رام باشتر دەبێ سەبارەت بە پەرییەکان." و پێکەنی.

ئەوی تر وەڵامی داوە:" ئاخۆ چەند سات لە کاتی خۆت دەدەی بە پادشای وڵاتی پەرییەکان؟" و نۆکێز لەو پەڕی پەرێشانیدا زانی باڵای شاگردەکەی لە کاتی قسەکردندا بەرزتر بووە. ئالف عەباکەی لادا، ئەو جلانەی وەستای چێشتلێنەری لە بەردا بوو کە وەستا کاتی جەژن لە بەری کردبوو. بەڵام کراسە سپییەکەی دەدرەوشاوە و گەوهەرێکی گەورە بە نێو چاویەوە بوو کە وەك ئەستێرە دەدرەوشاوە. روخساری گەنج بەڵام قورس و پتەو بوو.

شاگرد وتی:" پیرە پیاو هەرچی بێت تۆ لە من بە تەمەنتر نیت. بەڵام دەربارەی چاك بوون، زۆربەی کات لە نەبوونی خۆمدا گاڵتەت پێکردووم. ئاخۆ ئێستا بە ئاشکرا ئامادەی بەوە لەگەڵم بێیتە جەنگ؟"هەنگاوێکی

بۆ پێشەوە هەڵگرت. نۆکێز لە حاڵێکدا دەلەرزا لە بەرامبەریدا خۆی کۆکردەوە. هەوڵی دا هاوار بکات بەوەی کە بێنە یارمەتییەوە بەڵام تێگەیشت بە ئەستەم دەتوانی ورتەی لێوە بێت.

سیخە سیخ وتی:" نە قوربان ئەزیەتم مەکە. من تەنها پیرە پیاوێکی بێچارەم."

روخساری پاشا ئارامتر بۆوە." بەڵێ بە داخەوە! تۆ راست دەکەی، مەترسەو ئارام بە. بەڵام چاوەڕوانی ئەوە نیت پاشای پەرییەکان بەرلەوەی بە جێت بێڵێ کارێکت بۆ بکات. من ئاواتت بە جێ دێنم. ماڵئاوا. ئێستا بنوو."

هەمدیسان عەباکەی دا بە دەور خۆیدا و لەوێوە بەرەو کۆشك بەڕێ کەوت. بەڵام تەنانەت بەر لەوەی لە بەرچاو ون بێت چاوە زەقبووەکانی چێشتلێنەری پیر بەستراو وەك هەمیشە دەستی کرد بە پرخە پرخ."

کە چێشتلێنەری پیر هەمدیسان خەبەری بۆوە، خۆر تازە خەریك بوو ئاوا دەبوو. دەستی بە چاوەکانیدا هێناو تۆزی لەرزی، چونکە هەوای پایز فێنك بوو. وتی:" ئاخ، چ خەوێکی ناخۆش بوو! دەبێ هی ئەو گۆشتە بەرازە بێت کە شەو خواردم."

لەو رۆژە بە دواوە نۆکێز ئەوەندە لە دیتنی ئەم چەشنە خەونانە دەترسا کە دەترسا لەوەی هیچ بخوات چونکە لای وابوو خواردنەکە بۆی خراپە. خواردنەکەی کەم بۆوەو شتی سادەی دەخوارد. زۆر زوو لەڕ بۆوەو جلەکانی بە چرچ و لۆچەوە بە جەستەیەوە هەڵدەواسران. منداڵەکان پێیاندەوت پێست و ئێسقانی پیر. ئینجا دوای ماوەیەك تێگەیشت دەتوانێ هەمدیسان بە دەور گوندەکەدا بگەڕێ و بە یارمەتی گۆچان رێ بکات. ساڵانێکی زۆر ژیا. زۆر زیاتر لەوەی کە ئەگەر وا نەبوایە ژیا. بەڕاست دەگێڕنەوە کە سەد ساڵی تەواو ژیا: تەنها کارێ کە لە هەموو ژیانیدا بە تەواوەتی ئەنجامی دا. بەڵام تا دوایین ساڵی ژیانی دەتبیست کە بە هەر کەس گوێ بە چیرۆکەکەی دەدات دەڵێ:" دەتوانن ناوی بنێن چەشنێ بە ئاگا هێنانەوە. بەڵام کە زۆر جوان بیری لێ دەکەیتەوە، دەزانی خەونێکی گەوجانە بوو. شای پەرییەکان! چۆن شتی وا دەبێت، هیچ داردەستیەکی پێ نەبوو. جگە لەوەش مرۆ ئەگەر خواردن نەخوات لەڕ دەبێت. سروشتییە. بە پێی عەقڵ. هیچ سێحرێکیشی تێدا نییە."

کاتی جەژنی بیست و چوار ساڵە گەیشت. ئاسنگەر بۆ گۆرانی وتن و ژنەکەی بۆ یارمەتی دان بە منداڵان لەوێ بوون. ئاسنگەر تەماشای منداڵەکانی کرد کە گۆرانیان دەوت و سەمایان دەکرد و لای وابوو کە لە منداڵانی سەردەمی ئەو جوانتر و ئازاترن. بۆ ساتێ لە زاری دەرچوو کە ئالف لە سەردەمی منداڵیدا چی کردووە؟ لای وابوو هەموویان شایستەی ئەوەن کە ئەستێرەکە بدۆزنەوە. بەڵام زۆرتر لە تۆمی دەڕوانی. منداڵێکی خرپن کە نەیدەزانی جوان سەما بکات، بەڵام بۆ گۆرانی وتن دەنگێکی خۆشی هەبوو. کاتی لەتکردنی کێکەکە بێدەنگ دانیشتبوو و تەماشای تیژکردنی چەقۆکە و لەتکردنی کێکەکەی دەکرد. کوتوپڕ هاواری کرد:" ئاغای وەستا، تکایە لەتێکی بچووکم بۆ ببڕە ئەوەندەم خواردوە سکم پڕ بووە."

ئالف وتی:" زۆر باشە تۆم، لەتێکی تایبەتت بۆ دەبڕم. لام وایە پێی دەزانی کە بە ئاسانی دەچێتە خوارەوە."

ئاسنگەر تەماشای تۆمی کرد کە خەریك بوو کێکەکەی بە ئارامیی بەڵام بە تامەوە دەخوارد. هەر چەند کاتێك نگین یان پوولێکی تێدا نەدۆزییەوە

زۆر نیگەران بوو، بەڵام زۆر زوو نوورێك لە چاوەكانیدا دەستی كرد بە گەشانەوەو پێكەنی و خۆشحاڵ بوو و بە ئارامی لە بەر خۆیەوە دەستی كرد بە گۆرانی وتن. ئینجا لە شوێنەكەی خۆی هەستاو بە تاقی تەنها دەستی كرد بە سەماكردن. ئەویش بە وەها نەجابەتێكەوە كە تا ئەو كات هیچ كەس نەیدیبوو. منداڵەكان هەموویان پێكەنین و چەپڵەیان لێ دا.

ئاسنگەر بیری كردەوە:" كە وایە هەموو شت راستە. تۆ میراتگری منی. بیر لەوە دەكەمەوە ئەم ئەستێرەیە تۆ دەبا بۆ چ شوێنگەلێكی سەیر. نۆكێزی پیری هەژار. بەمەشەوە لام وایە هیچكات نازانێ چ رووداوێكی هەژێنەر لە بنەماڵەكەیدا رووی داوە."

هیچكاتیش نەیزانی. بەڵام لەو جەژنەدا شتێك رووی دا كە نۆكێز زۆری پێ خۆش بوو. بەر لەوەی جەژن تەواو بێت، وەستای چێشتلێنەر ئیزنی رۆشتی خواست لە منداڵەكان و هەموو ئەو كەسانەی لێ بوون.

وەستا وتی:" ئێستا ماڵئاوایی دەكەم. لەم یەك دوو رۆژەدا لێرە دەڕۆم. وەستا هارپێر بە تەواوی ئامادەیە بۆ ئەوەی جێگەی من پڕ كاتەوە. هارپێر چێشتلێنەرێكی زۆر باشەو وەك دەزانن خەڵكی گوندەكەی خۆشتانە. من دەگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆم. لام وا نییە بیرم بكەن."

منداڵەكان بە رووبەكی خۆشەوە ماڵئاواییان لێكرد و بە رێزەوە سوپاسی وەستایان كرد بۆ كێكێكی جوان كە بۆیانی ساز كردبوو. تەنها تۆمی بچووك بوو كە دەستی وەستای گرت و بە ئارامی وتی :"بە داخەوەم"

لە راستییدا بۆ ماوەیەك هەست بە جێگای چۆڵی ئالف دەكرا لە لای بنەماڵەكان. ژمارەیەك لە هاورێكانی بە تایبەت سمیت و هارپێر نیگەران بوون لە رۆشتنی و كۆشكەكەیان بە یادی ئەوەوە رازاوەو رەنگ كراو



هێشتەوە. بەڵام بە هەر حاڵ زۆربەی خەڵك رازی بوون و پێیان خۆش بوو. ماوەیەكی زۆر بە سەر ئەو سەردەمەدا تێدەپەڕێ كە ئالف پەیوەست ببوو بەوانەوە. بە دڵنیاییەوە پێیان خۆش بوو گۆرانێك روو بدات. بەڵام نۆكێزی پیر گۆچانەكەی كوتا بە زەویدا و بە دەنگێكی بەرز وتی: "سەرەنجام رۆیشت، زۆرم پێ خۆش بوو. هیچكات خۆشم نەویستووە. هەر چەند لێهاتوو بوو لە كارەكەیدا، تەنانەت دەكرێ بڵێین بە دەستوبرد بوو، زۆر بە دەستوبرد.

# وەرزێر و
# ئەژدیها

### پێشەکی

لە مێژووی نووسراوەیی پاشایەتی بچووک[39] ئاسەوارێکی کەم بەجێماوە، بەڵام بەختەوەرانە، باسێك دەربارەی چۆنیەتی دامەزرانی لە زیانی رۆژگار پارێزراو ماوەتەوە کە زیاتر وەك ئەفسانە دەچێت نەك راپۆرتی مێژوویی، چونکە ئەم بەرهەمە کۆمەڵێکە کە زۆربەی بۆچوونەکان لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە دەورەکانی دواتر و لە سەردەمانی دواتردا کۆکراونەتەوە، کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو لە شتی سەیر و سەمەرە، کە بە جێگای رۆژژمێری جێگای باوەڕو عەقڵانی، لە گۆرانییە خەڵکییەکانەوە وەرگیراوە کە نووسەری کۆمەڵەکە زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆرانیانە. ئەو خۆی بە تەنها ئەو راپۆرتانە دەنووسێتەوە کە چەند سەدە پێشتر روویانداوە، بەمەشەوە وەك ئەوە وایە خۆی دانیشتووی هەرێمی پاشایەتی بچووك بووبێت. هەموو زانیارییە جوگرافیایەکەی (کە زۆریش نییە) تایبەتە بەو هەرێمە و بە تەواوەتی ئاشکراو روونە کە لە ناوچەکانی باکوور یان لێواری رۆژئاوای ئەم هەرێمە بە تەواوەتی بێئاگا بووە.

---

[39] - Little kingdom



وەرزێر و
ئەژدیها

تەنها بیانوویەك کە دەکرێ هـەمان بێـت بـۆ وەرگێڕانـی ئـەم حیکایەتـە سەیرە، لە گێڕانەوە لاتینیە سەیر و سەمەرەو نامۆ و لە بـیر کراوەکەیـەوە، بۆ زمانی بەریتانیای مـەزن[40] ڕەنگە هەمان ئەو تیشکە کەم نـوورە بێـت کە دەکەوێتە سەر ژیانی خەڵکان لە یەکێك لـە سـەردەمە مێژوویـەکانی بەریتانیا، بەدەر لە دەوری ئەو حیکایەتـە لـە ڕوونتربوونـەوەی سەرچـاوەی بەشێك لە ناوە جوگرافیاییە دژوارەکـان. هـەر چـەند ڕەنگـە کەسـایەتی و ڕووداوەو قارەمانی ئەم حیکایەتە، لە خۆیدا بە دڵێ هەندێ لـە خوێنـەران نەبێت.

دیاریکردنی سنوورەکانی پاشایەتی بچووك لە باری کـات و شـوێنەوە، بـە هۆی کەم بوونی دیکۆمێنت و بەڵگە کارێکی ئاسان نییە. لەو ساتەوە کـە برۆتۆس[41] پێیی نایە دوورگـەی بـەریتانیاوە، زۆر پاشـایەتی و دەسـەڵات هاتن و ڕۆشتن. دابەش وڵات وڵات لە سـەردەمی پاشـایەتی لـۆکرین[42] و کامبێر[43] و ئالباناك[44] یەکەم نموونەیە لـەو ژمـارە زۆرە دابەشـبوونەی دواتـر دەبیـنین. هـۆگری ویلایەتـە بچـووکەکان بـە سـەربەخۆبوون، لـە لایەکەوەو تەماحی پاشاکان بـە داگیرکردنـی وڵاتـی گـەورەتر لـە لایـەکی ترەوە، مێژووی ئەو سەردەمە پڕە لە گۆڕانی خێرا لە شەڕو ئاشتی، شادی و خەم، یان بـە وتـەی مێژوونووسـەکانی سـەردەمی ئارتوورشـا: سـەردەمی سنوورە لەرزۆکەکان، سەردەمێ کە سەرکەوتن و شکسـتی پیاوەکـان زۆری نەدەخایانـد، گۆڕانیبێـژەکانیش بابـەتی زۆر و گـوێگری زۆریـان هـەبوو. ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەی ئێمەش لـە یـەکێ لـەم سـاڵانەی ئـەم مێـژووە

---

united Kingdom-[40]
. Burtus41
.Locrin42

Camber-[43]
Albanac-[44]



درێژماوەیەدا، ڕەنگە بەر لـە سـەردەمی پاشـایەتی کۆئـل[45] بـەڵام دوای پاشایەتی ئارتۆر یان پاشـایەتی حـەوت قـۆڵی لـە بـەریتانیا ڕوویانـداوە، شوێنی ڕوودانیشـیان بێگومـان دۆڵـی تیمـز[46] لـە بـاکووری ڕۆژئـاواو سنوورەکانی وێلز بووە.

بێگومان پایتەختی پاشایەتی بچووکیش، وەك پایتەختی ئێمە، لـە بەشـی باشووری ڕۆژئاوا بووە، هەرچەند هەرێمەکەی بە دروسـتی ڕۆشـن نییـە. وا دیارە ئەم هەرێمـە هـیچ کـات لـە درێـژایی چـۆمی تێمـز بـەرەو ناوچـە ڕۆژئاواییەکان گەشەی نەسەند، بەرەو بـاکووریش لـە سـنوری ئۆتمـۆر[47] بەولاتر نەڕۆیشت، سنوورە ڕۆژهەڵاتییەکانی نادیارە. لەو حیکایەتانەی لـە ئەفسانەی گێئۆرگیۆس[48] کوڕی گایلێز و نۆکەری ڤی سـۆوتاریلیووس[49] (یاسووت[50]) بە جێماوە، هەندێ هێما دەبیندرێ کە باس لەوە دەکەن کـە سـەردەمانێك لـە فـارینگهۆ[51] قەڵایـەکی سـنووری دژ بـە پاشـایەتی ناوەڕاست بوونی هەبووە. بـەڵام حیکایەتەکـەی ئێمـە کـاری بـەوە نـەداوە، حیکایەتێك کە ئێسـتا بـە بـێ هـیچ کەموکوورتیـەك یـان زیـاد کردنـێ دەکەوێتـە بـەردەم خوێنـەران، هەرچـەند کـە نـاوە سـەرەکی و سـەرنج ڕاکێشەکەی، بە پێی سەردەمەکان، تا ئاستی وەرزێر گایلێز خـەڵکی هـەم دابەزیوە.

---

King Coel-[45]
Thames-[46]
Otmoor-[47]
Georgius-[48]
suovetaurilius-[49]
suet-[50]
Farthingho-[51]

ئاژیدیووس دووهاموو[52] پیاوێك بوو خەڵكی ناوچە ناوەندییەكانی دوورگەی بەریتانیا. ناوە تەواوەكەی ئاژیدیووس ئاهنوباربووس ژوولیوس ئاگریكوولا دووهاموو بوو. بەختەوەرانە ئەو سەردەم دوورگەی بەریتانیا هێشتا لە ژمارەیەكی زۆر پاشانشین پێكدەهات و خەڵكیش لە هەڵبژاردنی ناودا زۆر دڵكراوەو دەست و دڵ ئاوەڵا بوون. لەو سەردەمەدا خەڵك كاتی زۆرتریان هەبوو و ژمارەشیان كەمتر بوو. كەوایە زۆربەی كەسەكان ناسراو و ناو دەركردوو بوون. بەڵام ئێستا ئەو سەردەمە بە سەرچووە، كەوایە منیش لە درێژەی چیرۆكەكەدا ناوەكەی بە كورتی و بەو شێوەیەی كە خەڵك بانگیان دەكرد بە كاردەهێنم: گایلیێزی وەرزێر خەڵكی (هەم) كە ریشێكی سووریشی هەبوو. بەڵام (هەم) تەنها گوندێكی بچووك بوو، بەڵام ئەو سەردەم گوندەكان هێشتا سەربەرز و سەربەخۆ بوون. گایلیێزی وەرزێر سەگێكیشی هەبوو بە ناوی ژارم.[53] لەو سەردەمەدا سەگەكان ناچاربوون كە بە ناوە كورتەكانی زمانی رەشۆكیانە درووست بكەن و زمانی لاتینی كتێبی تایبەتی خواپێداوەكان بوو. ژارم تەنانەت نەیدەتوانی بە زمانی لاتینی سەگی قسە بكات. بەڵام- وەك زۆربەی سەگەكانی سەردەمی خۆی- زمانی خەڵكی بە كاردەهێنا بۆ لاتێتی كردن، فشەكردن و زمان لووسی: لاتێتی كردن تایبەت بوو بە گەداو رێبوارە غەریبەكان، فشەكردن تایبەت بوو بە سەگەكان و زمانلووسی تایبەتی خاوەنەكەی بوو. ژارم هەم شانازی بە گایلیێزەوە دەكرد و هەم لێی

---

[52] Aegidious de hammo.

[53] Garm.



دەترسا، چونكە گالیێز هەم لە لاتێتی كردن و هەم لە فشەكردندا لەو سەرتر بوو.

سەردەم سەردەمی پەلەكردن و هەراوهوریا نەبوو. بەڵام هەرواو هوریاو غەڵبەغەڵبكردن هیچ پێوەندییەكی بە كەسب و كارەوە نەبوو. خەڵك بە بێ ئەوانەش كارەكانیان ئەنجام دەداو بەم شێوەیە هەم لە كاركردندا و هەم لە فرەوێژیدا سەركەوتوو بوون. شتی زۆر هەبوو بۆ وتن و بیستن، چونكە رووداوی گرنگ كە فەرامۆش نەكرێ بەردەوام روویان دەدا. بەڵام سەردەمی رووداني ئەم چیرۆكە لە راستیدا لەمێژ بوو كە وەها رووداوێك لە (هەم) رووی نەدابوو. بەمەشەوە گایلیێزی وەرزێر لەم دۆخە زۆر رازی بوو. ئەو لە خۆیدا پیاوێكی ئارام و سارد و سڕ بوو، شێوەی ژیانیشی نەگۆڕ بوو و سەرقاڵی كاری خۆی بوو. بە وتەی خۆی پاراستنی ئەم ژیانە، واتە پاراستی ئاسایش، تێر بوون و ژیانێكی ئارام كە باوكی لە ژیانی خۆیدا هەیبوو، (ئەمیش) بە كارێكی كەمی نەدەزانی. هەڵبەتە سەگەكەشی یارمەتی دەدا. هیچكام لەو دوانە ئەوەندە لە بیری جیهانی پان و بەرینی ئەو بەری كێڵگەكەو گوند و نزیكترین بازاڕدا نەبوون.

بەڵام بتەوێ و نەتەوێ جیهانی بەرین لەوێ بوو. لە مەودایەكی نە زۆر دوور دارستان هەبوو، بەرەو باكووری رۆژئاواش **تەپۆڵكەی وەحشی** و سنووورە نائەمنەكانی ناوچە كوێستانیەكان. یەكێ لەو بوونەوەرە ئازاد و وەحشیانەی كە هێشتا لەو ناوچەیە دەژیا غوولەكان بوون. خەڵكانێكی بێ ئەدەب و نەزان كە زۆر جار كێشەیان ساز دەكرد. یەكیان بە تایبەت گەورەترو نەزانتر لەوانیتر بوو. هەرچەند هیچ ناونیشانێكیان لەم غوولە لە

مێژوودا نەبینی، بەڵام ئەمە زۆر گرنگ نییە. ئەوە تەواوە کە بزانین کە ئەو غوولێکی ئێجگار گەورە بوو و داردەستێکی بە دەستەوە بوو بە قەد دارێکی گەورە. هەنگاوەکانیشی زۆر ترسێنەر و قورس بوون. دار پەڵکەکانی وەك گیاکان دەدا بە لاوەو لە ناویانەوە رەت دەبوو. بەڵای گیانی جادە و وێرانکەری باخەکان بوو، چونکە پێ گەورەکانی لە زەویدا کونایەکی گەورەی درووست دەکرد بە بە قووڵایی چاڵێك. ئەگەر بە رێکەوت لەتری بدایەو بکەوتایە بە سەر خانوویەکدا ئەو ماڵە وێران دەبوو. بۆ هەر کوێ برۆشتبا وێرانییەکی لە دوای خۆی بە جێدەهێشت، چون سەری زۆر بەرزتر بوو لە میچی ماڵەکان ، هەر بۆیە چاوی لە بەر پێی نەبوو. غوولێکی نزیك بین و دەکرێ بڵێین کەڕیش بوو. بەڵام بەختەوەرانە غوولی چیرۆکەکەی ئێمە لە شوێنێکی دوور و لە سەرزەمینێکی وەحشی دەژیا و زۆر کەم، ئەویش نەك بە ئەنقەست رێی دەکەوتە شار و ئاوەدانی. غوول لە کوێستاندا ماڵێکی گەورەی هەبوو کە ئەوەندە کەمتەرخەم بوو بەرامبەر بە خانوەکەی خەریك بوو وێران دەبوو. لە بەر کەڕی و نەزانی و ئەحمەق بوون و هەروەها کەم بونی غوولەکان لە راستییدا هاوڕێیەکی نەبوو. خووی گرتبوو بە پیاسەکردن بە تاقی تەنها بڕواتە **تەپۆڵکە وەحشییەکان** و ئەو شوێنە چۆڵانەی داوێنەی کێوەکان کە کەسی لێنەدەژیا.

رۆژێکی خۆشی هاوین، غوول چووبوو بۆ گەڕانو لە خۆڕا خەریکی پیاسەکردن بوو و وەك هەمیشە خەریکی وێرانکردنی دارستان و بێشەزارەکان بوو. کوتوپڕ بە ئاوا بوونی خۆری زانی و بە قۆڕەی زگیدا زانی



کە کاتی نانخواردنی شەوە. ئینجا تازە زانی لە سەرزەمینێکی نەناسراودا ون بوو و رێ دەرناکات. گومانەکەی دەربارەی رێگای ماڵەوە هەڵە بوو، هەر بۆیە ئەوەندە رۆشت و رۆشت تا شەو بە تەواوەتی داهات و هەوا تاریك بوو. غوول بە ناچار لە چاوەڕوانی هەڵهاتنی مانگدا لە سەر زەوی دانیشت. سەرەنجام مانگ هەڵهات و غوولەکە هەمدیسان رۆشت و رۆشت و رۆشت. ئێستا بە ئیرادەیەکی پتەوەوەو هەنگاوی هەڵدەگرت چونکە دەیویست زوو بگاتە ماڵەوە. غوولەکە باشترین قازانگە مسینەکەی لە سەر ئاگر نابوو و دەترسا بنەکەی بسووتێ، بەڵام غوولە پشت لە کوێستان رێی دەکرد و ئێستا گەیشتبووە شوێنێ کە مرۆڤەکان لێی نیشتەجێ بوون. لە راستیدا ئێستا خەریك بوو لە مەزرای ئاژیدۆس ئاهنۆباربووس ژوولیوس ئاگریکوولاو گوندێ نزیك دەبۆوە کە ( خەڵکی ئەو ناوچە ) پێیان دەوت (هەم). شەوێکی خۆش بوو. مانگاکانی لە مەزرا دەلەوەڕانو سەگەکەی گایلێز بێئاگا لە هەموو شتی بۆ گەڕان لە ماڵ چووبووە دەر. ژارم زۆری حەز لە مانگ و کەروێشکەکان بوو. بەڵام نەیدەزانی ئەمشەو غوولێك لەو نزیکانە خەریکی گەڕانە. بۆ ژارم کە بێ ئیزن لە ماڵ چووبووە دەر بوونی غوولەکە دەیتوانی بیانوویەکی باش بێت. رەنگە بیانوویەکی باشتر بایە بەوەی ئارام و بێدەنگ لە ماڵەوە بمێنێتەوە. نزیك سەعات دوو غوولەکە گەیشتە مەزرای گایلێز، پەرژین و دیوارەکانی مەرزاکەی رووخاند، بەرهەمەکانی لە ژێر پێ ناو چیمەن بڕەکەی وردوخاش کرد. لە ماوەی پێنج خولەکدا وەها خەسارێکی بە مەزراکە گەیاند کە راوچییەکانی دەربار نەیاندەتوانی بیکەن. ژارم دەنگی سەیر و

سەمەری لە لای چۆمەکەوە دەبیست و تەنها بۆ ئەوەی بزانیٚ چ بووە، بەرەو ڕۆژئاوای ئەو تەپۆڵکە هەڵهات کە ماڵی وەرزێری لە سەر بوو. کوتوپڕ غوولەکەی دیت کە لە پەڕینەوە لە چۆمدا، پێی نا بە سەر **گالاتئا** گا خۆشەویستەکەی گایلێزدا. ئەو گیانلەبەرە بێچارەیە وەك چۆن قالۆنچەیەك لە ژێر پێی گایلێزدا دەتلقێتەوە، پان بۆوە. دیتنی ئەو دیمەنە بۆ ژارم بەس بوو. لە ترسا هاواری کرد و بەرەو ماڵ هەڵهات. ژارم بە تەواوی لە بیری چووبۆوە کە بێ ئاگادارکردنەوەی کەس لە ماڵ هاتۆتە دەر. چووە بەر دەم دەلاقەی ژووری خەوی خاوەنەکەی و دەستی کرد بە قیژە قیژ و وەڕین. بۆ ماوەیەك هیچ وەڵامێکی نەبیست. گایلێزی وەرزێر بەم ئاسانییە لە خەو هەڵنەدەستا. ژارم هاواری کرد " فریا کەون! فریا کەون! فریا کەون!".

کوتوپڕ دەلاقەکە کراوەو بتڵێ ئاو بەرەو سەگەکەی فڕێ درا.

سەگەکە قورووسکاندی و بەو پەڕی لێهاتوویەوە خۆی لە بتڵە ئاوەکە لادا.

"فریا کەون! فریا کەون! فریا کەون!"

وەرزێر سەری لە دەلاقەکە هێنایە دەرو وتی " لەعنەتت لێ بێ چ سەگێکی! چ بووە؟"

سەگەکە وتی: "هیچ"

وەرزێر لە حالێکدا خەریك بوو دەلاقەکەی دادەخست وتی: "منیش هیچت پێ نادەم و بەیانی کەوڵت دەکەنم."

سەگەکە هەمدیسان هاواری کرد:" فریا کەون! فریا کەون! فریا کەون!"

گایلێز هەمدیسان سەری هێنایە دەر. " ئەگەر جارێکیتر هاوار بکەی دەتکوژم، چیتە، گەوجەی نەفامە؟"



سەگەکە وتی: "من هیچ، بەڵام تۆ شتێکت لێ هاتووە." گایلێز لەگەڵ ئەوەی تووڕە بوو سەری سووڕماو وتی: "یانی چی؟ هیچکات ژارم وەها بێشەرمانە بەرامبەر بە گایلێز قسەی نەکردبوو."

سەگەکە وتی: "غوولێك لە مەزراکەتدایە. غوولێکی گەورە کە بەرەو ئێرە دێت و فریا کەوە! فریا کەوە! مەڕەکانت پان دەکاتەوە. گالاتئای بێچارەی تلقیانەوەو گاکەت پان بۆوە. فریا کەوە! فریا کەوە! پەرژینەکان خراپ دەکاو بەرهەمەکانت لە بەین دەبات. گەورەم دەبێ نەترس و فرز بیت. ئەگەر وا نەبیت هیچت بۆ ناهێڵێتەوە." دواتر دەستی کرد بە قرووسکاندنەوە.

"بێدەنگ بە" وەرزێر دەلاقەکەی داخست و ڕۆشت. لە بەر خۆیەوە وتی: "ئەی هاوار، پەنا بۆ تۆ خوایە!" هەرچەند هەوا گەرم بوو بەڵام دەلەرزا.

ژنی گایلێز پێی وت: "گەوج مەبە. ئارام بەو بنوو، بەیانیش ئەم سەگە بکوژە. قسەی سەگ جێی متمانە نییە، لە خۆوە حیکایەت ساز دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە کێشەکان دوور بخەنەوە."

وەرزێر وتی: "ڕەنگە وا بێت ئاگاتا، ڕەنگیشە وا نەبیت، بەڵام ئەگەر لە مەزرا هیچ ڕووی نەدابێ ژارم بە جێگەی ئەوەی سەگ بێت کەروێشکە. ئەو بێچارە زۆر ترساوە. بۆ دەبێ نیوە شەو هاوار هاواری بێت لە حالێکدا دەیتوانی بەیانی بە هێواشی لە دەرگاکەی دواوەوە بێت و چاوەڕوانی شیر بکات بۆ خواردنی بەیانی."

ژنە وتی :" دەمە دەمە لەگەڵ من مەکە، ئەگەر بە ڕاست باوەڕ بە قسەکەی دەکەی وەك وتی بوێر و ئازا بە!"

گایلێز کە لە راستیدا باوەڕی بە نیوەی رووداوەکە کردبوو وەڵامی داوەو وتی: "بە زوان ئاسانترە" بە راستی بوونی وەها غوولێ لەم نیوە شەوەدا شتێکی باوەڕ پێنەکراو نییە.

بە هەموو ئەمانەوە موڵك، موڵکە و گایلێزی وەرزێر شێوازێکی تایبەتی هەبوو بۆ تەمبێکردنی ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر موڵکەکەی کە تەنها کەسانێکی کەم دەیانتوانێ بەرامبەری بوەستنەوە. کەوایە وەرزێر پانتۆڵەکەی لە پێ کرد و بەرەو چێشتخانە رۆشت و لە سەر دیوارەکەی بلاندرباس[54]ەکەی هەڵگرت. رەنگە هەندێ کەس بپرسن بلاندرباس چییە؟ لە راستیدا دەگێڕنەوە ئەم پرسیارەیان لە چوار زانای ئۆکسفۆرد پرسیوەو ئەوان دوای قووڵ بوونەوەو رامانێکی زۆر لە وەڵامدا وتوویانە :"بلاندرباس چەکێکی کورتە بە مەخزەنێکی گەورەوە کە دەتوانێ ساچمە یان کانزاکان بکاتە ئاگر و دەتوانێ لە مەودایەکی کورتدا بە بێ وردەکارییەکی زۆر کار بکات. ( ئەمڕۆکە لە وڵات پێشکەوتووەکاندا چەکە ئاگرینەکان جێگەی ئەو چەکەیان گرتۆتەوە.)"

بە هەر حاڵ بلاندرباسی گایلێزی وەرزێر دەمێکی گەورەی هەبوو کە دەیتوانی وەك شەیپوور بکرێتەوە و جگە لە ساچمە یان لەتە کانزا هەر خرت و پرتێکی تر بخاتە ناوی و هیچکاتیش تەقەی پێ نەکردبوو. تەنها ئەو شتەی بۆ تەماشاکردن دەدی و ئەمە تەنها مەبەستی بوو، وڵاتەکەی هێشتا پێشکەوتوو نەبوو، چونکە هیچ چەکێ باشتر لە بلاندرباس نەبوو لەو وڵاتەدا. لە راستیدا بلاندرباس تەنها چەکی گەرم بوو کە زۆر کەمیش

Blunderbuss-[54]



دەستدەکەوت. خەڵك زیاتر حەزیان لە تیر و کەوان بوو و بارووتیان تەنها بو کایەکردن بە ئاگر بە کاردەهێنا.

بەڵام درێژەی رووداوەکە. گایلێزی وەرزێر بلاندرباسەکەی هەڵگرت و بە تەواوی پڕی کرد لە باroوت. چونکە گومانی ئەوەی هەبوو شتەکە راست بێت. دەمە بازەکەی چەکەکەی پڕ کرد لە بزمارە کۆن و لەتە وایەر و لەتوکوتی قۆریە شکاو و ئێسك و وردەبەرد و خرتوپرتی تر. دواتر چەکمە و عەباکەی لە بەر کردو لە حەوشەی چێشتخانەکەوە چووە دەرەوە. مانگ نزم و لە پشت سەریەوە بوو. نەیدەتوانی شتێکی ترسێنەرتر لە سێبەری گەورەو رەشی بنچك و دارەکان ببینێ. بەڵام دەنگی زرمە زرمێکی ترسێنەر لەو بەری تەپۆڵکەکەوە دەهات. سەرەڕای ئەوەی ئاگانا ئامۆژگاری کردبوو، بەڵام نە هەستی بە بوێری کرد و نە ئازا بوون. زیاتر نیگەرانی موڵکەکەی بوو تا گیانی. کەوایە لەگەڵ ئەوەی لە دڵەوە دەترسا بەرەو خوارەوەی تەپۆڵکەکە بەڕێکەوت.

کوتوپڕ لە سەر تەپۆڵکەکە دەموچاوی غوولەکە دەرکەوت. دەموچاوی غوولەکە لە مانگدا کە چاوە گرد و گەورەکانیدا دەدرەوشاوە زەردهەڵگەڕاو هاتە بەرچاو. هێشتا پێکانی لە پشت تەپۆڵکەکە بوو و زەوییەکانی کون دەکرد. مانگ ببوو بە هۆی شەوارە بوونی غوولەکەو نەیدەتوانی وەرزێر ببینێ. بەڵام گایلێزی وەرزێر ئەوی دیت و زیاتر لەوەی کە بیری لێدەکردەوە لێی ترسا. بە بێ هیچ وەستانێك دەستی نا بە سەر پەلە پیتکەکەدا و بلاندرباس بە دەنگێکی گەورە خاڵی بۆوە. بەختەوەرانە چەکەکە کەم تا زۆرێك بەرەو دەموچاوی غوولەکە تەقابوو. وردە بەرد و

ئێسك و لەتە سواڵەت و وایەر و بزمار و خرتوپرتەکان بەرەو غوولەکە هەڵفڕین و لەو رووەوە کە گوولـلەی چەکەکە تا مەودایەکی دیاریکراو دەڕۆشت، بەشێکی زۆر لەو شتانە بە شێوەی کوتوپڕ و بە بێ ویستی وەرزێر دای بە دەموچاو غوولەکەدا. لەتە قۆریەکی شکاو دای بە چاویدا و بزمارێکی گەورە چوو بە لووتیا.

غوولەکە بە زمانێکی غوولانە وتی: "ئەم پیسانە، پێیانەوە دام" دەنگەکەی نەبیست (چونکە کەڕ بوو) بەڵام بزمارەکەی پێ ناخۆش بوو.

چەند ساڵ بوو کە هیچ زیندەوەرێك لێی نزیك نەبێوە کە بتوانێ پێستی گەورەکەی کون بکات، بەڵام بیستبووی دەیانگوت لە رۆژهەڵات، لە گەنداوەکان، هەندێ مێشوولە هەن کە دەتوانن وەك مقەستی گەرم گاز بگرن. وای زانی ئەو مێشوولانە پێانەوە داوە.

غوولە وتی: "وا دیارە ئێرە شوێنێکە لەو شوێنە گەنکاوە پیسانە، ئەمشەو ئیتر نابێ لەمە زیاتر بڕۆمە پێش."

کە وا بوو غوولەکە جووتێ مەڕی لە لای تەپۆڵکەکە هەڵگرت بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بیخوا و بەرەو چۆمەکە کەوتە رێ و بە خێرایەکی تەواوی بەرەو پێچەوانەی رۆژئاوا کەوتە رێ. سەرەنجام رێگای ماڵەوەی دۆزیەوە چونکە رێگای درووستی گرتبووە بەر، بەڵام بن قازانگە مسینەکەی سووتابوو.

بەڵام با بزانین گایلێزی وەرزێر چی بەسەرهاتووە. کە بلاندرباسەکە تەقی بە پشتا کەوت. وەرزێر هەر بەو شێوەی تەماشای ئاسمانی دەکرد و لە خودا دەپاڕاوە غوولەکە لە کاتی رەت بوون پێی بە سەردا نەنێ. بەڵام هیچ رووی نەداو دەنگی زرمە زرم تا دەهات کەم دەبۆوە. وەرزێر هەستا، شانی تەکاند و بلاندرباسەکەی هەڵگرت. بەڵام کوتوپڕ بیستی خەڵك هوورا دەکێشن.

زۆربەی خەڵکی هەم رووداوەکەیان لە پشت دەلاقەکانیانەوە دیبوو و هەندێکیشیان جلوبەرگیان لە بەر کردبوو و هاتبوونە دەر(هەڵبەتە دوای هەڵهاتنی غوولەکە) ئێستاش چەند کەسێك بە دەم هاوارکردنەوە بە تەپۆڵکەکدا سەر دەکەوتن.

خەڵکی گوندەکە دەنگی ترسێنەری هەنگاو هەڵگرتنی غوولەکەیان بیستبوو. زۆربەیان دەستبەجێ لێفەیان کێشابوو بە سەر خۆیانداو بەشێکیشیان چووبوونە ژێر قەرەوێڵەکان. بەڵام وەك وتم ژارم هەم شانازی بە خاوەنەکەیەوە دەکرد و هەم لێی دەترسا. کە وەرزێر توورە دەبوو سەگەکە ئەوی بە گەورەو ترسێنەر دەزانی و لاشی وابوو کە غوولەکان دەبێ بەم شێوە بیر بکەنەوە. کە وایە کە گایلێزی دیت کە بە بلاندرباس (ئەم هێمایەی توورەی و رق)ەوە بەرەو کێڵگەکە دەڕوا، بە وەڕەوەڕ و هاوارکردن بەرەو گوندەکە هەڵهات!

"وەرنە دەرێ! وەرنە دەرێ! وەرنە دەرێ! هەستن لە خەو! هەستن لە خەو! وەرن ئەربابە گەورەکەی من ببینن، ئەو بوێرو ئازایە و دەیەوێ تەقە لەو غوولە بکات کە هێرشی کردۆتە سەر مەزراکە. وەرنە دەرێ!"

سەر تەپۆڵکەکە لە زۆربەی ماڵەکانەوە دیار بوو. کە خەڵك و سەگەکە دەموچاوی غوولەکەیان لە سەر تەپۆڵکەکە دیت هەموو ترسان و متەقیان لێوە نەدەهات. جگە لە سەگەکە هەمووان لایان وابوو گایلێز تووشی کێشەیەکی گەورە بووە. هەر ئەو کاتە بلاندرباسەکە خاڵی بۆوە و

کوتوپڕ غوولەکە گەڕاوە و ئەوان بە خۆشحاڵییەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدا و هوورایان دەکێشا، ژارم ئەوەندە حەپە حەپی کرد تا مێشکی سەری خۆی برد. خەڵك هاواریان دەکرد: "هوورا! ئەم تەقەیەی ئەرباب ئاژیدیۆس تەمبێیەکی باش بوو بۆ ئەو سەگە. ئێستا غوولەکە دەڕواتەوە ماڵەوەو دەمرێ و حەقی خۆیەتی دەبێ وای پێ بێت." ئیتر هەمووان پێکەوە هوورایان کێشا، بەڵام هەر ئەو کاتە بۆ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی داهاتووی خۆیان ئەم خاڵەیان هێناوە یادی خۆیان کە بە راست بلاندرباسەکەی وەرزێر تەقە دەکات. لە میوانخانەی گوندەکەدا پێشتر لەم بارەوە زۆر باس کرابوو، بەڵام ئێستا پرسیارەکە وەڵامی درابۆوە. دوای ئەوە ئیتر گایلێزی وەرزێر کێشەیەکی وەهای نابێ لەگەڵ ڕێبوارەکان.

سەرەنجام کاتێ هەموو شت بە چاکە و خۆشی تەواو بوو، هەندێ لەو گوندییانەی کە بوێرتر بوون لە تەپۆڵکەکە هاتنە سەر و دەستیان لەگەڵ گایلێز لێ داوە. هەندێکیان، لەوانە قەشەو ئاسنگەر و ئاشەوان و چەند کەس لە پیاوە ناسراوەکانی تر، دایان بە پشتییا. وەرزێر ئەم کارەی پێ خۆش نەبوو (پشتی بریندار بوو)، بەڵام هەستی کرد لە سەریەتی دەبێ ئەم خەڵکە بباتە ماڵەوە. لە چێشتخانە بە دەوری کورسییەکدا دانیشتن و خواردیانەوە بە خۆشی وەرزێر و بە دەنگی بەرز ستایشی ئەو کارەی ئەویان کرد. وەرزیر هەوڵی نەدەدا باوێشکەکانی بشارێتەوە، بەڵام تا شەراب هەبوو میوانەکان سەرنجیان نەدایە باوێشکەکانی. کاتێ کە هەر کامەیان یەك یان دوو پێکیان خواردەوە، (گایلێز دوو یان سێ پیاڵە)، وەرزێر ئارام ئارام هەستی بە دلێر بوون کرد، کە هەر کام لە میوانەکان دوو یان سێ پێکیان خواردەوە، (گایلێز پێنج یان شەش پێك) ئەوەندە خۆی بە بوێر دەزانی بە هەمان رادەی کە سەگەکەی لای وابوو. وەك هاوڕێیانێکی باش لێك جیا بوونەوەو وەرزێر بە نیشانەی هاوڕێیەتی دەستی دا بە پشتی هەرکامەیاندا. دەستەکانی وەرزێر گەورە و سوور و بەهێز بوون، کە وایە ئەویش تۆڵەی خۆی سەندۆتەوە.

ڕۆژی دواتر هەواڵی ئەم رووداوە لە هەموو شوێن بڵاو بۆوە و لەم پرۆسەی گێڕانەوەدا شتی پێ زیاد کرا، ئێستا ئەو یەکێك بوو لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ناوچەکە. تا ناوەڕاستی حەوتووی دواتر ئەم هەواڵە لە هەموو گوندەکانی دەوروبەر بە مەودای 4 فەرسەخ بڵاو بۆوە. ئێستا ئەو ببوو بە قارەمانی وەرزێرەکان. گایلێز ئەم شتەی پێ خۆش بوو. لە حەوتوو بازاڕی دواتردا ئەوەندی شەراب بە پێشکەشی وەرگرت کە دەیتوانی بەلەمێکی لێ پڕ بکات. کە وایە بە سکێکی پڕ و لە حاڵێکدا سروودە حەماسییەکانی دەوتەوە گەڕاوە بۆ ماڵەوە.

سەرەنجام پادشاش هەواڵی ئەم رووداوەی بیست. پێتختەتی ئەو دەسەڵاتدارییە، کە ئەو سەردەمە خۆشە پێی دەوترا پاشایەتی ناوەڕاستی دوورگە، 20 فەرسەخ لە "هەم" دوور بوو، بە شێوەی باو دەربارییەکان کەمتەرخەم بوون بەرامبەر بە ژیانی گوندییەکان. بەڵام دوای دەرکردنی وەها غوولێك بە دڵنیاییەوە پێویست بوو سەرنجێکی هەرچەند کەمیان پێ بدرێت و رێز لەم کارە بگیردرێ. کە وایە دوای ماوەیەك- نزیك بە سێ مانگ دواتر و لە سەردەمی جەژنی سێنت مایکل- پادشا نامەیەکی شکۆداری بۆ گایلێز نارد. نامەکە بە مەرەکەبی سوور و لە سەر پێستی

سپی نووسرابوو و دەربڕی سەرنجی پادشا بوو بۆ "ڕەعیەتی شایستە و جێگەی سەرنجی ئێمە ئاژیدیۆس ئاهێنۆباربۆس ژوولیۆس ئاگریکۆلا دووهامۆ".

نامەکە بە هێمای سوور مۆر کرابوو، بەڵام سکرتێری دەربار ئەم نامەیەی خستبووە تەك ئەو نامە: ئێگۆ ئاگوستۆس بونیفاسیۆس ئامبرۆسیۆس ئۆرلیانۆس ئانتۆنیۆس پێرس ئات ماگنیفیکۆس، دۆکس، ڕێکس، تیرانۆس ئەت باسیلۆس مەدیترانیارۆم پارتیۆم سابسکریبۆ. مۆرێکی سووری گەورەیان دابوو لە نامەکە. کە وایە شتێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگر بوو کە نامەکە ڕاست بوو. ئەم نامەیە بوو بە جێگای ڕەزامەندی تەواوی گایلێز، ئەوانی تریش ڕێزیان بۆ ئەم نامەیە دادەنا، بە تایبەت کە زانیان ئەگەر بیانەوێ نامەکە ببینن دەتوانن لە لای سۆپای گەرم دانیشن و شەرابی خۆڕایی بخۆنەوە.

باشتر لە نامەی پادشایانە پێشکەشییەك بوو کە لەگەڵ نامەکە نێردرابوو. شا قایش کەمەرێك و شمشێرێکی بەرزی ناردبوو بۆ گایلێز. لە ڕاستییدا شا خۆی هیچکات ئەو شمشێرەی بە کار نەهێنابوو. شمشێر میراتی بنەماڵەکەی بوو و لە مێژ بوو لە مۆزەخانەی دەرباردا هەڵواسرابوو. شمشێری ڕاست و قورسی لەو چەشنە ئیتر باو نەبوو. کە وایە شا بیری کردەوە ئەم باشترین پێشکەشییە بۆ گوندییەك. بەڵام گایلێز بە دیتنی شمشێرەکە خۆشحاڵ بوو و ناوبانگی لە ناوچەکەدا تەواو دەنگی دایەوە.

گایلێز لەو گۆڕانەی کە لە ژیانییدا ڕووی دابوو خۆشحاڵ بوو و سەگەکەشی هەروەها هەستێکی هەبوو. سەگەکەی هیچ کات تامی ئەو



تەمبێیەی نەچێشت کە گایلێز بەڵێنی دابوو. گایلێز بە پێی تێگەیشتنی پیاوێکی بە وێژدان بوو. لە لای خۆیەوە بەشێ لەو ناودەرکردنەی لە چاوی ژارم دەدی، بەڵام هیچ کات باسی لێوە نەدەکرد. ئێستاش هەر کات بە پێویستی بزانیبیا قسە و شتی ڕەقی دەگرتە سەگەکەی، بەڵام هەندێ لە هەڵە بچووکەکانی سەگەکەی لە بەرچاو نەدەگرت. ژارم بۆ گەڕان دەچوو بۆ مەزرا دوورەکان. وەرزێر بە هەنگاوی گەورە پیاسەی دەکرد و چێژی وەردەگرت لە بەختی بەرزی خۆی. کاروبار لە پاییز و سەرەتای زستاندا بە باشی بەڕێوە دەچوو. هەموو شت بە ڕێکوپێکی دەچووە پێش تا ئەوەی ئەژدیهاییەك دەرکەوت.

تەنانەت لەو ڕۆژانەدا ئەژدیهاکان لە دوورگەدا خەریك بوو تەواو لە ناوبچن. لە مێژ بوو لە هەرێمی ناوەڕاستدا، واتە هەرێمی ئاگوستۆس بۆنیفاکوسدا هیچ ئەژدیهاییەك نەبینرا بوو. هەڵبەت لەلایەن ڕۆژئاواو باکوورەوە، سنوورەکان و کوێستانەکان هێشتا نائەمن بوون، بەڵام ئەو شوێنانە زۆر دوور بوون لە پایتەخت. سەردەمانێك لەو شوێنانە ژمارەیەك ئەژدیها لە جۆرە جۆراوجۆرەکانی لەوێ دەژیان کە هێرشیان کردبووە سەر ناوچەیەکی بەربلاو. بەڵام لەو سەردەمەدا پاشایەتی ناوەڕاست ناوبانگێکی فراوانی هەبوو بە هۆی پاڵەوانە دلێر و بەهێزەکانییەوە، ژمارەی ئەژدیها کوژراو و بریندارەکان ئەوەندە زۆر بوون کە ئەژدیهاکانی تر ئیتر دەستبەرداری هێرشکردن بۆ ئەوێ بوون.

هێشتا باو بوو لە کاتی جەژنی کریسمسدا کلکی ئەژدیها لە سەر سفرە دانێن و هەر ساڵێك پاڵەوانێك بۆ ڕاو هەڵدەبژێردرا. چاوەڕوانی ئەوەی لێ

دەکرا لە ڕۆژی سێنت نیکۆلاسدا سەفەرەکەی دەست پێ بکات و بەر لە ئاوا بوونی ڕۆژی جەژن بە کلکی ئەژدیهاوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. بەڵام ئێستا ئەوە چەند ساڵ بوو چێشتلێنەری دەربار لە بری کلك، شیرینییەکی خۆشی درووست دەکرد، شیرینییەك کە لە کلکی ئەژدیها دەچوو و پڕ بوو لە کێك و هەویری بادام و شەکرێکی زۆر. دواتر پاڵەوانی هەڵبژێردراو کلکە دەستکردەکەی دەهێنایە ناو هۆڵەکەوە و لەم ڕێوڕەسمەدا مۆسیقارەکان مۆسیقایان دەژەند و شەیپوور لێ دەدرا. کلکە دەستکردەکە لە ڕۆژی کریسمسدا دوای نانی شەو دەخورا و بۆ ئەوەی دڵی چێشتلێنەر را بگرن هەمووان دەیانگوت شیرینی بە تام ترە لە کلکی راستەقینە.

بارودۆخەکە بەم شێوە بوو تا ئەوەی ئەژدیهایەکی راستەقینە دەرکەوت. ئەم کارەش هەموو تاوانی غوولەکە بوو. دوای بە سەرهاتەکەی غوولەکە خووی گرتبوو زیاتر لە عادەتی خۆی و ویستی خزمان و دۆستانی، لە کوێستانەکاندا بگەڕێ و سەردانیان بکات. چونکە ئێستا هەموو کات هەوڵی دەدا قازانگێکی مس بە قەرز وەربگرێ. بەڵام چ بە قازانگەوەو چ بێ قازانگ، دادەنیشت و بە شێوە قورس و درێژ دادڕەی تایبەت بە خۆی باسی لە ناوچەیەکی زۆر خۆش دەکرد لە ڕۆژاواو سەیرو سەرمەرەکانی جیهانی پان و بەرین. وای دەزانی گەڕیدەیەکی گەورەو بوێرە.

دەیگوت: ناوچەیەکی زۆر باشە، ساف و دەشت و نەرمە. خواردنیش لەوێ زۆر زۆرە، تا دڵتان بخوازێ گا و مەڕی لێیە. تەنها دەبێ تۆزێ باش بڕوانن.

ئەوان پێیان دەوت:"بەڵام ئەی مرۆڤەکان؟"



غوولەکە دەیگوت:" من کەسم نەدی. هاوڕێیانی ئازیز لەوێ هیچ شوێنەوارێ لە پاڵەوانەکان نەدەبیندرا. خراپترین شتی ئەوێ مێشوولەکانی هێرشبەری قەراخ چۆمەکە بوو."

ئەوان پێیان دەوت: "ئەی بۆ ناگەڕیتەوەو لەوێ بژیت؟"

غوولەکە دەیگووت: "راستە، بەڵام وەك دەڵێن هیچ کوێ نابێتە ماڵی خۆت. بەڵام ڕەنگە کاتی خۆی بڕیارم دا هەمدیسان بڕۆمەوە بۆ ئەوێ، بە هەر حاڵ من جارێ ڕۆیشتووم و هەموانیش ناتوانن ئەم کارە بکەن.

ئەوانیش بە پەلە لێیان دەپرسی: "زۆر باشە ئەم ناوچە دەوڵەمەندە، ئەم شوێنە خۆشە کە پڕە لە رانی بێ خاوەن لە کوێیە؟ چەند لێرە دوورە؟"

غوولەکە وەڵامی داوە: "ئای، لە لای ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتەوە. بەڵام زۆر دوورە لێرە." دواتر ئەوەندە بە ورووژانەوە باسی ئەو سەفەرە و ئەو دارستان و تەپۆڵکە و دەشتانەی دەکرد کە پێیاندا ڕۆشتبوو کە غوولە بچووکەکانیتر سەرجەمیان بڕیاریاندا سەفەر بکەن. بەم شێوەیە، باسکردن لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژهەڵات بڵاوبۆوە و کەوتە زاران.

سەرەنجام هاوینی گەرم کۆتایی هات و زستانی سارد هات. هەوای کوێستان بە تەواوەتی سارد بوو و خواردنیش زۆر کەم. باسەکان تەشەنەی سەند. ران و مەڕەکانی سەرزەمیینەکانی خوارەوە، بابەتێك بوو کە هەمیشە باسی لێوە دەکرا. ئەژدیهاکان گوێ قوڵاخ ببوون. ئەوان برسیان بوو و وەها باسگەلێك سەرنجڕاکێش بوو. ئەژدیها گەنج و کەم ئەزموونەکان دەیانگوت: "کەوایە وەك چۆن لامان وابوو پاڵەوانەکان تەنها ئەفسانەن!" ئەو ئەژدیهایانەی کە پیرتر بوون عاقڵانەتر بیریان دەکردەوە"

لانیکەم ئەوانە زۆر کەمن، لە شوێنە دوورەکان دەژین و ژمارەیان زۆر کەمە، کە وایە ئیتر نابێ لێیان بترسن."

راست یەکێك لە ئەژدیهاکان دابووی لە سەری بەوەی کە سەفەر بکات. ناوی ئەو ئەژدیهایە کریسۆفیلاکس دایۆز بوو. ئەژدیهایەك کە بنەماڵەیەکی کۆن و ئەرەستۆکراتی هەبوو و زۆر دەوڵەمەند بوو. ئەم ئەژدیهایە زۆر زیرەك و تەماحکار بوو و جلێکی زرێی زۆر باشیشی هەبوو. بەڵام زۆر بوێر نەبوو. هەڵبەت بە هیچ شێوەیەك لە مێشوولە یان گیانلەبەرەکانی تری لەو چەشنە، لە هەر جۆر و ئەندازەیەکدا نەدەترسا و ئەوەندە برسی بوو کە خەریك بوو لە برسا دەمرد.

کەوایە رۆژێکی زستانی، حەوتوویەك بەر لە کریسمس، کریسۆفیلاکس باڵەکانی کردەوەو سەفەرەکەی دەست پێ کرد. بە ئارامی لە شەودا و لە ناوەڕاستی هەرێمی ناوەڕاست، یانی هەرێمی ئاگوستۆس بۆنیفاکوس رێکس ئەت باسیلۆسدا نیشتەوە. لە ماوەیەکی کورتدا زەرەر و زیانێکی زۆری گەیاندە ئەو ناوچەیە. تێکیدەشکاند و دەیسووتاند و مەڕ و گا و ئەسپەکانی قووت دەدا.

ئەم ناوچەیە زۆر دوور بوو لە (هەم)، بەڵام ژارم لە هەموو تەمەنیدا ئەوەندە نەترسا بوو. ئەو چووبووە سەفەرێکی دوور و درێژەوەو بە لە بەر چاوگرتنی نەرم و نیانی خاوەنەکەی دوو شەو لە دەرەوەی ماڵ بوو. بە شوێن بۆنێکی خۆشدا لە سنووری دارستانەکەدا دەڕۆشتە پێش، کە لە سەر پێچێکدا، کوتوپڕ هەستی بە بۆنێکی تازە کرد و راست کەوتە سەر کلکی کۆیسۆفیلاکس دایۆز، کە تازە نیشتبۆوە. ژارم کلکی کرد بە ناوگەڵێدا و



بەرەو ماڵەوە هەڵهات، وەها هەڵدەهات تا ئەو کاتە نەبینرابوو هیچ سەگێك بە وەها خێراییەك هەڵبێت، ئەژدیها بە بیستنی دەنگی سەگ وەرگەڕاوەو پرخەیەکی لێوە هات، بەڵام ژارم لێی دوور کەوتبۆوە. ژارم بە درێژایی شەو هەڵهات تا ئەوەی کە کاتی نانی بەیانی گەیشتە ماڵ. لە پشت دەرگای دواوە هاواری کرد فریا کەون! فریا کەون! فریا کەون!)

گایلێز دەنگی سەگەکەی بیست، بەڵام پێی خۆش نەبوو. ئەم دەنگە ئەوەی بە بیر دەهێناوە رەنگە رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو رووی دابێت، لە حاڵێکدا ئەو کات هەموو شت بە خۆشی دەڕۆشتە پێش.

"ژنە، ئەو سەگە پیسە بێنە ماڵەوەو تەمبێی بکە!"

ژارم خزایە ناو چێشتخانەکە. چاوەکانی دەرپەڕیبوون و زمانی هاتبوونە دەر.

هاواری کرد "یارمەتی!" گایلێز سووسیسێکی بۆ فڕێ دا، وتی " ئەمجارە چ گوو کاریەکەت کردووە؟"

ژارم دڵشکاوانەو لە حاڵێکدا هیچ بەهایەکی نەدەدا بە سووسیسەکە، لە بەر خۆیەوە وتی: "هیچ"

وەرزێر وتی: "زۆر باشە بێدەنگ دەبی یان کەوڵت بکەم."

سەگە وتی: "هیچ هەڵەیەکم نەکردوەو نەمدەویست خراپکارییەك بکەم."

هەروەها وتی: "بەڵام بە داخەوە لەگەڵ ئەژدیهایەکدا رووبەڕوو بوومەوەو زۆری ترساندم."

وەرزێر کەوتە کۆکەکردن وتی: "ئەژدیها! بە لەعنەت بیت، فزوولی پیس! بۆچی لەم کاتەدا کە زۆر سەرقاڵم، ڕۆشتووی و ئەژدیهایەکت دۆزییوەتەوە؟ لە کوێ بوو؟"

"ئاااای، لە دوورەوە، لە باکوور لە سەر تەپۆڵکەکان، لە پشت ناوچەی **بەردە بەرزەکان.**"

گایلێز کە تەواو ئارام ببۆوە وتی: "ئاای، لەولاوە. بیستوومە لەو شوێنانە خەڵکانێکی سەیر دەژین، دەبا وەها بەڵایەکییان بە سەر هاتبا. وێڵیان کە چییان پێ دێ با بێت! لەمەو بە دوا بە وەها چیرۆکگەلێك نیگەرانم مەکە. بۆ دەرەوە!"

ژارم چووە دەرەوەو هەواڵەکەی لە هەموو شوێنێکی گوندەکە بڵاوکردەوە. هەڵبەت لە بیری نەکرد کە بڵێت ئەربابەکەی بە هیچ شێوەیەك نەترساوە." زۆر لە سەرخۆ بوو و درێژەی بە نانخواردنەکەی دا."

خەڵك لە بەردەم ماڵەکانیان بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە لەم بارەوە قسەیان دەکرد. ئەوان دەیانگوت: "وەك ڕۆژانی کۆن، ڕاست لە کاتێکدا کە لە کریسمس نزیك دەبینەوە. زۆر بە جێ. بە دڵنیاییەوە پادشا زۆر خۆشحاڵ دەبێت! ئەم کریسمسە دەتوانێ کلکی ڕاستەقینە بخوات."

بەڵام ڕۆژی دواتر هەواڵی زۆرتر بڵاوبۆوە. دەرکەوت ئەژدیهاکە زۆر گەورەو دڕەندەیە و زەرەر و زیانێکی گەورەی گەیاندووە بەو ناوچەیە.

خەڵك دەیانگوت: "ئەی پاڵەوانەکانی شا لە کوێن؟"

ئەوانی تریش پێشتر ئەم پرسیارەیان پرسیبوو. لە ڕاستییدا لەلایەن ئەو گوندانەوە کە کریسۆفیلاکس زۆری ئازار دابوون، نامەبەرگەلێك چووبوونە



لای پادشا و تا ئەو جێگەی دەیانوێرا بە دەنگی بەرز پێیان گوت: "گەورەم، پاڵەوانەکانت لە کوێن؟"

بەڵام پاڵەوانەکان هیچ کارێکیان نەکرد. زانیارییەکانیان دەربارەی ئەژدیها ناتەواو بوو. کە وایە شا بە تەواوی و بە شێوەی فەرمی لە کێشەکە ئاگاداری کردنەوەو داوای لێکردن بە زووترین کات کارێ بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. ئەو کاتەی شا زانی زووترین کات بەم زوانە ناگا لە ڕاستییدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کارەکە دەخەنە قوونا و دەیخەنە دواوە، زۆر تووڕە بوو.

بەمەشەوە پاساوی پاڵەوانەکان بێگومان شتێك بوو کە دەکرا لێیان وەربگیردرێ. بەر لە هەر شتێ، چێشتلێنەری دەربار زۆر لە پێشدا کلکی ئەژدیهای ئامادە کردبوو، چونکە ئەو بە پێچەوانەوە کارەکانی خۆی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدا. بە دڵنیاییەوە شیاو نەبوو بە هێنانی کلکی ڕاستەقینە لە دوایین ساتدا سووکایەتی بە کاری ئەو بکرێت. هەر چی بێ چێشتلێنەر خزمەتکارێکی جێگای ڕێز بوو.

"بەها بە کلکی نەدەن، سەری بپەڕێنن و بیکوژن!" ئەمە هاواری دەیان نامەبەری ئەو گوندییانە بوو کە خەساریان پێ گەیشتبوو. بەڵام کاتی کریسمس بوو و لە بەختی شەڕی گوندییەکاندا، پێشبڕکێیەکی گەورە بۆ ڕۆژی سانت جان ڕێك خرابوو. لە ناوچە جۆراوجۆرەکانەوە زۆر پاڵەوان بانگ کرابوون بەوەی لە سەر ئەم خەڵاتە گەورەیە پێشبڕکێیان بێت و شتێکی دوور لە عەقڵ بوو بەر لە کۆتایی ئەم پێشبڕکێ گەورەیە، بەختی

سەرکەوتی پاڵەوانەکانی هەرێمی ناوەڕاست لە بەین ببەن بەوەی بیان نێرن بۆ راوکردنی ئەژدیها. دوای پێشبڕکێش پشووی سەری ساڵی نوێ بوو.

بەڵام ئەژدیها هەموو شەوێ رێی دەکرد. هەر رێ کردنێکیشی ئەوی لە "هەم" نزیك دەکردەوە. شەوی جەژنی سەریساڵ خەڵك توانیان گڕێ لە دوورەوە ببینن.

ئەژدیها لە دارستانێکدا، دوو فەرسەخ دوورتر لەوێ نیشتەجێ بوو و ئەو شوێنە بە خوشحاڵیەوە دەسووتا. ئاخر ئەژدیها هەر کات خوشحاڵ دەبوو ئاگری دەپرژاند.

لەملاوە خەڵك چاویان بڕیبووە گایلێزی وەرزێر و لە پشت سەریەوە ورتەورتیان بوو. هەڵبەت ئەم شتە گایلێزی ئازار دەدا، بەڵام وای دەنواند بەها بەم ورتەورتانە نادات. رۆژی دواتر ئەژدیها نیو فەرسەخ نزیکتر بۆوە.

ئینجا گایلێزی وەرزێر دەستیکرد بە قسەکردنی ناشیرین بە پاڵەوانەکانی شا. ئەو دەیوت: "دەمەوێ بزانم ئەوان بۆچی لە خۆڕا پارە وەردەگرن."

هەموو دانیشتوانی "هەم"یش لە وەڵامدا دەیانوت:"ئێمەش هەروا."

بەڵام ئاشەوان وتی: "بیستوومە ئێستاش کەسانێك تەنها لە بەر لێهاتوویی نازناوی پاڵەوانیان پێ دەبەخشرێ. هەرچی بێت **ئاژیدیۆسی** بەڕێزی ئێمەش بە جۆرێ خۆی پاڵەوانێکە. جگە لەوەیە شا نامەی سوور و شمشێری بەرزی بۆ ناردوە؟"

گایلێز وتی: "بۆ پاڵەوانی شتی زیاتر لە شمشێر پێویستە. وەك بیستوومە، بەخشینی نازناو و زۆر رێورەسمی تر. بە هەر حاڵ من دەبێ بە کاروباری خۆمدا بگەم."



ئاشەوان وتی: "ئاای، بەڵام گومانم نییە ئەگەر داوا دەکرا شا نازناوی پاڵەوانی پێشکەش دەکرد. با بەر لەوەی درەنگ بێت داوای لێ بکەن."

گایلێز وتی: "نە! نازناو وەرگرتن شیاوی چینی من نییە. من وەرزێرێکم و شانازی بە وەرزێر بوونی خۆمەوە دەکەم. پیاوێکی دڵپاك و باوەڕدار، وەك بیستوومە پیاوانی باوەڕدار لە دەرباردا لە دۆخێکی باشدا نین. ئەمە زیاتر شیاوی ئێوەیە، ئاشەوانی بەڕێز."

قەشە پێکەنی، بەڵام نەك بە توانجی وەرزێر، چونکە وەك چۆن لە هەم دا دەیانگوت گایلێز و ئاشەوان دوژمنانێکی کۆن بوون و هەر دەم بە دیواری یەکتردا هەڵدەگەڕان . قەشە کوتوپڕ بە شتێکی زانی کە وا دیار بوو بە دڵی بوو، بەڵام ئەو کاتە بێدەنگەی هەڵبژارد. ئاشەوان کە زۆر خوشحاڵ نەبوو ناوچاوی دا بە یەکدا.

ئاشەوان دەیگوت:" بە دڵنیبیایەوە دڵپاك و رەنگە باوەڕداریش بیت. بەڵام دەبێ بڕۆیتە دەربار و نازناوێکت پێ ببەخشرێ بۆ ئەوەی ئەژدیهایەك بکوژی؟ وەك چۆن دوێنی ئەرباب ئاژیدیۆس نیشانیدا بۆ ئەم کارە تەنها بوێری و ئازایەتی پێویستە. بە دڵنیاییەوە ئەو بە ئەندازەی هەر پاڵەوانێك بوێر و ئازایە؟"

هەموو ئەوانەی لەوێ وەستابوون هاواریان کرد: "هەڵبەت کە پێویست نییە!" و " بەڵێ بە دڵنیاییەوە، سێ جار هوورا بۆ قارەمانی هەم!"

ئینجا گایلێزی وەرزێر بە هەست بە ناڕەزایەتی کردنێکی زیاترەوە رۆشتەوە بۆ ماڵەوە. خەریك بوو بەوە دەگەیشت کە ناو دەرکردن لە ناوچەکەدا پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ، ئەمەش کارێکی دژوار بوو. لەقەیەکی دا

لە سەگەکەی و شمشێرەکەی خستە ناو سندووقێك لە چێشتخانەکە و لەوێ شاردییەوە. تا ئەو کاتە شمشێرەکە بە سەر زۆپاکەوە هەڵواسراو بوو.

ڕۆژی دواتر ئەژدیها گەیشتە دێیەکی نزیك بە ناو "کۆتر ستۆم"( یان ناوەکەی تری کە "ئۆکلی" بوو.). ئەژدیهاکە لەو گوندە جگە لە مەڕ و مانگاکان و یەك دوو تازە لاو بەڵکو قەشەی گوندەکەشی خوارد. قەشە بە پەلە پڕووزە ویستبووی وای لێ بکات دەستبەرداری کارە شەیتانییەکانی بێت، کوتوپڕ دەنگە دەنگێکی سەیر لە گوندەکەدا بەرز بۆوە. هەموو خەڵکی هەم بە شوێن قەشەکەی خۆیاندا ڕۆشتنە سەر تەپۆڵکەکەو چاوەڕوانی گایلیێزی وەرزێریان دەکرد.

لە حاڵێکدا بازنەیەکیان درووست کردبوو و لێیان دەڕوانی پێیان دەوت: "هەموو هیوای ئێمە تۆی!" ئەم کارە تا ئەو شوێنە چووە پێشەوە کە ڕوومەتی وەرزێر لە ڕیشی سوورتر بۆوە.

ئەوان لێیان پرسی: "کەی دەستی پێدەکەی؟"

گایلیێز وتی: "ڕاستی ئەوەیە ئەمڕۆ ناتوانم. زۆر کارم بە دەستەوەیە و شوانەکەش نەخۆشە. بۆ دواتر."

خەڵك بڵاوەیانکرد، بەڵام دەماو دەمی عەسر بڵاوبۆوە کە ئەژدیها هەمدیسان نزیکتر بۆتەوە، کە وایە ئەوانیش گەڕانەوە.

ئەوان وتیان: "چاومان لە تۆیەو هیوامان تۆی. ئەرباب ئاژیدیۆس:"

ئاژیدۆیۆس وتی: "باشە، ئێستا زۆر سەرقاڵم، ماینەکەم شەلەو وەرزی زاییینی مەڕەکانیش دەستیپێکردوە. لە یەکەم دەرفەتدا بیرێك دەکەمەوە بۆ ئەم کێشەیە."



بەم شێوە خەڵك جارێکیتر بڵاویان کرد، هەڵبەت ئەمجارە بە تۆزێ بۆڵە بۆڵ و ورتە ورتەوە. ئاشەوان لە ژێر لێوەوە پێدەکەنی. قەشە لەوێ مایەوەو نەدەکرا لە دەستی ڕزگاری بێت. خۆی دەعوەت کرد بۆ نانی عەسر، چەند خاڵی تریشی هێنایەوە بیری. تەنانەت لێی پرسی شمشێرەکەی لە کوێیە و سوور بوو لە سەر ئەوەی بیبینێ.

شمشێر لە یەکێك لە قەفەسەکانی گەنجینەکەدا بوو کە بۆی کورت بوو و ئەو کاتەی کە گایلیێز شمشێرەکەی هێنایە دەرەوە دەستبەجێ لە کالانەکەی دەرپەڕی. وەرزێر کالانەکەی خستە سەر زەوی، وەك ئەوەی ئاسنی گەرم بێت. قەشە لە شوێن خۆی ڕاچڵەکی و جامەکەی سەراوبن بوو. شمشێرەکەی بە ئارامی هەڵگرت و هەوڵی دا بیخاتەوە کالانەکەی، بەڵام شمشێرەکە زیاتر لە یەك بست نەدەچووە ناو کالانەکە و هەر کە دەستی لە سەر مشتەکەی هەڵدەگرت جارێکیتر دەردەپەڕیەوە.

قەشە وتی: "خوایە، ئەمە شتێکی سەیرە.!" بە وردی تەماشای تیغ و کالانی شمشێرەکەی کرد. قەشە پیاوێکی تێگەیشتوو بوو، بەڵام وەرزێر تەنها دەیتوانی وشە گەورە و ڕازاوەکان، ئەویش بە ئەستەم، بخوێنێتەوە و تەنانەت زۆریش دڵنیا نەبوو بەوەی دەتوانێ ناوی خۆی بخوێنێتەوە. هەر بۆیە هیچ کات تەماشای ئەو وشە سەیرانەی نەکردبوو کە بە وردی لە سەر کالان و تیغی شمشێرەکە نووسرابوو، سەبارەت بە سەرپەرشتیاری مووزەخانەی شاش دەبێ بڵێین زۆر وەها خووی بە نهێنییەکان، ناوەکان و هێماکانی تری هێز و ڕێز لەسەر شمشێر و کەلانەکان گرتبوو کە ئیتر زۆر

نەدەپەرژایە سەر ئەو شتانەو لای وابوو هەموو ئەو شتانە سەر بە رابردوون.

بەڵام قەشە ماوەیەك لێی ورد بۆوەو ناوچاوی گرژ كرد. چاوەڕوانی ئەوەی دەكرد نووسراوێك لە سەر ئەو شمشێرە یان كالانە بدۆزێتەوەو لە راستیدا ئەمە ئەو شتە بوو كە دوێنێ بە بیریدا هاتبوو، بەڵام ئێستا سەری سوورِ دەما لەو شتەی دەیدیت. چونكە هیچ لەو هێما و پیتانە نەدەگەیشت كە دەیدیت و نەیدەتوانی بزانێ چی نووسراوە.

قەشە وتی: "چەند رستەیەك لە سەر ئەم كالانە هەڵكەندراوە، چەند، بەڵی، چەند رستەیەكیش لە سەر تیغی شمشێرەكە دەبیندرێ."

گایلێز وتی:" بەڕاست؟ دەی ئەمە چی دەگەیەنێ؟"

قەشە بۆ ئەوەی كاتی زۆرتری هەبێت وتی: "پیتەكان كەونارایین و بە زمانی بەربەرەكان نووسراون. لێكدانەوەی زیاتریان پێویستە." داوای كرد بۆ شەوێ شمشێرەكەی بە ئەمانەت لە لا بێت و وەرزێر بە خۆشحاڵییەوە ئیزنی دا بیبات.

كە قەشە گەیشتەوە ماڵەوە، چەند كتێبی گەورەی لە قەفەسەی كتێبخانەكەی دەرهێناو تا بەیانی بە خەبەر بوو. بەیانی رۆژی دواتر دەركەوت ئەژدیهاكە هەمدیسان نزیكتر بۆتەوە. هەموو خەڵكی هەم شەوژەنی دەرگاكەیان داخستبوو و پەنجەرەكانیان بەستبوو، ئەوانەشیان ژێر زەمینیان هەبوو رۆشنبوونە ژێرزەمین و لەوێ بە ترس و لەرزەوە لە بەر نووری مۆم دانیشتن.

بەڵام قەشە بە ئارامی هاتە دەرەوەو لە ماڵێكەوە رۆشتە ماڵێكیتر، بە هەموو ئەوانەی كە لە درزی دەرگا یان كونی كلیلەوە گوێیان لێ دەگرت دەوت لە لێكۆڵینەوەكانیدا چی دۆزیوەتەوە.

قەشە وتی: "ئاژیدۆسی بەڕێزی ئێمە، ئێستا بە هۆی سەرنجی شا بووە بە خاوەنی كادیمۆرداكس (Caudimordax) هەمان ئەو شمشێرە ناودارەی كە لە حیكایەتە خەڵكییەكان و لە زمانی خەڵكیدا پێی دەوترێ كلك گر."

ئەوانەی كە ئەم ناوەیان بیست زۆربەیان دەرگایان كردەوە. هەموویان ناوی كلك گریان بیستبوو، چونكە ئەم شمشێرە هی بلۆماریۆس (Bellomarious) گەورەترین راوكەری ئەژدیهاكان بوو لەو هەرێمە. بە پێی هەندێ گێڕانەوە ئەو باوە گەورەی دایكی شا بوو. شیعر و چیرۆكی زۆر لە وەسفی قارەمانەتییەكانیدا دەوترا، كە ئەگەر لە دەرباریشدا لە بیر كرابێت، لە گوندەكان هێشتا لە بیر نەكرابوون.

قەشە وتی: ئەگەر لە مەودای یەك فەرسەخیدا ئەژدیهایەك بیێ ئەم شمشێرە لە كالاندا نامێنێتەوە، بێگومان ئەگەر بە دەستی پیاوێكی ئازاو بوێرەوە بێت، هیچ ئەژدیهایەك ناتوانێ لە بەردەمیدا خۆی رابگرێ.

كە وایە خەڵك هەمدیسان ورەیان بەرز بۆوە، هەندێكیان دەلاقەكانیان كردەوەو سەریان هێنایەدەر. سەرەنجام قەشە ژمارەیەك لە خەڵكی رازی كرد بەوەی بێن و پەیوەست بن بە قەشەوە. بەڵام تەنها ئاشەوان بە راست زۆر حەزی لەوە بوو كە پەیوەست بێت بە قەشەوە. بۆ ئەو دیتنی گایلێز لە تەنگانەیەكی راستەقینەدا بۆ ئەوە دەبوو خۆی بخاتە مەترسییەوە.

ئەوان لە حاڵێکدا بە روانینێکی نیگەرانەوە لە باکوور و سەرجەم چەمەکە ورد دەبوونەوە و چاویان لێ دەکرد، لە تەپۆڵکەکەوە سەرکەوتن. هیچ شوێنەواری ئەژدیها نەدەبیندرا. رەنگە خەوتبێت. چونکە لە ماوەی کریسمسدا زۆر باش خواردبووی.

قەشە (و ئاشەوان) دایان لە دەرگای ماڵی وەرزێر. وەڵامیان نەدرایەوە. ئینجا توندتر لێیان دا. سەرەنجام گایلێز هاتەدەر. رووخساری تەواو سوور هەڵگەڕا بوو. تا درەنگانێ نەخەوتبوو و بیرەی خواردبۆوە، لەگەڵ ئەوەی لە خەو هەستابوو سەرەنجام دەستی کردبۆوە بە خواردنەوە.

هەموویان بە دەوریدا کۆبوونەوەو بە ئاژیدۆسی باش، ئاهنۆ باربۆسی بوێر، ژۆلیۆسی مەزن، ئاگریکۆلای وەفادار، جێگای شانازی (هەم) و قارەمانی گوندەکان ناویان لێ برد. باسیان لە کادیمۆرداکس یان کلك گر کرد، ئەو شمشێرەی لە کالاندا نامێنێتەوە.

ئەوەندە باسیان لە یان مەرگ یان سەرکەوتن، شانازی وەرزێرەکان، بڕبڕەی پشتی وڵات و باشترین هاوسەنگەرەکان کرد کە وەرزێر گێژ و کاس بوو.

هەر کات هەڵێکی دەستدەکەوت دەیگوت: "سەرنج بدەن؟ یەك یەك قسە بکەن. چ بووە، چ بووە؟ دەزانن ئەمڕۆ کارم زۆرە."

کە وایە ئیزنیان دا قەشە باسی بارودۆخەکەی بۆ بکات. ئاشەوان، وەرزێری وەك چۆن ئاواتی بوو زۆر لە تەنگانەدا دی و بەمە زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام کارەکان تەواو بەپێی ویستی ئاشەوان نەچوونە پێش. لەلایەکەوە لە بەر ئەوەی گایلێز زۆری بیرەی بە هێز خواردبۆوەو لەلایەکی ترەوە، کە زانی شمشێرەکە بە راست هەمان ئەو شمشێرە کلك گرەیە هەستی غوروور و



خۆشحاڵی دەستی پێ دا. گایلێز لە منداڵیدا زۆری حەز لە حیکایەتی قارەمانییەتییەکانی بلۆماریۆس بوو، بەر لەوەی باڵق بێت زۆر جار ئاواتی خواستبوو شمشێرێکی سەرسووڕهێنەر و قارەمانانە بدۆزێتەوە. کەوایە لە یەك ساتدا بڕیاری دا شمشێرەکە هەڵبگرێ و بڕوات بۆ راوی ئەژدیها. بەڵام ئەو لە هەموو تەمەنیدا خووی بە چەنە لێدان گرتبوو، جارێکیتر هەولێ دا ئیشەکە بخاتە دواوە.

وەرزێر وتی: "چ دەڵێن؟ من بڕۆم بۆ راوی ئەژدیها؟ بە جلیقە و پووزووانە کۆنەوە؟" وتی: لە هەموو ئەو حیکایەتانەدا بیستوومە شەڕ لەگەڵ ئەژدیها پێویستی بە جۆرێ زرێ هەیە و راستان بوێ لەم ماڵەدا هیچ جۆرە زرێیەك نییە."

ئەوان هەموویان زانیان کێشەیەك لەم کارەدا هەیە، بەڵام دوای ماوەیەك رامان و بیرکردنەوە ناردیان بە شوێن ئاسنگەردا. ئاسنگەر سەری راوەشاند. ئاسنگەر پیاوێکی لە رادەبەدەر لە سەرخۆ و رەشبین بوو کە لە زاراوەی ئەو ناوچەدا پێیان دەوت سانی سام (sunny sam) ئەمە لە حاڵێکدایە ناوی راستەقینەی فابریسیۆس کانکتاتۆر (Fabricius cunctator) بوو. هیچ کات کاتی کارکردن فیکەی لێ نەدەدا مەگەر کارەساتێك کە پێشتر پێشبینی کردبوو(وەك سەهۆڵبەندانی مانگی مەی) رووی دابا. لەو رووەوە هەموو رۆژێ خەریکی پێشبینیکردنی کارەساتە جیاوازەکان بوو، زۆر کەم رووداوێ رووی دەدا کە پێشبینی نەکردبێت، دەیتوانی لەم بارەوە شانازی بە خۆیەوە بکات. پێشبینیکردن گەورەترین

سەرقاڵی ئەو بوو، کە وایە بە شێوەیەکی سرووشتی پێی خۆش نەبوو بەر بە ڕوودانی کارەساتەکان بگرێ. ئاسنگەر هەمدیسان سەری ڕاوەشاند.

وتی: "ناتوانم هیچ زرێیەك ساز بکەم، ئەم کارە پیشەی من نییە. باشتر وایە دارتاش بێنن بۆ ئەوەی سپەرێکی دارینتان بۆ ساز بکات. هەڵبەت ئەم کارە یارمەتیتان نادا چون ئەوە ئەژدیهایەکی ئاگرینە."

ناوچاویان گرژ کرد. بەڵام ئاشەوان بە ئاسانی دەستبەرداری پلانەکەی نەدەبوو بەوەی گایلێز بنێرێ بۆ لای ئەژدیها، هەڵبەت ئەگەر وەرزێر بە ڕاست ڕازی دەبوو، ئەگەر سەرەنجام ڕازی نەدەبوو، وەك چۆن ئاشەوان دەیویست ئابڕوو و ناوبانگی بە با دەچوو. ئاشەوان وتی: "زرێی حەڵقەیی چۆنە؟ زرێی حەڵقەی بە کەڵکە و پێویست ناکات زۆر باشیش بێت. هەر چی بێت ئەم زرێیە بۆ ئەوەیە کارەکەمان جێبەجێ بێت، نەك بۆ نمایش دانی لە دەربااردا. ئاژدیدیۆسی هاوڕێم، ڕات چییە لە سەر باڵاپۆشە چەرمییەکەی خۆت؟ لە ئاسنگەریشدا بە ڕادەیەکی زۆر زرێ و حەڵقە هەیە. لام وا نییە ئەرباب فابریسیۆس خۆی بزانی ئەوانە چین."

ئاسنگەر کە خەریك بوو خۆشحاڵ دەبوو، وتی: "تۆ نازانی دەربارەی چی قسە دەکەی! ئەگەر مەبەستت زرێیەکی حەڵقەیی ڕاستەقینەیە بە مەبەستی خۆت ناگەی. لە بەرئەوەی هەر حەڵقەیەکی بچووك گرێ بدرێتەوە بە چوار حەڵقەی ترەوە پێویستمان بە لێهاتووی کورتە باڵاکان (Dwarfs) هەیە. تەنانەت ئەگەر لێهاتوویی پێویستیشمان هەبێت هەمدیسان دەبێ چەندین حەوتوو کار بکەین. تا ئەو کات هەموومان لە قەبرەکانماندا‌ین یان لانیکەم لە ناو زگی ئەژدیهادا."



هەمووان لە ڕووی بێ هیواییەوە ئاخیان هەڵکێشا و ئاسنگەر دەستیکرد بە پێکەنین، بەڵام ئێستا ئەوەندە نیگەران بوون کە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبوون دەستبەرداری پلانەکەی ئاشەوان بن، بۆ ڕاوێژکردن ڕوویان کردە ئاشەوان.

ئاشەوان وتی: "زۆر باشە، من بیستوومە لە سەردەمانی کۆندا ئەو کەسانەی نەیاندەتوانی لە سەرزەمینە باشوورییەکان زرێی درەوشاوە بکڕن، حەڵقەی پۆڵاینیان دەدووری بە سەر کراسی چەرمیندا و بەوە ڕازی دەبوون. ڕەنگە بەم شێوە بشێ کارێ بکرێت."

بەم شێوە گایلێز ناچار بوو باڵاپۆشە کۆنەکەی دەربێنێ، خێرا ئاسنگەریشیان نارد بۆ ئاسنگەری. لەوێدا هەر کونج و کەلێنێکیان سەنگ و سووژن کرد و کۆگایەکی زۆر ئاسنەواڵەی کۆنەیان دۆزییەوە کە ساڵانێکی زۆربوو دەستیان لێ نەدرابوو، گەڕان و سەرنجام لە ژێریدا، کۆگایەك لە زرێی ژەنگ لێ دارەوکانیان دۆزییەوە کە لە کراسێکی لە بیرکراو، وەك ئەوانەی ئاشەوان باسی لێ دەکرد، جیا کرابۆوە. سام کە بە دەرکەوتنی هێماکانی هیوا نیگەرانتر و بێ میل تر ببوو، هەر لەوێدا دانرا لە سەر کارەکەی و خەریکی کار بوو. پێیان گوت دەبێ حەڵقەکان کۆکاتەوەو بیانچنێ و خاوێنیان کاتەوە، ئەو کاتەی ئاسنگەر بە خۆشحاڵیەوە وتی حەڵقەکان بەشی پشت و سینەی پانی ئەرباب ئاژیدیۆس ناکەن، ناچاریان کرد زنجیرێکی کۆنە لەت بکات و دانەکانی بکوتێتەوەو بیانکات بە حەڵقە.

دواتر حەڵقە پۆڵاینە بچووکترەکانیان هەڵگرت و دووریان بە سەر سینگی باڵاپۆشەکەدا، حەڵقە گەورەتر و ناشیرینەکانیان دووری بە پشتدا، ئەو کاتەی حەڵقەی زۆرتر خرایە بەر دەست، سامی چارەڕەش بە توندی خرایە ژێر گوشارەوە. سەرەنجام پانتۆڵەکەی وەرزێریان هێنا و کۆمەڵێك زرێیان پێدا دووری. ئاشەوان لە سووچێکی تاریك لە ئاسنگەرییەکە، لە سەر تاقێك، قاپێکی ئاسنی کۆنەی دۆزییەوە کە کڵاو خوودە بوو، پێنەچی ناچار کرد بە باشترین شێوە بە چەرم دای پۆشی. هەموان ئەو رۆژە و رۆژی دواتر کە هاوکات بوو لەگەڵ شەوی دوازدەیەم و جەژنی ئێپی فانی (Epiphany) خەریکی ئەم کارە بوون. هەڵبەت بڕیاریاندا ڕێوڕەسم بەڕێوە نەبەن. گایلێزی وەرزێر بە خواردنەوەیەکی زۆر ئەم رووداوەی کرد بە جەژن، بەڵام بەختەوەرانە ئەژدیهاکە خەوتبوو. ئەو ئێستا برسیەتی و شمشێرەکانی لە بیرکردبوو.

لە یەکەم ساتەکانی رۆژی ئێپی فانیدا، هەموان لە حاڵێکدا ئەم بەرهەمە سەیرە پیشەییەی خۆیان دەگواستەوە، لە تەپۆڵکەکەوە سەرکەوتن. گایلێز چاوەڕوانی دەکردن. ئەو ئیتر هیچ بیانوویەکی نەبوو، کەوایە ئیتر باڵاپۆش و پانتۆڵەکەی لە بەرکرد. ئاشەوان لە بەرخۆیەوە پێکەنی. ئینجا گایلێز چەکمەکانی لە پێکرد و جووتێ وێزەنگی کۆنی پێوە بەستن. ئەو هەروەها کڵاو خوودە چەرم پۆشە درۆینەکەی لە سەرکرد. بەڵام لە دوایین ساتدا کڵاوێکی کۆنەی لە سەر کڵاو خوودەکە دانا و جلێکی خۆڵەمێشی گەورەی بە سەر باڵاپۆشەکەدا لە بەر کرد.

ئەوان پرسیان: "ئەم کارەت بۆ کرد، ئەرباب؟"



گایلێز وتی: "ئەها، ئەگەر لاتان وایە دەبێ وەك ناقووسەکانی کانتربێری تەقە تەق نزیك ببمەوە، من وا بیر ناکەمەوە. من لام وایە عاقڵانە نییە کە کەسێك ئەژدیها بەر لە کاتی پێویست لە بوونی خۆی ئاگادار کاتەوە. کڵاو خوودە و هێمای شەڕکردن، بیڵێن ئەم مەلعوونە تەنها کڵاوەکەم لە پشت پەرچینەوە ببینێ، بۆ ئەوەی رەنگە بتوانم بەر لەوەی سەرئێشە ساز بێت نزیك تر ببمەوە."

حەڵقەکانیان وا دووربیوە کە دەیاندا لە یەکتر، بە شێوەیەك هەر حەڵقەیەك ئازادانە دەکەوتە سەر حەڵقەی ژێرەوەدا، دیارە تەقە تەقی دەکرد. ئەو جلە بۆ بێدەنگ کردنی ئەوان بە کەڵك دەهات، بەڵام گایلێز لەم جلەدا زۆر سەیر دیار بوو، هەرچەند هیچ کەس ئەم شتەی پێ نەوت. قایش کەمەرەکەیان بە ئەستەم بە دەروی کەمەریدا بەست، کیلانەکەیان پێدا ئاوێزان کرد، بەڵام وەرزێر ناچار بوو خۆی شمشێرەکە هەڵگرێ، بۆ ئەوەی شمشێرەکە ئیتر لە کیلانەدا نەدەمایەوە مەگەر ئەوەی هێزێکی زۆر بە کار برایە.

وەرزێر بانگی لە ژارم کرد. گایلێز بە پێی تێگەیشتنی پیاوێکی بە ویژدان بوو. دواتر وتی: "سەگەکەم تۆش لە گەڵمدا دێی." سەگەکە دەستی کرد بە گریان و هاوارکردن: "فریام کەون! فریام کەون!"

گایلێز وتی: "ئیتر دەی بڕیتەوە یان دەردێکت پێ بدەم کە هیچکات هیچ ئەژدیهایەك لە خەودا نەیدیبێ. تۆ بۆنی ئەم مەلعوونە دەناسی، رەنگە بۆ جاری یەکەم بە کەڵك بێی."

ئینجا گایلێزی وەرزێر بانگی لە ماینەکەی کرد. ماینەکەی لە ژێر چاوەوە تەماشای دەکرد و هەر کە ئاوزەنگەکانی دیت حیلەی بەرز بۆوە. بەمەشەوە هێشتی وەرزێر سواری بێت، هەردووکیان کەوتنە رێ، هەرچەند هیچکامیان خۆشحاڵ و شادمان نەبوون. بە یۆرغە لە ناو گوندەکەوە رەت بوون، هەموو خەڵکی گوندەکە کە زۆربەیان لە پشت دەلاقەکانیان وەستابوون، چەپڵەیان لێ دا و هوورایان بەرز بۆوە. وەرزێر و ماینەکەی تا ئەو شوێنەی دەیانتوانی روویان خۆش بوو لەگەڵ خەڵك، بەڵام ژارم کە شەرمی نەدەکرد، کلکی کردبوو بە ناوگەڵیا و بە شوێنیاندا دەڕۆیشت.

لە کۆتایی دێکەدا لە پردێکی سەر چۆم رەت بوون. ئەو کاتەی بە تەواوی لە چاو ون بوون هێواشتر رێیان کرد. بەمەشەوە لە ماوەیەکی کورتدا مەزرا و باخەکانی گایلێزی وەرزێر و دانیشتوانی تری هەمیان دا بە پێوە و گەیشتنە ئەو ناوچانەی کە بە دەست ئەژدیها سووتابوو. هەموو شوێنێ پڕ بوو لە داری شکاو، پەرژینی سووتاو و گیای بە خۆڵەمێش بوو. بێدەنگییەکی شووم و غەریب بە سەر دارستانەکەدا چەتری کێشابوو.

هەتاو بە گەرمی دەدرەوشایەوە، گایلێزی وەرزێر بیری لەوە کردەوە خۆزگە دەیتوانی یەك دوو دانە لە جلەکانی دەربێنێ، لای وابوو زۆری خواردۆتەوە. لە بەرخۆیەوە وتی: "کۆتاییەکی باش نییە بۆ کریسمس و رووداوەکانی تر، ئەگەر خۆم تێدا نەچم، جێگای شووکری باقیە. "ڕوومەتی بە دەسڕێك سڕی، دەسڕەکە سەوز بوو نەك سوور، چونکە رەنگی سوور ئەژدیهاکان دەورووژێنێ، یان لانیکەم وای بیستبوو.



بەڵام وەرزێر ئەژدیهای نەدۆزیەوە. دەشت و دەری زۆری پێوا و تەنانەت مەزرای بایەری وەرزێرەکانی تریش گەڕا. بەڵام هەر ئەژدیهاکەی نەدۆزیەوە. دەبێ بڵێین ژارم بە کەڵکی هیچ نەدەهات. ژارم لە دوای ماینەکەوە دەهات و ئامادە نەبوو بۆن بکا. سەرنجام گەشتنە جادەیەکی پێچاو پێچ کە خەساری زۆری پێ گەیشتبوو و بێدەنگ ئارام دیار بوو. دوای پێوانی بەشێك لە جادەکە گایلێز بیری لەوە کردەوە رەنگە ئەرکی سەرشانی و ئەوەی کە پێویستە بۆ ناو ناوبانگی ئەنجامی داوە. رازی ببوو بەوەی بە رادەی پێویست گەڕاوە ئێستا لە بیری گەڕانەوەو نانی شەودا بوو. لەم بیرەدا بوو کە بە هاوڕێکانی بڵێت ئەژدیها نزیك بۆتەوە و ئەوی دیوەو بێدەنگ هەڵهاتووە، لە وەها خەیاڵ و ئەندێشەیەکدا نوقم ببوو کە لە پێچێکەوە رەت دەبوو. ئەژدیهاکە لەوێ بوو، نیوەی لەشی خۆی دابووە سەر پەرژینێکی شکاودا بە جەستەی گەورەی هەموو جادەکەی گرتبوو. ژارم وتی "هاوار فریام کەون بدەن!" و وەك با تێیتەقاند و هەڵهات. ماینە خۆڵەمێشییەکە لە ترسا سەڵەمیەوەو وەرزێر بە پشتا کەوتە ناو چاڵێك. کە سەری لە چاڵەکە هێنایە دەر، ئەژدیهاکەی دیت کە بە چاوانێکی کراوەو بە ئاگاوە لێی دەڕوانێ.

ئەژدیها وتی: "بەیانیت باش، شێواوی!"

گایلێز وتی: "بەیانیت باش! راست دەکەی!"

ئەژدیها کە بە بیستی زرینگە زرینگی حەڵقەکان لە کاتی کەوتنە خوارەوەی وەرزێردا گوێکانی تەواو تیژ ببوون، وتی: "ببوورە بێ ئەدەبیە، بەڵام ئێوە بە رێکەوت بە شوێن مندا دەگەڕان؟"

وەرزێر وتی: "بە دڵنیاییەوە نا! کێ لای وابوو ئێوە لێرە ببینێ؟ من تەنها خەریك بووم لێرەوە بە ئەسپەکەم پیاسەم دەکرد."

بە هەڵەداوان لە چاڵەکە خۆی کێشایە دەرو بە دزیەوە بەرەو ماینە خۆڵەمێشیەکەی رۆشت. ماینەکە هەمدیسان لە سەر پێ وەستابوو و لە حاڵێکدا تەواو کەمتەرخەم دیار بوو خەریکی خواردنی گیاکانی قەراخ جادەکە بوو."

ئەژدیها وتی: "کەوایە جێگای بەختەوەرییە کە بە هەڵکەوت بە یەك گەیشتووین. من زۆر خۆشحاڵم بەوەی بە ئێوە دەگەم. لام وایە ئەمانە جلەکانی ئێوەن بۆ جەژن. رەنگیشە نەریت و رەسمێکی تازە بێت؟" کڵاوە کۆنەکەی گایلێزی وەرزێر لە سەری کەوتە خوار و جلەکانیشی کرانەوە، بەڵام وەرزێر نەپەشۆکا.

لە وەڵامی ئەژدیهادا وتی: "بەڵێ تەواو نوێیە. بەداخەوە دەبێ بڕۆم بزانم سەگەکەم بۆ کوێ روشتووە، لام وایە کەوتۆتە شوێن کەروێشکەکان."

کریسۆفیلاکس وتی: "لام وا نییە"(بە هێمای خۆشحاڵییەکی پڕمانا) زمانی بە لێویدا هێنا. " لام وایە ئەو زۆر بەر لە تۆ دەگاتەوە ماڵەوە. بەڵام تکاتان لێدەکەم درێژە بە رێگاکەتان بدەن ئەرباب. راستی لام وا نییە ناوتان بزانم؟"

گایلێز وتی: "منیش ناوی ئێوە نازانم. هیچمان لە هیچ"

کریستۆفیلاس لە حاڵێکدا زمانی دەلستەوە وتی: "چۆنت پێ باشە با وابێت." و بە رواڵەت چاوی نووقاند. ئەو (وەك هەموو ئەژدیهاکان) دڵێکی رەشی هەبوو، بەڵام (وەك زۆربەی ئەژدیهاکان) زۆر بوێر نەبوو. پێی

باش بوو خواردنێ بخوات کە بە دەستهێنانی پێویست بە شەڕ نەکا، بەڵام دوای ئەو خەوە خۆش و درێژ ماوەیە، بە تەواوی برسی بوو. قەشەی گوندی ئۆکلی لەڕ بوو و چەند ساڵێك دەبوو ئەژدیها مرۆڤێکی قەڵەوی نەخواردبوو. ئێستا بڕیاری دابوو ئەم پاروە ئاسانە لە دەست نەدا، تەنها چاوەڕێ بوو ئەو پیرەپیاوە گەوجە تۆزێ کەمتەرخەم بێت. بەڵام پیرەپیاوی گەوج، ئەوەندەش کە ئەو لای وابوو گەوج نەبوو، تەنانەت ئەو کاتەش لە سەر ئەسپەکە بوو هەر چاوی لە ئەژدیها دەکرد. بەڵام ماینەکە جۆرێکیتر بیری دەکردەوە. ئەو کاتەی گایلێز ویستی سواری بێت دەستی کرد بە جووتە خستە و حیلاندن. ئەژدیها تاقەتی تەقی و خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی هێرش بکات. ئەژدیها وتی: "ببوورە وەك شتێ شتێکتان لێ داکەوتە سەر زەوی."

فێڵێکی کۆن کە کاریگەر بوو، چونکە ئەم جارە گایلێز بە راستی شتێکی خستبووە سەر زەوی. کە کەوتە خوار کادیمۆرداکسیش لە دەستی کەوت و کەوتە لێوار جادەکە. نووشتایەوە هەڵی بگرێت کە لەو کاتەدا ئەژدیها خۆی فڕێ دا. بەڵام بە قەد کلك گر چوست و چالاك نەبوو. شمشێرەکە هەر کە کەوتە دەست وەرزێر دەست بە جێ بەرەو پێشەوە خۆی فڕی دا و لە بەردەم ئەژدیهادا وەستا.

ئەژدیها هاواری کرد: "ئە های!" لە شوێن خۆیدا وشك بوو." چیت بە دەستەوەیە؟"

گایلێز وتی: "تەنها کلك گرێکە کە لەلایەن شاوە پێشکەش کراوە پێم."

ئەژدیها وتی: "من هەڵەم کرد! داوای لێبوردن دەکەم." دواتر کشاوەو راکشا. گایلێزی وەرزێر تۆزێ هەستی بە ئارامی کرد." لام وا نییە هەڵسوکەوتی ئێوە باش بووبێت لەگەڵ من."

گایلێز وتی: "بۆچی؟ لە هەر حاڵدا دەبوو چ بکەم؟"

-" ئێوە ناوی بەڕێزی خۆتان شاردەوەو پێتان وتم بە رێکەوت لەگەڵ من رووبەڕوو بوونەتەوە. لە حاڵێکدا ئێوە بە دڵنیاییەوە پاڵەوانێکی پلە بەرز و بەرێزن. بەڕێز، پێشتر وەها باو بوو کە لەوەها دۆخێکدا پاڵەوان دوای گۆڕینەوەی ناو و شانازییەکانی، بەرامبەری بانگهێشت دەکرد بۆ ململانێ و شەڕ."

گایلێز کە ئێستا باوەڕی بە خۆی بوو ، وتی: "رەنگە پێشتر وا باو بووبێت، رەنگە ئێستاش وا بێت." ناکرێ پیاوێک کە ئەژدیهایەکی گەورە و ئەرەستۆکرات کەوتۆتە بەر پێی تەنها لە بەر ئەوەی تۆزی خۆ بە زلزان بووە لۆمە بکرێ : "بەڵام ئەی ماری کۆنی شەیتانی، هەڵەکانی تۆ لە یەك هەڵە زیاترە. من پاڵەوان نیم. من ئاژیدیۆسی وەرزێرم، خەڵکی هەمم و بوونی هیچ داگیرکەرێك لە موڵکەکەمدا قبووڵ ناکەم، تا ئێستا بە بلاندرباسەکەی خۆم تەقەم لە زۆر غوول کردوە کە کەمتر لە تۆی خراپکاریان کردوە و بە هیچ کامیشیانم نەوتوە ئامادە بە بۆ شەڕ."

ئەژدیها پەشووکا. لە بەر خۆیەوە وتی: "بە لەعنەت بیت ئەی غوولی درۆزن! زۆر خراپ بە لاڕێدا چووم و تووشی هەڵە بووم. ئێستا چ بکەم لەم وەرزێرە بوێرەو شمشێرە درەوشاوەیەی؟" قەت تووشی وەها دۆخێك نەببوو.

ئەژدیها وتی: "من ناوم کریسۆفیلاکسە، کریسۆفیلاکسی دەوڵەمەند."



بە شێوەیەك کە دەیوست خۆی لە بەر چاو وەرزێر شیرین بکا و لە حاڵێکدا لە ژێرەوە چاوی بڕیبووە شمشێرەکە و هیوادار بوو خۆی لەم شەڕە بدزێتەوە، وتی: "گەورەم، چ خزمەتێکم لە دەست دەردێ؟"

گایلێز لە حاڵێکدا دەیویست خۆی لەم شەڕە بدزێتەوە وتی: "دەتوانی گوم بی و بڕۆی، ماری شاخداری پیر. تەنها دەمەوێ لە شەڕت رزگارم بێت. هەر ملت بشکێنەو لێرە بڕۆ و بچۆوە بۆ ئەشکەوتە پیسەکەت." لە حاڵێکدا دەستەکانی وەها رادەوەشاند کە دەتگوت خەریکە قەلە رەشە لە خۆی دوور دەخاتەوە، بەرەو کریسۆفیلاکس کەوتە رێ و لێی چووە پێش.

ئەم کارە بەس بوو بۆ ئەوەی کلك گر بکەوێتە ئیش، لە یەك ساتدا لە هەوادا سووڕایەوە. ئینجا هاتە خوار و بە لێدانێکی خێرا و چاوەڕوان نەکراو باڵی ئەژدیهای بریندار کرد. بە دڵنیاییەوە گایلێز هیچ شتێکی دەربارەی کوشتنی ئەژدیها نەدەزانی، ئەگینا رەنگە شمشێرەکە بیدایە لە شوێنێکی کاریگەر تر . بەمەشەوە کلك گر لەو دەستە بێ ئەزموونانەدا بە باشتریش شێوە کاری کرد. بەڵام هەر ئەم لێدانە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەژدیها بۆ چەند رۆژ نەتوانێ باڵەکانی بە کار ببات. ئەژدیها هەستا و سووڕایەوە بۆ ئەوەی هەڵفڕێ، بەڵام زانی ناتوانێ هەڵفڕێ. وەرزێر بە خێرایی سواری ماینەکەی بوو. ئەژدیها هەڵهات و ماین بە شوێنیدا. ئەژدیها لە حاڵێکدا هەناسەبڕکەی بوو بە هەڵەداوان لە مەزرایەکەوە رەت بوو و ماینەکەش بە شوێنیدا. وەرزێر لە هەموو ئەم ماوەدا کلك گرەکەی دەسووڕاندەوەو وەها هات و هاواری دەکرد دەتگووت تەماشای پێشبڕکێی ئەسپ سواری دەکات. ئەژدیها هەر چەند خێراتر هەڵدەهات زیاتر سەری

به گێژەوە دەهات. ماینە خۆڵەمێشیەکەش بێ وەستان و بەو پەڕی خێراییەوە بە دوایدا هەڵدەهات.
ئەوان بە خێرایی لە جادەکان و تەیمانی باخەکان و دەشت و رووبارەکانەوە رەت بوون. دووکەڵ لە زاری ئەژدیهاوە بەرز دەبۆوە. هاواری دەکرد و توانای ڕێگا دۆزینەوەی لە دەست دابوو. سەرەنجام کوتوپڕ گەیشتنە پردی هەم. بە خێرایی لە پردی هەمەوە تێپەڕین، بە هەڵەداوان و هاوار هاوار لە شەقامی گوندەوە رەت بوون. لەوێ ژارم بێ شەرمانە لە کونێکەوە خزایە دەر و لەگەڵیان کەوتە شوێن ئەژدیها.
هەموو خەڵك لە پشت پەنجەرەکان یان لە سەربانەکان بوون. هەندێکیان پێدەکەنین و هەندێکیان هوورایان دەکێشا، هەندێکیشیان بە کتری و پووت و قازانگە گەورەکان تەپڵیان لێ دەدا. ئەوانی تر فوویان دەکرد بە شەبیپوور و جووزەلەکانا و فیکەیان لێ دەدا. قەشەش زەنگی کەنیسەی لێ دا. بۆ سەد ساڵ دەبوو هەم هات و هاواری وەهای بە خۆیەوە نەدیبوو.
ڕاست لە بەردەم دەرگای کەنیسەدا ، ئەژدیها تەسلیم بوو. لە حاڵێکدا هەناسەبڕکەی بوو لە ناوەڕاستی جادەکەدا ڕاکشا. ژارم گەیشتە بەرەوەو گازی لە کلکی گرت، بەڵام کریسۆفیلاکس ئەوەندە ماندوو بوو هیچی پێ نەدەکرا.
گایلیێز بە غار گەیشتە بەر دەم کەنیسە ئەژدیها بە هەناسەبڕکە وتی: "خەڵکی باش، پاڵەوانی ئازا و بوێر" ئەو خەڵکەی بە داس و بێڵ و پێمەڕە پڕ چەك ببوون، لە دەوری کۆبوونەوە (هەڵبەت بە ڕادەیەکی عاقڵانە لێی دوور کەوتبوونەوە) "خەڵکی باش، من مەکوژن! من زۆر



دەوڵەمەندم قەرەبووی هەموو ئەو خەسارانە دەکەمەوە پێمگەیاندوون. خەرجی ناشتنی هەموو ئەو کەسانە دەدەم کە کوشتوومن، بە تایبەت قەشەی ئۆکلی. پەیکەرەیەکی گەورەی لێ ساز دەکەم، هەرچەند زۆر لەڕ بوو. پێشکەشییەکی زۆر باش دەدەم بە هەرکام لە ئێوە، تەنها بێڵن بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوەو لەگەڵ خۆم بیهێنم."
وەرزێر وتی: "چەندە؟"
ئەژدیها لە حاڵێکدا بە خێرایی دەیژمارد وتی:" زۆر باشە"، زانی ژمارەی خەڵکەکە زۆر زۆرە." سێزدە شیلینگ و هەشت پێنس بۆ هەر یەکتان."
گایلیێز وتی: قسەی قۆڕ! "خەڵك وتیان" قسەی هیچ!" سەگ وتی: "چرت و پرت".
ئەژدیها وتی: "دوو کیسە زێڕ بۆ هەریەکتان و منالانیش نیوی ئێوە؟"
ژارم وتی: "ئەی سەگەکان؟" وەرزێر وتی: "چیتر گوێمان لێتە."
کریسۆفیلاکس بە پەشۆکاویەوە وتی: "دەپاوەند و کیسەیەك زێڕ بۆ هەر کامەتان و کەڵەنگێکی زێریش بۆ سەگەکان."
خەڵك کە تاقەتیان تاقی بوو هاواریان کرد: "بیکوژن!"
کریسۆفیلاکس بە پەلە وتی: کیسەیەکی زێڕ بۆ هەریەکتان و ئەڵماسیش بۆ ژنەکان."
وەرزێر وتی: "ئێستا باشترە بەڵام بەس نییە."
ژارم وتی: "هەمدیسان سەگەکانت لەبیرکرد" خەڵك پرسیان: "کیسەکان چەندە گەورەن؟" ژنانیشیان وتیان: "چەند پارچە ئەڵماس؟"
ئەژدیها وتی: "ئەی هاوار، ماڵ کاول خۆم."

گایلیز وتی: "ده دەردت بێت. دەتوانی لە نێوان ماڵ کاول بوون و مردن لێرە یەکیان هەڵبژێری." وەرزێر کلك گرەکەی لە هەودا سووڕاندەوەو ئەژدیها لە ترسدا نووشتایەوە. خەڵك کە ئێستا زاتیان شکا بوو نزیکتر بوونەوەو هاواریان کرد." هەڵبژێرە!"

کریسۆفیلاکس بێدەنگ بوو، بەڵام لە ناخەوە پێدەکەنی: لەرینەوەیەکی بێدەنگ و دوور لە چاوی خەڵك. چەنە لێدانی ئەو خەڵکەی پێ سەیر بوو. وا دیار بوو دەیانویست لەم ڕووداوە دەسکەوتێکیان دەستکەوێ. زۆر لە فێڵو تەڵەکانی جیهانیان نەدەزانی. لە ڕاستییدا لە هەموو ئەو ناوچەیەی ئەوان لێی دەژیان کەسێك نەبوو ئەزموونی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەژدیهای هەبێت. یان لە فێڵ و تەڵەکانیان بزانێ. هەناسە و هەروەها عەقڵی کریسۆفیلاکس هاتەوە بە خۆیدا. لێوی لستەوە. "خۆتان نرخ دیاری بکەن."

خەڵکی گوندەکە هەموو پێکەوە دەستیان کرد بە قسەکردن. کریسۆفیلاکس جوان گوێی دابوو. تەنها یەکێك لەو دەنگانە ئازاری دەدا. دەنگی ئاسنگەر بوو. ئاسنگەر دەیگوت: "ئەم کارە ئەنجامێکی باشی نییە. بە قسەم بکەن. چیتان پێ خۆشە بیڵێن، بەڵام ئەم ئەژدیهایە ناگەڕێتەوە. بە هەر حاڵ ئەم کارە ئەنجامێکی باشی نابێت."

پێیان وت: "ئەگەر وا بیر دەکەیتەوە دەتوانی لە مامەڵەکەدا بەشداری نەکەی. لە حاڵێکدا ئاگایان لە ئەژدیها نەبوو خەریکی مامەڵەکردن بوون. کریسۆفیلاکس سەری بەرزکردەوە، بەڵام تەواو لە هەڵەدا بوو ئەگەر دەیویست هێرشیان بکاتە سەر یان هەڵبێت. چونکە گایلیزی وەرزێر لە



نزیکەوە وەستابوو، پەڕی کایەکی دەجوێ و بیری دەکردەوە، بەڵام ککك گڕی بە دەستەوە بوو و چاوی بڕیبووە ئەژدیها.

وەرزێر وتی: "هەر لەو شوێنە کە هەی ڕاکشێ، ئەگینا ئەوەی دەبێت بە سەرت بێت بە سەرتا دێنم، بە زێڕەوە یان بێ زێڕ."

ئەژدیها ڕاکشا. سەرەنجام قەشە وەك وتەبێژی خەڵك هەڵبژێردراو ڕۆشتە لای گایلیز. قەشە وتی: "ئەی ئەژدیهای هیچ و پووچ، تۆ دەبێ هەموو ئەو سەرمایە نامەشرووعەی خۆت بێنیتە ئێرە، ئێمە دوای قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان بە شێوەیەکی عادڵانە لە نێوان خۆماندا بەشی دەکەین. ئەو کات ئەگەر بڕیار بدەی هیچکات لە مەزراکانی ئێمەدا دەرنەکەوی، لەگەڵ هیچ غوول و ئەژدیهایەکی تردا پیلانی ئازاردانی ئێمە دانەڕێژی، ئیزن دەدەین بە سەر و کلکتەوە بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی خۆت. ئێستا دەبێ سوێند بخۆی دەگەڕێیتەوە (لەگەڵ خەزانەکەیدا) وەها سوێند بخۆی کە تەنانەت ویژدانی ئەژدیهایەکیش وەفادار بێت پێی."

کریسۆفیلاکس دوای ئەوەی بە ڕواڵەت دوودڵی و گومانی لە خۆی نیشاندا، ڕازی بوو و بە دەست بەختی شەڕی خۆیەوە ناڵاندی و تەنانەت ئەوەندەی فرمێسك ڕژاند کە جادە پڕ بوو لە گۆلی ئاوی کولاو، بەڵام کەس سەرنجی پێ نەدا. ئەژدیها سوێندی قورس و توندی خوارد کە لە ڕۆژی جەژنی سانت هیلاریۆس(ST. Hilarious) و سانت فلیکس (ST. Felix)دا بە هەموو سەرمایەکەیەوە بگەڕێتەوە بۆ هەم. بەم شێوەیە 8 ڕۆژ دەرفەتی هەبوو کە بۆ وەها سەفەرێك زۆر کەم بوو. تەنانەت ئەو کەسانەش کە زۆر کەمیان دەربارەی جوگرافیا دەزانی بە ئاسانی بەم

شتەیان دەزانی. بەمەشەوە خەڵك ئیزنیان دا ئەژدیها بڕوات، تا پردی گوندەکە بەڕێیان کرد. ئەژدیها لە حاڵێکدا لە سەر چۆمەکەوە ڕەت دەبوو، وتی: "بە هیوای دیدار، دڵنیام هەموومان چاوەڕوانی ئەو دیدارەین."
خەڵك وتیان: "بە دڵنیاییەوە چاوەڕوان دەبین." بە دڵنیاییەوە ئەو خەڵکە زۆر ساویلکە بوون. چونکە هەرچەند ئەو سوێندانەی ئەژدیها خواردبوونی دەبایە ویژدانی پڕ کردبا لە ئاه و حەسرەت، بەڵام مخابن ئەو ئەژدیهایە هەر ویژدانی نەبوو. ئەگەر خەڵکی سادە نەیاندەزانی ئەم ئەژدیهایە هەر چەند لە ڕەچەڵەکی ئەرەستۆکراتە، ویژدانی نییە، دەبایە لانیکەم قەشە بەو هەموو خوێندنەوەیەوە گومانی ئەوەی کردبا. ڕەنگە گومانیشی کردبێت، چونکە ئەدیبێکی گەورە بوو و بە دڵنیاییەوە دەیتوانی باشتر لە دیتران داهاتوو پێشبینی بکات.
ئاسنگەر لە حاڵێکدا دەگەڕایەوە بۆ ئاسنگەرییەکەی سەری ڕاوەشاند و وتی: "ناوگەلێکی نەحس و شووم، هیلاریۆس و فلیکس! من حەز بە بیستنی ئەو ناوانە ناکەم."
هەڵبەت شاش زۆر زوو بەم ڕووداوەی زانی. ئەم هەواڵە وەك ئاگر هەموو هەرێمی شای گرتەوە و لە گێڕانەوەشیدا هیچ شتێکی لێ کەم نەبۆوە. شا بە قووڵی کەوتە ژێر کاریگەرییەوە، ئەویش بە زۆر هۆکار کە لایەنی ماڵی پرسەکە بە هیچ شێوەیەك کەمتر لە لایەنەکانی تر نەبوو. دەست بە جێ بڕیاریدا خۆی بڕواتە هەم، واتە ئەو شوێنەی کە هەموو ئەم ڕووداوە سەیرانە تێیدا ڕوویدابوو.



پادشا چوار ڕۆژ دوای چوونەدەرەوەی ئەژدیها، بە سواری ئەسپە سپییەکەی، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پاڵەوان و شەیپوورچییەکان و کاروانێکی گەورە لە پردەکەوە ڕەت بوو. هەموو خەڵك باشترین جلەکانیان لە بەرکرد و لە شەقامەکاندا ڕاوەستان بۆ ئەوەی بە خێرهاتنی بکەن. دەستەی سوارەکان لە بەردەم کەنیسەدا وەستان. ئەو کاتەی گایلێزی وەرزێریان بە پادشا ناساند، لە بەردەم پادشادا کڕنۆشی برد، بەڵام شا فەرمانی پێ دا هەستێت، بە ئارامی دەستی بە پشت وەرزێردا هێنا. پاڵەوانەکان وا نیشانیاندا بەم خۆشویستن و نزیکایەتییەیان نەزانیوە.
پادشا فەرمانی بە هەموو دانیشتوانی گوندەکە دا بەوەی لە بایەرە گەورەکەی گایلێزی وەرزێر، لە تەنیشت ڕووبارەکە کۆببنەوە، کە هەموان هاتن(لەوانەش ژارم کە هەستی دەکرد بەشدارە لەم بەسەرهاتەدا) ئاگۆستۆس بۆنیسفاسیۆس ڕێکس باسیلۆس، بە دەنگێکی ئارام ڕووی کردە هەموو خەڵك و بە ئارامی لەگەڵیان کەوتە قسە.
پادشا بە ئارامی شیکردەوە هەموو سەروەت و سەرمایەی کریسۆفیلاکسی شەروور، هی پادشای ئەو سەرزەمینەیە. بە خێرایی و بە شێویەکی سەرپێیانە باسی لە خاوەنداریێتی کوێستان(کە جێگای مشتومڕ بوو) کرد، بەڵام دواتر بە دەنگی بەرز وتی: "ئێمە هیچ گومانێکمان نییە هەموو گەنجینە و سەرمایەکانی ئەم ئەژدیهایە هی باو باپیرانی ئێمەیە دزیویانە. بەمەشەوە وەك دەزانن ئێمە هەم عادلین و هەم دەست و دڵ باز. خزمەتکاری باشی ئێمە ئاژیدۆس پاداشێکی باش وەردەگرێ، هەموو ڕەعیەتە وەفادارەکانی ئێمە لەم شوێنە، لەلایەن ئێمەوە خەڵات دەکرێن، لە

قەشەوە بگرە تا دەگاتە بچووکترین منداڵ، چونکە ئێمە بە تەواوەتی لە **هەم** رازین. لانیکەم لێرەدا هێشتا خەڵکانێکی بوێر و بە باوەڕ، نەریتی کۆنی پاڵەوانێتی قەومی ئێمەیان پاراستووە." لەم ماوەدا، پاڵەوانەکان سەرقاڵی قسەکردن بوون دەربارەی دوایین مۆدەی کڵاو.

خەڵك سەریان نووشتاندەوەو کڕنۆشیان برد، دواتر سوپاسی پادشایان کرد بۆ ئەو هەموو گەورەیەتییەی، هەرچەند ئێستا ئاواتیان بوو بریا بە پێشنیاری دەپاوەندی ئەژدیها رازی بایەن و کێشەکەیان لە ناو خۆیاندا کۆتایی پێ بهێنابایە. ئەو خەڵکە باش دەیانزانی لە هەر حاڵدا ئەستەمە پێزانینی پادشا بەو رادەیەش بێت. ژارم تێگەیشت ناوێك لە سەگەکان نەبرا. لەو ناوەدا گایلێزی وەرزێر تەنها کەسێك بوو کە بە تەواوەتی رازی بوو. دڵنیا بوو لەوەی کە خەڵات دەکرێ و لەوەی کە لە وەها رووداوێکی شووم رزگاری ببوو و ناو ناوازەی زیاتر ببوو خۆشحاڵ بوو.

کاروانی پادشایی لە گوندەکەدا مایەوە. شا خێمە و رەشماڵی لە مەزرای گایلێزدا هەڵدا و چاوەڕوانی رۆژی چواردەی ژانوویە بوو، تا ئەو شوێنەی لەو گوندە هەژار و دوورە دەستەدا دەکرا، دەستی دایە رابواردن و خۆشگوزەرانی. هاوڕێکانی شا لە سێ رۆژدا هەموو نان، کەرە، مامر، هێلکە، گۆشتی بەراز و گۆشتی مەڕ ئەو ناوچەیان خوارد و تا دوایین دڵۆپ بیرەی ئەو ناوچەیان خواردەوە، دواتر دەستیان کرد بە نارەزاییان دەربڕی لە خاڵی بوونی سفرەکان.

بەڵام شا دەست ئاوەڵایانە بەهای هەموو شتێکی دا (هەڵبەت بەو بەراتانەی کە لە خەزانەی سەڵتەنەتییەوە وەردەگیران، خەزانەیەك کە شا



لای وا بوو بە زوویی پڕ دەبێت) خەڵکی گوندەکەش کە نەیاندەزانی خەزانە لە چ حاڵێکدایە زۆر رازی و خۆشحاڵ بوون.

بوو بە چواردەی ژانوویە جەژنی سانت هیلاریۆس و سانت فلیکس. هەموو خەڵکی دێ بەیانی زوو لەماڵەکانیان هاتنە دەر. پاڵەوانەکان جلوبەرگی شەڕیان لە بەرکرد. گایلێز ئەو زرێیەی کە لە ماڵەوە هەیبوو خستە سەر شانی، پاڵەوانەکان هەموویان پێی پێکەنین، تا ئەوەی زانیان شا ناوچاوی گرژ کردوە. وەرزێر کلك گرەکەشی بەستبوو بە کەمەریەوە، شمشێرێك کە بە ئاسانی لە ناو کالانەکەیدا ئارامی گرتبوو، لەوێ مایەوە. قەشە بە وردی تەماشای شمشێرەکەی کرد و سەری راوەشاند. ئاسنگەر پێکەنی.

بوو بە نیوەڕۆ. خەڵك زۆر نیگەران بوون و دەستیان نەدەچووە نانخواردن. دوا نیوەڕۆ زۆر درەنگ تێپەڕی. هێشتا کلك گر هەر لە شوێنەکەی خۆی بوو و نەیدەویست بێتە دەر. هیچکام لە قەرەوڵەکانی سەر تەپۆڵکەکە، یان ئەو منداڵانەی بە دارەکاندا هەڵگەڕابوون، نە لە ئاسمان و نە لە زەوی هیچ شوێنەوارێکیان لە ئەژدیها نەدەدی.

ئاسنگەر فیکەی لێ دەدا و دەهات و دەچوو، بەڵام دانیشتوانیتری گوندەکە تا کاتی ئاوا بوونی خۆر و دەرکەوتنی ئەستێرەکان باوەڕیان نەدەکرد ئەژدیها نایەوێ بگەڕێتەوە. هێشتا سوێندەگەورە و سەرسووڕهێنەرەکانی ئەژدیهایان دەهێنایەوە یاد و هیوادار بوون. بەمەشەوە، کە نیوەشەو داهات و رۆژی دیاریکراو هات، هەموویان بە قووڵی نیگەران و بێ هیوا بوون. ئاسنگەر خۆشحاڵ بوو.

ئاسنگەر وتی: "مەگەر پێم نەوتن؟" بەڵام ئەوان هێشتا رازی نەبوون.

هەندێکیان دەیانگوت: "هەرچی بێت ئەو ئەژدیهایە بە قورسی بریندار ببوو."

ئەوانیتر دەیانگوت: "ئێمە دەرفەتێکی کەممان پێ دا، لێرەوە بۆ کوێستان ڕێگایەکی دوورە، ئەژدیها دەبێ بارێکی قورس هەڵگرێ. ڕەنگە ناچار بووبێت کەسێك بدۆزێتەوە یارمەتی بدات.

بەڵام ڕۆژی دواتر و ڕۆژی دوای ئەوەش ڕابورد، سەرەنجام هەموویان بێ هیوا بوون. شا بە تەواوەتی توورە بوو. چی هەبوو بۆ خواردن و خواردنەوە تەواو ببوو و پاڵەوانەکان بە دەنگی بەرز گلەییان دەکرد. پاڵەوانەکان پێیان خۆش بوو زۆر زووتر بگەڕێنەوە بۆ ڕابواردن و عەیش و نووشی ناو دەربار، بەڵام شا پارەی دەوێت.

سەرەنجام شا بە کورتی و بە شێوەیەکی خێرا لە ڕەعیەتەکانی ماڵئاوایی کرد، بەڵام بەر لە ڕۆیشتن نیوەی بەرات و خێری خەزێنەی لا برد. هەڵسوکەوتێکی زۆر سارد و سڕیشی لەگەڵ گایلێزی وەرزێر هەبوو و تەنها بە سەر ڕاوەشاندنێك ئیزنی پێ دا بڕوات.

شا وتی: "دواتر ئاگادارتان دەکەمەوە." بە پاڵەوان و شەیپوورچییەکانەوە لەوێ ڕۆشت و ئەوێی بە جێهێشت.

کەسانی خۆشباوەڕ و ساویلکە لایان وابوو هەر زوو پەیامێك لە دەربارەوە دەگا و ئەرباب ئاژیدیۆس بانگ دەکرێتە خزمەتی شا بۆ ئەوەی لانیکەم پلەی پاڵەوانی پێ ببەخشرێ. حەوتوویەك دواتر پەیام هات، بەڵام ناوەڕۆکێکی جیاوازی هەبوو. پەیامەکە لە سێ نوسخەدا هاتبوو، نوسخەیەك بۆ گایلێز، نوسخەیەك بۆ قەشە و نوسخەیەك بۆ ئەوەی



بکوترێ بە بەردەم کەنیسەدا. تەنها ئەو نوسخەیەی بۆ قەشە هاتبوو بە کەڵك دەهات، چونکە شێوە نووسینی دەربار شێوە نووسینێکی تایبەت بوو و بۆ خەڵکی هەم بە قەد لاتینی نووسراوە دژوار بوو لێی بگەن. بەڵام قەشە ناوەڕۆکەکەی وەرگێڕاوە سەر زمانی سادە و چووە سەر مینبەر و بۆ خەڵکی خوێندەوە. نامەکە کورت و ڕوون و ئاشکرا بوو(ئەم شێوە نووسینە شێوە نووسینی باوی دەربار نییە) دیار بوو شا بە پەلە بووە.

"ئێمە ئاگۆستۆس ب.ئا.ئا.پ.م.ڕێکس و .... ڕادەگەیەنین بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی هەرێم و شان و شکۆی پاشایەتی خۆمان، بڕیارمانداوە بەوەی ئەم ئەژدیها کە خۆی بە کریسۆفیلاکسی دەوڵەمەند ناساندوە قۆڵبەست بکەین و بە شێوەی شیاو سزای بدەین. ئەو ئەژدیهایە بە هۆی بێ ئەخلاقی، پێشێلکردنی یاسا، تاوان و سوێندخواردنی درۆ بە توندی تەمبێ دەکرێ. بەم شێوەیە فەرمان بە هەموو پاڵەوانەکانی دەربار دەدرێ بەوەی ئامادە بن، لەگەڵ ئەوەی جەنابی ئاژیدیۆس ئا.د.ئاگریکۆلا گەیشتە دەرباری پاشایەتی، بکەونە ڕێ بۆ دۆزینەوەی ئەژدیها. چون ئاژیدیۆسی ناوبراو، نیشانیداوە پیاوێکی جێگای باوەڕ و بە باشی دەتوانێ ڕووبەڕووی غوول و ئەژدیهاکان و دوژمنانی تری ئارامیی پادشا بێتەوە، کەوایە ئێمە فەرمانی پێ دەدەین لە زووترین کاتدا لە دەربار ئامادە بێ و دەستبەجێ پەیوەست بێت بە سوپای پاڵەوانەکانی ئێمەوە."

خەڵك وتیان ئەمە سەربەرزییەکی گەورەیە و هیچ شتێکی لە بەخشینی پلەی پاڵەوانی کەمتر نییە. ئاشەوان کە ئێرەیی بە گایلێز دەهات وتی:

"ناو و ناوبانگی هاوڕێ ئاژیدیۆس جیهانی بۆتەوە، هیوادارم لە گەڕانەوەدا بمانناسێت."

ئاسنگەر وتی: "بەڵام ڕەنگە هیچکات نەگەڕێتەوە."

وەرزێر کە بە تەواوی تووڕە ببوو وتی: "تۆ ئیتر بیبڕەوە سەرت وەك سەری ئەسپ دەچێ، پیری کۆن! ناودەرکردن بە جەهەنەم ئەگەر بگەڕێمەوە تەنانەت قەدەمی ئاشەوانیش لە سەر چاوم دەبێت و ڕێزی لێ دەگرم. بە هەموو ئەمانەوە جێگای بەختەوەرییە لەم ماوەدا ئێوە دوانە نابینم." دوای وتنی ئەم وتانە بە جێیانی هێشت.

بەڵام تۆ ناتوانی بۆ شا وەك هاوسێکانت بیانوو بێنیتەوە، بە بەرخەوە یان بێ بەرخ، زەویت کێڵا بێت یان نەتکێڵا بێت، دەستت بە تاڵ بێت یان سەرقاڵ بیت، گایلێز ناچار بوو سواری ماینە خۆڵەمێشییەکەی بێ و بڕوات بۆ دەربار. قەشە لە کاتی چوونە دەرەوە لە گوند دیتی.

قەشە وتی: "هیوادارم تەنافێکی گەورەو توندت لەگەڵ خۆت بردبێ؟"

گایلێز وتی: "بۆچی؟ بۆ ئەوەی خۆمی پێ بدەم لە دار."

قەشە وتی: "نە، خۆت مەدۆڕێنە ئارباب ئاژیدیۆس! لام وایە تۆ دەتوانی باوەڕت بە بەختی بەرزت هەبێت. بەڵام تەنافێکی بەرز لەگەڵ خۆت ببە، ڕەنگە پێویستت پێی بێت. هەڵبەت مەگەر ئەوەی پێشبینیکردنی من بە هەڵە دەرچێ. ئێستا بە خوات دەسپێرم، هیوادارم ساغ و سلامەت بیتەوە!"

گایلێز وتی: "ئەرێ ، بگەڕێمەوە ماڵ و مەزراکەم بە شێواوی و وێرانە ببینم. بە لەعنەت بن ئەژدیهاکان!" دواتر گایلێز گلۆزێ گەورە تەنافی



خستە ناو کیسەیەکی گەورەوە کە بە لای زینەکەیدا هەڵیواسیبوو، سوار ماینەکەی بوو و بە غار کەوتە ڕێ.

سەگەکەی لەگەڵ خۆی نەبرد کە بە درێژایی ئەو بەیانییە خۆی قایم کردبوو. بەڵام کە وەرزێر ڕۆشت ژارم بە دزیەوە گەڕایەوە ماڵەوەو لەوێ مایەوە. بە درێژایی ئەو شەوە قرووسکاندیەوە. لە بەر ئەم کارەی لێیان دا بەڵام ئەو هەر قرووسکاندییەوە.

سەگەکە هاواری دەکرد" فریام کەون! ئاخ، فریام کەون! ئیتر ئەربابە ئازیزەکەم نابینمەوە. ئەو ترسێنەر و شکۆدار بوو. خۆزگە منیش لەگەڵی دەڕۆشتم، خۆزگە."

ژنی وەرزێر دەیوت: "بێدەنگ بە! ئەگینا ئیتر زیندوو نامێنیتەوە بەوەی ببینی دەگەڕێتەوە یان نا."

ئاسنگەر قرووسکانەوەی سەگەکەی دیت و بە خۆشحاڵیەوە وتی: "هێمایەکی شووم."

چەند ڕۆژ تێپەڕی و هیچ هەواڵێك نەبوو. ئاسنگەر وتی: "بێ ئاگا بوون خۆی هێمای هەواڵی خراپە." دواتر دەستبەجێ دەستیکرد بە گۆرانی وتن.

کە گایلێزی وەرزێر گەیشتە دەربار هەم ماندوو بوو و هەم تۆزاوی. بەڵام پاڵەوانەکان زرێی بریقەداریان کردبووە بەر و کڵاو خوودەی درەوشاوەیان کردبووە سەر و هەموویان لە لای ئەسپەکانیاندا وەستابوون. ئاگادارییەکەی پادشا و هێنانی ناوی گایلێز ڕەنجاندبوونی، سوور بوون لە سەر ئەوەی تەنها فەرمانەکان جێبەجێ بکەن و هیچ کارێکی تر نەکەن و لەگەڵ گایلێز گەیشتە بەرەوە بکەونە ڕێ. وەرزێری هەژار بێ ئەوەی بتوانێ

قورگیٚ تەڕ بکات و وچانێك بدات هەمدیسان لە جادەکەدا کەوتە ڕێ. مایینەکە زۆر ڕەنجابوو، بەڵام بەختەوەرانە بۆچوونی خۆی دەربارەی پادشا دەرنەبڕی، ئەگینا بەوە تاوانبار دەکرا کە خیانەت دەکات.

ڕۆژ خەریك بوو ئاوا دەبوو. گایلێز بیری کردەوە: "بۆ دەستپێکردنی ڕاوی ئەژدیها دێرە." بەڵام ئەوان زۆر نەڕۆشتنە پێش. دوای دەست پێکردنی سەفەر پاڵەوانەکان هیچ بە پەلە نەبوون. بە ئارامی و لە سەرخۆ، بە شێوەیەکی پەرتەوازە دەڕۆشتنە پێش. پاڵەوانەکان و بەردەستەکانیان و خزمەتکارەکانیان و هێسترەکان بە بارەکانیانەوە، هەڵبەت گایلێزی وەرزێر بە سواری ماینە خۆڵەمێشەییەکەی لە دوایانەوە بوو.

کە ئێوارە داهات وەستان و خێمەکانیان هەڵدا. هیچ خزمەتگوزارییەك بۆ گایلێزی وەرزێر ئامادە نەکرابوو، بۆیە ناچار بوو ئەوەی دەیویست بە ئەمانەت لەم و لەوی وەربگرێ. ماینەکەی نیگەران بوو. سوێندی خوارد وەفادار نەمێنیٚ بە بنەماڵەی ئاگۆستۆس بۆنیفاسیۆس.

ڕۆژی دواتر و ڕۆژی دوای ئەوەش، دەڕۆیشتنە پێش. ڕۆژی سێیەم کوێستانی گەورەو میوان بێزیان لە دوورەوە دیت. دوای ماوەیەك گەیشتنە ناوچەیەك کە لە ژێر فەرمانی پادشای مەزن ئاگۆستۆس بۆنیقاسیۆس دا نەبوو. دوای ئەوە بە پارێزی زۆرترەوەو نزیك بە یەك ڕێیان دەکرد.

ڕۆژی چوارەم گەیشتنە **تەپۆڵکە وەحشییەکان** و سنووری سەرزەمینە گومانلاوییەکان. دەوترا لەم ناوچەدا گیانلەبەری ئەفسانەیی ژیان دەکەن. کوتوپڕ یەکێك لە سوارەکان کە لە پێشەوە دەڕۆشت لە ناو لم و ڕیخێکدا لە تەنیشت ڕووبارێك شوێنپێیەکی سەیری دیت. بانگیان لە وەرزێر کرد.



پرسیان: "ئەمانە چییە ئەرباب ئاژیدیۆس؟"

ئەو وتی: "شوێن پێی ئەژدیها"

ئەوان وتیان: "ڕێگاکەمان پیٚ نیشان دە."

بەم شێوەیە لە حاڵێکدا گایلێزی وەرزێر لە پێشەوە دەڕۆیشت، بەرەو ڕۆژئاوا کەوتنە ڕێ. حەڵقەکانی باڵاپۆشەکەی زرێنگە زرینگی دەهات و ئەم شتە نەببو بە بابەتێکی زۆر گرنگ، چونکە هەموو پاڵەوانەکان سەرقاڵی پێکەنین و قسەکردن بوون. ئەوان خونیاگەرێکیان لەگەڵ بوو کە گۆرانی دەچڕی و تاو ناتاوێك هەموویان بە دەنگی بەرز لەگەڵی دەیانوتەوەو سەربەندی شیعرەکەیان دەوتەوە. ئەم کارە ورەی پیٚ دەدان، چونکە ئەم ئاوازە خۆشە لە ڕۆژگارانی کۆندا، ئەو کاتەی شەڕەکان زیاتر لە پێشبڕکێکان باو بوون، هۆنرابۆوە. بەڵام گۆرانی وتن لەو هەلومەرجەدا کارێکی عاقڵانە نەبوو. هەموو بوونەوەرەکانی ئەو هەرێمە لە هاتنیان ئاگادار بوونەوەو ئەژدیهاکان لە هەموو ئەشکەوتەکانی سەرزەمینی ڕۆژئاوا گویٚ قولاخ بوون. ئیتر نەدەکرا کوتووپڕ بدەن بە سەر کریسۆفیلاکسی پیردا.

بەختەوەرانە (یان لە بەر فێڵی ماینەکە) کە سەرەنجام گەیشتنە داوێنەکانی کوێستانی تاریك، ماینەکەی گایلێزی وەرزێر شەل بوو. ئێستا بە ڕێگا شاخاوی و بەرداوییەکاندا دەڕۆشتنە پێش، لە حاڵێکدا بە دژواری دەڕۆشتنە سەر دەنگە دەنگیان زیاتر دەبوو. ماینەکە سات لەگەڵ ساتدا زیاتر دەکەوتە دواوە. ئەو دەشەلاو وەها هات و هاواری دەکرد کە سەرەنجام گایلێزی وەرزێر ناچار بوو دابەزیٚ و لەگەڵ ماینەکەیدا ڕیٚ بکات.

هەردووکیان زۆر زوو خۆیان لە کۆتایی ریزەکەدا و لە ناو هێسترە بار هەڵگرەکاندا دیتەوە، بەڵام کەس سەرنجی پێ نەدان. پاڵەوانەکان دەربارەی مەرجەکانی پێشەنگ بوون و پلە و پایەدار بوون قسەیان دەکرد، ئاگایان لە دەوروبەریان نەبوو، ئەگەر وا نەبوایە دەیانزانی ئێستا شوێن پێیەکی زۆری ئەژدیها دەرکەوتووە.

لە راستییدا ئێستا گەیشتبوونە شوێنێ کە کریسۆفیلاکس بە زۆری لەوێدا پیاسەی دەکرد، یان دوای هەڵفڕینی لە رۆژدا ئەوێی ئاگر دەدا. تەپۆڵکەکانی خوارەوەو لێوار جادەکان سووتابوون و پێشێل کرابوون. شوێنەراورێ لە سەوزەڵانی و گژو گیا نەدەبیندرا و رەگی رەش و پێچاو پلۆوچی گەون کەوتبووە سەر زەوی و دەبیندرا. دیار بوو ئەو شوێنە بۆ چەند ساڵ شوێنی پیاسەکردنی ئەژدیهایەك بووە. دیوارێکی بەردینی بەرز لە دوورەوە دەرکەوت.

گایلیێزی وەرزێر نیگەرانی ماینەکەی بوو، بەڵام بەوەی بیانوویەکی دەست کەوتبوو هەتا نەبێ بە گاڵتەی ئەوانی تر خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ بوو کە نەدەبووا لە شوێنە ترسێنەر و گومانئاوییەدا بێ بە چۆغە رەشی بەر کاروان. تۆزێ دواتر لەمەش خۆشحاڵ بوو و بیانوویەکی تەواوی دەستکەوت تا قەرزار باری چارەنووسی خۆی و (هەروەها ماینەکەشی) بێت. چونکە دەماو دەمی نیوەڕۆی ئەو رۆژە- کە رۆژی جەژنی کەندلی مەس (Candlemas) و حەوتەمین رۆژی سەفەر بوو- کلك گر لە کالانەکەی و ئەژدیها لە ئەشکەوتەکەی دەرپەڕیە دەرەوە. ئەژدیها بێ ئاگادار کردنەوەو رێورەسمی باو هاتە خوارەوە تا لەگەڵ پاڵەوانەکان شەڕ



بکات. لە حاڵێکدا دەیشریخاند بەرەو کاروانەکە هەڵهات. ئەژدیها سەرەڕای ئەوەی سەر بە بنەماڵەیەکی ئەرەستۆکرات بوو، لە سەرزەمینی بێگانەدا زۆر بوێر دەرنەکەوت. بەڵام ئێستا زۆر تووڕە بوو چونکە لە بەر دەروازەی ماڵەکەی خۆیدا شەڕی دەکرد و دەبا بەرگری بکردبایە لە هەموو گەنجینەکەی. ئەژدیها بە خێرایی هەورە برووسکە، بە دەنگێك وەك شریخەی تۆفان و بە گڕێکی سوورەوە لە پشت نادیاری کێوەکەوە دەرکەوت.

باسی مافی پێشەنگ بوون، کۆتایی پێ هات. ئەسپەکان بەرەو چوار لا هەڵهاتن، بەشێ لە پاڵەوانەکان کەوتنە سەر زەوی. خزمەتکار و هێسترەکان بە بارەکانیانەوە دەستبەجێ خۆیان شاردەوە. ئەوان هیچ گومانێکیان نەبوو بەوەی کێ دەبێ پێشەنگ بێ و کێ دەبێ لە دواوە بێت. کوتوپڕ کۆگایەك لە دووکەڵ هەموو شوێنی داگرت و ئەژدیها راست لە ناوەڕاستی ئەو دووکەڵەوە هێرشی کردە سەر پێشەوەی لەشکرەکە. چەند پاڵەوان تەنانەت بەر لەوەی بتوانن بە رەسمی شەڕ رابگەیەنن کوژران. هەندێکیتر وێڕای ئەسپ و شتەکانی تریان بێ سەرو شوێن بوون. ئەوانەی مابوونەوە ئیختیارییان کەوتبووە دەست ئەسپەکان و ئەسپەکانیش بە خێرایی سوورانەوەو هەڵهاتن. لە راستییدا زۆربەی پاڵەوانەکان ئەمە ئاواتیان بوو. بەڵام ماینە خۆڵەمێشییەکە هەڵنەهات. رەنگە لەوە دەترسا لەو جادە بەردەڵانەدا پای بشکێ یان رەنگە توانای هەڵهاتنی نەبووبێت. ماینەکە باش دەیزانی ئەژدیها لە دواوە زۆر خراپتر و مەترسیدارترە لە پێشەوە و بۆ هەڵهاتن لە دەستی پێویستی بە خێراییەك هەبوو زیاتر لە خێرایی پێشبڕکێی ئەسپ سواری. بەدەر لەوەش ئەو پێشتر کریسۆفیلاکسی

دیبوو، لە بیری بوو چۆن لە کێو و دەشتدا و لە سەرزەمینەکەی خۆیدا کەوتبووە دوای ئەم ئەژدیهایە. هەروەها تەسلیم بوونی خوێڕیانەی ئەژدیهاکەی لە بیر بوو لە شەقامی سەرەکی شاردا. بە هەر حاڵ ماینەکە لە حاڵێکدا پاکانی کردبۆوە وەستا، حیلاندی. گایلێزی وەرزێر تەواو ڕەنگی لە روو نەما، بەڵام لە تەنیشت ماینەکە مایەوە، چونکە وا دیار بوو هیچ ڕێگا چارەیەك نییە جگە لەم کارە.

بەم شێوە بوو ئەژدیها لە هێرشکردنییدا بۆ دواوەوەی لەشکرەکە، کوتوپڕ لەگەڵ دوژمنە دێرینەکەی کە کلك گری بە دەستەوە بوو رووبەڕوو بۆوە. چاوەڕوانی ئەم دوژمنەی نەدەکرد. کە وایە وەك شەمشەمەکوێرەیەکی زەبەلاح سووڕایەوەو لە تەنیشت کوێرەڕێ دا درا بە تەپۆڵکەکەدا. ماینە خۆڵەمێشەییەکە کە شەلیەکی تەواو لە بیر کردبوو بەرەو سەرەوە کەوتە ڕێ. گایلێزی وەرزێر کە زۆر خۆشحاڵ بوو بە پەلە پڕووزە سوار ماینەکەی بوو. گایلێز رووی کردە ئەژدیها و وتی: "ببوورە بەڵام ئێوە بە ڕێکەوت بە شوێن مندا دەگەڕان؟"

کریسۆفیلاکس وتی: "بە دڵنیاییەوە نا! قەت لام وا نەبوو ئێوە لێرە ببینم. من تەنها خەریك بووم لە سەر ئەم ناوچەیە پیاسەیەك بکەم."

گایلێز وتی: "کە وایە جێگای خۆشحاڵییەو کە یەکترمان دیوە، چونکە من بە شوێن تۆدا دەگەڕام. گرنگتر لەوە من حسابێکم هەیە لەگەڵ تۆ کە دەبێ پاکی بکەم، یان بە واتایەکی تر چەندین حسابم هەیە."



ئەژدیها قیژاندی. وەرزێر بۆ دوور خستنەوەی هەناسەکەی دەستی بەرز کردەوەو لە یەك ساتدا کلك گر بەرەو پێشەوە فڕی و خەریك بوو کلکی ئەژدیها بقرتێنێ.

ئەژدیها وتی: "ئەی هاوار" و ئیتر بێدەنگ بوو. لە حاڵێکدا دەلەرزی بەرەو دواوەوە ڕۆیشت و ئاگری دەروونی بە تەواوی قوت دا. دەستی کرد بە هاوار هاوار و وتی: "هیوادارم بۆ کوشتنم نەهاتبێتیتە ئێرە، گەورەم"

وەرزێر وتی: "نا، نا. من باسم لە کوشتن نەکردوە." ماینە خۆڵەمێشییەکی حیلاندی.

کریسۆفیلاکس وتی: "ئاخۆ دەتوانم پرسیار بکەم ئەگەر بۆ کوشتنم نەهاتووی لەگەڵ ئەم هەموو پاڵەوانە لێرە چ دەکەی؟ پاڵەوانەکان هەمووکات ئەژدیهاکان دەکوژن هەڵبەت ئەگەر بەر لەوە بە دەست ئەژدیهاهاکان نەکوژرێن."

گایلێز وتی: "من لەگەڵ ئەواندا نیم، کاریشم پێیان نییە. بە هەر حاڵ ئێستا هەموویان یان مردوون یان هەڵهاتوون. ئەوەی لە **ئێپی فانی** رابردوودا باست کرد، بوو بە چی؟

ئەژدیها بە نیگەرانییەوە وتی: "چی بوو بە چی؟"

گایلێز وتی: "یەك مانگ لە مەوعیدەکەت لای داوە، کاتی ئەوە بە سەرهاتووە کە دەبێ ئەو گەنجەی بڕیارت دابوو بیهێنی. من هاتووم وەری بگرم. لە بەر ئەو هەمووە ئەزیەتەی داوتەتە بەرم، زۆر باشە کە دەتبوورم."

ئەژدیها وتی: "ببورە، هیوادارم لە ڕێگادا زۆر ئەزیەت نەبووبێت."

گایلێز وتی: "ئەمجارە یان هەموو گەنجینەکەتم بێ هیچ فێڵ و تەڵەیەك پێ دەدەی بیبەم، یان ئەوەیە دەتکوژم و پێستت هەڵدەواسم بە منارەی کەنیسەکەماندا بۆ ئەوەی ببێ بە عیبرەت بۆ ئەوانی تر."

ئەژدیها وتی: "بەڵام ئەمە عادیلانە نییە."

گایلێز وتی: "مامەڵە، مامەڵەیە."

ئەژدیها وتی: "ناکرێ یەك دوو ئەنگوستیلە و بە لە بەرچاو کردنی خەرجی ژیانم برێ زێڕ راگرم؟"

گایلێز وتی: "نا، تا دوایین پووڵی برۆنزە، چت هەیە دەیبەم!" دواتر بۆ ماوەیەك وەك ئەو کەسانەی لە بازاڕدان چەنەیان لێ دا و باسیان کرد. بەڵام کۆتایی کار هەر ئەوە بوو کە چاوەڕوان دەکرا. هەرچی بێت کەم کەس دەیتوانی لە چەنەلێداندا هاوتای گایلێز بکات.

ئەژدیها ناچار بوو هەموو رێگای گەڕانەوە بۆ ئەشکەوتەکەی بە پێ بپێوێ. چونکە گایلێز شان بە شانی رێی دەکرد و کلك گری نزیك بە ئەژدیها بە دەستەوە بوو. توولە رێیەك بوو، بە دەور کێوەکەدا دەهاتەوەو دەچووە سەر، تەنها جێگای گایلێز و ئەژدیها دەبۆوەو ماینەکە بە دوایانەوە رێی دەکرد و دەهاتە پێش وەك ئەوەی بیر لە شتێك بکاتەوە.

نیو فەرسەخ تا ئەشکەوتەکە رێ بوو، بەڵام رێگاکە زۆر دژوار و سەراولێژ بوو. گایلێز بە هەناسەبڕکە دەچووە پێش، بەڵام تەنانەت یەك ساتێش چاوی لە ئەژدیهاکە هەڵنەدەگرت. سەرەنجام لە لای رۆژئاوای کێوەکەوە گەیشتنە دەرگای ئەشکەوتەکە. ئەشکەوتێکی گەورە، رەش و شووم، دەرگا برنجەکانی لە سەر کۆڵەکەی گەورەی ئاسنین دەکرایەوە و دەبەسترا. بە



دڵنیاییەوە لە سالانێکی زۆر دووردا ئەم ئەشکەوتە شوێنی هێز و دەسەڵات بووە، چونکە ئەژدیهاکان نە وەها بیناگەلێك و نە وەها کانگەلێك ساز دەکەن، بەڵام هەر کات بتوانن لە گۆڕ یان خەزانەی دلێران و غوولەکاندا دەوار دەخەن. دەرگاکانی ئەم هێلانە قوولە تەواو کراوە بوو. لە بەر دەرگاکەدا وەستان. تا ئەو کاتە کریسۆفیلاکس دەرفەتێکی دەست نەکەوتبوو بۆ هەڵهاتن، بەڵام ئێستا بەرەو دەروازەی ماڵەکەی بازی دا و ئامادە بوو خۆی فڕێ داتە ناو ئەشکەوتەکەوە.

گایلێزی وەرزێر بە نووکی شمشێرەکەی دای بە شانیدا و وتی:" بەر لەوەی بڕۆیتە ناوەوە پێویستە شتێکت پێ بڵێم. ئەگەر لە ماوەیەکی کورتدا لەگەڵ شتێکدا کە شیاوی هاوردن بێت لە ئەشکەوتەکە نەیتە دەرەوە، دێم بە شوێنتدا و بەر لە هەر شتێ کلکت لە جەستەت جیا دەکەمەوە.

ماینەکە حیلاندی. ئەو نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە گایلێزی وەرزێر لە بەر هیچ پارەیەك بە تەنهایی بڕواتە ناو کولانەی ئەژدیهاوە. بەڵام بە بوونی کلك گر، بەو درەوشاوەیی و تیژیی و...یەوە، کریسۆفیلاکس بە تەواوەتی باوەڕی بەم قسەیەی گایلێز کرد. رەنگە ئەژدیها لە سەر حەق بووبێ و ماینەکە، سەرەڕای عاقڵ بوونی، هێشتا بە تەواوەتی بەوە نەگەیشتبوو کە ئەربابەکەی چەندە گۆڕاوە. گایلێزی وەرزێر شانی دابوو بە بەختی بەرزی خۆیەوەو دوای دوو رووبەڕوو بوونەوە لای وابوو هیچ ئەژدیهایەك توانای وەستانەوەی بەرامبەری نییە.

به هەر حاڵ کریسۆفیلاکس دوای ماوەیەکی کورت لە ئەشکەوتەکە هاتە دەر. بیست پاوند زێڕ و زیو و سندووقێکی پڕ لە ئەنگوستیلەو گەردنبەند و شتومەکی رازاوەی پێ بوو.
ئەژدیها وتی: "ها بیگرە!"
گایلێز وتی: "چی بگرم؟ ئەگەر مەبەستت ئەمانەیە، ئەمە نیوەی ئەوەیە کە دەبێ بیهێنی یان تەنانەت نیوەی ئەوەیە کە تۆ هەتە، بێ یەك و دوو برِ و بێرەوە."
ئەژدیها وتی: "هەڵبەت کە وایە. "هەستی کرد وەرزێر لە چاو هەڵسوکەوتی پێشتری لە گوندەکەدا زۆر وریاترە، بۆیە نیگەران بوو. :" هەڵبەت کە ئەمە نیوەی ئەوەش نییە، بەڵام من ناتوانم هەموویان بە یەکجار بێنم."
گایلێز وتی: "مەرج دەبەستم بە دوو جاریش ناتوانی. هەمدیسان برِۆ و بە دوو بەرابەری خێرایی پێشتر بیرەوە، ئەگەر وا نەبێ تامی کلك گر دەچێژی."
ئەژدیها وتی: "نا...!" چووە ناو ئەشکەوتەکە و بە خێراییەکی دوو ئەوەندەی جار یەکەم هاتە دەرەوە. ئەژدیها لە حاڵێکدا بڕێکی زۆر زێڕ و دوو سندووق ئەڵماسی لە سەر زەوی دادەنا وتی: "فەرموون!"
وەرزێر وتی: "ئێستا جارێکی تر برِۆ و ئەمجارە زۆرتر لەگەڵ خۆت بێنە."
ئەژدیها لە حاڵێکدا دەڕۆشتەوە ناو ئەشکەوتەکە وتی: "عادیلانە نییە، زۆر ناعادیلانەیە."



بەڵام ئێستا نۆبەیماینە خۆڵەمێشییەکە بوو تۆزێ نیگەرانی حاڵی خۆی بێت. لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە:" کێ دەتوانێ هەموو ئەم بارە قورسە هەڵگرێ و بیباتەوە بۆ ماڵەوە؟" وەها بە نیگەرانییەوە چاوی لە کیسە و سندووقەکان دەکرد کە وەرزێر نیگاکانی خوێندەوە.
وەرزێر وتی: "هیچ نیگەران مەبە کچێ! ئێمە ئەم ئەژدیها پیرە ناچار دەکەین بارەکە هەڵگرێ."
ئەژدیها کاتی هاتنە دەرەوە لە ئەشکەوتەوە گوێی لەم قسانە بوو و وتی: "خوار رەحم پێ بکات." جاری سێیەم بوو لە ئەشکەوتەکە دەهاتە دەر و ئەمجارە گەورەترین باری لە سندووق و زێر و زیوی جوان کە وەك ئاگرێك بە رەنگی سەوز و سوورەوە دەدرەوشانەوە، لەگەڵ خۆی هێنابوو." خوا رەحم پێ بکات! ئەگەر هەموو ئەم بارە هەڵگرم لە ماندووێتیدا دەمرم. کیسەیەکی تر هەڵناگرم ئەگەر تەنانەت بشمکوژی."
وەرزێر وتی: "کەوایە هێشتا ماوە."
ئەژدیها وتی: "ئەرێ، بە رادەیەك کە شان و شکۆم بپارێزێ."
سەیرە، بەڵام ئەمجارە راستی دەکرد و دواتر دەرکەوت قسەکەی عاقڵانە بووە. ئەژدیها خۆی کزۆڵە کرد و وتی:" ئەگەر ئەوەی ماوەتەوە بۆم جێ بێڵی تا هەتایە هاورِێت دەبم. هەموو ئەم گەنجینە دەگوێزمەوە بۆ ماڵی ئێوە گەورەم، نەك بۆ کۆشکی شا و گرنگتر لەوەش یارمەتیت دەدەم لە پاراستنیدا."
ئینجا وەرزیر بە دەستی چەپی چیلکەیەکی لە بێخ ددانی دەرهێنا و بۆ چەند ساتێ بیری کردەوە. دواتر بە تێگەیشتنێکی تەواوەوە وتی: "زۆر

باشە، قەبوولە!" ئەگەر لە بری گایلیێز پاڵەوانێك بایە هەموو گەنجینەکەی وەردەگرت و نەفرەتی ئەژدیهای بە گیان دەکڕی، بەدەر لەوەش ئەگەر گایلیێزیش تەنگی بە ئەژدیهاکە هەڵچنیبا، رەنگە ئەژدیهاکەش بە کلك گرەوە یان بێ کلك گر، شەڕی هەڵبژاردبا. کە وایە گایلیێز تەنانەت ئەگەر نەکوژرابا، ناچار دەبوو ئامرازی گواستنەوەکەی بکوژێ و زۆرترین بەشی دەستکەوتەکەی لە کوێستاندا جێ بێڵێ.

زۆر باشە، ئەمە کۆتایی بەسەرهاتەکە بوو. وەرزێر گیرفانەکانی پڕ کرد لە گەوهەر، هەڵبەت تەنها لە بەر ئەوەی نەوەك شتێ روو بدات، بەشێ لە زێڕەکەشی خستە سەر ماینەکە. دواتر هەموو ئەوەی لە سندووق و کیسەکاندا مابۆوە بەست بە پشت کریۆفیلاکسەوە، تا ئەوەی ئەژدیها وەك کەژاوەیەکی دەرباری پێ هات. ئەژدیها نەیدەتوانی هەڵفڕێ، چونکە جگە لە قورسی بارەکە گایلیێز باڵەکانی بەستبوو.

وەرزێر لە بەر خۆیەوە بیر کردەوە:" سەرەنجام ئەم تەنافە بەکەڵکم هات!" لە بەر خۆیەوە سوپاسی قەشەی کرد. بەم شێوەیە هەرسێکیان کەوتنە رێ، ئەژدیها کە دووکەڵ لە زاری دەهاتە دەر لە پێشەوەو ماینەکە لە ناوەڕاستدا و وەرزێر بە کادی مووررداکسی درەوشاوە و هەڕەشەکەر بە دەستییەوە، بە دوایانەوە بوو. ئەژدیها نەیدەوێرا بیر لە هیچ فێڵێك بکاتەوە. ماینەکە و ئەژدیها سەرەڕای بارەکانیان رێگای گەڕانەوەیان بە خێراییەکی زۆرتر لە دەستەی سوارەکانی شا بڕی. وەرزێر بە پەلە بوو و هۆی بە پەلە بوونەکەی کەم بوونی خوردو خۆراکی ناو خورجینەکەی بوو. هەروەها دوای ئەو هەموو سوێندە درۆیە، وەرزێر ئیتر باوەڕی بە کریسۆفیلاکس نەبوو.



تەواو بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانێ شەو بێ زیانی گیانی و ماڵی بە سەر ببات. بەڵام بەر لەوەی شەو دەست پێ بکات بەخت جارێکیتر رووی تێکرد. چونکە لەگەڵ نیو دووجین لە خزمەتکار و هێسترەکانی شادا رووبەڕوو بوونەوە کە لە کاتی هێرشی ئەژدیهادا بە خێرایی هەڵهاتبوون و لە تەپۆڵکە وەحشییەکاندا ئاوارە ببوون. خزمەتکارەکان بە ترس و سەرسووڕمانەوە هەڵهاتن، بەڵام وەرزێر بانگیکردن.

وەرزێر وتی: "کوڕینە وەرن! بگەڕێنەوە! تا ئەو کاتەی ئەم بارە هەبێت کاری باشتان بۆ دەبێ بە حەقدەستی باشەوە."

بەم شێوەیە خزمەتکارەکان هاتنە خزمەت گایلیێزەوە. هەموویان لەوەی کە رێ نوێنێکیان هەیە خۆشحاڵ بوون و لە بەر خۆیانەوە دەیانگوت ئیتر لەمەو بە دوا حەقدەستەکانیان رێك و پێکتر لە جاران پێ دەگات. دواتر هەموویان کەوتنە رێ، حەوت پیاو، شەش هێستر، ماینێك و ئەژدیهایەك، گایلیێز ئێستا هەستی دەکرد ئەربابێکی دەوڵەمەندە، بای کردە قوڕگی خۆی. تا ئەو شوێنەی دەکرا زۆر کەم وەستان و باریان خست. شەو وەرزێر ئەژدیهای بە چوار مێخی چێوی بەست بە زەوییەوە. هەر کام لە پێکانی ئەژدیهای بەست بە مێخێکەوەو سێ کەسی دانا بە نۆبە چاودێری بکەن. بەڵام ماینە خۆڵەمێشییەکە چاوی نیوەکراوە هێشتەوە تا ئەگەر ئەم پیاوانە خۆیان دای لە سەریان فێڵ و تەڵە بکەن، ئاگادار بێت.

دوای سێ رۆژ گەیشتنە سەرزەمینەکەی خۆیان. گەڕانەوەیان بوو بە هۆی شادی و خۆشحاڵی و جموجوولێك کە دوورگەی بەریتانیا زۆر کەم جموجوولی وەهای بە خۆیەوە دیبوو. لە یەکەم گوند کە وەستان بارانێك لە

خواردن و خواردنەوەی خۆراپی رژا بە سەریاندا، نیوەیەك لە كورە گەنجەكان داوایان كرد پەیوەست بن پێیانەوە. گایلێز دوو جین لەو لاوانەی هەڵبژارد كە بۆ ئەوە دەبوون پەیوەست بن بەوانەوە. بەڵێنی حەقدەستی باشی پێدان و باشترین ئەسپەكانی بۆ كڕین. هێدی هێدی خەریك بوو پلانێك دابڕێژێ.

دوای رۆژێ پشوودان لە حاڵێكدا هاوڕێگا تازەكانی لەگەڵ بوو كەوتنە رێ. خەڵك بە خۆشی ئەوەوە گۆرانییان وت، رستەی بێ سەرو بەرە بەڵام ئیلهمیان دەوتەوە، بەڵام وەرزێر ئەم ئاوازانەی پێ خۆش بوو. هەندێ هوورایان دەكێشا و هەندێك پێدەكەنین. دیمەنێك زۆر خۆشحاڵكەر و لە هەمانكاتدا جێگای تێڕامان بوو.

بە زووی گایلێزی وەرزێر بەرەو باشوور بای دایەوەو بەرەو ماڵی خۆی رۆشت، جگە لەوەی نەڕۆشت بۆ دەرباری شا، تەنانەت هیچ پەیامێكیشی بۆ نەنارد.

بەڵام هەواڵی گەڕانەوەی ئەرباب ئاژیدیۆس وەك ئاگر لە رۆژئاواوە بەرەو هەموو شوێن بڵاو بۆوەو بوو بە جێگای سەرنج و سەرسووڕمان، چونكە گەڕانەوەی هاوكات بوو لەگەڵ بڵاو بوونەوەی راگەیاندنی سەرخۆشی دەربار كە بە بۆنەی شكستی پاڵەوانەكانیەوە لە رێگای كوێستانیدا پرسەی گشتی راگەیاندبوو.

گایلێز دەچووە هەركوێ پرسە كۆتایی دەهات و زەنگەكان لێ دەدران، خەڵك لە رێگای كاروانەكەدا ریزیان دەبەست و هاواریان دەكرد و كڵاو و ملپێچەكانیان رادەوەشاند. بەڵام ئەوەندە گاڵتەیان بە ئەژدیهای چارەڕەش



كرد كە پەشیمان بوو لەو مامەڵەی كردوویە، بە ناخۆشییەوە باسی لێوە دەكرد، وەها ئەزموونێك بۆ ئەرەستۆكراتێك لە بنەماڵەی پاشایەتی زۆر سووكایەتی بوو. كە گەیشتنەوە **هەم** هەموو سەگەكان بە گاڵتەوە لە ئەژدیها دەوەڕین، هەموویان جگە لە ژارم: چا و گوێ و لووتی ژارم مەحوی جەماڵی ئەربابەكەی ببوو. لە راستییدا لە خۆشیدا شێت بوو و هەموو شەقامەكەی بە تەقلە لێدان پێوا.

دیارە دانیشتوانی هەم پێشوازیەكی سەیریان لە وەرزێر كرد، بەڵام بە دڵنیایەوە هیچ شتێ بۆ ئەو لەوە خۆشتر نەبوو كە ئاشەوان و ئاسنگەر قسەیەكیان نەبوو بۆ وتن.

ئاسنگەر وتی: "ئەمە كۆتایی بە سەرهاتەكە نییە، ئەم وتەیەتان لە بیر بێت!" چونكە هیچ شتێكی خراپتری بۆ وتن نەدەهاتە یاد بە نیشانەی نیگەران بوون سەری داخست. گایلێزی وەرزێر بەو شەش پیاوەو دووجین كوڕەو ئەژدیها و ئەوانی تر، رۆشتنە سەر تەپۆڵكەكە و ماوەیەك لەوێ مانەوە. تەنها قەشەی بانگهێشت كرد بۆ ماڵەوە.

هەواڵەكان زۆر زوو گەیشتنە پایتەخت، خەڵك بە فەراموشكردنی پرسەی گشتی، هەروەها كاروباری تریان لە شەقامەكاندا كۆبوونەوە. هەراو هەرایەكی زۆر بەرز بۆوە.

شا لە كۆشكەكەی خۆیدا دانیشتبوو و نینۆكەكانی دەجوو و دەستی بە ریشیدا دەهێنا. ئەو لە كاتی نیگەرانی و تووڕەیی(نیگەرانی ماڵی) ئەوەندە ترسێنەر بوو كەس نەیدەوێرا لەگەڵی قسە بكات. بەڵام سەرەنجام هەراو هوریای شار گەیشتە گوێی، لەوە نەدەچوو پرسە بێت.

شا پرسی: "ئەو هەرا و هوریایانە لە چییە؟ بە خەڵك بڵێن بڕۆنەوە ماڵەکانیان پرسە تەواو بوو! ئەم هات و هاوارە زۆرتر وەك هات و هاواری بازاڕی فێلبازان دەچێ."

ئەوان وەڵامیان دایەوە: "گەورەم ئەژدیها گەڕاوەتەوە."

شا وتی: "چی! پاڵەوانەکانم بانگ بکەن، یان لانیکەم ئەوانەی ماونەتەوە."

ئەوان وەڵامیان دایەوە:"پێویست ناکات گەورەم، بە بوونی ئەرباب ئاژیدیۆس ئەژدیهاکە تەواو دەستەمۆیە. یان لانیکەم خەڵك وا دەڵێن. ماوەیەکی زۆر نییە هەواڵەکە گەیشتۆتە دەستی ئێمەو هەر کەسێك جۆرێ باسی دەکات."

شا کە تەواو ئارام ببۆوە وتی: "پیرۆزمان بێت! بیری لێ بکەنەوە ئێمە فەرمانمان دابوو دوو سبەی سەرەخۆشی بگرن بۆ ئەو پیاوە! فەرمانەکە هەڵوەشێننەوە! ئاخۆ هیچ گەنجینەیەکی پێیە؟"

ئەوان وەڵامیان داوە:" بە پێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتوون کێوێك دەسکەوتی لەگەڵ خۆی هێناوە، گەورەم."

شا بە تەماحەوە وتی: "کەی دەگەن؟ ئەم ئاژیدیۆسە پیاوێکی باشە. لەگەڵ ئەوەی گەیشتە بەرەوە بینێرننە خزمەتم!"

ئەوان لە وەڵامدا تۆزێ وەستان. سەرەنجام کەسێك پێی نا بە جەرگی خۆیدا و وتی: "داوای لێبوردن دەکەم گەورەم، بەڵام بیستوومانە وەرزێر بەرەو ماڵی خۆی ڕۆشتووە. بەڵام بێگومان لە یەکەم دەرفەتەتدا بە جلوبەرگێکی شیاوەوە بەرەو پایتەخت دەکەوێتە ڕێ."



شای وتی: "بێگومان! بەڵام جلوبەرگی بە جەهەنەم! ئەو بۆی نەبوو بێ ئەوەی ڕاپۆرتی بارودۆخەکەمان پێ بدات بەرەو ماڵەوە بڕوات. ئێمە زۆر ناڕازین."

یەکەم دەرفەت هاتە پێش و ڕابورد، زۆر دەرفەتی تریش هەروا. لە ڕاستیدا زیاتر لە یەك حەوتوو بوو گایلیز گەڕابۆوە، بەڵام هیچ هەواڵ یان پەیامێك لە لایەن گایلیزەوە نەگەیشتە دەربار.

لە دەیەمین ڕۆژدا شا تاقەتی تاقی. فەرمانی دا: "بنێرن بە شوێن ئەو پیاوە گێلەدا." ئەوانیش ناردیان بە شوێنیدا. بۆ ڕۆشتن و گەڕانەوە بۆ هەم پێویست بوو دوو ڕۆژ بە ڕێگاوە بی.

دوو ڕۆژ دواتر پەیکێك بە ترسەوە هەواڵی هێنا:" ئەو نایە گەورەم!"

شا فەرمانی دا: "خوای ئاسمانەکان! فەرمانی پێ بدەن ڕۆژی سێ شەممەی داهاتوو بێت بۆ ئێرە، ئەگینا تا هەیە دەبێ لە زینداندا بمێنێتەوە."

پەیکێکی چارەڕەش کە ڕۆژی سێ شەممە بە تەنها گەڕایەوە وتی: "داوای لێبوردن گەورەم، بەڵام ئەو هێشتا نایەوێ بێت بۆ ئێرە."

شا وتی: "دەك بە لەعنەت بیت! لە بری ئەو ئەم کەرپیاوە بخەنە زیندان!" فەرمانی دا بەوانی لەوێ بوون:" ئێستا چەند کەس بنێرن بە شوێن ئەم دێهاتییە هیچ و پووچەدا و زنجیری کەن و بیهێنن بۆ ئێرە."

ئەوان بە پرتە پرت وتیان: "چەند کەس؟ ئەو خاوەنی ئەژدیهایە... هەروەها کلك گرو ..."

شا وتی: "هەروەها دەیان دەستە گسك و پێمەڕە!" ئینجا داوا کرد ئەسپە سپیەکەی بۆ ئامادەبکەن، پاڵەوانەکان یان ئەوانەی مابوونەوە لەگەڵ

دەستەیەك پیاوی چەکداری بانگ کرد و بەو پەڕی توورەییەوە کەوتە ڕێ. هەموو خەڵك بە وورووژانەوە لە ماڵەکانیان هاتنە دەر.

بەڵام ئێستا گایلێزی وەرزێر تەنها قارەمانی دێهاتەکان نەبوو. ئەو ببوو بە خۆشەویستی ئەو سەرزەمینە، خەڵك بۆ پاڵەوانەکان و پیاوانی چەکدار کە ڕەت دەبوون، هوورایان نەکێشا و شادیان نەکرد. هەڵبەت هێشتا کڵاوەکانیان لە بەرامبەر شادا لە سەر دادەگرت. بەڵام هەرچەند کاروانی پاشایەتی لە هەم نزیکتر دەبۆوە ناوچاوەکان گرژتر دەبوون، لە هەندێ لە گوندەکاندا خەڵك دەرگاکانیان دادەخست و تەنانەت کەسێکیش لە دەرەوە نەدەبینرا.

ئەوکات توورەیی ئاگرینی شا بوو بە غەزەبێکی سارد. سەرەنجام کە گەیشتنە رووبارێك کە هەم و ماڵی وەرزێر کەوتبوە ئەو بەری ئەو رووبارەوە، ناوچاوی گرژ بوو. شا دەیویست ئاگر بەر بداتە هەموو ئەو ناوچەیە. بەڵام وەرزێر بە سواری ماینە خۆڵەمێشییەکەی لە سەر پردەکە وەستابوو و کلك گری بە دەستەوە بوو. جگە لە ژارم کە لە لای جادەکەدا کەوتبوو هیچ کەس دیار نەبو.

گایلێز بە خۆشحاڵیەوە بێ ئەوەی بوەستێ تا بانگی دەکەن، وتی: "بەیانیت باش گەورەم!"

شا بە ساردو سڕی تەماشای کرد و وتی: "هەڵسوکەوتت شیاوی دەرباری ئێمە نییە، بەمەشەوە بۆت نییە کە بانگت دەکەن ئامادە نەبیت."

گایلێز وتی: "ڕاستت دەوێ بیرم لەوە نەکردبۆوە گەورەم. من خۆم کارم هەیە و دەبێ بپەرژێمە سەری، کاتم زۆر بە هەدەر داوە بۆ کارەکانی ئێوە."



شا کە هەمدیسان توورە ببوو هاواری کرد:" دە هەزار جار بە لەعنەت بیت، دەبێ تۆ لە بەر ئەو نافەرمانیانەت بخرێیتە جەهەنەمەوە! ئیتر هیچ پاداشێکت پێ نادرێ و ئەگەر ئێعدام نەکرێی بەخت یاوەرتە. لە ڕاستییدا دەبێ ئێعدام بکرێی، مەگەر ئەوەی هەر ئێستا و هەر لێرەدا داوای لێبوردن بکەی و شمشێرەکەم پێ بدەیتەوە."

گایلێز وتی: "ئەرێ، بە ڕاست لام وایە خەڵاتی خۆم وەرگرتوە. ئێمە لێرە دەڵێن دۆزینەوە هەڵگرتنە و هەڵگرتن خاوەندارێتی. لام وایە کلك گر بە من بێت باشترە تا بە کەسەکانی ئێوە. بەڵام بە ڕاست ئەم هەموو پاڵەوان و پیاوانە بۆچی هاتوون؟" گایلێز هەروەها وتی: "ئەگەر بۆ سەردان هاتوون، بە ژمارەیەکی کەمتر لەمەشەوە پیلاوتان لە سەر چاومان بوو. بەڵام ئەگەر دەتانەوێ من ببەن پێویستە کەسانێکی زۆر زۆرترت لەگەڵدا بێت."

شا ئیتر متەقی لێوە نەهات. پاڵەوانەکان سوور هەڵگەڕان و سەریان هەڵبڕی. هەندێ لە پیاوانی چەکدار کە شا پشتی لێیان بوو پێدەکەنین.

شا هەمدیسان هاتەوە قسە، بەڵام ئەمجارە لە بیری کرد خۆڕاگر بێت و هاواری کرد: "شمشێرەکەم بدەوە."

گایلێز وتی: "تاجەکەتم پێ بدە!" قسەیەکی هەژێنەر بوو کە هیچکات لە هەموو ڕۆژەکانی پاشایەتی ناوەڕاستدا کەس نەیبیستبوو.

شا هاواری کرد: "خوای ئاسمانەکان! بیگرن و بیبەستنەوە!" شا لە خۆڕا ئەوەندە توورە نەبوو. هاواری کرد. "بۆ لە دواوە وەستاون؟ بیگرن یان بیکوژن!"

پیاوانی چەکدار چوونە پێشەوە

ژارم هاواری کرد: "ئەی هاوار فریامان کەون، فریامان کەون، فریامان کەون."

راست هەر لەو کاتەدا ئەژدیها لە ژێر پردەکە هاتە دەرەوە. ئەژدیها کە لەو بەری رووبارەکەوە لە ژێر ئاوەکەدا خۆی شاردبۆوە، هەڵمێکی زۆر لە دەمی هاتە دەر، چونکە ئاوێکی زۆری خواردبۆوەو دەست بە جێ مژێکی تۆخی دروست کرد کە تەنها چاوە سوورەکانی ئەژدیها لەو مژەدا دەبیندرا.

ئەژدیها فەرمانی پێدان: "بگەڕێنەوە ماڵەکانتان گەمژانە!" ئینجا قیژاندی و درێژەی پێ دا: "یان خۆم لەت لەتتان دەکەمەوە. لە رێگای کوێستاندا لاشەی پاڵەوانەکان لە سەر زەوی کەوتووەو بەمزوانە پاڵەوانی زۆرتر بێ گیان دەکەونە رووبارەوە. هەموو ئەسپ و پیاوانی شا."

ئینجا ئەژدیها پەلاماری دا و چنگی لە ئەسپی سپی شا گرت. ئەسپ بە خێراییەکی زۆرتر لە غەزەب و تووڕەیی شا بە غار لەوێ هەڵهات. ئەسپەکانیتریش بە غار بە دوایدا. بەشێکیان پێشتر ئەم ئەژدیهایەیان دیتبوو و بیرەوەرییەکی خۆشیان لەو دیتنە نەبوو. پیاوانی چەکدار بە پەلە هەریەکیان بەرەو لایەك هەڵهاتن، بۆ هەموو لایەك جگە لە هەم.

ئەسپی سپی تەنها رووشابوو و ئیزنی پێ نەدرا زۆر دوورکەوێتەوە. زۆری نەبرد شا گەڕاندیەوە. هەرچی بێت هێشتا ئەربابی ئەسپەکەی بوو و هیچ کەس نەیدەتوانی بڵێت کە ئەو لە هیچ پیاو یان ئەژدیهایەك لە ئاسمان و زەوی دەترسێ. کە پاشا گەڕایەوە مژ رەوابۆوە بەلام هەموو پاڵەوان و پیاوەکانیشی هەڵهاتبوون. ئێستا دۆخەکە تەواو گۆڕابوو. شا دەبایە



بەتەنهایی لەگەڵ وەرزێرێکی بەهێز، بە کلك گرەوەو هەروەها ئەژدیهادا، قسە بکات.

بەلام قسەکردن بێکەڵك بوو. وەرزێر سوور بوو لە سەر قسەی خۆی. چۆکی دانەدەدا و هەرچەند شا بانگهێشتی شەڕی دوونەفەرەی کرد هەر لەو کات و ساتەدا، بەلام شەڕی نەکرد.

وەرزێر لە حالێکدا پێدەکەنی وتی: "نە گەورەم! برۆوە ماڵی خۆت و ئارام بگرە! نامەوێ هیچت پێ بێت، بەلام باشتر وایە برۆی، ئەگینا وەلامدەرەوە نیم بەرامبەر کارەکانی ئەم ئەژدیهایە. رۆژ خۆش!"

ئەمە بوو کۆتایی شەڕی هەم. شا نە ئەوە بوو لەو گەنجینە دینارێکی دەستکەوێ و نە ئەوە بوو وەرزێر کە ئێستا زۆری کەیف بە خۆی دەهات داوای لێبوردن بکات. گرنگتر لەوە، لەو رۆژە بەدواوە شکۆ و هێزی پاشایەتی ناوەڕاست لەو هەرێمەدا کۆتایی پێهات. بە مەودای چەندین فەرسەخ، خەڵك گایلێزیان بە گەورەی خۆیان هەڵبژارد. شا بە هەموو ناوبانگییەوە نەیدەتوانی تەنانەت کەسێك دژ بە گایلێز بورووژێنێ، چون ئەو خۆشەویستی ئەو ناوچەیە بوو و ناوی چووبووە ناو شیعرەکانەوەو نەدەکرا هەموو ئەو شیعرانەی بۆ ئەو وترابوون یاساغ بکرێن. ناودارترینیان شیعرێك بوو لە وەسفی شەڕی پردا کە سەد بەیتی هەجوو و هەزەلی قارەمانانە بوو.

کریسۆفیلاکس ماوەیەکی زۆر لە هەم مایەوە، ئەمەش لە بەختی گایلێزدا بوو، چونکە پیاوێك کە ئەژدیهایەکی دەستەمۆی هەبێت سرووشتیە رێزی لێ دەگیردرێ. ئەژدیها لە سەر ئیزنی قەشە لە هەماری گەنمەشامی دا

نیشتەجێ بوو. لەوێ لە لایەن ئەو 12 کوڕە بەهێزەوە چاودێری دەکرا. ئەمە سەرچاوەی یەکەم نازناوی گایلیز بوو. دۆمینۆس دێ دۆمیتۆ سێرپێنە(Dominus de Demito Serpente) کە لە زمانی ئەو ناوچەیەدا بە مانای ئەربابی ئەژدیهای دەستەمۆ یان بە شێوەیەکی کورت ئەربابی دەستەمۆ (کە لە زمانی ئەواندا بە **لۆرد ئاو تێم** ناوی لێ دەبرا). پلەم مقامەدا گایلیز لە لایەن هەمووانەوە ڕێزی لێ دەگیردرا، بەڵام بەمەشەوە بە شێوەیەکی ڕەواڵەتی باجی دەدا بە پادشا: شەش کلکی گا و پێکێك بیرەی تاڵ کە لە ڕۆژی سانت ماتیاس، ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوە لە سەر پرد، بۆی دەنێردرا. بەڵام وەرزێر لە ماوەیەکی کورتدا نازناوی ئەربابی بەرزکردەوە بۆ سالار و کەمەربەندی سالار تێم (Earl of tame) ی بەستبوو.

دوای چەند ساڵێك بە شازادە ژۆلیۆس ئاژیدیۆس بانگیان لێ دەکرد و دانی باج وەستا. چونکە ئێستا گایلیز کە سەرمایەکی ئەفسانەیی هەبوو، کۆشکێکی بەرزی بۆ خۆی بنیات نابوو و هێزێکی گەورەی لە پیاوانی چەکدار کۆکردبۆوە. ئەو پیاوانە زۆر ڕازاوەو درەوشاوە دەهاتنە بەرچاو، چونکە چەکەکانیان لە باشترین جۆر بوو کە دەکرا بە پارە بکڕدرێ. دوازە کوڕی بە هێز و شایستە هەموویان پلەی کۆلۆنیۆلیان پێ درا. ژارم بوو بە خاوەن کەڵەنگێکی زێڕین و تا مرد بۆ هەر کوێ پێی خۆشبا دەچوو. ئەو سەگێکی خۆشحاڵ و پڕفیز بوو، کە دۆستەکانی لێی وەڕەز بوون، چون چاوەڕوانی ئەوەی لە سەگەکانیتر هەبوو بە بۆنەی شکۆ و گەورەیی



ئەربابەکەیەوە ڕێزی بۆ دانێن. ماینی خۆڵەمێشی بێ هیچ ئاماژەیەك بە بیرکردنەوەو رامانەکانی، ڕۆژگاری بە ئارامی تێپەڕ دەکرد.

شتێکی روونە لە کۆتاییدا گایلیز بوو بە پادشا، پادشای پاشایەتی بچووك. ئەو لە هەم بە ناوی ئاژیدۆس دێراکۆناریۆس (Aegidius Draconarius)ەوە تاجی لە سەر نا، بەڵام بە زۆری هەموان بە "گایلیز، پیری ئەژدیها گر" دەیانناسی، چونکە زمانی رەشۆکیانە لە دەرباری ئەودا بوو بە باو و هیچکام لە وتاردانەکانی بە زمانی لاتینی نەبوو. ژنی گایلیز بوو بە مەلەکەیەك بە شکۆ و جەستەیەکی گەورەوە کە بە تەواوەتی چاودێری حساب و کتابی ماڵەوەی دەکرد. هیچ فێڵزانێك نەیدەتوانی فێل لە مەلەکە ئاگاتا بکات. بۆ ئەم کارە لانیکەم پێویست بەوە بوو ڕێگایەکی دوور ببڕن!

بەم شێوەیە گایلیزی پیر سەرەنجام بوو بە خاوەنی شکۆ و دەسەڵات. ریشێکی سپی هەبوو کە تا سەر ئەژنۆی دەهات و هەروها دەربارێکی هەبوو کە ڕێزی لێ دەگیردرا (دەربارێك کە لەوێ ڕێز و حورمەتی هەبوو) جگە لەمانەش، دەستەیەکی تەواو نوێ لە پاڵەوانەکان. بەمانەیان دەوت پاسەوانەکانی ئەژدیها و هێماکەشیان وێنەی ئەژدیها بوو، دوازدە کوڕی شایستەش ئەندامانی ئەو دەستەیە بوون.

دەبێ بڵێن گایلیز بەشێکی گەورەی پێشکەوتنەکەی بە هۆی بەخت و ئێقبالەوە بوو، هەرچەند لە بە کارهێنانی بەخت و ئێقبالیشدا توانایی و زیرەکی تایبەتی هەبوو. هەم بەخت و هەم زیرەکی تا دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی لەگەڵی بوون، هەروەها لە خزمەت هاوڕێیان و جیرانەکانیشدا.

گایلێز بە دەست ئاوەڵاوییەوە قەشەی پاداشت کرد، تەنانەت ئاسنگەر و ئاشەوانیش بەشی خۆیان وەرگرت. هەڵبە گایلێز دەیتوانی دەست و دڵ کراوە بێت. بەڵام لەو کاتەوەی بوو بە پادشا یاسایەکی توندوتۆڵی دامەزراند دژ بە پێشبینی و پیشەی ئاشەوانی کرد بە پیشەیەکی تایبەت بە دەربار و تاج و تەختی پادشایی. قەشە بوو بە ئۆسقۆف و کەنیسەی هەم گەورە کرایەوە و وەك ناوەندی بانگەشەکردنی خۆی دیاریکرد.

ئەوانەی ئێستا لە هەرێمی پاشایەتی بچووك دەژین دەتوانین لەم مێژووەدا خاڵی پێك گرێ دانەوەی هەندێ لە شار و گوندەکانی ئەم ناوچەیە ببینن کە تا ئەمڕۆکە ناوەکەیان ماوەتەوە. هەم کە ببوو بە شاری سەرەکی هەرێمی نوێ بە هۆی هەڵەیەکی سرووشتی نێوان پادشای هەم و پادشای تێم، بە ناوی دووەم کە تا ئەمڕۆکەش ماوەتەوە، ناسرا.

دراکوناری(Derraconarii) یان پاسەوانی ئەژدیهاکان، بە یاد و بیرەوەری ئەژدیهاوە کە ببوو بە هۆی ناو دەرکردن و بەختەوەرییان، لە یەك فەرسەخی باکووری رۆژئاوای تێم کۆشکێکی گەورەیان بۆ خۆیان ساز کرد، لەو شوێنەی کە گایلێز و کریسۆفیلاکس بۆ یەکەم جار یەکتریان دیت. ئەو شوێنە لە هەموو هەرێمەکەدا، بە بۆنەی ناو و ئاڵای شاوە، ناوی لێ نرا ئائۆلا دراکۆناری (Aula draconaria) یان وەك لە زمانی خەڵکدا دەوترا (کۆشکی ئەژدیهاگر) ناوی دەرکرد.

لەو ساتەوە روخساری زەوی گۆڕاوەو پاشایەتییەکان هاتوون و چوون، جەنگەڵ و رووبارەکان لە ناو چوون، تەنها تەپۆڵکەکانن ماونەتەوە، هەرچەند ئەوانەش بە دەستی باو و بۆران دەسوێن. بەڵام هێشتا ناویان



ماوەتەوە. هەرچەند ئێستا پێیان دەڵێن ئەفرا (یان وایان بە من وتووە) چونکە گوندەکان جێگا و شوێنی خۆیان لە دەستداوە. بەڵام لە کاتی رووداوی ئەم چیرۆکەدا ئەو کۆشکە پێی دەوترا کۆشکی ئەژدیها گر و یەکێك بوو لە کورسییەکانی پاشایەتی. ئاڵای ئەژدیها نیشان لە سەر هەموو دارەکان دەشەکاوەو تا ئەو کاتەی کلك گر لە سەر زەوی بوو هەموو شتێ بە خۆشی دەچووە پێش.

## سەرەنجام

کریسۆفیلاکس زۆربەی کات دەپاڕایەوە ئازاد بکرێ. خواردنیشی زۆری تێ دەچوو، چونکە تا دەهات گەورەتر دەبوو. لە بەر ئەوەی ئەژدیهاکانیش وەك دارەکان تا ئەو کاتەی دەژین هەر هەڵدەدەن و گەورەتر دەبن. بەم شێوە بوو گایلێز دوای چەند ساڵ، ئەو کاتەی هەستی کرد بە تەواوی سەقامگیر بووە، ئەو ئەژدیها چارەڕەشەی ئازاد کرد هەتا بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی. ئەو دوانە دوای ڕێزلینان لە یەکتر و پەیمان تازە کردنەوە بەوەی هیچکامیان دەستدرێژی نەکەنە سەر هەرێمی یەکتر لە یەك جیا بوونەوە. ئەژدیها لە دڵی ڕەشیدا، تا ئەو شوێنەی ئەژدیهاکان دەتوانن، گایلێزی خۆشدەویست. هەرچی بێت کلك گر هێشتا هەر هەبوو: گیانی و هەموو سەرمایەکەی دەکرا لە ناو چووبان. ئەژدیها هێشتا بەشێکی بەرچاو لە گەنجینەکەی لە ماڵەوە هەبوو(گایلێزیش ئەمەی دەزانی.)

ئەژدیها بە ئارامی و بە دژواری بەرەو کوێستان هەڵفڕی، چونکە باڵەکانی بە هۆی بە کار نەهێنانیان بۆ ماوەیەکی زۆر لاوازو بێ هێز ببوون و خۆشی زۆر قەڵەو ببوو. لە گەڕانەوەدا دەستبەجێ ئەژدیهایەکی گەنجی لە ناو برد کە جورئەتی کردبوو بڕواتە ئەشکەوتەکەیەوە. دەوترا دەنگی ئەم شەڕە لە هەموو ڤێنەدۆتیا (venedotia) بیستراوە. ئەم کاتەی بە ڕەزامەندی تەواو ڕەقیبی شکستخواردوی قووت دا، حاڵی باشتر بوو و برینەکانی سارێژ بوون. ئەژدیها ماوەیەکی زۆر خەوت. بەڵام سەرەنجام کوتوپڕ لە خەو ڕاچڵەکی و چوو گەڕا بە دوای بەرزترین و گەمژەترین غوولەکاندا کە هەموو ئەم بەسەرهاتە ماوەیەکی زۆر لەوە پێش لە شەوێکی هاوینییەوە دەستی پێکرد. کریسۆفیلاکس هەرچی قسەی خراپ بوو پێی وت و غوولی چارەڕەش لە شەرمدا بوو بە تکێ ئاو.

ئەو لە حاڵێکدا سەری دەخوراند وتی:" کە وایە بلاندرباس بووە؟ من لام وابوو مێشوولەیە!

فینیس(Finis) یان لە زمانی خەڵکیدا کۆتایی.

# پێڕست


پێشەکی وەرگێڕی فارسی...................... 10

گەلا ...................................................... 50

ئاسنگەرو ئەستێرەی سیحری................ 84

وەرزێرو ئەژدیها ............................... 126


## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی (2010)ی



## بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | زنجیرە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دیوانی سامی عەوداڵ | ئا/د. کەمال مەعروف | شیعر | 711 |
| 2 | سایکۆلۆژیای دەسەڵات | سەمەد ئەحمەد | لێکۆڵینەوە | 712 |
| 3 | وێنەیەك بەسەر ئاوەوە | سەلاح عومەر | رۆمان | 713 |
| 4 | شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا | عەبدولمتەلیب عەبدوڵلا | لێکۆڵینەوە | 714 |
| 5 | ناونیشان لە چیرۆکی کوردیدا | ئارام صدیق | لێکۆڵینەوە | 715 |
| 6 | مرۆڤــــ گەردونێکی نادیار | د.هادی محمد | لێکۆڵینەوە | 716 |
| 7 | رێچکەی مێروولەکان | جوتیار ئەحمەد | چیرۆك | 717 |
| 8 | ئافۆریسم | نەوزاد جەمال | لێکۆڵینەوە | 718 |
| 9 | مێژووی تۆپی پێ و پاڵەوانێتییەکانی لە جیهاندا | هەوراز کاوە | وەرزشیی | 719 |
| 10 | شەڕی گۆگامێلا | محمد ئەمین عەلی | مێژوویی | 720 |
| 11 | بونیاتی هونەری لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا | سامان عیزەدین | لێکۆڵینەوە | 721 |
| 12 | ذاکرة مدینة منقرضة | زوهدی داودی | رۆمان | 722 |
| 13 | تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ | کەریم دەشتی | شیعر | 723 |
| 14 | هۆشیاریی یاسایی | فوئاد تاهر | یاسایی | 724 |
| 15 | میرزا مەنگوڕی و یوتۆپیا جیهانییەکەی | سەربەست کەرکوکی | لێکۆڵینەوە | 725 |
| 16 | دیوانی ناری | ئا/عوسمان ناری زادە | شیعر | 726 |
| 17 | کۆمەڵێك شوێنەواری دێرینی بەر | کەمال نوری مەعروف | شوێنەوار | 727 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 19 | زمان ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەویدا | هەندرێن | لێکۆڵینەوە | 730 |
| 20 | جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە | رێبین رەسوڵ ئیسماعیل | لێکۆڵینەوە | 731 |
| 21 | ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا | جەلال مەحمود عەلی | زمانەوانی | 732 |
| 22 | شار و دنیای منداڵی | عومەر دەروێش | کوراسی شێوەکاری | 733 |
| 23 | بەرەو زانستی دەنگسازی لە ئاخاوتنی کوردییەوە | شێرکۆ بابان | زمانەوانی | 734 |
| 24 | حقوق الملکیة الفکریة ذات الصلة بالاصناف النباتیة الجدیدة والمنتجات الدوائیة | د. دانا حمە باقی | لێکۆڵینەوە | 735 |
| 25 | بنەماکانی پێڕست و پۆلێن لە کتێبخانە و بنکە زانیارییەکاندا | شێرزاد سەعید محەمەد | لێکۆڵینەوە | 736 |
| 26 | تێکست | هاشم سەراج | شیعر | 737 |
| 27 | فێربوونی زمانی فارسی هەنگاو بەهەنگاو | عەدنان عەبدولرەحمان سەجادی | فەرهەنگ | 738 |
| 28 | کوردستان و کورد لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییدا | د.کەیوان ئازاد | مێژوویی | 739 |
| 29 | کتێبی خۆشەویستیی | و. جەلال دەباغ | شیعر | 741 |
| 30 | رۆڵی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە گەشەپێدان و پێشختستنی هونەرەکانی رۆژنامەگەری کوردیدا | عەبدولسەمەد ئیسلام تەها | مێژوویی | 740 |
| 31 | تاوانە ئینتەرنێتییەکان | سەروەت عەبدوڵلا | لێکۆڵینەوە | 729 |
| | | | گفتوگۆی | |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | بێرنارد کۆشنەر | نەجات حەمید | لێکۆڵینەوە | 745 |
| 36 | وقفات في رحاب الثقافة الکردیة | محمد کریم عارف | لێکۆڵینەوە | 746 |
| 37 | غەمگینم بۆ هەموو شەوێکی بێ ئەڤین | سیروان رەحیم | شیعر | 747 |
| 38 | کارەبا و زانستی داینەمۆ | بتیۆن سعید | زانستیی | 748 |
| 39 | دووگیانی و منداڵ بوون | شیرین مستەفا عیسی | زانستیی | 762 |
| 40 | شێوەکاران | تەها احمد رەسول | شێوەکاریی | 750 |
| 41 | وشە گەڕۆکەکان | و.عەبدوڵلا زەنگەنە | رۆمان | 751 |
| 42 | بۆنی بەختەوەری | محمد کوردۆ | لێکۆڵینەوە | 755 |
| 43 | ناسیۆنالیزم و عەلمانیەت | سۆران عزیز | لێکۆڵینەوە | 753 |
| 44 | فێربوونی بالە | ریباز احمد فرج | وەرزشیی | 754 |
| 45 | وەرزی دروێنەی فریشتەکان | محمد کەریم | چیرۆك | 765 |
| 46 | بازنە راخراوەکانی بابل | عمر سەید | رۆمان | 756 |
| 47 | دەروازەیەك لەرووی کتێبخانە و زانیاریەکان | یاسین قادر برزنجی | زانستیی کتێبخانەو زانیارییەکان | 757 |
| 48 | حەوزەکانی ئاوایی | مستەفا محمد کەریم | رۆمان | 758 |
| 49 | ئەفسونی گێڕانەوە | جبار سابیر | لێکۆڵینەوە | 759 |
| 50 | ئەو تاریکیە درەوشاوەیە | و.غفور صالح | رۆمان | 760 |
| 51 | دار و گەڵا | و.مستەفا زاهیدی | چیرۆك | 761 |
| 52 | پەیڤەکان دەپەیڤن | رابەر فاریق | لێکۆڵینەوە | 752 |
| 53 | ڕەوتی کچانی کورد | زەکیە رشید محمد | توێژینەوە | 763 |
| 54 | دابەشکاری جوگرافی | لەنجە سالح عەبدوڵلا | لێکۆڵینەوە | 764 |
| 55 | لە دادیزمەوە تاکو سوریالیزم | لەتیف هەڵمەت | لیکۆڵینەوە | 749 |